حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زمان
بەشی زمانی کوردی

# لادان لە شیعری ( قوبادی جەلیزادە ) دا

تێزێکە

سرحد حسين مصطفى

پێشکەشی بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووەو، بەشێکە لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

سەرپەرشت

پ.د.عبدالقادر حەمەئەمین محمد

٢٧٢٣کوردی ٢٠٢٣زاییني

ئەم تێزە بەناونیشانی لادان لە شیعرەکانی (قوبادی جەلیزادە)دا بە سەرپەرشتی من، لەلایەن بەشی کوردی/کۆلێجی زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لەپێداویستی بەدەست هێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

پ.د.عبدالقادر حەمەأمین محمد

ڕۆژ      /      / ٢٠٢٣

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

ناو: پ.د. محەمەد عومەر
سەرۆکی بەشی کوردی
ڕۆژ   /   /   / ٢٠٢٣

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ وهەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

| | |
|---|---|
| ناو: | ناو: |
| سەرۆکی لیژنە | ئەندام |
| / /٢٠٢٣ | / /٢٠٢٣ |
| ناو: | ناو: |
| ئەندام | ئەندام |
| / /٢٠٢٣ | / /٢٠٢٣ |
| ناو: | ناو: |
| ئەندام | ئەندام سەرپەرشت |
| / /٢٠٢٣ | / /٢٠٢٣ |

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمانەوە پەسەندکرا

پ.د.شاخەوان جلال حاجی فرج

ڕاگری کۆلیجی زمان

زانکۆیی سلێمانی

٢٠٢٣ / /

Kurdistan Regional Government
Ministry of Higher Education and Scientific Research
University of Sulaimani
College of Language
Kurdish Department

# Deviation in Qubadi Jalizada's Poetry

Researcher:
Sarhad Hussein Mustafa

A Dissertation Submitted College of Language, Kurdish Department as a Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of PhD in Kurdish Literature.

Supervisor:

Assit. Prof. Abulqadir Hamaamin Mohammed

٢٠٢٣

***پێشکەشە***

- ماندوبوونی سێ ساڵم (توێژینەوەکە) پێشکەشە بەڕۆحی پاک وخاوێنی باوک و دایکم کە هێشتا جێگەی شانازیمن وبوونە بە یادەوەری خانەدانانە لای دۆستانیان.
- پیشکەشە بە هاوسەرم مامۆستا ( گەلاوێژ ) و سێ پەپولەکەم ( لیا و پەریا و چرا) چونکە کاتیانم زۆر کردە هەوێنی ئەم بەرهەمە.

## *سوپاسنامە*

- زۆر سوپاس بۆ خوای بەخشندە، کە تەندروستی و بواری پێبەخشیم بۆ ئەوەی ئەم توێژینەوە تەواوبکەم.
- سوپاس بۆ بەڕێز ( پ.د.عبدالقادر حەمەأمین محمد) کە زۆر ماندوو بوو لەگەڵمدا بەپێدانی ڕێنمای و سەرچاوەی بە پێز بۆ تەواو کردنی توێژینەوەکەو هاوکاری بەڕێزیان بووە هۆی ئەوەی توێژینەوە نوێگەریەکی پێوە دیار بێت.
- زۆر سوپاس بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانە کەلە کۆرسی دکتۆرا شاگردیان بووین بەهیوام بتوانین جێگەی ڕەزامەندیان بین و هیوای تەمەن درێژی و تەندروستیان بۆ دەخوازم.
- زۆر سوپاسی مامۆستایانی بەرێز ( گۆران نەجمەدین ، جێگر سلام ، جەبار براخاس) دەکەم، کە ئەوانیش ماندوبون و هاوکارییان جێگەی ڕێزە.

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
| --- | --- |
| ٣-١ | **پێشەکی** |
| ٥ | **بەشی یەکەم/  دەروازەیەک بۆ لادان** |
| ١٠-٦ | **١-١ تەوەری یەکەم** |
| ١٠-٦ | **١-١-١ زاراوەی لادان** |
| ١٧-١٠ | ١-١-٢ چەمکی لادان |
| ٢٠-١٧ | ١-١-٣     پێوەرەکانی لادان |
| ٢٣-٢٠ | ١-١-٣-١ پێوەری پەخشان |
| ٢٥-٢٣ | ١-١-٣-٢ پێوەری بەکارهێنانی زمانی باو |
| ٢٧-٢٥ | ١-١-٣-٣ پێوەری ئاسۆی و ستونی |
| ٢٩-٢٧ | ١-١-٣-٤ پێوەری خوێنەری بەرهەمهێن |
| ٣١-٢٩ | ١-١-٣-٥ پێوەری سیاق ( زەمینە ) |
| ٣٣-٣١ | ١-١-٣-٦ پێوەری گوتاری ئەدەبی |
| ٣٤-٣٣ | ١-١-٣-٧ پێوەری ئامار |
| ٣٦-٣٤ | ١-١-٣-٨  پێوەری چێژی ئەدەبی |
| ٣٩-٣٦ | **١-٢ تەوەری دووەم ئەرکەکانی لادان** |
| ٤١-٤٠ | ١-٢-١ ئەرکی وروژاندنی هزر |
| ٤٢-٤١ | ١-٢-٢ ئەرکی کتوپڕی |
| ٤٤-٤٢ | ١-٢-٣ ئەرکی جوانکاری و زەقکردنەوەی زمانی |
| ٤٤ | ١-٢-٤ جۆرەکانی لادان |
| ٤٨-٤٤ | ١-٢-٥ جۆرەکانی لادان لای نوسەرانی بیانی |
| ٥٢-٤٨ | ١-٢-٦ جۆرەکانی لادان لای نوسەرانی کورد |
| ٥٢ | **١-٣ تەوەری سێیەم گرنگی لادان لای نوسەران** |
| ٥٨-٥٢ | ١-٣-١ دیدگای نوسەرانی کۆن |
| ٦٦-٥٨ | ١-٣-٢ دیدگای نوێ بۆ گرنگی لادان |
| ٧٠-٦٦ | ١-٣-٣ دیدگای نوسەرانی کورد بۆ گرنگی لادان |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **بەشی دووەم/ لادانی پێکهاتەیی** | ٧٨-٧٣ |
| **٢-١ تەوەری یەکەم/ لادان لەسەر ئاستی ڕستەسازی** | ٧٨ |
| ٢-١-١ باسی یەکەم/ کرتاندن | ٩٥-٧٩ |
| ٢-١-١-١ کرتاندنی بکەر | |
| ٢-١-١-٢ کرتاندنی کردار | |
| ٢-١-١-٣ کرتاندنی کاری بێهێز | |
| ٢-١-١-٤ کرتاندنی نیهاد | |
| ٢-١-١-٥ کرتاندنی ئامراز | |
| ٢-١-١-٦ کرتاندنی هاوەڵناو | |
| ٢-١-١-٧ کرتاندنی هاوەڵکار | |
| ٢-١-١-٨ کرتاندنی گرێ. | |
| ٢-١-١-٩ کرتاندنی نیوەدێڕ | |
| ٢-١-١-١٠ کرتاندنی ڕستە | |
| ٢-١-١-١١ کرتاندنی دێڕی شیعری | |
| ٢-١-٢ باسی دووەم/ پاش و پێشخستن | ١٠٩-٩٦ |
| • پێشخستنی کردار | |
| • پێشخستنی بەرکار | |
| • پاش و پێشخستنی نیهاد | |
| • بکەر و پاش و پێشخستنی لەگەڵ بەشەکانی تری ڕستەدا | |
| • پاش و پێشخستنی نیوەدێڕ | |
| ٢-١-٣ باسی سێیەم/ هاتنی کەرەستەی زیادە | ١١٢-١٠٩ |
| • پیتی زیادە | |
| • وشەی زیادە | |
| • نیوەدێڕی زیادە | |

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١١٢-١١٦ | ٢-١-٤ باسی چوارەم/ تێکدانی بنیاتی ڕستە و هەڵەی ڕێزمانی<br>• تێکدانی بنیاتی ڕستەسازی<br>• هەڵەی ڕێزمانی |
| ١١٦-١٢٠ | ٢-١-٥ باسی پێنجەم/ دووبارەکردنەوە لە ئاستی ڕستە و دێڕ و کۆپلە<br>• دووبارەکردنەوەی ڕستەی ناتەواو<br>• دووبارەکردنەوەی ڕستە<br>• دووبارەکردنەوەی نیوەدێڕ<br>• دووبارەکردنەوەی دێڕی شیعری ( دو نیوەدێڕ )<br>• دووبارەکردنەوەی کۆپلە |
| ١٢٠ | **٢-٢ تەوەری دووەم/ لادانی پێکهاتەیی لەسەرئاستی وشەسازی** |
| ١٢٠-١٢٨ | ٢-٢-١ باسی یەکەم / کرتاندن<br>أ- کرتاندن لەسەرەتای وشەدا<br>ب-کرتاندن لە ناوەڕاستی وشە و گرێدا<br>ت-کرتاندن لەکۆتای وشە و گرێدا |
| ١٢٨-١٣٥ | ٢-٢-٢باسی دووەم/ بەکارهێنانی وشەی کۆن و پەراوێزخراو |
| | ٢-٢-٣ بەکارهێنانی وشەی شێوەزارەکانیتر |
| ١٣٦-١٣٧ | ٢-٢-٤ باسی سێیەم/ تێکدانی ڕۆنانی باو |
| ١٣٨-١٤١ | ٢-٢-٥ باسی چوارەم/ داهێنانی وشە لەلایەن شاعیرەوە |
| ١٤١-١٤٥ | ٢-٢-٦ باسی پێنجەم / لادان لە زمان و بەکارهێنانی وشەی بێگانە |
| ١٤٥-١٦٣ | ٢-٢-٧ باسی شەشەم / دوبارەکردنەوە<br>٢-٢-٧-١ دوبارەکردنەوەی پیت<br>٢-٢-٧-٢ دوبارەکردنەوەی هێشوە دەنگ<br>٢-٢-٧-٣ دوبارەکردنەوەی وشە |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **٣-بەشی سێیەم/ لادانی واتایی و جۆرەکانی** | ١٧٠-١٦٥ |
| **٣-١ تەوەری یەکەم/ لادان لەڕوی ( چۆنێتی )یەوە** | ١٧١ |
| ٣-١-١ باسی یەکەم / لێکچواندن | ١٩١-١٧١ |
| ٣-١-٢تەنگۆڕکێ ( دۆخ گۆڕکێ ) | |
| ٣-١-٣ باسی دووەم / خواستن | ٢٠٢-١٩١ |
| **٣-٢ تەوەری دووەم / لادانی واتایی لەڕوی ( ئەرک )ەوە** | ٢٠٢ |
| ٣-٢-١ باسی یەکەم / دانەپاڵ ( الأسناد ) | ٢٠٦-٢٠٢ |
| ٣-٢-٢ باسی دووەم / دیاریکردن ( التحدید ) | ٢١٣-٢٠٧ |
| ٣-٢-٣ باسی سێیەم / گەیاندن ( الوصل ) | ٢١٦-٢١٣ |
| **٣-٣ تەوەری سێیەم / لادانی واتایی لەڕوی ( گونجان )ەوە** | ٢١٦ |
| ٣-٣-١ باسی یەکەم / پارادۆکس | ٢٢٤-٢١٦ |
| ٣-٣-٢ باسی دووەم / زیادەگۆیی ( حەشو ) | ٢٣٠-٢٢٥ |
| ٣-٣-٣ باسی سێیەم / ڕەمز | ٢٤٠-٢٣٠ |
| **٣-٤ تەوەری چوارەم / لادان لە بنیاتی دەقی شیعری** | ٢٤٠ |
| ٣-٤-١ باسی یەکەم / لادان لە شێواز | ٢٤٥-٢٤٠ |
| ٣-٤-٢ باسی دوەم / لادان لە ناونیشان | ٢٥٠-٢٤٥ |
| ٣-٤-٣ باسی سێیەم / لادان لە تۆبۆغرافی شیعری | ٢٥٨-٢٥٠ |
| ٣-٤-٤ باسی چوارەم / هاوتەریبی پێکهاتەیی شیعری | ٢٦٣-٢٥٨ |
| **ئەنجام** | ٢٦٣-٢٦٢ |
| **لیستی سەرچاوەکان** | ٢٧٦-٢٦٤ |
| **پوختەی عەرەبی** | ٢٧٨-٢٧٧ |
| **پوختەی ئینگلیزی** | ٢٨١-٢٧٩ |

# پێشەکی

## ناونیشانی توێژینەوەکە  (لادان لەشیعرەکانی شاعیری جەلیزادە دا)

لادان چەمکێکی نوێ و بوونیادگەرییە، شیعری هاوچەرخ جۆرەکانی لادان لە خۆیدا نمایش دەکات. قوبادی جەلیزادە خاوەن فۆرمێکی کەسیی و هاوچەرخە، شیعرەکانی قوباد ناوەندی کاری زانستی کارەکەمانە، دەرخستنی جوانی شیعر دنیا زیاتر بەسەر خوێنەر و شاعیریشدا دەکاتەوە، شیعری قوباد ئەوە دەهێنێ چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەوە بکرێت، ئێمەش بەگوێرەی ( پرۆپۆزەڵی کارەکەمان ) پەیوەست دەبین و میتۆدی زانستی پەیڕەو دەکەین.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە

شیعرهەمیشە بەکارهێنانی زمانە بەشێوەی (سەروو ئاسایی یان نائاسایی) واتە شاعیر جارێکی تر لە ئەو کەرەسە ئامادانەی فەرهەنگ وێنا(image) و پەیکەری جوانی شیعری دروستدەکات، بەتایبەت شیعری قوباد، کە لەڕووی چنینەوەی زمان و وێنا وە، جیاوازەو تەکنیکی شیعریشی نوێیە.

لەڕووی ناوەڕۆکەوە دەست بردن بۆ بابەتە شەرمهێنەرو قەدەغەکراوەکانی ( تابۆ)کۆمەڵگەوە، شاعیر پێشڕەوی هەموو هاوتەمەنە شیعرییەکانی خۆیەتی و ئەمە تاڕادەیەک بووە بەناسنامەی شاعیر، کە لەگەڵ ناوهێنانیدا خوێنەری شیعرەکانی بیریان بۆمەدلولە تابۆکانی ئافرەت وتەکنیکی نوێ دەچێت.

## کەرەسەی توێژینەوەکە

شاعیرخاوەنی چەند دیوانە شیعرێکە، ئێمە ئەو کۆمەڵە دیوانەمان وەرگرتووە، کە تا بەرواری جێگیرکردنی ناونیشانەکەمان، لێکۆڵینەوەی خوێندنی باڵایان لەبارەوە نەکراوە، ئەوانیش بریتیە لەهەرسێ دیوانەشیعری ( باخچەکانی مەلەک تاوس، کۆڵانەشینەکانی منداڵی، ژنێک لەجنسی باران)،

لەبنەڕەتدا ئەم دیوانانە کۆکراوەی چەند کۆمەڵە شیعرێکن، کە سەربەخۆش لەچاپدراون، بەڵام دواتر لەم دیوانانەدا کۆکراونەتەوە.

## ڕێبازی توێژینەوەکە

لەبەرئەوەی توێژینەوەکە باسێکی شێوازگەرییانەیە ڕێبازی ( شێوازگەریی-وەسفی، ئاماریی)مان بەکارهێناوەو خۆمان بەدوورگرتووە لە هەرمیتۆدێکی دەرەوەی دەق، یان میتۆدی تر ئەویش لەبەر مەرجی کاری زانستی و بۆ ئەوەی مەودای کارەکەمان تەواو پێگەیشتوو بێت.

## گرفتی توێژینەوەکە

هەموو توێژینەوەیەک گەڕانە بەدوای ئەنجام و کۆدی نوێ و دەرخستنی لایەنە هونەریی دەقەکان.

شیعرەکانی قوباد کەرەسەی توێژینەوەکەمانە خاوەن شێواز و فۆرمێکی نوێیە و چنینی زمان و بیر ڕەنگدانەوەی خەیاڵدانی شاعیرە و لادان بنەڕەتی شیعریەتی دەقەکانە دۆزینەوەی جۆر و شێوازی لادانەکان کاری ئەم توێژینەوەیە.

لەم توێژینەوەدا هەوڵدەدرێت جیاوازی شێوازەکانی شیعری قوباد بەراورد بە شیعریەتی پێش خۆی بخرێتەڕوو.

گرنگترین گرفت کارکردن بووە لەناو چنینی زمانی سادە و چڕی و واتاداو دەرخستنی جۆرەکانی لادان بووە، کە هەوڵمانداوە بە میتۆدی شێوازگەری بییاندۆزینەوە.

یەکێکی تر لە گرفتەکان خۆ پارێزی بوو شوێنپێ هەڵگرتن، کە ماندووبوونێکی زۆری ویست.

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوە، دەرخستنی جۆرەکانی لادانی زمانیی و دواتر لادانی واتاییە، لەشیعری قوبادی جەلیزادەدا، و دەرخستنی جۆری چنین و پەیوەندی پێکهێنەری دەقەکان.

# ناوەڕۆکی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە لەسێ بەش پێکدێت:-

- بەشی یەکەم کە بەشێکی تیۆرییە چەند تەوەرو باسێکە، هەریەکە لەزاراوەو چەمک وجۆرەکانی لادان وگرنگترین پێوەرەکانی لادان خراونەتە بەرباس.
- بەشی دووەم باسکردنە لەلادانی پێکهاتەیی ولێرەشدا بەچەند تەوەریەک، لادان لەسەربنەمای وشەسازی ورستەسازی و لادان لەبنیاتی خراونەتە بەرباس و هەر لەم بەشەدا لەلادانی پیتەوە بۆ کۆپلەی شیعری باسکراون لەڕووی کرتاندن .
- بەشی سێیەم؛ باسکردن و دەرخستنی لادانی واتاییە، ئەویش لەڕێگەی چوار تەوەرو چەند باسێکەوە

لەتەوەری یەکەمدا لادان لەڕووی چۆنیەتیەوە دەرخراوەو تەوەری دووەم باس لە ئەرکی لادان کراوە، کە (دانەپاڵ و گەیاندن و دیاریکردن)ە.

تەوەری سێیەم باسکردنی لادانە لەڕووی (گونجان)ەوەو کۆتا تەوەر باسکردنە لە لادان لە بنیاتی دەقی شیعری کە خۆی لە چوار باسدا دەبینێتەوەو هەریەکە لە لادان لە شێواز و ناونیشان و تۆبۆگرافیای شیعر و هاوتەریبی باسکراون.

**١-١ تەوەری یەکەم**

**١-١-١ زاراوە،لادان**

١-١-٢ چەمکی لادان

١-١-٣ پێوەرەکانی لادان

١-١-٣-١ پێوەری پەخشان

١-١-٣-٢ پێوەری بەکارهێنانی زمانی باو

١-١-٣-٣ پێوەری ئاسۆی و ستونی

١-١-٣-٤ پێوەری خوێنەری بەرهەمهێن

١-١-٣-٥ پیوەری سیاق ( زەمینە )

١-١-٣-٦ پێوەری گوتاری ئەدەبی

١-١-٣-٧ پێوەری ئامار

١-١-٣-٨ پێوەری چێژی ئەدەبی

**١-٢ تەوەری دووەم ئەرکەکانی لادان**

١-٢-١ ئەرکی وروژاندنی هزر

١-٢-٢ ئەرکی کتوپڕی

١-٢-٣ ئەرکی جوانکاری و زەقکردنەوەی زمانی

١-٢-٤ جۆرەکانی لادان

١-٢-٥ جۆرەكانی لادان لای نوسەرانی بیانی

١-٢-٦ جۆرەكانی لادان لای نوسەرانی كورد

**١-٣ تەوەری سێیەم گرنگی لادان لای نوسەران**

١-٣-١ دیدگای نوسەرانی كۆن

١-٣-٢ دیدگای نویێ بۆ گرنگی لادان

١-٣-٣ دیدگای نوسەرانی كورد بۆ گرنگی لادان

# بەشی یەکەم : دەروازەیەک بۆلادان

## ١-١ تەوەری یەکەم زاراوەو چەمکی لادان

### ١-١-١ زاراوەی لادان

| ناوی نوسەر | زاراوەی عەرەبی(وەرگیراو) | کوردییەکەی |
|---|---|---|
| فالیری | الانزياح/التجاوز | لادان ،زیادەرۆی |
| سبیتزر | الانحراف | لادان |
| والاک وفاران | الاختلال | شلەژان، نارێکی |
| بایتار | الاطاحه | ڕووخاندن |
| تیری | المخالفه | سەرپێچی |
| بارت | الشناعه | ناشرین کردن |
| جان کوهن | الانتهاک | پێشێلکاری |
| تۆدۆرف | خرق السنن | شکاندنی یاسا(یاسا شکێنی) |
| ئاراگون | العصيان | یاخیبوون(لاساری کردن) |

| | | |
|---|---|---|
| **کۆمەڵەی مو** | **التحريف** | **هەڵگەڕانەوە** (المسدی:١٩٧٧: ١٠٠-١٠١) |

لادان زاراوەیەکە لە ئەدەبدا تێپەڕاندنی یاساکانی زمانییەکانەو بەزاندنی یاساکانی زمانە و زیاتریش مەبەستی هونەری ئەدەبیە لە دەقدا و خودی شیعر (( لادانێکی بەردەوامی یاسا و پێوەرەکانە و لادانە لەیاسا باوەکانی زمان، کە پێیدەوترێت، وەرچەرخانی زمانی))(کۆهن: ١٩٨٦: ٤٢) . لادان گیان و جەستەی شیعرییەتە، بەجۆرێک گیانەکە چێژو ئاواز و ئاوێتەبوونی دەقە لەگەڵ وەرگردا. ئەویش لە ڕێگەی خەیاڵی داهێنەرانەی شاعیرەوە. جەستەش بە جۆرێک هەر شیعرێک چەندە، لادانی پێکهاتەیی و زمانی تێدابێت، هێندە زیاتر دەبێتە دەقێکی زیندوو و بەشێکی دیار لە ئەدەبی نەتەوەیی. گرنگی و ڕۆڵی لادان، بووە بەهۆی ئەوەی لێکۆڵەران و ڕەخنەگران بەچەمک و زاراوەی جۆراو جۆر باسیبکەن. ئەوەی ئێمە دوای گەڕان بۆماندەرکەوت، لەلای نوسەرانی ڕۆژئاوا چەندین زاراوەی جیاوازی بۆ بەکارهاتووە و چاکترین نەخشەکێشان بۆناوی نوسەر و زاراوە لای د.عبدالسلام المسدی بینیمان و دەیخەینە ڕوو، کە ئەمانەن:

هەبوونی ئەو هەموو زاراوەیە بۆخۆی، بەڵگەی گرنگی پێدانی مەسەلەی شیعرییەتە، لای زانایانی زمان و ڕەخنەگرانی ئەدەب.

لای عەرەبەکانیش چەندەها زاراوەی جۆراوجۆری بۆ بەکارهاتووە ، کە دیارە ئەوەش پەیوەندی بە ئاستی ڕەخنەگر و ئەو دیدگا ڕەخنەییەوە هەیە، کە چۆن لە دەقی شیعری دەڕوانێت.

لای بیرمەندان و ڕەخنەگرانی ڕۆژهەلاتیش، هەندێک زاراوە بەکارهێنراوە و دەیانخەینە ڕوو:

| ناوی نوسەر | زاراوەی عەرەبی(وەرگیراو) | کوردییەکەی |
|---|---|---|
| **عبدالقادر جورجاني** | **العدول** (تمید:٢٠٢٠: ٢٢٢) | **پاشگەزبوونەوە** |
| **فارابي** | **العدوول** | **لەڕێ لادان** |
| **ابن رشد** | **التغير** | **گۆران** |
| **ابن سينا** | **التصريف/التغير** | **هەڵگەرانەوە/گۆران** |
| **ابن جبني**<br>**جاحز**<br>**ابي هلال عسكري** | **الخروج** | **دەرچوون** |
| **ابن وهب،ابن دريد** | **اللحن** (الددة: ٢٠٠٩: ٨٣: ٨٠ ) | **ئاواز** |
| **كمال ابوو ديب** | **الانحراف،الانزياح**(كعيد: :٢٠٢٠:٢٢٢) | **لادان ، لادان** |

| | | |
|---|---|---|
| | **الفجوة** | **بۆشایی** |
| **نازک الملائکه،محمد فتاح** | **الخرق** | **دەرچوون ، لێلادان** |
| **عبدالسلام المسدي** | **تجاوز** (الددة:٢٠٠٩: ٤٣)<br>**المخالفه**(ویس:٢٠٠٥: ٣) | **زیادەڕۆیی، سەرپێچی** |
| **د.صلاح فضل** | **الکسر**(ویس:٢٠٠٥: ٣١) | **شکاندن** |

ئەوانەی خرانەڕوو دیارترین نوسەرانی رۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبی بوون، لەگەڵ ئەو زاراوانەی کە بۆ لادان بەکاریانهێناوە. بەکارهێنانی زاراوە لادان لەزمانی کوردیدا لەپێش بەکارهێنانی بۆ هونەرێکی بەرزی شیعری بۆ مەبەست و لایەنی تر بەکارهاتووە.

وەکو (( فەرمون لادەن)) (هەمبانەبۆرینە:١٣٨٥: ٧٥٠) کە مەبەست میواندارییەو دەچێتە ناو زانستی پراگماتیکیەوە، بەکارهێنانی تریشی هەیە، کە واتای کەلەبەرێکەوە لەدیواردا دەهێڵرێتەوە لەتاق گەورەترە شتی تێدا دادەنرێت. (فەرهەنگی خاڵ:٢٠٠٥: ٤٢٢) لەناو بواری ڕەوانبێژی و هونەری شیعریشدا چەندین زاراوەی جۆراوجۆر بۆ لادان بەکارهاتووە، کە زیاتر لە یازدە زاراوەی جیاوازن بۆ یەک مەبەست، (دکتۆر سافیە لەنامەی دکتۆراکەیدا (لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ژماردوونی)کە ئەویش زمانی شیعر یان زمانی نائاساییە، بەڵام ئەو زاراوەی لە ڕۆشنبیری و لایەنی ئەکادیمیدا چەسپاوە (لادان) ە، کە بۆ بابەتی شیعرییەت و مەرجی سەرەکی پێوانەی هونەر و داهێنانی ئەدەبی بەکاردێت.

لە زمانی ئینگلیزیدا(Deviation) (A.s.hornby.2004-345)، لە زمانی ئەڵمانیدا (Abweichung) (الخرشة: ٢٠٠٨ :١٣) ، لە زمانی فەرەنسیدا (Ecart) (الخرشة: ٢٠٠٨: ١٣) ، لە زمانی عەرەبیدا الانزیاح (ویس:٢٠٠٥: ٥٣) لە زمانی فارسیدا هینجار گریزی (صفوی: ٥٧٩:١٣٩٥) ، لە زمانی کوردیشدا لادان و چەندین زاراوەی تری بۆ بەکاردێت.(خاڵ: ٢٠٠٥: ٤٢٢). بەهۆی فراوانی واتا و مەبەستی هونەری و شیعرییەتەوە لە زمانەکاندا زیاتر لە زاراوەیەک بۆ لادان بەکارهاتووە، لەزمانی ئینگلیزی جیا لە وشەی (Deviation) هەریەکە لە ( Divert،Diversion ) بەکاردێت و لە زمانی عەرەبیشدا زۆرترین زاراوەی بۆ بەکارهێنراوە ((لە لێکۆلینەوەکاندا زیاتر لە شەست زاراوەی جۆراوجۆر بۆلادان بەکارهێنراوە))(اسماعیل،٢٠١٨ :٢٩ ).

دیارترین ئەو زاراوانەش کە زۆربەکاردێن (الانحراف،العدوول، الخروج،الفوارق)(ویس:٢٠٠٥: ٥٣)، بەڵام لای لێکۆڵەرانی نوێی عەرەب (الانزیاح) چەسپاوە، ئەویش لەبەر مەدلولی هەریەک لەوشەکانیتر،

که وەک ئەم گشتگیر نین، دەبینین الانحراف((بۆ کەم و کورتی زمانی و نەخۆشی دەرونی و لادانی ڕەوشتی (بەد رەوشتی)یە، بەڵام بەکارهێنانی زۆری لە بواری ڕەخنەو ئەدەبدا ئەو واتا سلبییانەی سڕییەوە)) (السبت:٢٠١٨: ٦٥). لادان کردەیەکی تاکە و بەپێی ئاستەکانی خوێنەر دەگۆڕێت، ئەو کردەی زمانییە لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا کە (جان کۆهن) ئاماژەی پێکردووە، کە ئەگەر ( د) هێمای دال بێت و (م) هێمای مەدلول بێت

د ⟵ م ⟵ م١ ⟵ م٢

لێرەدا دەردەکەوێت ڕوو گۆڕینی مانا و گواستنەوەی لە مەدلولی یەکەم بۆ مەدلولی دووەم میکانیزمێکە بۆ تێپەڕاندنی لەخۆوەی مانا و پەیوەندییەکی گۆڕاوە، ئەگەر پەیوەندییەکە وەک یەکبێت ئەوە (خوازەیە) ئەگەر پەیوەندیەکە نزیکایەتی بوو ئەوە (درکە) یە و ئەگەر پەیوەندیەکە بەشەکی و گشت بوو ئەوا (درکەی بەرەڵا) بەرجەستە دەبێت. بەڵام (جان کۆهین) خواستنی بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکارهێناوە، ئاماژەی بەرەگەزی وێنا و گۆڕینی مانا کردووە. هەر بۆیە (جان کۆهن) لەسەر ئەم بنەمایە وایدەبینێ، کە شیعر خوازەیە و خواستن بەرتەسکبوونەوەیە لەشیعردا (ناظم: ١٩٩٤: ١١٩).

لە شیعر و ئەدەبدا وشە بۆ مەدلولی جۆراوجۆر و جیاواز بەکاردێت، لای لێکۆڵەر (د.أحمد محمد ویس) کە باس لە (الانحراف) دەکرێت دەڵێت: ((لادان ئاماژەیە بۆ گرفتی قسەکردن (دەربڕین) هەروەها ئاماژەیە بۆهەندێک نەخۆشی دەرونی)) (ویس:٢٠٠٥: ٤٤)، بەڵام ئەم مەدلولە بۆ وشەکە زۆر بڕناکات. د.صلاح فصل دەڵێت: ((گۆرینی چەمکی الانحراف بۆ الانزیاح، پەیوەستە بە ئاماژەی خراپی ڕەوشت)) (الخرشة: ٢٠٠٨: ١٤) ،هەریەک لە وشەکانی تر بۆ دۆخ وجۆری جیاوازی هونەری و کۆمەڵایەتی و ئاینی بەکارهاتون، بەڵام (الانزیاح) لەزۆربەی لیکۆڵینەوەو نامە و تێزە زانکۆییەکاندا وەکو بنەمایەکی ڕەوانبێژی و شێوازگەری نوێ چەسپاوە.

لەزمانی کوردیشدا زاراوەی((گۆڕان، ترازان، تێکدان، تێکشکان، سەرکێشکردن، دوورکەوتنەوە، زەققکردنەوە ، تێپەڕاندن، گەمەی زمانەوانی )) (سافیە:٢٠١٣ :٥٦: ٦٦) ، ی بۆ بەکارهاتووە ، واتای فەرهەنــگی (لادان)یش ((خستنە کەنارەوە، لەڕێ لادان و دەست هەڵگرتن لە خویەک)) (خاڵ: ٢٠٠٥: ٤٢٢) دەگەیەنێت.

ئەوەی مەبەستە لە زمانی کوردیدا، لادان بۆبابەتی پێکهاتەیی چنین و واتای دەقی شیعری بەکاردێت، کە تا ڕادەیەک لە جیاتی (ڕەوانبێژی)کۆن لەناو لێکۆڵینەوە نوێکاندا چەسپاوە. ئەگەر وشەی لادان وەکو زاراوەی نوێ بێت،ئەوا ئاماژەی ناراستەخۆ، بۆ کۆنتر دەگەڕێتەوە، چونکە تەکنیکی چنین

و واتای شیعری پێویستی بە مەدلولێکی ئەدەبی  وەکو لادان هەیە. لە کۆنەوەش بە دیدگا و شێوازی جیاواز لەم بارەوە سەرنج دەربڕاوە، لەوانە : ئەرستۆ دەڵێت: ((لادان دەرچوونە لە بەکارهێنانی ئاسایی و دوورکەوتنەوەیە لە گفتوگۆی بازاڕییانە)) (أرسطو: ١٩٦٧: ١٢٢).

تاکو ڕێژەی وەرچەرخان  فراوان بێت لە زمانی ئاسایدا، زیاتر لە شیعرییەت نزیک دەبێتەوە. (د.کمال ابوودیب) بە چەمکی ( الفجوة – مسافه التوتر) ی ناو بردووە و کردوویەتییە پێوەری شیعریەت کە تەنها کاریگەری لەسەر شیعر نییە بەڵکو بەگشتی ئەزمونی مرۆڤایەتیش دەگرێتەوە، واتە بەفراوانبوونی (میانە- مەودا) پێزی شیعرییەت زیاد دەکات. بەم شێوەیە (چۆمسکی ١٩٣٨- ؟) لەژێر ناوی دوو چەمکدا زاراوەی شیعرییەتی پێ ناساندووین کە چەمکی بنیاتی قووڵ و ڕووکەشە (deep structure and surface structure) لە لێکۆڵینەوەکانیدا دیاریکردووە و (کۆهن: ٢٠٠٨: ٩). بەهۆی ڕێژەی جیاوازی میانەی هەردوو بوونیاتەکە، واتە پلەی میانە لەناو سیاقی دەقەکاندا ئەدۆزێتەوە، کە پانتای دەق دەبێتە زەمینە خۆشکردنی وێناکان و لەسەر بنەمای نەوتراوەکانی ناو دەق، فۆرمی شیعرییەت لەبوارەکانی دەلالەت و پەیوەندیە دژ و لێکچوونەکان و دوانەی ئامادەگی و نائامادەگی پێکدێت(کۆهن: ١٩٨٦: ١٢).

هەر بۆیە گوێزانەوەی وشە بۆ ژینگەیەکی تەڕتر و هونەریتر شیعرییەت دروستدەکات و شیعر بەکارهێنانی وشە فەرهەنگییەکانە بە ئەرک و چنینی هونەری و پێدانی واتای نوێ یان فەرهەنگی ، بەڵام گۆرینی ئەرک و جێگەی ڕێزمانی، ئەدەبییەت دروستدەکات، چونکە شیعر بە سروشت بزێوەو سنوری واتا و سادەیی تێدەپەڕێنێت.

## ١-١-٢ چەمکی لادان

ئەوەی گفتوگۆ و دەقی نا ئەدەبی، لە شیعر جیادەکاتەوە ڕۆحی شیعرە، کە لادانی نوێ و ڕەوانبێژی کۆنە. شاعیر بۆ ئەوەی دەقێکی شیعری بنوسێت پێویستی بە ئەندێشە و خەیاڵێکی داهێنەرانە هەیە، شارەزابوون لە چنینی وشە و وێنا ، لادان و جوانی و نەمری بە دەقەکەی دەبەخشێ.

واتە خودی شیعر (( لادانێکی بەردەوامی یاسا و پێوەرەکانە و لادانە لەیاساکانی زمان، کە پێی دەوترێت وەرچەرخانی زمانیی)) (کۆهن: ١٩٨٦: ٤٢) . لەڕەوانبێژی کۆندا بەوێنای هونەری (شیعری) ناودەبرێت و پێناسەی شیعرییەت دەداتە بابەتە ڕاستەقینەکە و مەودایەکی جوان دەبەخێشتە دەق واتە (( زمانێکی پاراوی وێناییە لە خوازە و تا دەگاتە برگە ئەفسانەییە گشتییەکان)) (أوستن وارین،رینەویلك:

١٩٧٢: ٢٨). کەواتە لەهەمان کاتدا جەستە زمانیەکە کەرەسەی شیعر و جۆری سیاق و پەیوەندییەکان دیاریدەکات.

شیعر جارێکی تر داڕشتنەوەی وێناو دیدگای کەسییە، بە جۆرێک زمان بە فۆرم و شێوازی نوێ، پەیوەندییەکانی لەگەڵ خۆی و دەرەوەی خۆیدا دادەڕێژێتەوە، هەرکات داڕشتنەوەکە سادە بوو ئەوا وێنا و دیدگاکەش لاواز و سست دەبێت (( لە شیعری نوێدا وشە بوونێکی سەربەخۆی هەیە و پەیوەندییە جێگیرەکان ڕەتدەکاتەوە)) (بارت، ٢٠٠٢ :٦٣)

تەکنیک و چنینی شیعر بابەتێکی خودییە، بەڵام گفتوگۆ و لێکۆڵینەوە لەبارەی شیعرەوە بابەتییە و بە دیدگا و کەرەسەی جیاواز لە دەق دەکۆڵرێتەوە. ئەرستۆ کە باس لە زمانی شیعر و لادان دەکات دەڵێت: ((ئەو زمانە شیعرییەی وشەی ناباوی تیادا بەکاربێت، بەرزی و شکۆمەندی تێدایە و لە سەرو ئاستی زمانی رۆژانەوەیە،مەبەست لە بەکارهینانی وشەی (نا باو) وشەی خوازە و وشەی درێژکراوە و هەر شتێکی ترە، کە لە حاڵەتی ئاسایی بەدەر بێ)) (ئەرستۆ:٢٠٠٤: ٨) . نا باوی ئەرک و چنینی جیاوازە لە گفتوگۆی ڕۆژانە و دروستکردنی وێنای هونەری و ئەدەبییە، چونکە شاعیر ناتوانێت کۆی بەرهەمەکانی بە وشەی داهێنراوی خۆی بنوسێت، واتە پەیوەندی واتایی و پێکهاتەیی لە شیعردا بە جۆرێکی هونەری دادەڕێژێتەوە.

(جان کۆهین) دەڵێت: (( ڕستەی شیعری و ڕستەی نامەعقول وەکو یەکن لە دەرچوون لەزمانی باو، بەڵام لەڕستەی شیعریدا نەرێ دەکرێت و بە نامەعقول نەرێ ناکرێت ))(کۆهن، ١٩٨٦: ١٩٤). هەر بۆیە هەموو تێپەڕاندنێکی سنوری زمان بەلادانی شیعری و هونەری دانانرێت، چونکە زمان خۆی لادانی تیادایە و ((لادان لە ئەدەبی نوسراودا تاکە هۆکارە بۆ سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر ، بەڵام لە ئەدەبی زارەکیدا، یەکێکە لەنێوان کۆمەڵە هۆکارێکدا )) (عیاد: ٢٠١٣:١٧٨) .

زمانی زارەکی بەهۆکاری جۆراوجۆر لادانی تیادایە، بەڵام مەرج نییە هونەری و شیعری بێت، چونکە هەموو لادانێک شێوازی و هونەری نییە بۆیە (( وشەی شیعری و ناشیعری بوونی نییە، لە بنەڕەتدا گرنگ بەشیعر بوونی وشەکانە)) (فضل: ١٩٨٧: ٣٩٩). واتە کاتێ شاعیر لە دەقدا پەنا دەباتە بەر خودی شتەکان و دۆزینەوەی پەیوەندییەکان لەنێوان خودی شتەکاندا بەمەبەستی بەدیهێنانی شیعرییەت، کە لێرەدا شیعرییەت دەبێتە چەمکێکی ڕەخنەیی و لەخولگەیەکدا دەسوڕێتەوە و لە توێژینەوەکان باس دەکرێت، کە چۆن دەقێکی ئەدەبی دەبێتە دەقێکی شیعری. بەهۆی وێناو زمانی هونەری جیاواز و خەیاڵی داهێنەرانەوە، زانایانی زمان و فەلسەفە و ئەدەبییات ئاوڕییان لە لێکۆڵینەوەی (بوون و پێکهاتە)ی شیعر داوەتەوە و ئەو دیدگایانە بوونە بە تیۆر و میتۆدی ڕەخنەی

جۆراوجۆر، به شێوازێک به کەرەسەی سەردەم یان کۆن جەستەی دەق شیکار دەکەن. (جاحظ) له بارەی جوانی شیعرەوە دەڵێت: ((جیاوازی جوانکاری بۆ دوو شێوازی سەرەکی دەگەڕێتەوە، ئەویش بەکارهێنانی ئاسایی زمانه وەکو ئەوەی خەڵکی پێشو بەکاریانهێناوە،لێرەدا زمان وەزیفەیەکی پەتی هەیه و ڕەوانبێژی تیایدا سفره ، بەڵام شێوازی دووەم بەکارهێنانی هونەری زمانه بەجۆریک که تایبەتی هونەری هەبێ )) (سارة:٢٠١١: ٣١).

لەشیعری نوێدا هەرکات دانه زمانییه فەرهەنگییەکان ئەرک و واتای خۆیان هەبوو ئەوا ناتوانین بڵێین شیعرییەت باڵایە، بەجۆریک بارت دەڵێت: ((زمان سروشتی خۆی مەیلانه به لای لەناوبردنی خۆیدا)) (بارت:٢٠٠٢ :٥٠) . مەیلان بوونی زمان گەشه و دروستبوون و ئەرکی وشه لەکۆمەڵدا دەگرێتەوە و ئەویش، وەک بەشێک له کۆمەڵ دەبێته مەیدانی ئەو گۆڕانەی ئەرک و مەدلولی وشه هەر لەوێوە گۆڕانی ژیان و ڕۆشنبیری گۆڕینی فەرهەنگی وشەی بەدوادا دێت.

زمان له شیعردا داڕشتنەوەی خەیاڵ و دنیایه به بیرێکی داهێنەرانه((شیعر چاکترینی وشەکانه له چاکترین ڕێکخستندا)) (مبارک: ١٩٩٣: ٢٢٧). مەبەست له چاکترین، دۆخی هونەری و باڵای زمانه ، له فۆرمێکی نوێی داڕشتن و پێکەوەبەستن و گونجاندنی وشەکان، چاکترین ڕێکخستنیش ئاماژەیه بۆ چنینی شیعری. ((لادان شێوازیکی سەرکێشییه له بەکارهێنانی زمان)) (سارة:٢٠١١ :٢٦). دەبێ ئەوەش بزانین، که بابەتی زمان هەر شیعری نییه و ئەدەب بەهەردوو بەشەکەیەوە(شیعر و پەخشان) دەگرێتەوە. چونکه هەریەک لەمانه ئاستێکی تایبەتی شیعریی هەیه و لەگەڵ خۆیدا سازی دەکات، نوسەریش دەتوانێت یەکێ لەڕەگەزەکانی دەنگی (شیعر) یان دەلالی (پەخشانه شیعر) هەڵبژێرێ، لەژێر ڕۆشنای ئەم بۆچوونەدا ئەم سێ یاسایەی (جان کوهن)مان دیاریکردووە.

| | |
|---|---|
| پەخشانه شیعر | دەلالی |
| شیعر | دەلالی و دەنگی |
| ناشیعر | دەنگی |

یەکەمیان ( پەخشانه شیعر) دەتوانرێت پێی بووترێت دەقی دەلالی، که لەڕاستیدا بەهۆی لایەنی زمان و دوورکەوتنەوەیه له ئاستی دەنگی و ڕەگەزی دەلالیش جوانی پێدەبەخشێت، بەڵام دووەمیان دەتوانرێ پێی بوترێت دەقی دەنگی و ئاماژه بەزمان ناکات، تەنها لەڕەگەزە دەنگیەکاندا نەبێت (کۆهن: ١٩٨٦: ٩).

بەڵام ئەوەی بەلای (جان کۆهن) ەوە گرنگ بێت هەردوو ئاستی دەنگی و دەلالیە، کە جوانترین و باشترین شیعر پێشکەش دەکات و پێی دەوترێت شیعری تەواو. (کۆهن: ١٩٨٦: ١٢).

ئەرکی زمان لەشیعردا لەسەر هێڵێکی ڕاست نیە، کە مەبەست بەکارهێنانی ئاسایی بێت، بەڵکو وشە و واتای لەشیعردا لەشێوەی هێڵکاری لێدانی دڵدایە و زیادەرۆیی لە ئەرک و پێدانی واتای نوێ دەکرێت. شیعر سنوری چەقبەستوی ئاسایی زمان تێدەپەڕێنێت هەندێک جار ڕەخنەگری پێوەرە باوەکانی ژیان. ((لادان زیادەرۆییە لە پێوەرەکانی کۆمەڵ)) (علوش: ١٩٨٥ :٦٦).

لە شیعردا بەزاندن و دروستکردنەوە بنەمای جوانی دەقە. (جان کۆهن) لەم بارەیەوە دەڵێت ((لادان تێکشکانی زمانی نمونەییە بۆ بەدیهێنانی داهێنەرانە )) (کۆهن: ٢٠٠٩: ١٤) پێوەری کۆمەڵ بۆ وشە و بنەما کلتوری و ئاینی و سیاسیەکان بە جۆرێکە و لەشیعردا بەشێوازیکی نوێ ئەو پێوەرانە دادەڕێژرێتەوە بە جۆریک بە لادان لە دیدگا و بنەمای نەگۆڕی کۆمەڵ دادەنرێت. دەبینین (( لای ریفاتیر خوێنەر مەبەستە و بە (خوێنەری قووڵ) ی ناودەبات. ڕەنگە بکەوێتە بەر کایگەری دەق، یان بەدەربڕینێکی ڕوون، خوێنەر ئەو تونای هەیە هەست بە وروژاندنی ئەنجامی لادان بکات)) ( الحدیثي: ٢٠١٨: ٤٦) . و هایدگەر لە بارەی پەیوەندی شیعر و وشەوە دەڵێت: ((شیعر دامەزراندنەوەی جیهانە بە وشە)) (فضل:١٩٩٥ :٥٩) .

هەرکات شیعر توانی دنیایەکی جیاواز و باش (ئیجابی) بە وەرگر ببەخشێت، ئەنجامی جوان چنین و پەیوەندی نوێی دانە فەرهەنگییەکانە بۆئەوەی مەدلولی جیاتر بچەسپێت، لەنێو شیعرەکەدا و لەم بارەیەوە (هۆڵدەرلین ١٧٧٠-١٨٤٣) دەڵێت: ((ئەرکی شیعر گوێزانەوەی جیهانە بۆ وشە، شیعر خاوەنی واقیعێکە لە وێناکردنەوەدا باڵاترە لەوەی کە تیایدا دەژی)) (فضل:١٩٩٥ :٥٩) .

بەڕای ریتشاردز (١٨٩٦-١٩٧٥)شیعر بە دوو ڕەگەزی جیاواز دروست دەبێ، کە ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن.

١- سەرچاوە، یان ئاماژەیەک بۆ کەرەسەی واقیعی وەک چۆن لەخۆیدا هەیە.
٢- گوێزانەوە، یان بەرامبەری دەرونی بۆ کەرەسەیەک، دیاردەیەکی هزری کە هەست دەکرێت لەناو سەرچاوەکەدایە ( المرجع) (توحسن:١٩٨٦: ١٩٤ ).

لە دروستکردنی جیهانی نوێدا گرنگی بە ڕاستی و دروستی دۆخ وەک هەیە نادرێت، جان کۆهن لەم بارەیەوە دەڵێت ((بەیتی ڕستە)ی شیعری هەڵەی بابەتییە، بەڵام ڕاستی خودییە)) (کۆهن:١٩٨٦ :٢٠٣).

هەربۆیە مەرج نییە هەڵەی هونەری ببێتە پەڵەی ناساز بە دەقەوە، بەڵکو دەقی داهێنەرانە کۆکردنەوەی جیاوازییە بۆ ئەوەی بەر دنیای فەنتازیا و نارۆژانەمان بخات، دەقی داهێنراو پێکهاتەی زنجیرەیەک لە پەیوەندیەکان و دەلالەتی زمانییە و کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بنیاتی گشتیەوە، کە بەپێی چەمکی بوونیادگەری دەقی داهێنەرانە بریتیە لە (( کۆمەڵێک ڕستەی پەیوەندیدار و پێکهاتەی گونجاو لە یەکگرتنی نێوان ڕستەکاندا دەبینرێت)) (بنیس:١٩٨٥: ٣٩) . داهێنەرانەش مەبەست دەرچوونە لە فۆرمی چاوەڕووانکراوی زمان و وێنای سواوی ڕۆژانە و هەموو ڕەگەزە ئەدەبیەکان دەبنە بەشێک لە زمانی گشتی، بەڵام شیعر بەراورد بە هەر ڕەگەزێکی تر زیاتر سنوری باو تێدەپەڕێنێت و گوتاری شیعری گوتارێکی دەلالی و دەنگییە، چونکە ئاواز و مۆسیقای شیعریش وەکو بابەتی چنین و ڕیزکردنی  هونەری ڕۆڵیان لە چنینی دەقدا هەیە، بۆیە دەبینین زمانی شیعری بە پێچەوانەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و زانستە وە دیاردەیەکی ئاڵۆزە ((سەبارەت بەوەی، کە زمانی شیعر دیاردەیەکی باونییە، بۆیە نە هەموو کەس بەکاری دەهێنێت و نەگشت تاکێکیش بەڕاستی و جوانی لێیحاڵی دەبێت، بەپێچەوانەی زمانی گوزارشت و دەربڕینی ژانری پەخشان، کە ساناگەلی دەنوێنێت، لەم ڕوانگەیەوە بەتێڕووانینێکی زانستی زمانناسی، زمانی نا پێوانەیی و نایاسای (لادان) لە بری زمانی شیعر بەکاردێت و ناوی دەبەن)) (مەحمود: ٢٠١٢: ١٣١) .

لەبارەی پەیوەندی دەربڕینی شیعر و واقیعەوە د.شکری عیاد دەڵێت: ((لادان پێچەوانەی ڕێگای ئاسایی، یان چاوەڕووانکراوە لە دەربڕیندا)) (عیاد:١٩٨٥: ٣٣) . لە شیعردا ئەو کاتە جوانکاری و چێژ دەردەکەوێت، کە وەرگر ئاست و مەودای دەق لە دۆخی ئاسایی خۆی(زمانی گشتی) بە بالاتر و هونەریتر بزانێت، چونکە ئەگەر ئاستی چاوەڕوانی وەرگرو چنینی واتایی و پێکهاتەی یەکبوون، ئەو کات شیعر ناتوانێت بە نەمری و بەرزی خۆیی لە کۆمەڵدا بهێڵێتەوە، بۆیە تێپەڕاندنی ئەو سنوری زمانی گشتییە پێویستە، کە شاعیر پێی دەدوێت. هێز و جوانی شیعریش لە داهێنانی پەیوەندی نوێی واتای نێوان دانە فەرهەنگیەکانە، هەر بۆیە شاعیر ئازادە، کە چۆن ئەو جیهانە نوێیەی خەیاڵی خۆیمان بۆ نمایش دەکات و پەیوەست نابێت بەلۆژیکی زمانەوە، جگە لە توانای هونەری و وێنای شیعری لە هزری خۆیدا.((بیرۆکەی لادان ئاماژەیە بۆ دەرچوونێکی ڕێکخراو لە کۆدە زمانییەکان، هەوڵدانە بۆ زیادەرۆیی لە سیستەمی زمانی باو ، دروستکردنی بنەمای پێوەری نوێیە)) (بوولحواش:٢٠١١: ١١) .

دەقی شیعر ناچێتە ژێر دەسەڵاتی باوی (زمانی ڕۆژانە)، بەڵکو خۆی جیهانێکە لە پەیوەندی ناوخۆیی نێوان پێکهاتە و واتای نوێیە، کە بە جۆرێک دەرچوون لە مانای فەرهەنگی و ڕیزبوونی باوی زمانی، وەکو کۆڵەکەیەکی شیعرییەتی دادەنرێت و هەموو ڕووداوێکی شێوازگەری بە دوو

ڕەگەز جێ بەجێ دەبێت، ئەوانیش سیاق و دژەکەیەتی، کە دابڕینەری ئەو سیاقە ئاساییە و بەکارهێنانی زمانە بەجۆرێکی تر(الدده: ٢٠٠٩: ٢٦٦) .

بەو ڕەهاییە نییە چونکە تا ئێستا یەک ڕای کۆنکریتی نەیسەلماندووە کە واتای شیعر لە چییدایە؟ لەدوای بوونیادگەرییەوە ئەو ڕایە هاتە ناوەوە کە ئەوە خوێنەرە واتا بە شیعر دەدات نەک (سیاق) یان (تێکست) ئەندێشە و وێنای داهێنەرانە بە ئاسانی کۆدەکانی ناداتە دەستەوە، بەڵام کاتێک باسێکی گشتی یان بۆنەیەکی نیشتمانی کراوە هەوێنی دەق، ئەوا شیعریەت برێکی زیاتر لە جوانیەکانی ئاشکرا دەکات، بەڵام هەرکات دەقێکی دادایی و سوریالیزم هەبوو، ئەوا پێویستی بە ڕۆشنبیریی وەرگرە چونکە ئەو سیاقە مەرج نییە لە هەموو کات و شوێنێکدا خۆی نمایش بکات هەروەک چۆن شیعری میللی بۆ سەردەمی خۆی کاریگەر و باڵا بووە، بەڵام بە گۆڕینی زەمینە و دۆخ فۆرمی نوێی شیعر جێگە، یان شوێن بە ئەدەبی میللی لەق دەکات. ڕەخنەی نوێ لادان وەکو پێوەرێکی هەڵسەنگینەر بۆ دەقی شیعری بەکاردەهێنێت. (( شێوازگەرەکان زمان بۆ دوو ئاست دابەش دەکەن، ئاستی نمونەیی لە ئەنجامداندا ئاساییە (عادیە) و جۆری دووەم ئاستی داهێنانی، کە پشت بە تێپەڕاندن و دەرچوون لە جۆری ئاساییە)) (فوغالی: ٢٠١٣ :٨) . مەبەست لە ئاستی ئاسایی ڕۆنانی سەرەوەی هەر دەقێکە و ئاستی داهێنان تەکنیک و خەیاڵی هونەریانەیە، بە جۆرێک وەرگر هەست بە چێژو ئاستی هونەری بکات. ڕۆلان بارت بە پلەی سفری نوسین دایدەنێت ، کە ئەو پلە پێوانەییەیە، لادانی پێ دەپێورێت (الحدیثی: ٢٠١٨: ٤٦) .

زاراوە و چەمکی لادان وەکو بەشێکی زیندوو لە ڕۆشنبیری و فەرهەنگ و ئەدەبی هەر گەل و نەتەوەیەک، لە هەر سەردەم و قۆناغێک پێوانە و جۆری نوێی و جیاوازی پێویستە ، چونکە شیعر بەشێکە لە ڕۆح و دنیابینی و ڕۆشنبیری شاعیر و دواتر ڕەخنەگریش وەک کەسێک لەو دنیا ئەدەبییە مانای نوێ بە دەق دەبەخشێتەوە. هەر بۆیە دەبینین، کە ((زمانی شیعری لە خۆیدا پاساوی هەیە و ئامانجە و هۆکار نییە، بۆیە سەربەخۆیە، یان خۆی ئامانجە و بەپێچەوانەوە هەموو زمانی زانستی پاساوی دەرەکی هەیە، لە گوێزانەوەی بیر یان پەیوەندی نێوان مرۆڤ، لێرەدا زمان هۆکارە و ئامانج نییە)) (الددة: ٢٠٠٩: ٢٩٩) . بۆیە ناتوانین بەتەواوی زمانی ئاخاوتن و نوسینیش هاوتا بکەین، لەبەر ئەوەی زمانی شیعر باڵاتر و درەوشاوەترە، لە هەموو شێوازەکانی پەیوەندیە مرۆییەکان.

لێکۆڵەران و نوسەرانی کوردیش باسیان لە چەمکی لادان کردووە لەوانە (د. محمد معروف فتاح) لەبارەی لادان و کارکردنی هونەری لە زماندا دەڵێت: (( توانای داهێنان، کە بەزۆری لە شاعیردا هەیە لە بەزاندنی یاساکانی زمانەوە دێ، تا شاعیر شارەزایی لە یاساکانی زمانەکەدا نەبێ، ناتوانێت

لەم یاسایە لابدات، یان بیان بەزێنێت)) (فتاح: ٢٠١٠: ٤٠٣) لای ئەم نوسەرە شیعرییەت بابەتێکی سادە و سانا نییە و دەڵێت: (( زمانی شیعر دیاردەیەکی تەواو ئاڵۆزە چونکە نەکات (مێژوو) نە شوێن (جوگرافیا) نە ڕێزمان، نە یاساکانی واتاسازی نە ڕێنوس سنوری بۆ ناکێشن و لە دەسەڵاتی کەم ناکەنەوە)) (فتاح: ٢٠١٠: ٤٠١) .

کەواتە ئەوەی شیعرییەت دروستدەکات تێپەڕاندنی یاسای ڕستەسازی و ڕۆشنبیری شاعیرە، کە چۆن دنیا بەسەرخۆیدا دەکاتەوە و وێنای هونەری دروستدەکات. (د.عەزیز گەردیش١٩٤٧-٢٠٢٢) بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لەچوارچێوەی باسکردنی بابەتی ڕەوانبێژیدا لای لەباسی لادان کردووەتەوە و دەڵێت: (( زۆرجار وادەبێ کە لەکاتی نوسین و ئاخاوتندا جێگایەک پێویستی بەناوبردنی بکەر یان کردار یان تەواوکەر دەبێ، بەڵام نوسەر بەئەنقەست لای دەبات و ناوی ناهێنێ، چونکە ماناکەی لەڕستەکەوە دیارە و ناوبردنی بەزیادە دەزانێ واتە بەهۆی ئەو وشانەی کە دەگوترێت مانای وشە نەبێژراوەکان دەردەکەوێ، ئیتر پێویست بەگوتنی ئەوان ناکات)) (گەردی: ١٩٧٩: ٥٣) . لای عەزیز گەردی لابردن (کرتاندن) پەیوەست کراوە بە لایەنی دەرفەت و تام و چێژی گوتارەوە، کە لەئاخاوتنی ئاسایدا و هونەری ڕەوانبێژیدا جێبەجێدەکرێت. عەزیز گەردی زیاتر باسی لە ئەرکی ڕیزمانی کردووە لای بەلای لادانی واتایدا نەکردووەتەوە و لابردنیش بەشێکە لە لادان، کە ئەو تەنها ئەو بەشەی بەکورتی باسکردووە.

(د. ظاهر لطیف کریم) بەراورد بە نوسەرانی پێش خۆی، پوختتر و چڕتر و زانستیتر باسی لادان کردووە و دەڵێت: ((کرۆکی لادان لە پەیوەندی بە ئەرکی پێوەری و تێگەیشتن و هەڵچوون و میتا زمانی میتا دەقییەوە، هەیە)) (کریم: ٢٠٠٥: ١٣٠).

لای (د. ظاهر) لادان تەنها پەیوەست ناکرێت بە پەیوەندییە ناوخۆییەکانی دانە زمانییەکانەوە، بەڵکو دەگوێزرێتەوە بۆ دەرەوەی دەق، وەکو (( لادانی بیر و کۆمەڵایەتی، ئەم جۆرەی لادان، باوەڕی بە بوونی کێشە و نەبوونی جێگیری باری دەرونی و کۆمەڵایەتی و فیکرییەوە، هەیە)) (کریم: ٢٠٠٥: ١٢٣) ئەوکات شیعر لەبوونیاتی گشتیەوە جۆرێک لە دابڕان یان داڕشتنەوە بۆ بەها و جوانیەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا بەشێوازێکی نوێ نمایش دەکات. مامۆستا (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی) لە پاشکۆی ڕۆژنامەی عیراق لە ساڵی ١٩٨٩ باسی لە شیعرییەت و لادان لای قوباد کردووە هەر ئەو نوسەرە لە گۆڤاری پەیک ژمارە ١٨ی ساڵی ٢٠١١ ئاوڕێکی تری لەباسی لادن داوەتەوە.

(د. عبدالقادر حەمە أمین محمد) لەنامەی دکتۆراکەیدا بەناوی (بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا) باس لە لادانی کاریگەر و لادانی ناهونەری دەکات و گرنگی بە جوانی و داهێنان دەدات

لەناو شیعردا، کە بەهۆی لادانەوە دروست دەبێ و دەڵێت: (( ئەو لادانەی (الانزیاح) کە سود بە کرداری پێوانەی (المعیاری) دەگەیەنێت ئەوەیە، کە لەپێناو کاریگەری شوێنکات و جوانی و مەودای دەلالی و دروستکردنی توانای نوێ و گەڕانە بەدوای پەیوەندییەکانی مانا و شێوازە شیعرییەکانی ئەدەب بۆ زەمەنی ئێستا یان ئامادە)) (محمد: ٢٠٠٨: ١٦٠) . لای د. عبدالقادر پێویستە لادان ببێتە هۆی جوانکاری و لۆجیکیش بێت، چونکە هەمیشە تێپەڕاندنی زمانی باو نابێتە لادانی هونەری.

هەر لەو بارەیەوە (د. حمە نوری عمر کاکی) لەنامەی دکتۆراکەیدا (شێوازی شیعری نوێی کوردی) دا دەڵێت: (( مەرج نییە هەموو لادانێک داهێنان بێت جۆری لادانەکە داهێنان دروستدەکات، ئەگەر لادانەکە پۆزەتیڤ بوو، ئەوا دەبێتە داهێنان و کەسانی دیکە بەدوایدا دەچن، بەڵام هەندێ جار لادان دەبێتە تێکدان و گێرەشێوێنی) (کاکی: ٢٠١٢: ١٨١) لای (د. ئیدریس عەبدوڵڵا) پەیوەندی لادان و داهێنان تەریبیە و دەڵێت: (( لادان بریتیە لەبەکارهێنانی داهێنەر بۆ زمان، وشە و دەربڕین و وێنا کاتێ بەکارهێنانێک دەربیبێنێ لەوەی باوە و ئاشنایەتی لەگەڵ هەیە، بەشێوەیەکی وەها ئەو لادانە ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی زمانێک، بەوە وەسف بکرێت، کە تایبەتە و داهێنانە و هێزی ڕاکێشان و کارتێکردنی هەیە)) (عەبدووڵا: ٢٠١٣: ٣٦) . بەهۆی هەبوونی مەودای فراوان بۆ بنیاتنان و گەشەکردنی شیعرەوە نوسەران و شارەزایان لە چەندین گۆشەنیگاوە لێیانڕووانیوە، ئەوەی گرنگ بێت لادان چەمکێکی گۆڕاوە بەگوێرەی زەمینە و ئاگایی شاعیرو لە ئاستی شیعری ئەدەبە زیندووەکانی جیهان دەرکەوتەی دەبێت.

شیعر بۆئەوەی خاوەن وێنا و زمانی باڵا بێت، پێویستی بە چنین و ئاوێتەکردنی بوونەکانی دنیایە، بەجۆرێک جوانترو سەرنجڕاکێشتر بێت لەو شێوەی کە ڕۆژانە بەریدەکەوین. ئێمەش لەکۆتاییدا گەیشتووینە ئەو بڕوایەی، کە ئەو لادانانە لە دروستەی زمان دەبنە لادانی هونەری (ئەدەبی) کە دەتوانن چەمکێک یان وێناو مەدلوولێکی نوێ، بۆ وشەو فرێز و ڕستە شیعرییەکان بەرهەمبهێنن.

## ١-١-٣ پێوەرەکانی لادان

هەریەک لە چەشنە ئەدەبییەکان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن، کە جیایان دەکاتەوە لە جۆرە ئەدەبییەکانی تر، لێرەوە ئەو تایبەتمەندیانە بە پێوەری ئەدەبی دادەنرێت.

شیعر وەکو بەشێکی سەرەکی و کاریگەری ئەدەبییات، لەگەڵ دەرکەوتنیدا تاکو ئێستا فۆرم و ناوەڕۆکی خۆی گۆڕیوەو هەر سەردەمێکیش، لێکۆڵەران و ڕەخنەگران بە میتۆدی جیاواز واتا بە

دەق دەبەخشنەوە. لە شیعری نوێدا "لادان " ئەو چەترەیە کە هەموو جۆرەکانی شیعرییەتی دەچێتە سایەوە.

لێرەدا مەبەست لە لادان دەرچوونە لە وێناو چنینی باو هەر، بۆیە دەکرێت ئەم دەرچوونە لە پەخشان و ڕەنگ و مۆسیقادا ببینرێت و هەموویان بە شیعرییەت دادەنرێت، بەجۆرێک بووبێتە هۆی جوانی و سەرنجڕاکێشان.

'پێوەری لادان' بۆخۆی بابەتێکی سەرەکی بوون بە شیعری هەر دەقێکە و لێکۆڵەران و شارەزایان چەندین پێوەریان دیاریکردووە، کە ئەمە بۆ خۆی نیشاندانی بزێوی شیعر دەردەخات. زمانی شیعر هەمیشە خودی دەق دەکاتە بنەما، واتە ئەوە خوێنەرە بەرەو زمانی هونەری شیعر هەنگاو دەنێ، چونکە ((تا زمانی شیعر لە زمانی گەیاندن نزیک بێتەوە لە تەقلید و دابە شیعرییەکان دوور دەکەوێتەوە و ئاسانتر و زووتر زیندوویەتی خۆی لە دەست دەدات و لەخۆرسکی داهێنان و ئەفراندن دوور دەکەوێتەوە)) (عارف: ٢٠١٩ :٦٤).

شیعر دووبارە دارشتنەوەی دنیا و زمانە بەو جۆرەی شاعیر دەیخوازێت، بەڵام هەمووکات ئەم دنیابینیە بەیەک ئاست باڵا و هونەری نابێت، چونکە دامەزراندنی پەیوەندیە نوێکان ڕۆڵیان دەبێت لە ئارەزوو چێژی (خوێنەر)، دەبینین (( شیعری نوێ لەخۆیدا دروستکەری جوانییەکی تایبەتە، ئەویش لەڕێگەی پەیوەندییەکانی شێواز و ناوەڕۆکەوە)) (محمد:٢٠١٠ :٥٥). زمانی شیعر بۆخۆی هونەری باڵایە و وەها دەکات، کە تاکە پێوەرێک نەتوانێت جۆر و ئەرکی لادان بە تەواوی ڕوون بکاتەوە.(( زمانی پێوەر لەسەر ئەو لایەن و پێوەرە وەستاوە، کە لە ئاستی ئاسایی خۆی دەنوێنێت لە بەرامبەر زمانی شیعری)) (بوودووخە:٢٠٢١ :٤٣) . لە دانانی پێوەردا زمانی ئاسایی و شیعر بە دوو ئاستی جیاوازی زمانی و پەیوەندی سەیرییان دەکرێت، تەنانەت ئەرک و فۆرمیان وەکو یەک نییە ((هونەر نابێتە هونەر هەتا (منافەسە)ی پێشبڕکێی داسەپێنراوی پێوەرەکان نەکات )) (الددة: ٢٠٠٩: ٢٠٥) . ئەمانەش وەهایانکردووە، هەر زانایەک و پێوەرێک دابنێت.

لای (بارت) (نوسین لە پلەی سفردا). پێوەرەو ئاخاوتنی ئاسایی وشەکانی تاکمەدلولن و ڕاستەخۆ واتا دەدەن و ڕاڤە ناکرێن، لە کاتێکدا زمان بۆخۆی خوازەی تێدایە، ئەگەر زۆر کەمیش بێت. لای "جان کۆهین"یش کە پێوەری پەخشانی بۆ لادان داناوە، بەجۆرێک پەخشانی زانستی لادانی تیادا نەبێت، بەڵام مەرج نییە، کە لادان تایبەت بێت تەنها بە شیعرەوە، (ڕۆمان یاکبسۆن) هەردوو ئاستی ئاسۆیی و ستونی لە پەیوەندی واتایی و فەرهەنگی دەکاتە پێوەری لادان و شیعرییەت پەیوەندی ئاسۆیی واتاو گونجانە لەنێو دەقەکەدا و پەیوەندی ستوونی ڕۆڵ وهاتنی وشەکانە لەدەرەوەی دەق و

بەجێنیشینی ناودەبرێت. ئەو ئەم پەیوەندییانە بە (الانتظار الخائب) ناودەبات، واتە چاوەڕووانی پڕووکێنەر(بێ هیوا).

کەواتە لێرەدا وەزیفەی شیعری پێکدێت لەمیانەی تەوەری هەڵبژاردن و دانان (الاختیار و التألیف) کە دوو پێکهاتەی بنەڕەتی کردەی زارەکین لەسەر بنەمای دوانەی زمان Langue و ئاخاوتن Parole (الرواشدة:٢٠٠٥: ١٨) هەربۆیە جیاوازی فەرهەنگی و پێکهاتەی واتایی و ڕیزبوونی وشەکان لە ئاخاوتن کە شێوازی سادەی زمانە، لەگەڵ دروستکردنی وێناو شیعرییەت دەبنە بنەڕەتێکی نەگۆڕی جوانی و نەمری هەردەقێک.

لادان و ڕەوانبێژی بوون بە بابەتێک لە زمانی ڕەمز و ڕاگەیاندن و بازرگانی ، کە دواتر ئەمانە دەچنە ناو دارشتنی هەر جۆرە پەخشانێکەوە وەکو (ئایینی، زانستی، کۆمەڵایەتی ...هتد ).

لەگەڵ ئەوەشدا لادان بنەڕەتی شیعرییەتە، بەڵام (( لەڕاستیدا ئەگەر باوەڕمان وابوو کە تەنها لادان بەسە بۆ دیاریکردنی سنوری شیعرییەت، ئەوا سەرکێشیمان کردووە، چونکە دەکرێت دەقی ئەدەبی جوان هەبن، بەڵام لادانیان زۆر تیا نەبێت)). (یحی:٢٠١٠: ٤١)

(گۆران)ی شاعیر دەڵێت:

بە ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە

لەباخچەی بەهار گوڵم چنیوە (دیوانی گۆران:١٣٨٥: ١٥)

جوانی ئەم بەیتە بۆ ئاوازوو مۆسیقاکەی دەگەڕێتەوەو کاریگەری لەسەر خوێنەر دروستدەکات.

(هەژار)ی شاعیریش دەڵێت:

دەرمانی خەفەت مەیە، مەیە مەی

خەفەتبار نەکەی هەرگیز تەرکی کەی. (هەژار بۆ کورستان:١٣٩٣: ٢١)

وەکو دیارە شێوەی ڕیزبوونی دانە زمانییەکان تاڕادەیەکی زۆر ڕێزمانین و دانە فەرهەنگییەکان تاک مەدلولن. لەڕووی پێوەرەکانی لادانەوە کەمترین لادانیان تیادایە، بەڵام جوانی چێژێکی بەرز دەبەخشن.

لەشیعردا ئەگەر لادانە سواوەکانی ڕۆژانەش بەکاربێن ئەوا بەجۆرێکی تر و بەمەدلولی نوێی شیعری دادەنرێن، چونکە شاعیر لە کۆمەڵدا ڕۆژانە بەر مەدلولی نویێ دەکەوێت بۆ کەرەسە و بەرکەوتە ڕۆژانەییەکان، دیارە ئەمە دەکرێت لەزمانە بێگانەکانەوە بێنە ناو زمانی نەتەوەییەوە، یاخود ناڕاستەوخۆ و لەڕێگەی میدیا و ڕاگەیاندنەکانەوە چەندەها (لادان)ی زمانی سلبی و إیجابی دێنە زمانەوە، بەڵام شارەزایی شاعیر دووری دەخاتەوە لە بەکارهێنانی باو و سادە گشتیەکە و لادان لە نۆرم بەمانای لادان لە یاساگەلی دەنگی و وێژەیی و نوسراوی و شێوازی و ڕێزمانی و واتایی دێت. ( ئەعزەمی: ١٣٨٠: ١٧) .

کەواتە لەزمانی شیعردا دانە ورد و درشتەکانی زمان جارێکیتر بە هونەریانە دادەڕێژرێنەوە، بەجۆرێک باڵاتر و هونەریتربن لەشێوازی ڕۆژانەی باو. هەریەکە لە پێوەرەکانی (چێژی ئەدەبی، سیاق پەخشان، زمانی ئاسایی، ئاستی ئاسۆیی و ستونی...)ئەوە دەردەخەن، کە بە تاکە پێوەرێک ناتوانرێت شیعرییەت و لادان لە ڕووی جۆر و ئەرک و پێوەرەوە ڕاڤەی زانستی بکرێت، چونکە ((هێڵی جیاکەرەوەی، کە ئەمە شیعرە و شیعر نییە ڕەگەزیکی جێگیری نیە)) (الخرشە: ٢٠٠٨: ٢٧) . ئاوێتەبوونی ڕەگەزە ئەدەبییەکان لە تاکە چەشنێکی ئەدەبیدا هۆکارێکە بۆ ئەوەی پێوەری هەمەڕەنگ بۆ شیعرییەت و لادان دابنرێت، مەرج نیە هەموو لادانیک هونەری بێت، هەروەک چۆن هەموو کێش و سەرواداریێک بە شیعر دانانرێت.

((هەندێک لادان لە فێڵێکی شێوازگەری زیاتر نییە و هیچ واتایەکی جوانی و هونەری هەڵنەگرتوە)) (الخرشە: ٢٠٠٨: ٢٦) . بۆ ئەوەی لە هەموو ڕوویەکەوە لە "لادان" بگەین پێویستە (فرەپێوەری) پەیڕەو بکەین. ((لادان لەسەر کتوپڕی (المفاجأة) و گۆڕان و ناجێگیریی وەستاوە، ئەوەش سانایە، کە بە یەک پێوەر هەمیشە دانامەزرێت)) (عکور:٢٠١١: ٢٣) . لەبەرئەوەی شیعر بەشێکە لە ڕۆشنبیری گشتی کۆمەڵ و شاعیران ئازادن لە چنینی نوێدا، ئەویش تایبەتمەندیی نوێی شیعرە، ئەوا دەکرێت لە داهاتودا پێوەری نوێش بخرێتە سەر ئەم پێوەرانە بۆ دیاری کردنی لادانەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە

## ١-١-٣-١ پێوەری پەخشان

ئەرک و شێوازی چنینی وشە لە شیعر و پەخشاندا جیاوازن ((پەخشان باری وشەکانە لە باشترین ڕێکخستندا، بەڵام شیعر باشترینی وشەکانە لە باشترین ڕێکخستندا)) (فتحی: ١٩٨٦ :٣٦٦) .

مەبەست لە باشترین جوانترینی وشەیە، کە ئەمە جۆرێکە لە زیادەڕۆیی هونەری، بەڵام بۆ جیاوازی بەسودە، وشە کاتێک بەسود و جوانە مانایەکی هونەری تر و خەیاڵێکی داهینەرانەتر لەناو دەقدا پیشان بدات، کە ئەمە لە هەردوو پەخشان و شیعردا ڕوودەدات. بەڵام لە پەخشاندا پەیوەندییە ڕێزمانی و واتا فەرهەنگییەکان سنوردارن و لە شیعردا تا ئاستی نامەعقول ڕێگەپێدراوە(سوریالیزم بە نمونە). (جان کۆهن) لە بارەی شێوازی ئەو پەخشانەوە کە دەبێ بکرێتە پێوەر دەڵێت: ((پێویستە ڕوو لەو نوسەرە بکەین، کە کەمتر بایەخ بە مەبەستە ئیستاتیکییەکان ئەدات. بەو مانایەی کە دەبێت بەرەو زانایی ئەو نوسەرە بچین، هەرچەندە لادانێکی زۆر کەم لە نوسینەکەی هەبێت)) (جان کۆهن: ٢٠٠٨: ٢٩).

لای (جان کۆهن) جۆری ئەو پەخشانە دیاریکراوە، کە دەکرێتە پێوەر، چونکە وەها دەبینێت، کە لە پەخشانی زانستی پێوەر بۆ لادان و زمانی شیعری دروستدەکرێت، (جان کۆهن:٢٠٠٥: ١٢٣). پۆلێنکردنی پەخشان بۆخۆی دەرخەری ئەو ڕاستیەیە لە جۆرەکانی ( ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی....) هەر یەکەیان ئاستێک لادانی تیادایە، بەڵام مەرج نیە ئەو لادانە شیعری بێت، بۆیە دەکرێت بۆ جوانکاری لادانی واتای بێ پێوەری تیادابێت.

لە پەخشاندا ئامانجی پەیام و گەیاندن وەکو جوانکاری گرنگیان پێدەدرێت، بەڵام لە شیعردا ئەوە چنین و لادان و خەیاڵی هونەرییە ئامانجی سەرەکییە و پەیام بە ئەرکی دووەمی شیعر دادەنرێت، لەبەر ئەوەی پەیامی مرۆیی و جۆرەکانی ڕەگەز و چەشنی تری ئەدەبی هەیە بیگەیەنێت.

(( زمانی شیعری زمانی ئاماژەیە، لە کاتێکدا زمانی پەخشان زمانی ڕوونکردنەوەیە، وشە لە زمانی شیعری لە ئەرکی سادەی خۆی دەردەچێت، بۆ بنیاتنانی قووڵ و گەیشتن بە چێژی هونەری )) (بووالحواش: ٢٠١٢: ٢٢٦).

پەخشان دوکەوتن و بە دوای یەکداهاتنە بۆ بیرۆکەیەکی دیاریکراو، لە کاتێکدا ئەم بەدوای یەکداهاتنە لە شیعردا پێویست نییە، پەخشان دەیەوێت بیرۆکەیەک بگوێزێتەوە بۆیە دەبێت ڕوون بێت، بەڵام شیعر هەر بە سروشت ناڕوونە، یەکێکیتر لە جیاوازی شیعر و پەخشان، مەبەستە کە پەخشان مەبەستی دەرەکی هەیە، بەڵام شیعر مەبەستی لەناو خودی خۆیدایە (مبارک: ١٩٩٣ :٢٣).

لای سارتەر جیاوازی لە ئەرکی زمانی لەم دوو چەشنە جیاوازەی ئەدەبدا دەبینین و دەڵێت: ((لە هۆنراوەدا بنەما ئەوەیە، کە مرۆڤ ئوستورەیەک بخولقێنێ، لە کاتێکدا پەخشان وێنا دەکێشێ) (سارتە:٢٠٠٩: ٦٥).

له شیعردا پەیوەندییە واتایی و پێکهاتەییە ڕێزمانییەکان بۆ ئاستێکی باڵاتر لە پەخشان دەگۆڕێن ((پول ڤالێری شیعر بە سەما و پەخشان بەڕێکردن دەچوێنێت، پەخشان بە کورتترین شێوە بۆئامانج و مەبەستی دەچێت. بەڵام شیعر زۆرترین پێچ و پەنا و دەورانی دەوێت، بۆ ئەوەی مەبەستەکەی بە جوانی بگەیەنێ)) (ویس:٢٠٠٥: ٨٧) . لادانی شیعری گەیاندنی مەبەست لە ڕاستەخۆی دوور دەخاتەوە و وا لە خوێنەر دەکات بگەڕێت بە دوای وێنا و ئاستی هونەری زمانی شیعریدا، لەبەر کاریگەری (پۆل ڤالیری) ڕەخنەگر و لێکۆڵەری گەورەی عەرەب (محمد غنیمی هیلال) دەڵێت: ((ئەوە ڕوونە کە ئاماژەی لێکچواندن وەها دەبێت، پەخشان پیادەیە و شیعر سەما دەکات)) (هیلال:١٩٨٢: ٣٧٩) . سەرچاوەی پەخشان بیرە و شیعر لە دایکبووی خۆشەویستی و هەست و سۆزە و ئەرکی پەخشان جوتکردن ( هاوڕێککردن)) و ئەرکی شیعر هێمابیە (کەریم: ٢٠٠٨: ١٥٧) .

وشە لە شیعردا مەودای بەکارهێنانی سنوری فراوانترە و پەیوەندیەکانی تێکدەشکێنێت، بەڵام لە پەخشاندا پێویستی بە گونجانی لەگەڵ لۆجیکی زمان و بیرە گشتیەکە هەیە؛ لەبەر ئەوە وشە لە پەخشاندا چۆن بێت، مەرج نییە هەمان دەلالەتی لە زمانی شیعردا هەبێت (محمد:٢٠١٠: ٧٥) . هەمیشە عەقڵ درەنگتر لە دڵ بڕیار دەدات، ئەمە هاوڕێکی ڕێکردنی پەخشان و سەمای شیعرە، چونکە شیعر زیاتر هەڵچوون و خەیاڵ بوونیادی ناوە بەڵام پەخشان لەگەڵ خەیاڵدا هزر و پێوەری کۆمەڵایەتی و مەبەستی گەیاندن ڕۆڵی تیادا دەبینن ، دیارە ئەم بەراوردی (ڕێکردن و سەمایە) بۆ پەخشانی هونەری گونجاوترە، چونکە پەخشانی زانستی گوێزانەوەی پەتیی فەرهەنگی وشەیە و پەخشانەکە تاک مەبەست و تاک واتایە و ئامانجي گەیاندنی زانست بیرە، دوور لە لادانی هونەری و شیعریی.

لای زمانەوانی دیاری کوردی(د.محمد معروف فتاح) جیاوازی زمانی شیعر و پەخشان باس کراوەو دەڵێت: ((ئاساییە کە هەموو خوێنەرێک لێکدانەوەیان وەک یەک نەبێت، چونکە واتا و مەبەستی شیعر تەنیا لە واتای فەرهەنگی وشەکان و ڕێزمانی دەقەوە نایەت و هەڵناقوولێت، بەڵکو بەشی هەرە زۆری لە دنیای فیزیکی و کۆمەڵایەتی دنیای دەرەوە دێت، ئەمە زمانی شیعر لە زمانی پەخشان و زمانی زانست جیا دەکاتەوە)) (فتاح:٢٠١٠: ٤٢٤) .بابەتی ئاواز و وێنای هونەری یەکێکە لە جیاوازی و هۆکاری لادانی زۆر؛ کە لە شیعردا زۆرترە و بەشێکە لە بوونی شیعر.

لای (ڕوولان بارت ١٩١٥-١٩٨٠ ) جیاوازی شیعر و پەخشان بەم هاوکێشەیە خراوەتە ڕوو.

شیعر= پەخشان + أ + ب+ ج

پەخشان= شیعر – أ – ب – ج (بارت: ٢٠٠٢: ٥٥)

دیارە هەریەکە لە (أ ، ب ، ج) ئاماژەن بۆ کێش و سەروا و وێنای شیعری.

لادان لە پەخشاندا مەبەستی سەرەکی نییە، بەڵکو وەکو بەشێک لە تەکنیک دادەنرێت، بەڵام شیعر بەبێ لادان تا ئاستی ناولێنانی هەر شتێک، جگە شیعر دەیبات و تەنها وەکو بابەتێکی خودی دەمینێتەوە (بۆ نوسەری دەقەکە) چونکە پەیڕەو کردنی ڕێزمان و واتای فەرهەنگی بۆ بابەتی زانستی پەتیی دەگونجێت، ئەویش لە دنیای جیهانگیریدا هەر زانستە و خاوەن چەندەها چەمکی تایبەت بە خۆیەتی ، بۆیە گوتاری شیعر و پەخشان لێک جیاوازن ((گوتاری شیعری، گوتارێکی نارێزمانییە، بە بەراورد لەگەڵ پەخشاندا، کە لەسەر ئاستی ڕێزمانی و تایبەت و گونجاندنی دەلالیە)) (محمد:٢٠١٤: ٤٠).

ئەوەش ئاشکرایە وەکو لەپێشتردا بەنمونەی شیعری خستمانەڕوو، دەکرێت شیعرێکی جوان و بەهێز هەبێت لادانی تیادا زۆرکەم بێت، بەڵام ناکرێت بەتەواوی خاڵی بێت لە لادان، چونکە ئەوکات هونەرە ڕەوانبێژی و تەکنیکە ڕێزمانی و هونەرەکانی لادانی تیادا نەبێت هەرشتێکە تەنها شیعر نەبێت.

کاتێک شاعیر دەیەوێت شیعرێک بنوسێت زمان لە بەردەستیدا بە گوێرەی خەیاڵی خۆی بوونیاد دەنێت، واتە پەیوەندی نێوان شاعیر و بەرهەم سنوری فەرهەنگ تێدەپەڕێنێت و واتای نوێ دروستدەکات، لە کاتێکدا پەخشاننوس (پەخشانی زانستی) بۆ گەیاندنی ئامانج و بیر، پێویستی بە ئاشکرای و سەلماندن هەیە، هەر ئەمە وادەکات پەخشان، کە نزیکە لە زمانی ئاسایی بکرێتە یەکێک لە پێوەرەکانی "لادانی شیعری".

ئەوەی ڕوونە، کە باسی پەخشان دەکرێت، لەهەر بابەت و ئاستێکی زانستیدا بێت، پێویستی بەجۆرێکی تایبەتی ڕێکخستن و هاوپەیوەندی واتایی هەیە، ئەمە وەها دەکات؛ هەندێکجار سیستەمی زمانی باو بخرێتە لاوە، هەر بۆیە بەتەنها ئەم پێوەرە ناتوانرێت هەڵسەنگاندنی یەکجاری بۆ ئاستی لادان بکرێت و ناچار پێویستی بەپێوەری تر هەبێت. (( شیعر لەوێناکردن زۆر بزێو، بووێر و نامۆخوازە)) (سەحرانەوەرد:١٣٩٥: ٣٥٦). بەڵام پەخشان پێویستی بەڕوونی و سادەییە بۆگەیاندنی مەبەست.

## ١-١-٣-٢ پێوەری بەکارهێنانی زمانی باو

زانایان و ڕەخنەگران زاراوەی جیاوازیان بەکارهێناوە، لای ریڤاتێر(دەربڕینی ناسراو)، ( دەربرینی ئاسایی و دەربڕینی بڵاو) لای فۆنتای(پلەی سفری نوسین) لای بارت و(شێوازی گشتی و ئاسایی) لای شێزر و (شێوازیچەق بەستو)لای ویلک وارین(بەکارهێنانی ناوەند) لای ستاروبسکی و(شێوازی زمانی) لای تۆدۆرف بەکاردێت. (عارف:٢٠١٢: ٣١)

لەبارەی ئەرکی زمانەوە (فارابی) دەڵێت: زمان دوو ئەرکی هەیە، ئەویش (( تێگەیشتن و خەیاڵکردن)) (الددة:٢٠٠٩: ٣٠٠) شیعر لە هەر سەردەم و کۆمەڵێکدا بنوسرێت، بەرهەمی باوی زمانی سەردەمی خۆیەتی، واتە شاعیر ناچارە، کە ڕستە زمانی و فەرهەنگییەکانی دەوروبەر بەکاربهێنێت، هەروەک چۆن ژیان و کۆمەڵ لە گۆڕانی سروشتی خۆیاندان، زمان و شیعریش بەشێکن لەو دنیا بەرینە. لەبارەی ئەم گۆڕانکارییەوە هۆراسی(٦٥-٨پ.ز) ڕەخنەگری ڕۆمانی دەڵێت: ((هەمیشە بەهەموو نەوەیەک ڕێگا دراوە و ڕێگاش ئەدرێ،کە بە پێی سروشتی گیانی سەردەم وشە دابڕێژن، هەروەک چۆن دارستان هەموو ساڵێک گەڵاکانی دەگۆڕێ ئەوەی لەپێش هی تردا شین بووە زووتر هەڵدەوەرێ، بۆ وشەکانیش هەروایە، کۆنترینیان زووتر لەناودەچێ، بەڵام نوێیەکان وەک نەوەیەکی نۆجوان پشکوتوو گەشەکردووە، ئێمە ئەو شتانەی هەمانە بەرەو مردن دەچین)) (هۆراس:١٩٧٩ :١٨) .

ئەگەر وشەی فەرهەنگی و ڕستەی ڕێزمان دەستەمۆی کۆمەڵگا و فۆرمی سواوی ڕۆژانەبن؛ ئەوا لادان و شیعرییەت، هەر بەو کەرەستانە دنیایەکی نوێ و خەیاڵێکی هونەری دروستدەکەن بۆ خوێنەرو بە ئاسانی دەستەمۆ نابێ. ((داهێنان لەڕێگەی مانای ڕاستەوخۆوە نایەتەدی، بەڵکو لە نائامادە پێکدیت)) (محمد:٢٠٢١ :١٤٩) .

(خوێنەر) کە بەر وێنا و ئاوازی جیاوازتر لە زمانی ڕۆژانە دەکەوێت، چێژ وەردەگرێت، چونکە داهێنانی تێدایە و لە سوان ڕزگاری بووە. ((قسە یان وتاری ئاسایی، باوەڕی بە ڕاستەوخۆیو ئامانجی و گۆڕینەوەی بەسودە، لێرەدا ئاستی گفتوگۆ سنوردار و فەرهەنگییە، بۆ تێگەیشتن پێویستی بە ماندووبوونی هزر یان بیر نیە)) (الخرشة:٢٠٠٨: ٩) و بێزاری لای خوێنەر دروستدەکات ((زۆرینەی ئەدیبان و ڕەخنەگران لەو باوەڕەدان، کە دوورکەوتنەوە لە زمانی ئاسایی و لادانی ئەدەبی پێویستە، چونکە ئەمانە خوێنەر لە بێزاری و سستی دووردەخەنەوە)) (عباسی:١٣٩٦: ١٣٨) . تێپەڕاندنی سنوری یاسا زمانییەکان بەشێوازێکی هونەری لادانی زمانی دروستدەکات و مەرجێکی سەرەکی شیعرییەتە ((لادان بە شیعر دانانرێت، مەگەر سەرپێچی و جیاوازبێ لە مەعقولیەت)) (الددة:٢٠٠٩: ١٠٣) .

لەبارەی شێوازی بەکارهێنان و توانای شاعیرەوە (د.محەمەد مەعروف فەتاح ) دەڵێت: (( ئەگەر مرۆڤی ئاسایی تەنیا توانای ڕەسەنایەتی تێدا بێت، ئەوا شاعیر دوو توانای دراوەتێ: توانای ڕەسەنایەتی کە لە هەموو ئاخێوەرێکدا هەیەو لە پیادەکردنی تەواوی یاساکانی زمانەوە دێ، توانای داهێنان، کە بەزۆری لە شاعیردا هەیە لە بەزاندنی یاساکانی زمانەوە دێ، داهێنان توانایەکی تایبەتە)) (فەتاح:٢٠١٠: ٤٠٣)

شیعر دۆزینەوەی پەیوەندی نوێی دانە زمانییەکانە، تا ئەو ڕادەی جوانیەکو چێژێک بەوەرگر دەبەخشێت، چونکە هەموو بەزاندنێکی زمانی باو بە هۆنەری ناژمێردرێت. (( زمانی ئەدەب بەگشتی و شیعریش بەتایبەتی وشە و دەستەواژەی تایبەت بەخۆی هەیە لەو ڕووانگەی، کە زمانی ئەدەب زمانێکی داهێنراوە و قسەکەرەکە خۆی ئاڵۆزی دەکات، تا بەهانەیەک بداتە دەقەکە و جیابێتەوە لە دەقی ئاسایی و قسەی سەرزاری خەڵک)) (خۆشناو: ٢٠٠٨: ١) چەندە شاعیر دووربکەوێتەوە لەڕاستەوخۆی زیاتر خوێنەر هەست بە چێژی هونەری دەکات و لادان دەرچوونە لە مەعقولیەتی واتا و پەیوەندییەکانی ، یاسا ڕێزمانییەکانی زمانی ئاسایی پەیوەستە بە واتای فەرهەنگی و ئاسایی ڕۆژانەوە، بەڵام ((زمانی شیعری سروشتێکی جوانناسی و نا پابەندبوونی بە یاسا زمانەوانییەکانەوە هەیە... هەمیشە ویستی لادان و حەزی بەزاندن لە زمانی ئەدەبدا بەدی دەکرێت)) (مەلازادە:٢٠٢٠: ٤٥).

بەکارهێنانی ئاسایی زمان و شێوازی شیعری دوو هێڵی تەریبن، هەرگیز بەیەک ناگەن هەرکات ئەم دوو هێڵە بوون بەیەک ئەوا شیعرییەت نامێنێ، بەپێچەوانەوە چەندە دووربن ئەوا وێنای هونەری دروست دەکەن، بەڵام ڕادەی دووری ئەگاتە ئاستی بچڕانی هزری، واتا خوێنەر، هەربۆیە پێویستە خوێنەر بتوانێت لەدوای ون بوونی واتا لەسەرەتادا، دواتر وێناو واتای نوێ و هونەری بدۆزێتەوە، ئەم پرۆسەیەش لادانە لەبەکارهێنانی شێوازی باوی زمان.

مەسەلەی لادان و شیعرییەت بە گوێرەی قۆناغ و ڕێبازی ئەدەبی، بیری جیاوازی لەخۆگرتوە، شێوازگەرەکان بەجۆرێکی تایبەت لە شیعرییەت دەڕوانن (مۆکارۆفسکی)(١٨٩٦-١٩٧٥) شیوازگەر دەڵێت: ((ڕووخاندنی یاسای زمانی پێوانەیی جەوهەری و ڕاستییە بۆ شیعرییەت)) (ویس:٢٠٠٥: ٩٦) . کردنە بە پێوەری زمانی ئاسایی بەبێ ڕەخنە نەبووە، کە هەر ئەوە وایکردووە پێوەری نوێ و جیاواز بۆ لادان پەیدا ببێت، لەو بارەیەوە لێکۆڵەر د.عباس رشید الددة دەڵێت: ((زمانی ئاسایی لە بوونی خۆیدا لادانی تیادایە. وەکو زمانی ڕاگەیاندن، بەڵام کاریگەری شیعر نییە، بەڵکو بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەرامبەرە)) (الددة:٢٠٠٩: ٢٣).

زمان هەمیشە لە خۆ نوێکردنەوەدایە و دەکرێت ئەوەی ئەمڕۆ هێمابێت سبەی سواو بێت؛ واتە پێوەری زمانی ئاسایی بۆ لادان بە گوێرەی سەردەم دەگۆڕێت، دیارە ئەوەش بە هۆی ئەو کاریگەرییە سروشتییەی گۆڕانی کۆمەڵە بە گشتی (باوەڕبوون بە زمانی ئاسایی بۆ پێوەری شیعرییەت لەسەر باوەڕبوونی لادانە کە (کارێکی ئێستاییە) و پەیوەستە بە ڕۆژگارێکی دیاریکراوەوە و ناتوانرێت لێ تێپەڕێت) (ویس:٢٠٠٥: ١٣٤) . ئەوەی لادانی هونەری و ناهونەری، لێک جیا دەکاتەوە هۆکار و مەبەست و شارەزایی چنینە، چونکە لە دنیای نوێدا باس لە زمانی یەکگرتو دەکرێت (زمانی

بازرگانی و هێما...) هەربۆیە چۆن فۆرمی شیعر لە کۆن و ئێستادا یەک نییە؛ لە داهاتوشدا تەکنیکی نوسین و کەرەسەی پێکهاتنی جیاواز دەبێت، کەواتە لادان هەمیشە (بان زمانی ئاسایی)یە و کەرەسەی خاوی شیعر زمانی سەردەمی خۆیەتی.

## ١-١-٣-٣ پێوەری ئاسۆیی و ستونی

زمانی شیعری و زمانی ئاسایی دوو بنەمای لۆژیکی زمانی پێکەوە بەستراون، کە بە لادانی هەر یەکێکیان لادانێک دروستدەکات، ئیدی لادانێکی هونەری و شیعری بێت یاخود لادانی نالۆژیکی. کاریگەری لادانەکەش بەجۆرێک دەبێت، کە وەرگر(خوێنەر) دەخاتە باری وەرگرتن و چێژەوە یاخود ڕەتکردنەوە بەهۆی ئاڵۆزی و نائاسایی بوونیەوە ((لادان دووبارە نەخشەدانانی نوێیە بۆ زمان کە لەسەر دەرچوون و سیستەم و پەیوەندی بابەتەکان دامەزراوە )) (محمود:٢٠١٩: ١٩).

ئەوەی کە ئەم لادانە دروستدەکات؛ پەیوەندی ئاسۆیی و پەیوەندی ستونییە، باسکردنیش لەم پەیوەندییە، بە جۆرێکە کە ((پەیوەندی ئاسۆیی (تەک نیشینی) بریتیە لە پەیوەندی سینتاکسی نێوان ئەرگومینتەکان بە پێی گونجان و دەرکەوتنیان لەگەڵ یەکتردا لە قاڵبی فریز و ڕستەدا، پەیوەندی ستونی (جێ نشینی) پەیوەندی نێوان وشەیەکی ڕستەیە، کە لەگەڵ وشەیەکی تری زمانەکە، کەبتوانێ جێی یەکتربگرنەوە، واتە بتوانرێت وشەیەکی ڕستەکە بگۆرین بە وشەیەکی تری زمانەکە لە دەرەوەی ڕستەکە)) (سالەح:٢٠٢١: ٢٢١).

ئەم پەیوەندییانە لە شیعردا لە باری ئاسایی خۆیاندا نامێنن و شاعیر جارێکیتر زمان دادەڕێژێتەوە، بە جۆرێک ((دابەشکاری نەریتی زمانناسی، کە بریتی بوو لە سینتاکسی، فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی بێ بایەخ کرد)) (ملی:٢٠٠٨: ٤٧). گۆڕان لە پەیوەندی هاونشینی گۆڕانی ڕێزمانی بەدووادا دێت، ئەگەر هاتو جوڵاندنی وشە لە ئاستی ئاسۆی بۆ پێشەوە یان دواوە ئەنجامدرا، ئەوا یارمەتیدەری زمانە بۆ دەرچوون لە تایبەتمەندی سود گەیاندن بۆ شێوازی داهێنانکاری ئەگەر گۆڕانەکە لە سنوری واتای فەرهەنگی و پەیوەندییە ڕستە سازییەکان دەرچوبوو، ئەوا بە هەڵەی ڕێزمانی دادەنرێت، چونکە لادانی زمانی لە شیعردا مەبەستی جوانکاریە و ڕێگەدان بە لادان  لە سنوری لۆژیکدا گونجاوە.

(چۆمسکی) لەبارەی ئەم پێوەرەوە دەڵێت: ((ڕۆنانی خوارەوە (بنیاتی قوول) و ڕۆنانی سەرەوە (بنیاتی ڕووکەش) پێوانەی بابەتییە بۆ دامەزراندنی لادان)) (عکور:٢٠١١: ٢٢). هەرکاتێک شیعر هەردوو پێوەرەکەی بە تەواوی چەسپاند(وەکو یەکبوون)، ئەوا لەشیعری خۆی دەکەوێت، لەبەرئەوەی

دەق دەکاتە شیعر پەیوەندییە ئامادەیی و نائامادەییەکانی دەقە، بە جوتبوونی هەردووکیان پەخشانێکی سستی بێ هونەری لە دایکدەبێت.

لەبەرئەوەی (( sgntagmantc هاونشینی، بریتیە لە پەیوەندی نێوان پاژە دیار و بەردەستەکانی نێو رستە و paradig matic تەکنیشینی بریتیە لە پەیوەندی نێوان پاژە پێکهێنەرەکانی رستە لەگەڵ پاژە نادیار و لەبەدەست نەبووەکانی نێو ڕستە)) (یەعقوبی:٢٠٠٥: ٢٥).

ئاستی ستوونی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنی وشە و ڕستە لەسەر بنەمای سیمای هاوواتا، یان دژیەک دروستدەبێت بەڵام ئاستی ئاسۆی لەسەر ئەنجامی پەیوەندی یەکتر تەواوکردنی پۆلێک و دانەیەکی واتای گەورەتر لەوشە دروستدەبێت و لێرەدا ئاستی ڕێزمانی زمانە شیعرییەکە ڕەچاوی دەکرێت.

ئەم دوو ئاستەی ڕستە دەبنە سەرچاوەی ڕۆنانی سەرەوەو ژێرەوەی ڕستەو دەق، هەرکات واتای ئەم دوو ئاستە جیاواز بوو شیعرییەت بەهێزەو هەرکاتیش هەمان ئاست بوون، ئەوا شیعرییەت لاوازە، بەڵام جیاوازییەکەش نەگاتە ئاستی ئاڵۆزی و نادیاری.

بۆ ئەوەی دەقێکی شیعری سەرسامی خوێنەر بکات وچێژی لێ وەربگرێت، پێویستی بە توانایەکی هونەرییە بیخاتە باری شڵەژانەوە، واتە مەودای چاوەڕوانی خوێنەر وەکو دەقی بەرهەم هێنراو نەبێ، چونکە شیعر لادان دروستی دەکات و (( لە لادانی واتایدا وشەکان لەناوەندی هاونشینی(ستونی)و تەک نشینی (ئاسۆیی)وەکو فۆرمی ئاسایی زمان نین )) (صمصام:١٣٩٥: ٥٥) . لە ئەم پێوەرەدا لێکۆڵەر بۆ دۆزینەوەی لادان و ئەرک و جۆری لادان پێویستی بە شارەزایی باشی هەیە لە ئاستی ڕستەسازی و واتا سازیدا، چونکە (جێنشینی) ستوونی، توانای هونەری دەوێت، کە چۆن وشەیەک لە جێی وشەیەک دادەنرێت و پەیوەندی ڕێزمانی و واتای دەردەخرێت، ئەویش پەیوەستە بە زاراوەکانی هەڵبژاردن و دانان لە ناو ڕستەدا، چونکە هەڵبژاردن جێنشینی و دانان و هاونشینی پەیوەندی نوێ لە دەقدا دروست دەکەن (قادر:٢٠١٤: ٢٨) .بە تەنها بەئەم پێوەرە ناتوانرێت جوانی و لادانی دەق بخرێتەڕوو، ئەویش لەبەرئەوەی دەکرێت ئەم دوو ئاستە لادانیان تیادا ڕوووبدات، بەڵام شیعرییەت دروست نەبێت، ئەویش بەڕیزکردنی وشەی نالۆژیکی و ناشیعری، هەربۆیە وەرگر پێویستی بە پێوەری تر هەیە، بۆ ئەوەی مانای دوور و نزیکی دەقی بۆ دەرکەویت.

### ١-١-٣-٤ پێوەری خوێنەری بەرهەمهێن

خوێنەر وەکو پێوەری لادان و شیعرییەت لە بەرهەمهێنانی واتای نوێ و جیاواز بۆدەقی شیعری ڕۆڵێکی کاریگەر و ڕۆشنکەرەوەی هەیە. شیعر کە دەنوسرێت بەرهەمی خەیاڵ و قۆناغێکی ژیان و ئەدەبە (ڕۆشنبیری کەسی شاعیر) ئەوەش سانایە، کە زمان و پێکهاتەی شیعر وەکو زمانی ئاسایی ڕۆژانە نییە، لێکۆڵەری شارەزا یان خوێنەر ڕۆڵی ڕۆشنکەرەو ودیارخەری ئاستی لادانەکان دەبینێت، چونکە دەقی باڵا و هونەری بە ئاسانی کۆد و مانا شاراوەکانی بە دەست نایەت. ((وەڵامدانەوەی خوێنەر بۆ دەق جیاوازە لە خوینەرێکەوە بۆ یەکێکی تر، لایەنی ڕۆشنبیری و ڕەگەز و تەمەن و بابەتی دەرونی و هۆکاری تریش)) (الددة:٢٠٠٩: ٢٣٦) . کاریگەرن بۆ گەیشتن لە پەنهانییەکانی شیعر.

لە تیۆرە نوێکانی ئەدەبدا گرنگی زۆر بە خوێنەر(وەرگر) دراوە، تیۆری (هەڵوەشاندنەوەو، وەرگر(المتلقي) ئەو ڕۆڵە بەرچاوەیان بە خوێنەر داوە، بەڵام مەرج نیە هەموو خوێنەرێک بتوانێت پەی بە تەکنیک و واتا شاراوەکانی دەقی ئەدەبی ببات و بیاندۆزێتەوە. ((خوێنەر لای ریفاتیر کە بە خوێنەری قووڵ ناودەبرێت، ئەو کەسەیە، کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر دەق هەبێ، بە دەربڕینێکی رونتر ئەو خوێنەرەی، کە بە توانایە بە هەست کردن و بە وروژاندن و کاریگەری لادان)) (اسماعیل:٢٠١٩: ٤٦) . شاعیر کە دەهۆنیتەوە ناچار نییە، ئاستی خەیاڵی داهێنەرانەی دابەزێنێت بۆ ئەوەی خوێنەری سادە لێیتێبگەن، چونکە ((یاسای زمانی ئاسایی پشت بە ئەزمونی دەرەکی دەبەستێت، بەڵام یاسای زمانی شیعری پشت بە ئەزمونی ناوخۆ دەبەستێ)) (جون کوین:٢٠٠٠: ٢٣٤) .

واتا دۆزینەوە و ئاشکرا کردنی جوانییەکانی دەق پەیوەندی بە ئاستی وەرگرەوە هەیە ((بەهای ئیستاتیکی وشە لە شیعردا، ئەو واتایانەیە، کە (خوێنەر) پێی دەبەخشێ، نەوەک واتا فەرهەنگییەکان)) (حسین:٢٠٠٨: ٨٩) . دیاریکردنی جۆر و ئاستەکانی لادان و ئەو هۆیانەی نوسینی ئاسایی لە دەقی شیعری جیادەکەنەوە، پێویستی بە شارەزایی و پسپۆری هەیە، ئەمە بابەتێکی ڕێژەییە (د. صلاح فصل) لەم بارەیەوە دەڵێت: ((بەشداری کردنی وەرگر(المتلقي) لە بەرهەمهێنان و پیشاندانی واتادا هەرگیز یەکگرتوو ڕوون نییە )) (فضل:١٩٩٥: ٣١) . مەبەست ئەوەیە، هەر خوێنەرەو بە ئاستی خۆی واتای نوێ لە دەقدا دەدۆزێتەوە و لێی تێدەگات.

((ئەگەر خوێنەر شارەزا نەبێت (دووربێت) لە بابەتی دەقی خوێنراو، هەست بە لادان زۆرتر دەکات، لە خوێنەرێک کە پسپۆڕ بێت لە بابەتی دەقدا، واتە کردنەوەی کۆدو دۆزینەوەی جوانیەکان بابەتێکی ڕێژەییە، خوێنەری شارەزا جوانتر لە دەق دەگات، بەڵام ناگاتە ئاستی سەرسامبوون و ینبەست، ئەویش بەهۆی پێشینەو ڕۆشنبیری لە بابەتەکە، بەڵام کەسێکی ئاسایی، هەموو تەکنیکێکی

شعری لا دەبێتە بنبەست و ئاڵۆزی بۆیە پێویستە لەسەر خوێنەر، بزانێت کەی لادان کۆتایی دێت و کەی دەست پێ دەکات)) (الخرشە:٢٠٠٨: ٢٨). ئەم پێوەرە هەروەک چۆن گرنگی بە خوێنەری شارەزا دەدات، هەر بەو شێوازەش گرنگی بە دەقی هونەری دەدات، چونکە دەقی فۆلکلۆر و ئەدەبی میللی پێویستی بە ماندووبوونی زۆر نیە و تا ڕادەیەک ئاسانتر کۆدەکانی ئاشکرا دەبن، لەگەل ئەوەشدا بۆ سەردەمی خۆیان دەقی بە چێژو کاریگەر بوون.

چۆن دەقێک بۆ ئەوەی ببێ بە شیعر پێویستی بە تایبەتمەندیی هونەری هەیە، لە بارەی وەرگریشەوە هەموو خوێنەرێک بە سروشت و خواستێک کاریگەرە، ئەگەر جیاوازی هەبوو لە نێوان کاتی نوسەر و کاتی خوێنەر، هەر بۆیە (سبێنزر ١٨٨٧-١٩٦٠) جەخت لە ئارام گرتن و دڵسۆزی و پارێزگاری لە لێکۆڵەرانی شێوازگەری دەکات، پێویستە شارەزای زمانی دەق بێت و توانای بەسەرا بشکێ بۆ ئەوەی زۆر لە بابەت و گرنگی دەق دەرنەچێت (الخرشە:٢٠٠٨: ٢٨).

یەکێکیتر لە سیفەتی خوێنەری بەرهەمهێن، تاکە پسپۆڕی و بیر فراوانییەتی ((لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتی و بیری و هۆشیاری وەرگری نمونەیی، دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە ناسینی دەقی شیعریدا)) (کریم:٢٠٠٥: ١١٩). ڕۆشنبیری قووڵ بەئاگایی لە تیۆر و میتۆدە نوێکان هۆکارن بۆئەوەی خوێنەر پەی بە جوانییەکانی شیعر ببات. هەندێکجار ئەو خوێنەرانە دەبنە هۆکاری پێشخستن و باڵاکردنی دەقی دواتری شاعیران، ئەگەر پێشتر لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بە وردی خرابنە ڕوو. ((چاوەروانی خوێنەر بڕیار لەسەر جوانکاری دەق دەدات، هەرکات هەستی خوێنەر بەرزتر و شارەزاتر بوو لە دەق ئەوا هەندێکی بە زیادە(حشو) دادەنرێت و ئاستی لادان نزیک دەکاتەوە لە سفر)) (ویس:٢٠٠٥: ١٣٤). لەم پێوەرەدا جیا لە جوانکاری دەق و شارەزایی خوێنەر هۆکاری ڕێبازی ئەدەبی و سەردەمی ژیان، ڕۆڵی دیارییان هەیە لە گەشەکردن و سستی دەرخستنی لادانەکان، چونکە بە گوێرەی دۆخی ژیان، فۆرم و تەکنیکی نوێ لە دەقی شیعریدا دروستدەبێت، ئەو کات (سات)یش دەبێتە یەکێک لە لایەنە کاریگەرەکانی دیدگا و تێڕوانینی تایبەت و گشتی بۆ ناساندنی هونەر و زمانی شیعرەکە.

((بەرهەم هێنانی دەلالەت پەیوەستە بەزەمینەی مێژووی و ڕۆشنبیری خوێنەرەوە داهێنان لەڕێگەی واتای ڕاستەوخۆوە نایەتە بەرهەم، بەڵکو لە نا ئامادەیی واتاوە دێتە بەرهەم)) (محمد+فریدوون: ٢٠١٩: ٣٨).

شیعری زیندوو یەک مانای کۆنکریتی نییە و داخراو نیە بەسەر ڕەگەزەکانی تری ئەدەبدا، شیعر بەرهەم هێنانەوەی ژیانە بە خەیاڵ و زمانی داهێنەرانە و سنوری سواوی ڕۆژانەی تێپەڕاندووەو وێنا سادەکانی ڕۆژگار بە فڵچەی وشە دەنەخشێنێتەوە. لادان کە لە شیعریدا هەیە،

دەرخستنی کاری خوێنەرە وەکو ڕەخنەگر، واتە ئەندازەو جۆری لادان لەدیدگای ڕەخنەگرەوە هەرچۆن دەربکەوێت ئەوە ناگۆڕێت، کە دەقێک تا چەند شیعریەتی بنیادناوە.

(( خوێنەری شارەزا ئەوکاتە لەکارەکەیدا سەرکەوتوو دەبێت، کە کارەکەی لە تاکە ژانرێک و قۆناغێکیش کورت بکاتەوە)). (ئەحمەد:٢٠١٣: ٣٠)

هەربۆیە، بوونی لادان بوونێکی نەگۆڕەو دۆزینەوەی بەهۆی شارەزاییەوە لەلایەن ڕەخنەگرەوە فرە جۆرە. ئاڵۆزی شیعرییەت و گۆڕانی ڕێباز و فۆرمی نوێی ئەدەب و شیعر، وەها دەخوازێت نەتوانرێت بە تاک پێوەری پەی بە هەموو جوانییەکانی دەق ببرێت، ئیدی پێوەری جۆراو جۆر دروست دەبێ و تا ژیان مابێ گۆڕانی سروشتی کۆمەڵ بەسەر هونەریشدا دەچەسپێنێت.

## ١-١-٣-٥ پێوەری سیاق(زەمینە)

ئەم پێوەرە گرنگی خۆی هەیە و چی لە زمانی ئاسایی و بابەتی شیعری، یان بابەتی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئایینی سودی لێوەردەگرن، واتە بۆ هەر بابەتێک بکرێتە پێوەر، ناوخۆی بابەت دەکاتە مەیدانی کاری لێکۆڵینەوەی (( سیاق پێوەری ناوخۆییە و پەیوەستە بە تەکنیکی شێواز و شەپۆلەکانی، لەسیاقدا لەلایەکەوە و لەنێوان سیاقی گشتی بۆدەق لە لایەکی ترەوە)) (عکور:٢٠١١: ٢١) . واتە وشە لەهەر دەق و قۆناغێکدا مەرج نیە هەمان واتای هەبێ، چونکە ئەوەی هێز و مانا بە وشە دەدات، پەیوەندی و ئاستی تێگەیشتنی نێرەر و وەرگرە(نوسەر و خوێنەر) ((سیاق ئەو ڕێگەیەیە، کە بەهۆیەوە کردەی گەیاندن ئەنجام دەدرێت)) (عەبدوولا:٢٠١٠: ٤٣) . کردەی گەیاندنیش کاتێ ڕوو دەدات، وەرگرێکی ڕاستی هەبێت، چونکە کەسێک کە خوێنەرێکی ئاسایی شیعرە ناتوانێت بە هەمان ئاست لە شیعری کوردی تێبگات، کە بەیەک زمان نوسراون، بەڵام سەردەمیان جیاوازە وەکو شێوەی ڕیالیزم و سوریالیزم، کە ئامانج و تەکنیکی نوسینیان لە یەک جیاوازە، خوێنەرێکی شیعری پیرەمێرد و گۆران ناتوانێت بە هەمان ئاست چێژ لە شیعری ئەنوەر مەسیفی و فەرهادپیربال وەربگرێت، ئەمە پەیوەندی بە (شوێن و کات)ی گەیشتنی دەق و وەرگرەوە هەیە، واتە لە سیاقێکی ئارامدا شیعرێکی سۆزداری نەتەوەیی ناتوانێت وە کاتی جەنگ و بەرەنگاری کاریگەری لەسەر دەوروبەر هەبێت. چونکە سیاقی زمان و ڕۆشنبیری نوسەران جیاوازە، (( دیاریکردنی لادان دەچێتە ناو یەکەی مێژوویی و ڕۆشنبیرییەوە و زەمینەی (السیاق) مێژوویی و ڕۆشنبیریی سنوری شێوازی لادان دیاری دەکەن)) (ناظم: ٢٠٠٢: ٤٥) لەو بارەیەوە ((لێکۆڵەران سیاق بۆ چوار جۆر دابەش دەکەن، سیاقی زمانی، سیاقی عاطفي(سۆزداری) ، سیاقی هەڵوێست، سیاقی ڕۆشنبیری)) (ویس:٢٠٠٥: ١٣٧) .

لای یاكۆبسنیش(١٨٩٦-١٩٨٢) ((سیاق ئەو باكگراوندە گەورەیەی مەعریفەیە، كە یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ هەڵهێنجانی پەیام لەناو دەقەوە، خوێنەر ئەگەر شارەزای شیعری سوریالی و دادایی نەبێت و باكگراوندێكی مەعریفی نەبێت لەبارەیانەوە، ناتوانێ ڕاستەخۆ هیچ پەیامێك لە دەقێكی دادابییەوە هەڵبچنێ، ئەگەر دەیان جاریش بیخوێنێتەوە، ئەمە لەبەرئەوەیە، كە شارەزای (سیاق)ی ئەوجۆرە شیعرە نییە)) (ئیبراهیم: ٤٦: ٢٠١٢).

هەروەک چۆن شارەزایی و چێژ ڕۆڵێكی دیاریان هەیە بۆ زانینی دەرخستنی شیعرییەت دەوروبەری شیعری و ژینگەش ڕۆڵیان لەبنیاتی واتای و پێكهاتەیدا هەیە بۆیە ((كۆنتێكست واتا دیاری دەكات، چونكە كۆنتێكست لەخۆگری ڕێزمانی زمان، بارودۆخی نوسەرو خوێنەرو گشت ئەو شتانەیە، كە بتوانرێت پەیوەندییەكیان بۆ وێنا بكرێت)) (كاله:٢٠٢٠: ١٥٧)

هەروەک چۆن فۆرمی شیعر دەگۆڕێت و شیعرێكی كلاسیكی، كە بە عەروز نوسراوە لەفۆرمی شیعرێكی هاوچەرخ ناچێت، لە ڕووی پەیكەری ڕستە و وشەی بەكارهاتووەوە، هەر بەو شێوازەش مەدلولی تاكە وشە لەنێو دەق و شیعردا مەرج نییە واتای فەرهەنگی هەبێت، كەواتە ئەم پێوەرە بە تەواوی ناوخۆییە و جەستە و واتای شیعر لە هەموو كاتێكدا دەبێتە كەرەسەی شیكردنەوەی.

لادان وەكو بنەڕەتێكی سەرەكی شیعرییەت لەگۆڕاندایە، ئەویش بەكاریگەری ناوخۆی و دەرەكی، كاریگەرییە ناوخۆییەكە، پەیوەندی بەكەسێتی شاعیر (نوسەر) ەوە هەیە، لەڕووی دەرونی و كۆمەڵایەتی بارودۆخی كەسایەتی و كاریگەرییە دەرەكیەكە گۆڕانی سروشتی هەموو كایەیەكانی ژیان و كۆمەڵگا و ڕێبازی ئەدەبی دەگرێتەوە، ئەم دوو هۆكارە وەها دەخوازێت پێوەری لادان، بەگوێرەی كۆمەڵگاو قۆناغ و ڕێبازی ئەدەبی جێگر نەبێت. (د.شكری عیاد) ئەم سیاقە دابەش دەكاتە سەر دوو جۆری سەرەكی كە ئەویش (( النسق واتا سیاقی ناوخۆیی وشەیە و سیاق دۆخی دەرەوەیەتی )) پەیوەندی ئەم دوانە لەسەر ئاستی ڕستە و (بەیت) و وشە و لادان شیعریەت دروستدەكات (عیاد:٢٠١٣: ١٨٨).

زەمینە كۆڵەكەی سەرەكی لادانە و دەكرێت ئەم پێوەرە دارێك بێت و پێوەرەكانی تر پەل و لقی ئەمبن، چونكە هەر بەرهەمێك لە قۆناغ و ڕێبازی تایبەتی خۆیدا كاریگەرتر و بە چێژترە و وەكو نەگۆڕێكی هەمیشەی بەرهەم و شیعرییەت فۆرم وناوەڕۆكیان هەمە ڕەنگە و زەمینەی مرۆیی و ژینگە گشتییەكە دەبنە بنەڕەتی بوونی بەرهەم و سەرچاوەی میتۆدی ڕەخنەیش بۆ دەرخستنی هەر لایەنێكی شیعر و دەقە ئەدەبیەكە

بۆ بەکارهێنانی ئەم پێوەرە دەتوانرێت سود لە زانستی زمانەوانی وەربگیرێت، چونکە تاکە وشەیەک دەتوانرێت لە چەندین ئەرک و ڕوخساری جیاوازدا دەربکەوێت، وشەی (دەست) دەبێتە بەشێک لە چەندین وشە و فرێز و ئەرکی جیاواز وەردەگریت. لە هەندێک لێکۆڵینەوەی زانستیدا ئەم پێوەرە بە سەربەخۆ باس نەکراوە و ئاوێتەی پێوەری کۆنی و نوێ کراوە.

## ١-١-٣-٦ پێوەری گوتاری ئەدەبی

لەبەر گۆڕینی ئەرک و پێکهاتەی زمان و سیما واتاییەکان، وەها دەخوازێت پێوەری جیاواز بۆ شیعر بێتە کایەوە، پێوەرەکانیش ناوخۆیی و دەرەکین، ئەوانەی پەیوەندیان بە خوێنەرەوە هەیە (دەرەکی)ین و بە گۆڕینی ئاستی ڕۆشنبیریی خوێنەر و هەڵسەنگاندنیان بۆ لادان دەگۆڕێت.

شیعرییەت ئەزمونی خەیاڵی داهێنەرانەیە، (فالێری) لەو بارەیەوە دەڵێت: ((لەسەر شیعر پێویستە ڕووداو لە بیردا دروست بکات)) (عیاشی: ١٣٧:٢٠١٥) بەڵام دروستکردنی بیر لە گوتاری ئەدەبیدا وەکو شیعر نییە ، ئەوەی لە شیعردایە لادانی بیری و کۆمەڵایەتی...ئەنجامی ئابووری کردنی زمان و کتوپڕی واتاییە (( کاری هونەر دروستکردنەوەی ژیانە)) (میراودەلی:٢٠٠٥: ١٩٥) ئەم دروسکردنەوەش پێویستی بەئەندێشە و خەیاڵی هونەری و داهێنەرانە هەیە، گوتاری ئەدەبیش ئامرازی هەڵوەشاندنەوەو هاوسێی دەقی ئەدەبیە، بۆیە دەق و ئامرازی شیکردنەوەی دەق پێویستی بەشیکاری و شێوازی هونەری و داڕشتنی جیاوازە، کە لە وتاردا شێوازەکە شیکارییە، واتە لادانی شیعر پێکهاتەیی و لادانی وتاری ئەدەبی شیکارییە، ئەمە پەیوەندی بە ڕێژە و شێوازی لادانەکانەوە هەیە ((تاکو ڕێژەی وەرچەرخان فراوان بێت لە زمانی ئاساییدا زیاتر لە شیعرییەت نزیک دەبێتەوە)) (محمد:٢٠٠٢: ٧) .

بەڵام وتاری ئەدەبی، هەرچەند کەرەسەی هەڵسەنگاندن و ڕۆشنکردنەوەی دەقە، ئەندازەیەک لادان لەخۆی دەگریت، واتە لە دوای پەخشان گوتاری ئەدەبی نزیکترین ڕەگەز و جۆری نوسینە لە دەقی شیعرییەوە، وتار کاری لادانی پەردەکانی سەر دەقی شیعرە لە ڕووی(زمان ، واتا)، بەڵام خۆشی خاوەنی لادانە (( هەموو داهێنان و شۆڕشێک لە شیعردا هەردەبێ گەڕانەوە بێت بۆ زمانی هاوبەش، واتە هەموو داهێنانێک لە ڕەسەنەوە دێت)) (فەتاح:٢٠١٠: ٤٠٤) گوتار هەرچەندە هەڵسەنگێنەرو دەرخەری جوانی و هونەرەکانی شیعرە، ناتوانێت دوور بێت لە فۆرمی ئەدەبی و کەسی. لەبەرئەوەی ئەگەر لە پەخشاندا تەکنیک و جوانکاری ڕێگربێت لەبەردەم هەندێک جۆری لاداندا، ئەوا ڕوونکردنەوەی لادان و جوانی شیعر جارێکیتر بە زمانیکی ئاوێتە لە لادان شیکاری دەق دەکرێتەوە. پەیوەندی نێوان وتاری ئەدەبی و وتارنوس شیکاری وێنا و ڕوونکردنەوەی داهێنانە (شیعر)، بەڵام

پەیوەندی شیعر و شاعیر ((شیعر جۆرێکە لە دروست کردنی دنیا بە وشە ، پەیوەندی نیوان شاعیر و وشە لە پەیوەندی نیوان دوو عاشق دەچێ)) (مبارک: ۲۵۳:۱۹۹۳). پیشاندانی دنیا بەهەر جۆرێک بێ لە دەقی شیعردا، پێویستە باسکردنی ئەو دنیایە بە چنینیکی هونەری بێت بۆئەوەی سنوری زمان و وشیاری گشتی تێپەڕێنیت. کاری گوتارسازان و ڕەخنەسازانی ئەدەبە، بە دووبارە نیشاندانەوەی ئەو دنیا هونەرییەی شیعر، بە زمانێک ساناتر لە خودی شیعر.

ئەگەر شیعر کۆڵەکەیەکی بیری شاعیر بێت، ژیان و ڕێبازی ئەدەبی کۆڵەکەی دووەمین، ئەم پەیوەندییەش ڕەنگدانەوەی لە زمان و ئاستی هونەری شیعردا دەردەکەوێت (( ئەگەر ئەدەب بۆ ژیان بوو ئەوا بە زمانی ئاخاوتنی زۆرینەو ئاسایی خەڵکی تر دەنوسرێت، لێرەشدا لادان کەم دەبێتەوە، ئاستی هونەری دەقی ئەدەبی بەرەو نزمی دێتەوە، بەڵام ئەگەر هونەر بۆ هونەر بوو ئەوا ئەدەبیش لە پێناو داهێنانی تێکستی ئەدەبی دەنوسرێت، لێرەشدا ڕێژەی لادانە زمانییەکان زۆرتر دەبن)) (عەبدوولا: ۲۰۱۰: ۸۵).

بۆیە شیعر دەتوانێت سەرپێچی یاخود زیادەڕۆیی بیری باو بکات، بۆ نمونە نالی و مەحوی و شێخ ڕەزا بیری باوی سەردەمی خۆیان تێپەڕاندووە، بەڵام گوتاری ئەدەبی ناتوانێت دەقی شیعری تێپەڕێنێت، چونکە کەرەسە و زەمینەی لێکۆڵینەوەو نوسین خودی شیعرە، کەواتە گوتار خۆی جارێکی تر بە زمانی(بان ئاسای) دەیەوێت شیعرمان پێبناسێنێت و ناچارە خۆشی ئاوێتەی برێک لە لادان ببێت.

لادان کە بنچینەی شیعرییەتە ، ئەویش وەکو شیعر خۆی یاخود هەر چەشنێکی ئەدەبی پەیوەستدارە بە دنیای فراوانی زمان و ڕۆشنبیری داهێنەرەوە، گوتاری ئەدەبی هەمیشە سێبەر ئاسا لادانەکانی شیعرمان بۆ ڕووندەکاتەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەگەر گوتار بە میتۆد و تیۆری ئەدەبی بنوسرێت، ساتی لە دایکبوونی دەکەوێتە پێش شیعرەوە، بەڵام کۆی وتاری ئەدەبی بە دوای دەقی شیعریدا دەنوسرێت، هەربۆیە مەرج نییە دیاری کردنی گوتار لەبارەی هەمان دەقی شیعرییەوە بێت، بەڵام گونجاوترە ئەو بەراوردە لە سەردەمێک یان ڕێبازێکی ئەدەبی بکرێتە پێوانە.

لەبەر ئەوەی پێوەرەکان ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەستن بە دەقی شیعرییەوە و گۆڕاو و نەگۆڕییان تیادایە لەم نەخشەیەدا ڕوونکردنەوەی ئەو گۆڕانە دەخەینە ڕوو.

### ١-١-٣-٧ پێوەری ئامار

ئامار پێوەرێک یان زانستێکە بۆ زۆر لە بوارەکانی ژیانی مرۆیی کەرەسەی لێکۆڵینەوە و گەیشتنە بە ڕاستیە پەتییەکان. (جان کۆهین Jean Cohen) دەڵێت ((ئامار زانستی لادانە گشتییەکانە)) (جان کۆهن:٢٠٠٨:١٨) واپێمان دەناسێنێت، واتە دەرچوون لەباری بەکارهێنانی ئاساییە، هەر لەم بارەیەوە (د.عباس رشيد الددة) دەڵێت: ((شێوازگەری زانستی لادانی زمانییە و ئامار زانستی لادانی گشتییە)) (الددة: ٢٠٠٩:١٧٦) . ئەم پێوەرە بۆ لێکۆڵەران بەسودە و لەقۆناغە جیاکانی ئەدەب و ڕێبازە ئەدەبییەکاندا هەر کات، بەکاربهێنرێت ئامانجیکی ڕاستەقینەی زانستی دەداتە دەستەوە، چونکە بە ڕێژەو داتا کار لەگەڵ پێدراوەکانیدا دەکات.

((ئەگەر پێوەری ئامار سودی هەبێت، ئەوا سودی تایبەتی لە زانینی ئاستی لادان و جیاوازییە لای شاعیرەکان، کە سەر بە قۆناغ و ڕێبازە شیعرییە جیاوازەکانە)) (ویس:٢٠٠٥: ١٠٥) ئەم پێوەرە کاتییە و بۆ بابەت و سنورێکی دیاری کراوە، واتا ناکرێت ئەگەر بەرهەمی شاعیرێک ئامار کرا ئیدی دیوان و بەرهەمەکانی تریشی بە هەمان ئاست و توانای هونەری دابنرێت. سودی ئەم پێورە زیاتر بۆ بەراوردکاری دەردەکەوێت، هەربۆیە دەبینین* ئەوەی دیار و بەسود بێت بۆ ئەم پێورە کارکردنە لەناو چوارچێوەیەکی دیاری کراو گەیشتن بە ڕێژە و ئەنجامی پەتی. لێکۆڵەران سودیان لە پرۆگرامە زانستییەکەی وەرگرتوە.

((هاوکێشەیەکی بیرکاری لەم بوارەدا هەیە پێیدەگوترێت(هاوکێشەی بووزیمان) کە دانەرەکەی زانای ئەڵمانی(أ.بووزیمان A.Busemann) ەو لە ساڵی ١٩٢٥ لەسەر چەند دەقێکی ئەڵمانی جیبەجێی کردووە)) (ئیبراهیم:٢٠١٢: ٦٤) . ئەم پێوەرە ئەوە باس ناکات، یان ناخاتە ڕوو کە چۆن لادان و شیعرییەت دروست دەبن، بەڵکو پیوەرێکی دەرەکییە و بۆ زانینی ئاست و بەراروردکاری لادانەکان بەکاردێت، وەکو دەتوانرێت بەم پێوەرە بەراوردی نێوان شیرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت بکەین بە زانینی ئاستی (ڕەنگ) لای هەریەکەیان، یاخود هەر بەم پێوەرە مەدلولی جەستەی می(ئافرەت) لە دەقەکانی قوبادی جەلیزادەدا دەتوانین پۆلێن بەند بکەین، ئەگەر هەریەکە لە پێوەرەکانی تر بە کاریگەری زمان و کۆمەڵ و ڕۆشنبیری بگۆڕێن یاخود گەشە بکەن، ئەوا ئەم پێوەرە، چونکە کار بە ژمارە و ڕێژە دەکات هەمیشە دەتوانرێت بەکاربێت، بەڵام ئاستی چێژو خەیاڵ ناخاتە ڕوو، بەڵکو ڕێژەی زۆر و کەمی بەشەکانی ئاخاوتن، یاخود وشەی نێو دەق دەخاتە ڕوو.

* لەم جۆرە بەکارهێنانی پێوەرە بەرچاو دەکەوێت.جان کۆهین،بۆ کۆمەڵێک شاعیری جیاواز لەسەر بابەتی ڕەوانبێژی ئاماری بەکارهێناوە لەهەرسێ ڕێبازی کلاسیکی و ڕۆمانتیکی و ڕەمزی فەرەنسی و بە ژمارە و ڕێژە ئەنجام و جیاوازی خستوەتە ڕوو هەروەها عەبدووالقادر حەمامین محمد بۆ بەراوردی نێوان فەرەیدوون عەبدوول بەرزنجی و ئەنوەر قادر جاف سودی لەپێوەری ئامار وەرگرتوە(بڕوانە بوونیاتی کارنامەی شیعری کوردی ل١٨٥)

### ١-١-٣-٨ پێوەری چێژی ئەدەبی

چێژی ئەدەبی بابەتێکی ڕێژەییە و پەیوەستە بە شارەزایی وەرگرەوە، کە چۆن ئاوێتەی دەقی شیعری دەبێت ((تێگەیشتن لە لادان لەو پەیوەندییەوە دێت، کە لەنێوان چاوەڕوانی لە لایەک و کتوپڕی و سەرنج ڕاکیشان لە لایەکی ترەوە دروستدەبێت، ئەگەر ڕێژەی چاوەڕووانی زیاد بوو ئەوا(المفاجأة) کتوپڕی و سەرنج ڕاکێشان کەم دەبێتەوە)) (عیاد:٢٠١٣: ١٧٧) ، لەبەرئەوەی (( خوێنەر ئەو کەسەیە کە دەقی ئاراستە دەکرێت، هەر ئەویشە نرخ بۆ دەقەکە دادەنێ، بەشێوەیەکی گشتی هەر ئەوەندە بەڵکو شەریکی دانەرە لەوێنای مانادا)) (خۆشناو:٢٠٠٥: ١٥٦). خوێنەر چەند بەر وێنای چاوەڕووان نەکراو بکەوێت هێندە چێژی زیاتر وەردەگرێت و دەتوانێت لادان وجوانییەکانی شیعرەکە بدۆزێتەوە ((دەکرێت وەرگری شیعر (خوێنەر) لە چاوەڕوانی بەردەوامی پێکهاتەیی نوێی شیعردا بێت)) (ویس: ٢٠٠٥: ١٢٠).

چێژی خوێنەر دیاری کراو نییە ، ئەگەر لادان و شیعرییەت وێنایەکی خەیاڵی و هونەری ڕاهێنراو بێت، ئەوا ئاست و توانای خوێنەر بە گوێرەی خۆی لادان و جوانییەکان دەدۆزێتەوە، چونکە ((مەرج نییە خوێنەر کتومت هەر ئەو مانایەی لا دروست بێت، کە نوسەر لە دەقەکەیدا مەبەستی بووە، بەڵکو خوێنەر لە پەیوەندی نێوان وشەکانەوە و گواستنەوەی واتای وشەکان بۆ ئاستی ڕستەکانی ناو دەقە شیعرییەکە واتایەکی نوێی لا دروستدەبێت)) (أحمد، ٢٠١٠:٦٢).

لەبارەی چێژ و پەیوەندی وەرگر و دەقەوە (د.محمد مەعروف فتاح) دەڵێت: ((گوێگر خوێنەر سنورێک بۆ ئەو گۆڕانە دادەنێ، کە شاعیر لە شیعردا پێشکەشی دەکات. سنورەکە ئەو ڕادەیەیە، کە ئەم دەتوانێ لە شیعرەکە بگات، واتە دەوروبەرێک بدۆزێتەوە بۆ شیعرەکە. دۆزینەوەی دەوروبەر لە توانای ئەمدا نەما، ئیتر شیعرەکە مەبەست و توانای خۆی بزر دەکات و لەوە دەکەوێ شیعر بێت)) (فەتاح:٢٠١٠ :٥٣١) .واتا شیعر تا ئاستی تێگەیشتن و ئاوێتەبوونی خوێنەر شیعرە ئیدی کۆد و هونەری بە نادیاری دەمێنێتەوە و سنوری چێژی ئەم تێدەپەڕێنێت. دنیای شیعر تەنیا بەیەک قۆناغەوە پەیوەست نییە، بەڵکو وەرگر و ڕەخنەگر مانا و هەڵچنینی نوێی لێبەرهەم دەهێنن ((مەرج نییە ئەو واتا نوێیە ئاکامی ئەو دەلالەتانە بن، کە شاعیر بە وشە و دەربڕینەکانی بەخشیوە)) (میرزا: ٢٠٠٨: ١٧٢) . شاعیری بەهرەمەند و بەتوانا دەتوانێت جوگرافی(شوێن) و کات (مێژوو) بە جۆرێکی جیاواز لە پەیوەندیە هونەرییەکانی خەیاڵی خۆیدا دابڕێژێت، کە لە دەرەوەی شیعر ئەو دنیایە جیاواز بێت. ((شاعیر بیردەکاتەوە، بەڵام بیرکردنەوەی شیعری بە زەبری خەون و خەیاڵ و تەکنیکی تایبەتی بیرەکانی دەگۆڕێت بۆ شیعر، هەڵبەتە بیرکردنەوە وەکو بیرکردنەوەی (هزرفانێک) نییە، کە پشت بە پێشەکی و

ئەنجام و پەیوەندییە لۆژیکییەکانی بیرەکانی ببەستێت)) (عارف:٢٠٠٩: ١٢). وەرگریش جگە لە توانای سروشتی خۆی، پێویستی بە چێژیکی ڕاهێنراو و شارەزایانە هەیە، لەبەرئەوەی (( پەیوەندی نێوان ناو (دال) و ناولێنراو(مەدلول)جێگیر نییە و دەگۆڕێت بە گۆڕینی باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و دۆخی گشتی ژیان)) (مبارک: ١٩٩٣: ٨٤) . لەم پێوەرەدا بڕیاردان و دۆزینەوە ڕێژەییە، واتە خوێنەری چەشنێکی ئەدەبی جیا لە شیعر ناتوانێت بە هەمان ئاستی ئەوبابەتەی، کە بەردەوام خوێنەریەتی پەی بە جوانی و لادانەکانی دەقی شیعری ببات. ((واتای دەقێک بریتیی لە ئەزمونی خوێنەر)) (کالە:٢٠٢٠: ١٥٤)

خوێنەری دەق لێرەدا زیاتر بەر کاریگەری کەسی و دەروونی دەکەوێت، تاکو خوێنەرێکی ڕاهێنراو و شارەزا بێت لەم پێوەرەدا، دەکرێت ڕۆشنبیریی وەرگر ( چ خوێنەر بێت یان گوێگر) دەبێتە دەرخەری ئاستی زانین و چێژی دەق و بۆیە گۆڕانی بەردەوام لە ژینگە و دۆخی ژیان گۆڕانی چێژی بەدوودا دێت.

بابەتی چێژ جیاوازە لەوەی، کە خوێنەری قووڵ لە دەقێک دەڕوانێت، چونکە خوێنەری قووڵ و بە ئەزمونکاری دۆزینەوە و دادوەری ڕەگەز و ئاستەکانی لادان دەکات و مەرج نیە تەنها دەقێک بکاتە بنەمای کاری لێکۆڵینەوەکەی، کە لای ئەو بە چێژە. بۆ شاعیر ژینگە و ڕۆشنبیری ڕۆڵی هەیە کە چۆن چێژ لە چنین و خەیاڵی داهێنەرانە وەردەگرێت و ئەرکی نوێ بە وشەکان دەسپێرێت.

| پێوەر | گۆڕاو | نەگۆڕ | دەرەکی | ناوخۆیی |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| پەخشانی ئەدەبی | | • | | • |
| زمانی ئاسایی | | • | | • |
| ئاسۆیی و ستونی | • | | | • |
| ئامار | | • | • | |
| گوتاری ئەدەبی | • | | • | |
| سیاقی ئەدەبی | • | | | • |
| خوێنەری بەرهەم هێن | • | | • | |
| چێژی ئەدەبی | • | | • | |

ئەوەی لەم خشتەیەدا خراوەتە ڕوو بۆ یەک دەق و بۆ یەک قۆناغ گونجاوە (بۆ گۆڕاوەکان) لەبارەی (نەگۆڕاوەکانەوە) ئەم پێوەرە بۆ هەموو دەقێکی شیعری هەموو قۆناغیک گونجاوە.

## ١-٢ تەوەری دووەم ئەرکەکانی لادان

لادان کەرەسە و هۆکاری بوون بەشیعرە، واتە گواستنەوەی وتار و پەخشانە بۆ دەقی شیعری و بەهۆی جۆرەکانی لادان و بنیاتی ئاوازی شیعرییەوە بە دەست دێت، کەواتە هەروەک چۆن شیعر کۆمەڵێک ئەرکی هەیە، لادانیش بەشدار و پێکهێنەری شیعرە و ئەرکی هونەری لە ئەستۆ دایە. ((لادان ناوەڕۆکی کردارەکی شیعرە و سیەکانی هەناسەدانیەتی)) (الددة:٢٠٠٩: ٢٨٣). لەگەڵ دەرکەوتنی شیعردا لادانیش هەبووە، واتا بە گوێرەی ڕەوتی مێژوو و ڕێباز و تیۆری ئەدەبی جیاواز؛ باس لە ئەرکی شیعر کراوە، کە هەر ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوانبێژی کۆن و لادانی شێوازگەری.

ئەرستۆ(٣٨٤-٣٢٢پ.ز) لەبارەی گرنگی و ئەرکی شیعرەوە دەڵێت: (( گرنگی شاعیر لەوەدا نییە واقیع وەکو خۆی بگێڕێتەوە، بەڵکو چۆنیەتی گێڕانەوە گرنگترە)) (أرسطو:٢٠٢٠: ١١٨). چۆنیەتی گێڕانەوە مەبەست گەمەی زمانەوانی و جۆرەکانی لادانە، چونکە چۆنیەتی خۆی جیاکارییە لەگەڵ زمانی ئاسایی و مێژوویی، کەواتە ئەوەی چێژ بەو گێڕانەوەیە دەدات لادانەکان و وێنا(image) هونەریەکانە، کە بە خەیاڵێکی داهێنەرانە دنیامان بۆ دەنوسنەوە. دوای ئەرستۆش ڕەخنەگری بەناوبانگی ڕۆمانی ( هۆراس ) لەبارەی گرنگی شیعرەوە دەڵێت: ((مەبەستی شاعیران یان سودبەخشینە یاخود لەزەت پێ گەیاندن، یان لە یەک کاتدا ئارەزوو بزواندن و لێکدانەوەی پەندەکانی ژیانە)) (هۆراس: ١٩٧٦: ٣٠).

لادان و شیعرییەت، کاتێک کاریگەر و بەچێژ دەبن، کە وەرگر بخاتە دۆخیکی شڵەژان و هەست و سۆزی تایبەتەوە، ئەمە بە چنینی زمان و وێنای هونەری شارەزایانە دێتە ئەنجام، چونکە شیعری نوێ تەجاوزی زانراوە باوەکان دەکات و ئەرکی نوێیە بۆ واتا فەرهەنگییەکانی وشە. ڕۆمان یاکبسۆن شیعریەت و ئەرکی هونەری لادان لەم هاوکێشەیەدا دەخاتەڕوو بەجۆرێک پێویستە بۆ هەردەقێک کەناڵێکی پەیوەندی و ئاستی تێگەیشتن هەبن.






(محمد: ٢٠٠٨: ٢١)

وشە لەدەرەوەی شیعر وەكو بەرد وایە، پێش ئەوەی پەیكەرتاش وێنای لەسەر بنەخشێنێ، وەستایەتی و شارەزایی، پەیكەرێكی جوان و شیعرێكی بەچێژو و باڵای لێ بەرهەم دەهێنێت.

لەبارەی ئەرك و كاریگەری لادان و شیعرەوە ئەدۆنیس دەڵێت: ((زمانی شیعر ئەوەندەی زمانی داهێنانە، ئەوەندە زمانی دەربڕین نیە )) (ئەدۆنیس: ١٩٩٦: ٥٠).

هەموو وێنا و لادانێك بە هونەری شیعری دانانرێت ((دەبێ لادان سودێك بگەیەنێت ، چونكە لادان لەخودی خۆیدا ئامانج نییە ، بەڵكو ئامانج لە لادان دروستكردنی كاریگەرییە لەسەر خوێنەر، بۆ ئەوەیە خوێنەر بۆ ئەو شێوەیە ئاڕاستەببێ، كە واقیع و خەونی نوسەرەكە دەیخوازێت)) (أحمد و رشید: ٢٠٢٠: ٤٦).

واقیع و خەونی نوسەر دەبێ داهێنانی تیادا بێت لەبەرئەوەی ((ئەو لادانانەی لە بێ ئاگای و هەڵەشەیی شاعیر هەڵقوڵاون دەبنە بارێكی قورس و ناشیرین بەسەر دەق و سیمای ڕەهەندێكی نائیستاتیكی پێ دەبەخشن)) (أحمد: ٢٠١٣: ٤٠) . لادان لەشیعری زیندوو و هونەریدا هەمیشە ڕۆڵی جوانكاری و گۆڕینی ئەركی زمان و واتا دەبینێت، بەڵام هەموو لادانێكیش هونەری و شیعری نییە، چونكە ((ئامانجی لادان وروژاندنی هزر و جۆشدانی عەقڵ و ڕاكێشانی سەرنجە)) (الخرشة: ٢٠٠٨:٢٠).

كەواتە هەموو تێكدانێكی ڕۆنانی باو و گۆڕینی واتای فەرهەنگی وشە، بە لادان دانانرێت، بەڵكو دەكرێت بە هەڵەی هزری شاعیر دابنرێت، چونكە شیعر مەیدانێك نییە هەركەس بۆخۆی زمان و

فەرهەنگی تیادا وێران بکات، ئەو کەسەی شاعیر بێت پێویستە هێندە بە ئاگابێت شیعریەت و سەرپێچی زمان لێک جیابکاتەوە، بۆیە باوەڕمان بەئەرکی نا ئیستاتیکی لادان نیە، چونکە ئەوەی لێکۆڵینەوەی لە بارەوە دەکرێت لادانە لە چوارچێوەی شێوازناسی و شیعریەتدا، سەرپێچی و لێڵی واتای ئاڵۆز هەر لە بنەڕەتەوە بەشێک نیە لە لادان؛ بۆیە ئێمە لادان وەک پایەی سەرەکی شیعر دەبینین. زمانیش لەهەر ئاستێکدابێت ئەرکی هەیە. (زمان دوو ئەرکی سەرەکی هەیە، ئەرکی گەیاندن و ئەرکی جوانکاری، لادانیش یەکیکە لە بنەماکانی ئەرکی جوانکاری) (بووالحواش: ٢٠١٢:٢١٩).

شاعیر بۆ دەرخستنی توانای هونەری لە شیعرەکانیدا پێویستی بە لادانی ناوازە و نوێ هەیە، چونکە هەروەک چۆن وێنای هونەری زۆر بەکارهات سواو دەبێت، لادانیش نابێ هەمووی لەبەرگیراوەی بەرهەمەکانی پێش خۆی بێت، هەندێکجار لادان لەخودی لادانیشدا دروستدەبێت ئەویش بەتێکەڵکردن و گۆڕینی شێوازە گشتیەکە لەهەندێک دێڕ و پارچە شیعردا، ئەمە سەلماندنی ئەوەیە، لادان نە قاڵب بەندیەکی ڕێکخراو و کۆدەنگییەو نە بارێکی ناهەمواری بێ سەرچاوە و لەخۆوەییە. شارەزایی و بە ئاگای شاعیر لە فۆرم و ئەرکی شیعر و لادان لە ڕێبازەکانی ئەدەبدا هاوکاری دەبێت بۆ ئەوەی بەرهەمێکی جوان و بەچێژ لای خوێنەر دروست بکات.

ئەرکی شیعر ئەوەنییە دەست لە بنەما هونەری و خەیاڵییەکانی هەڵبگرێت و ڕاستەخۆ دنیا و دەوروبەرمان بۆ بگوازێتەوە، بەڵکو شیعر وەک هەر زانستێکی تری مرۆیی بنەما و تەکنیکی هونەری هەیە ولادان لێی شیعرییەت لاواز دەکات و دەبێتە گوتارێکی سارد و سڕ و بێ بەها. (( ئەرکی شیعریی ئەرکەکانی تری زمان پشت گوێ ناخات (ناخاتە لاوە) ئەرکی بەوە تەواو دەبێت، کە گەورەی شیعرییەت دەربخات لەسەر زمان و دەق)) (بلیث:١٩٨٩: ٦٤)

لادان کاریگەری و ئەرکە و ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، واتای شیعریی کاردەکاتە سەر وەرگر بەهەمان شێوەی مۆسیقا، کە ئاراستەیەکی دەرەکی هەیە (جون کوین: ٢٠٠٠: ٣٧٨) ، گرنگی و پەیوەستبوون بە لادان و شیعرەوە لە ڕێبازە ئەدەبییەکاندا ئەرک و شێوازی خۆی هەیە، لای شاعیرانی هەموو ڕێبازە ئەدەبییەکان (وشە) کەرەسەی بنیاتی شیعرە، بەڵام خەیاڵی هونەری و پەیوەستی قۆناغ کاریگەر دەبێت، لەسەر ئەو بەرهەمە هونەریە کە شیعرە، لە ڕێبازی کلاسیکدا عەقڵانیەت و قاڵبی نەگۆڕی ڕەوانبێژی ڕۆڵی بەسەر ئەندیشەی شاعیرەوە دەردەکەوێت، لە ڕۆمانتیکدا وشە بەسەر خۆیدا دەکرێتەوەو تا ڕادەیەک بەربەستی دەرەکی ئەو ڕۆڵەی نامینێت، بەڵام لایەنگرانی ڕێبازی ڕیالیزم ئەرک بۆ شیعر دادەنێن و دەڵێن: (( ئەرکی هونەر نیشاندانەوەی واقیعە و دەبێ ئادەمیزاد و واقیعی تیادا بەرجەستە بکرێت، چونکە ئادەمیزاد لە هەموو بونەوەرێکی سروشت کامڵتر

و پێگەیشتوترە)) (قادر:٢٠١٠: ١٧) لەم ڕێبازەدا لادان و شیعرییەت هەندێکجار لاسەنگ دەکرێت بۆ مەبەستێکی دەرەکی، کە پەیامی ڕامیاری و کۆمەلایەتی و ئاینیە، بەڵام لە ڕێبازەکانی دوای ڕیالیزمدا، شیعر بە گشتی کار لەسەر پەیوەندی و چنینە ناوخۆییەکانی دەکات و شیعرییەت سنوری لادانی باو (ڕەوانبێژی) تێدەپەڕێنێت و ئیدی لێرەوە شێوازگەری و لادان دەبنە پێوەری جوانی شیعر و سەرنج ڕاکیشان و داهێنان دەبنە بنەڕەتی هونەری و زیندویەتی دەق. هەربۆیە دەبینین ((لای سوریالییەکان کتوپڕی(ألمفاجأت) خۆی ئامانجە، هیچ ئامانجێکی تری لە پاش و پێشەوە نییە)) (ویس:٢٠٠٥: ١٥٩). تێکدان وبنیاتنانەوە لای سوریالییەکان پرنسیپی نەگۆڕەو کاری لەسەر دەکرێت، ئیدی لەوێوە لادان و تێکدانی زمان و وێنای هونەری دەبێتە فۆرمێکی ئاسایی لای ئەوان ((داهێنانی ئەدەبی و هونەری بە لای سوریالیستەکانەوە تەنها نرخ نییە، بەڵکو هۆیەکە زەمینە خۆش دەکات بەرەو ئەو واقیعەی تر کە بە دوایدا دەگەڕێت)) (عەبدوولا: ٢٠١٣: ٨١).

لادان لای سوریالییەکان جیا لە لادانی شیعری، لادانی کلتوری و کۆمەلایەتی و ڕامیاری و هەلوەشاندنەوەی فۆرمە مرۆییەکانە، بە ئامانجی بنیاتنانی داهاتویەکی چاکتر، شیعرییەت و لادان لەهەموو ئەدەب و ڕێبازەکاندا چەند ئەرکێکی هەیە، هەوڵ دەدەین لە چەند خالێکدا ئاماژەیان بۆ بکەین.

## ١-٢-١ ئەرکی وروژاندنی هزر

لادان گۆڕینی سیستەمی باوی ڕێزمان و واتایە لە چوارچێوەی شیعریەتدا، خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەدا بەهۆی ئەو شێوازە لە دەربڕین کاریگەری دەرونی و چێژی لا دروستدەبێت. (جان کۆهن) دوو ئەرک بۆ لادان دادەنێت، ئەویش (هۆشەکی و وروژاندن)ە (جان کۆهن: ٢٠٠٩:٢٨٦) یاکبسن ئەرکی لادان و شیعرییەت لەنێوان

نوسەر(شاعیر) ← دەق ← خوێنەر(وەرگر)

دەخاتە ڕوو، بۆکاریگەری و ئەرکی لادان هاودڵی و تێگەیشتنی خوێنەر واتای زیاتر بە دەق دەدات.

((ئامانجی لادان وروژاندنی هزر یا جولاندنی هۆشەکی یا ئاراستەکردنی سەرنجە)) (الخرشة: ٢٠٠٨:٢٠).

هەر لادانێک، کە بوو بە ئیدیۆمی بلاو، کاریگەری لاواز دەبێت، بۆ نمونە کاتێک دەڵێین (گوڵەکەم هات) سەرەتا لادان بووە، بەڵام بەهۆی ئاشکرابوونی کۆدی گوڵ جوانی یەکەمجاری زووتر ئاشکرا دەبێت و کاریگەری کەمبووەتەوە چونکە بەرامبەر لەپێشدا بەر چنین و واتاکەی کەوتووە و

زۆر سەرنجی ڕاناکێشێت و وروژاندن و چێژ دروست نابێت. وێنای هونەریانەی لادان دەبێتە هۆی پیشاندانی دنیا بە وێنەیەکی تر و شکاندنی شێوازی سروشتی و لۆژیکی زمان، بە وێنای هونەرمەندانە، کە بە ڕەگەزی جوان چنین و ئەدەبی بەدەست دێت (رجائی و خاقانی:١٣٩٣: ١٢٠) . هەرکات وێنای شیعری و لادان وێنای ناوازەیان نیشاندابن، ئەوە دەچینە دۆخیکی سۆزی و دەرونی تایبەتەوە، چونکە (( هونەر گوێزانەوەی هەستەکانە بۆ کەرەسەکان بەو شێوەی کە درکی پێدەکرێت، نەک وەک ئەوەی لە پێشدا زانراوە)) (ویس: ٢٠٠٥:١٦٠) .

هزرو دەرون کاتێک بەر کاریگەری دەکەون لە دەقێکدا بەر نائاسایی و نامۆیی (لە سنوری شیعریەتدا) بکەون، ریفاتیر و شکری محمد عیاد، کە دوو ڕەخنەگری گەورەی ئەدەبن لەم بارەیەوە ڕایان وایە، کە ((ئەرکی لادان ڕاکێشانی سەرنجە و بۆیە قۆناغی یەکەمی گەیشتنە بە چێژ)) (ویس:٢٠٠٥: ٦٤) . لادان بەنامۆکردنی ئاشناکان و بە ئاشناکردنی نامۆکان دروستدەبێت، هەرکات شیعر چنینی دووبارەو گەڕان بوو لەناو دنیای بەرهەست و ڕۆژانەدا ئەوە نابێتە جێگەی ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر.

وروژاندنی هزری وەرگریش دوو ئاراستەیە، دەکرێت بەهۆی گرنگی شیعرەوە ئاوێتەی دەرون ببێت و وەکو ڕێبەرێکی دەرونی سەیربکرێت. (د.جابر عصفور) دەڵێت: ((شیعر گێڕانەوەیە بە ئامانجی وروژاندن و ئاراستەکردنی ڕەوشتی)) (عصفور:١٩٩٥: ٢٣٧) . پێچەوانەی ئەمە ئەرکی شیعر و لادان باسی لەبارەوە کراوە و لادانەکانی بە بانگکردن بۆ ڕەوشتی خراپ و شاعیر بە درۆزن و درۆش بە سیفەتی بێ باوەر دانراوە (عصفور:١٩٩٥: ٢٣٧) .پەیوەندی شیعر بەزمان و گۆڕینی وێنای سادە بۆ هونەری وەها دەکات، کە تێڕووانینی خوێنەران هێندەی چێژی کەسیان گۆڕاو بێت. (( بەهای ئیستاتیکی وشە لە شیعردا ئەو واتایانەیە کە شاعیر (یان خوێنەر) پێی دەبەخشێ، نەوەک واتا فەرهەنگیەکان)) (حسین: ٢٠٠٨: ٩٠).

کەواتە چۆن گەیشتن لەدەق ڕۆڵی لەپێدانی نرخاندنی دەق و دواتر وروژاندنی هزردا هەیە، ئەم ڕوانگەش بۆ ئەدەبی پەیوەستدار (مولتەزیم) کاریگەری خۆی هەبووە، بەڵام لەو کاتەوە گۆتەی ئەڵمانی(١٨١١-١٨٧٢) هونەر بۆ هونەری هێنایە ناو دیدگا و ڕەخنەی نوێوە، شیعر و لادان توانیان سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بهێنن و لە لایەنی دەرونیشەوە (فرۆید،یۆنگ) باس لە کاریگەری هزری و دەرونی شیعر بوو بە بەشێک لە میتۆدی ڕەخنەی ئەدەبی.

### ١-٢-٢ ئەرکی کتوپڕی(المفاجأت)

لادان خۆی واتای دەرچوونە و زیادەڕۆیی لە دۆخی ئاسایی و یاسایی، بەمەبەستی بەرهەم هێنانی شیعرییەت، ئەمە وەها لە دەق (شیعر) دەکات ناچاوەڕوانی بۆ وەرگر(خوێنەر) دروست بکات و ببێتە جۆرێک لە (المفاجأة)شارەزایان و ڕەخنەگرانی ئەدەب ئاماژە بە ئەرکی لادان دەکەن، کە چۆن بنەمای دروستکردنی شیعرە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە سەرچاوەی کتوپڕی، (ئەندرێ مارتینی) زمانەوانی دیاری فەرەنسی دوو ئەرک بۆ شیعرییەت دادەنێت، ئەوانیش ئەرکی فکری (بیر) و ئەرکی جوانی و ئیستاتیکی (الددة:٢٠٠٩: ٣٠٤) . لە ئەرکی بیردا سەرەڕای ئەوەی لادان زمان و واتا بۆ دۆخی تایبەت بەکاردێنێت، نیشاندانی بیری نوێشی دەکەوێتە ئەستۆ.

شاعیران لە ئەنجامی هۆشیاری و دیدگای جیاوازیانەوە، جارێکیتر جوانی (ڕێگەپێدراو) و تابۆ(قەدەغەکراوەکانی کۆمەڵ) هەڵدەوەشێننەوە. ئەوکات شاعیر ڕۆڵی بیریار لە چوارچێوەی ئەدەبدا دەبینێت، ئەمە لە ئەدەبی دنیادا بەرچاوە، بۆ نمونە لە ئەدەبی کۆنی ئێراندا (عمرخیام) و لەناو کوردا(شێخ ڕەزای شاعیر) و لە عەرەبیشدا (أبونواس) توانیویانە سنوری بیری سواو بۆ پیرۆزییەکان تێپەڕێنن و بۆ سەردەمی خۆیان بوونە بە پێشڕەو. پەیوەندی وەرگر و دەقیش ڕۆڵی بەرچاوی هەیە و ڕەهەندی دەرونی مانا بەشیعر دەداتەوە و ((مەبەست لە لادان زیاتر دەرونی و جوانییە و ئامانجی گرنگیدانی سەرنجی وەرگر و وروژاندنە)) (عبدالعزیز:٢٠١٨: ٧) . ئەمە لە ئەنجامی (( کتوپڕی ( المفاجأة ) لە ناچاوەڕوانی لەماوەی چاوەڕوانی بەرهەم دێت )) (المسدي: ١٩٨٢:٨٦) .

خەیاڵی شاعیر دەتوانێت سنوری ڕێسای و ئاسای لە نیشاندانی ئەرکی زمان و گوێزانەوەی ئەرکی هونەرییەوە خوێنەر بخاتە دۆخی دەرونی و سۆزی تایبەتەوە، ئەمە لە ئەنجامی هۆشیاری و بە ئاگای لە دنیای بیر و داهێنانی شیعری بەرهەم دێت، لەو بارەیەوە(مۆکارۆفسکی) دەڵێت: (( لایەنگری و سەرنج ڕاکێشانی نامە لە ئەنجامی لادان و دەرچوونە لە ناسراویەتی)) (ویس:١٩٩٦: ٣٠٤).

کاتێک لادان سنوری ناسراوی و بەرکەوتە ڕۆژانەییەکانی تێپەڕاند و دنیای بەفۆرمی نوێ گێڕایەوە، دەتوانێت سەرنجی بەرامبەر ڕابکێشێ و ببێتە دەقێکی زیندوو سنووری کات و شوین تێپەڕێنێت و لە داهاتویشدا وەکو ئەدەبێکی گشتی سەیری دەکرێت و ڕەنگە وەربگێڕێتە سەر زمانی تر، هەر وەکو ئێمە دەبینن، ڕۆمان و شیعری بیانی بوونە بە بەشێک لە ڕۆشنبیری هەندێک لە خوێنەر و ڕەخنەگرانمان. دەکرێت شاعیران لەگەڵ لاداندا ئاوێتەبوونی سروشت بکەنە سەرچاوەی نەمری شیعرەکانیان، چونکە مرۆڤ(وەرگر) لەهەر گۆشەیەکی زەوی بێت، ئارەزووی سروشتێکی جوانتر دەکات لەوەی کە تیایدا دەژێت، جا ئەگەر بە ئاواز و زمانی باڵای شیعر بێت ئەوا زیاتر دەبێتە جیگەی سەرنجی وەرگر.

### ١-٢-٣ ئەرکی جوانکاری و زەقکردنەوەی زمانی

شیعر جوانییەکە لای هەر شاعیرێک بە جۆرێک دەردەکەوێت، ئەم جوانییە ئەنجامی گەمەی زمانەوانی و لادانی شیعرییە، لە چوارچێوەی تێگەیشتن و هاوپەیوەندی نێوان (نوسەر و خوێنەر)، چونکە زمانی شیعر پشت بە لە دایکبوونی ئیحاء دەبەستێت، لەڕێگەی خواستی شیعریی، هەر ئەوەش وا دەکات لە زمانی شیعری بپەڕێتەوە بۆ زمانی ئیحائی ئەو پەڕینەوەیەش لە ماوەی کەڵەکە بوونی ئاخاوتن و و لەدەستدانی واتاکەی لەئاستی زمانی یەکەم تەواو دەبێت بۆ ئەوەی بە ئاستی دووەم بگات (بودوخە:٢٠٢١: ٤٨).

شوێنگۆڕکێ و بەرامبەری و خوازە و بەشەکانی تری ڕەوانبێژی کۆن و لادان، زمان دەخەنە ئاستێکی هونەری وەهاوە، کە کەسانی پسپۆڕ و لایەنگرانی ئەرک و جوانی ئەدەب ئەوەیان لا ئاسایی بێت، کە (( شیعر ڕووخاندنی بەردەوامە، ڕەفزکردنی بەردەوامە، تەجاوزکردنی بەردەوامی تەنانەت خودی خۆیشێتی، کەواتە، ئەرکی شیعری نوێ تەجاوز کردن و تێپەراندنی زانراوە باوەکانە)) (عارف:٢٠١٩: ١٧) . لە بارەی ڕۆڵی جوانکاری زمان لەناو وێناو لادانی شیعریدا ( بۆدلێر ١٨٢١-١٨٦٧) وەها دەبینێت لە هونەردا دەتوانێت لاکیکی تۆپیو جوان پیشان بدات و کاریگەری لەسەر هەست دروست بکات (مرتاض: ٢٠١٠: ٧٦). وەسفکردنی جوانیەکی گشتی لە دەرەوەی شیعردا ئەو رۆڵەی نیە، کە شاعیر بە جوانیەکی ورد وەسفی کارلێک یان پەیوەندییە سروشتی و مرۆییەکان دەکات، بە جۆریک کەسی ئاسایی چەندین جار  بەر ئەو وێنانە کەوتووە، بەڵام  ئەوە بیر و چنینی جوانکاری و وەستایەتی شاعیرە بەهۆی لادان و نیشاندانەوە بەرهەمی دەهێنێت، و وەرگر دەخاتە ئاستێکی باڵای چێژ، کە سنوری سادەی تێپەڕاندووە. (رنیە و ویلک ، ئوستن وارن) دەڵێن: ((بەرگریکاران لە ئەدەب باوەڕیان وایە، کە بەشێک نین لە ڕابردوو، بەڵکو بەردەوام زیندوون)) (رینەویلک:١٩٩١: ٤٧) . ئەم کاریگەرییەی شیعر ڕەها نییە، چونکە ((شیعر بە مەبەستی خۆی ناگات و کاریگەری چاکی نابێت لە ژیانی وەرگردا، ئەگەر بڕوای بە بایەخی شیعر نەبێت)) (عصفور:١٩٩٥: ٢٣٤) . واتە ڕۆڵی لادان و شیعر لە ڕۆشنبیری کۆمەڵدا ڕێژەییە و شیعر هەمیشە لە هەوڵی پەلکێشکردنی سۆزی وەرگردایە و شاعیران دەتوانن دوور نزیک بکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن سەرنجی خوێنەر بۆ دەق بگوێزنەوە. (عەبدوولڵا : ٢٠١٠ : ٦٤). واقیعی ژیان و شیعر وەکو یەک نین، چونکە ئەگەر وەهابوو ئەوا مێژوویەکی بێگیان و سەرودار ناونراوە شیعر. ئەم جوانیانەش خۆیان لەشیعرییەتدا لەڕێگەی ئەندێشەو وێنای هونەریەوە دەخەینەڕوو، کە لادانیش بنەڕەتی ئەو جوانییەیە (( دەق ئەوکاتەی گوزارشکارێکی تایبەتی لەجیهانبینی و هەڵچوونەکانی شاعیر کرد، ملکەچی بەهرەو توانستە هونەری و جوانکارییەکانی بوو بەنوێکردنەوەی پەیوەندییەکان و تەقاندنەوەی وشەکان و شۆڕشکردن بەسەر بنیاتە ناوەکییەکان،

ئەوا لەگشتیەوە بەرەو تایبەتمەندی بەرزدەبێتەوە)) (ئەحمەد:٢٠١٢: ٩٩). گۆڕان و نوێگەری پێویستی جێگیرە لە دەرونی مرۆڤایەتیدا، لەبەرئەوەی بێزاری لە دووبارە و سادەی دروستدەبێت و لادان لەو سواویە ڕزگارمان دەکات، هەربۆیە ((ئەرکی زمانی شیعر وێناگرتنی ئویژدان و سۆزە)) (مرتاض: ١١٣:٢٠٠٩). بۆ گەیشتن بەو ئاستەی ئویژدان و سۆزی خوێنەر بهەژێنرێت پێویستە تەکنیکی چنینی جیاواز و ناسادە بۆ گەیاندنی مەبەست و پەیام بەکاربهێنرێت. (( شاعیر دەیەوێ پەیامیک بگەیەنێ و مەبەستیەتی خەڵکی تێیبگەن، بەڵام تێگەیشتنێک بە ڕێگای جیاواز، لەبەرئەوە ڕستەکانی شیعر لە دۆخی ئاسایدا ڕستەی نامۆن و زۆر خۆ بەدەستەوە نادەن )) (ئیبراهیم: ١٢٩:٢٠١٢).

(جان کوهن) یش لەبارەی پەیوەندی زمانی داهێنەرانەی شیعرەوە دەڵێت: ((ئاخاوتنی شیعری لەیەک کاتدا مردن و ژیانە بۆ زمان)) (جون کوین: ٢٤٦:٢٠٠٠). زمان لە شیعردا دەگەشێتەوە و ناهێڵێ خوێنەر وەڕس ببێت، ئەوەش واتای زیندووی زمانە لە شیعردا، مردنیش تێپەڕاندنی پەیوەندیە لۆژیکیەکانە لە ڕێزماندا. جوانی ڕۆحی شیعرە، چونکە شیعر ڕیزکردنی وشەی کیش و سەروادار نییە، بەڵکو وێناوخەیاڵی داهێنەرانە، دەق بە بەرزی و وەرگر بە چێژ وەرگری دەهێڵێیتەوە. هەربۆیە ((جەخت لەوە دەکرێت، کە زمانی شیعر بنەما و بنچینەیە بۆ تەقاندنەوەی زمانی، شیعر زمانی گەیاندن نیە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ دۆزینەوە، زمانی دروستکردن و داهێنانە)) (سالمی: ١٦:٢٠١٥).

دۆزینەوەی کاریگەری (ئاوێتە)ی نێوان لایەنی وێنا و واتای لە دەقدا گەیشتنە بە نهێنییەکانی زمانی خوازەیی و مەدلولی هونەری (رزیق: ٤٩:٢٠١٧) لادان ئەگەر ئەرکی جوانکاری و سەروی زمانی نەبێت ئەوا هونەری نییە و لەهەر دەقێکدا بێت، بارێکی قورسە و خوێنەر هەر زوو هەست بە بێزاری دەکات، هەربۆیە بەهۆی تایبەتمەندی نەگۆڕی شیعرەوە پێویستە زمان، مردوو زیندوو بکاتەوە و هەندێکجار، سنوری زیندووە ڕۆژانەییەکان تێپەڕێنێت، بۆ ئەوەی فەرهەنگی ڕۆشنبیری و و بیر بەهێزبکات. لە ئەرکی لاداندا زمان خۆی ئامانج و هۆکارە، ئامانجە چونکە دروستکردنی زمانی نوێی شیعری تێپەڕاندنی زمانی باوە و شاعیر هەوڵدەدات خۆی لە نێو ئەو زمانەدا نیشان بدات. هۆکاري بۆ نیشاندانی جوانییەکانی بوون.

## ١-٢-٤ جۆرەکانی لادان.

## ١-٢-٥ جۆرەکانی لادان لای نوسەرانی بیانی

لادان زاراوەیەکی گشتگیرە و چەندین جۆری هەیە، هەر بۆیە دەبینین بۆ زۆر لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێت، لەوانە (دەروونناسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی،زمانەوانی...هتد) ناجێگیری و

فراوانی چەمکی لادان؛ وەها دەخوازێت لە هەر زانستێکدا کۆمەڵێک یاسا و بنەما دابنرێت، بۆ ناساندن و زانینی ئەندازەی لادانەکان.

ئەوەی ئێمە لە بارەیەوە دەنوسین لادانە لەناو شیعرییەتدا، چونکە چەشنە ئەدەبییەکان تەکنیک و جۆری لادانیان وەک یەک نیین. گۆڕینی پێکهاتەی ئاسایی ڕستەو پێدانی ئەرکی واتای نوێ بە دانە زمانییەکان وەها دەکات، کە لادان دروست بێت ((زمان دوو ئاستی تیادایە، یەکەم ئاستی نمونەیی لە دەربڕینی ئاسایی و دووەم ئاستی داهێنانی، کە پشتی بەستوە بە دەرچوون لە ئاستی یەکەم و ڕووخاندنی)) (عبدالمطلب:١٩٩٤ :٢٨). مەبەستی هونەری و شارەزایی بەکارهێنانی هەڵەی زمان و لادانی شیعری لێک جیادەکاتەوە ((زۆرجار لادان نابێتە شیعر و ڕووبەڕووی جۆرێک نالۆژیکی دەبێتەوە، بە تایبەتی لە وێنا سوریالییەکاندا، هەرچەندە لە هەردوو حاڵەتی لۆژیکی(شیعری) و نالۆژیکیدا دوورکەوتنەوەو، بەڵام بە وێنای دووەمدا لە ڕووی بنیاتەوە بە نێگەتیف دەشکێتەوە و ئەو جیاکارییە شیعرییەت ناخوڵقێنێ و بنیاتانەوە نییە)) (محمد:٢٠٠٨: ١٦٥).

لێرەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ئەگەر نوسینی ئاسایی و (پەخشانی زانستی) جۆری یەکەمی بەکارهێنانی زمان بێت، ئەوا لە شیعردا زمان جۆرێکی دووەمە و هەڵە بەکارهینانیش دەکرێت بە دەرەوەی دۆخی ئاسایی تۆماربکرێت، چونکە هەموو شیعرێک ناچێتە ناو جۆری یەکەم و دووەمەوە و لێڵی و تێکدانی پێکهاتەیی زمانی تا دۆخی پچڕانی پەیوەندی نێوان نوسەر و خوێنەر ڕۆیشتوە، ئەم جۆرە لای سوریالییەکان وەک ڕێباز و لای ئەوانەی، کە شیعر بە هۆی ئاڵۆزیەوە لە شیعرییەت دەخەن لە هەموو قۆناغەکاندا دەبینرێت.

ئاڵۆزی دوو هۆکاری هەیە لەناو شیعردا، یان شاعیر سەر بە ڕێباز و جۆرێک لە بیرکردنەوەیە، کە خودی شیعر وەک هۆکار تێگەیشتوون و باری دەکەن لە ناڕوونی و بیری شاراوە، یاخود شاعیر سەرەتایەتی و لە هونەری شیعریەت و وێنەدا قووڵ نیە و پەیوەندی وەرگر و خوێنەر تێکدەدات.

هەریەکە لە (ئەفلاتون و ئەرستۆ و هۆراس) لەبەرهەمەکانیاندا باسی ڕۆڵ و چنینی شیعرییان کردووە ئەفلاتون لە گفتوگۆی ئایونەکەی لە کتێبی کۆمارەکەیدا و ئەرستو لە(هونەری شیعر)دا باس لە زمانی شیعر و شیعری تراژیدی و شانۆ و کاریگەرییان دەکات.
هۆراسی ڕۆمانی لە (هونەری شیعر) دا باس لە زمانی شیعر دەکات و زمان دەچوێنێت بە دارستان کاتێک گەڵا دەوەرێنێت و گەڵای تازەش دەردەکات و باس لە ڕۆڵی شیعر دەکات لە ڕۆشنبیری گشتی کۆمەڵ بەهۆی چنینی هونەرییەوە.

شاعیری داهێنەر وەکو ئەو کەسە وەهایە، کە لەسەر دەریایە و بۆ قومێک ئاو تاساوە، بەڵام هێزێکی هزری دەیخاتە چاوەڕوانی مەعشوقەوە و هاواری بۆ ئاو دەبێتە جوانترین سۆز و هۆنینەوە و دەخوازرێت، هەرگیز یارەکەی پێنەگات، هەربۆیە ئەگەر بابەت و پەیام سادەشبن، ئەوا چۆن گێڕانەوە جۆری لادان و هونەری چنین، دەق بە زیندوویی دەهێڵنەوە، کەواتە جۆر و ئاستی لادان سەرچاوەی زیندوویی شیعرە، نەک باس و پەیام. لەگەڵ ئەوەشدا شیعر بەشێکی دیاری مێژووی هەر نەتەوەیەک پێکدەهێنێت، بەڵام جوانکاری و هونەری ڕەوانبێژی یەکەم سەرنج ڕاکێشەرە دواتر مەبەست و ناوەڕۆکی بەدوادا دێت.

داهێنەر لە دوو جۆری سەرەکی ئاستی پێکهاتەدا لادان دروستدەکات ئاستی پیکهاتەیی وشەکان لە ڕستەدا و ئاستی پێکهاتەیی ڕستە لە دەقدا. ((شیعرییەت یانی ڕێگاکانی هۆش و هەست، کە بە وردی سنورەکانی دیاری نەکراوە ئەوەش، کە پێی دەوترێت شیعر واتا هونەر جۆرە تەکنیکیکی ڕێکوپێکی زمانەوانییە لە بەرهەمهێنانی هۆش و هەستدا)) (کۆهن:٢٠٠٨: ١٥٤). بەهۆی کاریگەری زمانی شیعرەوە جیا لە ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانی ئەدەب، کۆمەڵناسان و فەیلەسوفانیش ئاماژەیان بە لادان کردووە، لە چوارچێوەی شیعرییەتدا. بەهۆی زۆری و ناجیگیری شیعرییەت و لادانەوە هەندێک لێکۆڵەر بۆ چەندین جۆر دابەشی دەکەن، تا دەگاتە زیاتر لە پازدە جۆر (الخرشة:٢٠٠٨:١١) زۆر لە لێکۆڵەرەوانی شیعر بە ئاماژەی خێرا و سەرپێی باسیان لە لادان کردووە، بەڵام ئێمە گرنگتیرینیان دەخەینەڕوو. د.محمد رضا شفیع کدکنی بۆ یازدە جۆری سەرەکی بەم شێوازەی خوارەوە دابەشیان دەکات.

١- خواستن.
٢- خوازە .
٣- هەستگۆڕکێ.
٤- درکە.
٥- خستنەسەر و سڕینەوە.
٦- کۆنگەرایی أ-کۆنگەرایی وشەیی ب-کۆنگەرایی ڕستەسازی
٧- هاوەڵناوی هونەری
٨- پێکهاتەیی زمانی
٩- نا ئاشنا کردن لە چوارچێوەی فەرهەنگدا
١٠-نا ئاشناکردن لە چوارچێوەیڕستەسازیدا
١١-دەربڕینی پارادۆکسی (کدکنی:١٣٩٢: ٣-١١).

ئەم دابەشکارییەی (کدکنی) تێکەڵییەکی تیادا دەبینرێت، چونکە لە هەندێک شوێندا پێویستی بەیەکخستنە، وەک لادانی وشە هەردوو جۆری کۆنگەرایی وشەی و کۆنگەرایی ڕستەسازی دەگرێتەوە، دەتوانرێت خواستن و خوازە و هەستگۆڕکێ و درکە نا ئاشناکردنەکان، لە چوارچێوەی لادانی واتایدا دابنرێت.

لەسەر بنەمای وردەکاریش باس لە لادان لە زار و لەشێوەزار و لادانی وێنای و هزری نەکردووە. ((لادان وەک پرۆسەیەکی گشتگیر سەرتاپای دەق دەگرێتەوە ئاستەکانی دەنگ و پێکهاتە و دەلالی سیمانتیکی و پراگماتیکی و زمانی دەق بە هەردوو دیوی دەرەوە و ناوەوە، دەبنە کەرەسەیەک، تا لادانیان لەناودا جێبەجێ بێ)) (ئەحمەد:٢٠١٢:٤٥)

هەر لێکۆڵەرەو لەسەر چەن بنەمایەک جۆرەکانی لادان دیاریدەکات (لیچ) بەم شێوازەی خوارەوە دابەشیان دەکات:

١-لادانی لێکیسیکی(وشەی)

٢- لادانی فۆنۆلۆژی(دەنگی)

٣- لادانی کاتی(مێژوویی)

٤-لادانی شێوازی

٥-لادانی واتایی

٦-لادانی ڕێزمانی

٧-لادانی نوسینی

٨-لادانی زاری دیالێکتیکی (Leech:٢٠٠٨:٥٤-٦٩)

ئەوەی لای ئێمە سەرنجە، دەتوانرێت هەریەکە لە شێوازەکانی (لێکسیک، ڕێزمانی فۆنۆلۆژی، نوسینی، دیالێکتیک) لەژێر ناونیشانی لادانی پێکهاتەیدا جێگەی بێتەوەو لادانی شێواز و مێژوویش لەژێر ناونیشانی واتایدا جێگیر بکرێن، سەرەڕای ئەوەی کە نوسەر لادانی واتایشی بە جیا و سەربەخۆ لە دابەشکارییەکەدا باس کردووە.

کەواتە، ئەم جۆرە لادانەش ڕێکخستنەوەی چەند ناونیشانێکی لە ژێر ناونیشانێکی گەورەتردا پێویستە و لە لادانی واتای چەندین جۆری هەیە، کە باس نەکراوە. لیچ زیاتر لای لە لادانی زمانی کردووەتەوە (( بە بڕوای لیچ زمانی ئەدەبی لەچاو جۆرەکانی تری بەکارهێنان زمان پڕپێچ و پەناترە، گەڕانەوەی بۆ سەرخۆیەتی و تایبەتمەندیی خودکاریەتی کەمی تیا دەبینرێ)) (یەعقوبی:٢٠٠٥:٢٢)

شێوازی بەکارهینانی زمانی شیعری سنوری شیوازی ڕۆژانە تێدەپەڕێنێت و جارێکیتر زمان لەناو خەیاڵی هونەری داهێنەر (شاعیر) دا بە ئاست و ڕەنگێکی جیاواز پەیوەندیەکانی خۆی (پێکهاتەی) و پەیوەندییەکانی بە دەرەوە (واتای) دەردەخاتەوە.

دالی شیعر هەمیشە مەدلولی بەرجەستە و دیاری ڕۆژانە نییە، چونکە پەیوەندییە هونەریەکانی شیعر سەرلەنوێ واتا و ئەرک بەدانە زمانیەکان دەدەنەوە، ئەمە لەڕیگەی ئاواز و نۆستالۆژیا و پێکدادانی دژ و ناتەباکان و گونجاندنەوەیان لەناو دەقێکدا، کە ناوی (شیعرە) هەر بۆیە ((دابڕینی نێوان لادانی پێکهاتەیی و لادانی واتایی کارێکی نا ئاساییە لە هەموو بارودۆخیکدا)) (بوودووخە:٢٠١٠:٤٣) و پێویستی بە شارەزایی و توانای سروشتی هەیە، چونکە ((سەرکەوتنی شیعر بەدەست نایەت، مەگەر بە دووبارە دروستکردنەوەی نوێی زمان نەبێت، بوونیاتی پەیوەندی جیاواز ڕێزمانی جێگیر دەروخینێت)) (عارف:٢٠١٣:١٩١) ئەوەی هۆکاری سەرنج و چێژی وەرگرو(خوێنەرە) یاریکردنی لۆژیکیە بە واتاو ئەرکی دانە زمانییەکان، بە جۆریک وێناو پێکهاتەیی نا ئاسایی لێدروست بکرێت.

(یاکبسون) لە چوارچێوەی باسکردنی شیعرییەت و وێنای شیعریدا ئاماژەی بە جۆرەکانی لادانی واتایی و لادانی ڕێزمانی کردووە (یاکبسون:١٩٨٨:٦٥) لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر ئاوڕی لە شیعریەت و وێنای شیعری داوەتەوەو کەمتر باسی لە لادان کردووە وەکو بەشێک لە شێوازگەری. (جان کۆهن) بە شێوەیەکی خێرا ئامێز ئاماژەی بەجۆرەکانی لادان کردووە لەسەر ئاستەکانی((دەنگی، ڕێزمانی، واتایی)) (جون كوين:١٩٩٩: ١٧١).

بەشێوەیەکی گشتگیرتر، لەجێگەیەکیتردا بەم شێوازە باسی جۆرەکانی لادان دەکات، (جۆری یەکەمی لادان، کە پەیوەستە بە ناوەڕۆکی زمانەوانییەوە (جان کۆهن) ناوی ناوە لادانی واتایی، بەڵام جۆری دووەم، کە پەیوەستە بە پێکهاتەکان لەگەڵ دراوسێیەتی لە زەمینە(سیاق)دا ئەمەی ناوناوە لادانی پێکهاتەیی) (سعيداني:٢٠١٠:٢٨) یەکێک لە لێکۆڵەرەوە دیارەکانی عەرەب کە (د.أحمد محمد ويس)ە لە کتێبە بەنرخەکەی، کە زۆر لەنامە ئەکادیمییەکان وەکو سەرچاوە بەکاری دەهێنن (الانزياح من منظور الدراسات الاسلوبية) یە دەڵێت: لادان لە بنەرەتدا ئاراستەکراوە بۆ وەرگر(خوێنەر) کاتێک زۆربوو لە ئەدەبدا هۆکارێکە بۆ گرنگی و سەرنجی وەرگر (ويس:٢٠٠٥:١٦٦) ، لەجیگەیەکی تری کتابەکەیدا بۆ جۆرەکانی لادان دەگەڕێتەوە بۆ ناساندنەکەی کۆهن(لە پێشدا باس کراوە) (ويس:٢٠٠٥:١١١). بەڵام ویس دوو جۆری سەرەکی لادانی دیاری کردووە و دەڵێت: (( گرنگترین حۆرەکانی لادان، دوو جۆرن، یەکەم بە لادانی واتایی ناودەبرێت و جۆری دووەم بە لادانی پێکهاتەیی ناو دەبرێت)) (ويس:٢٠٠٥:١٦٥).

## ١-٢-٦ جۆرەكانی لادان لای نوسەرانی كورد

لە ڕەخنە و لێكۆڵینەوەی ئەدەبی كوردیدا بابەتی شێوازگەری تازەیە و تەمەنی ناگاتە بیست ساڵێك، لادانیش وەكو كەرەسە و هۆكارێكی شیعری تازە خۆی لە ڕەوانبێژی كۆن جیاكردووەتەوە، ئەمە دەبێتە هۆكاری ئەوەی، كە تا ئێستا سەرچاوە و بابەتی بەپێز لە ژمارەی پەنجەكان زیاتر نەبن. كاریگەری ئەدەب و میتۆدی ڕەخنەی ئەدەبی بیانی، هەمیشە ڕۆڵی سەرەكیان هەبووە لە نەشونماكردنی لەناو نوسەران و لێكۆلەرانی كورددا.

لەدیارترینی ئەو توێژەرانەی باسیان لە لادان و جۆرەكانیان كردووە( د.محمد معروف فتاح )ە، كە بەم شێوازەی خوارەوە دابەشی كردووە:

١-لادانی وشەیی(لێكسیكی)

٢-لادانی ڕێزمانی

٣-لادان لە زار و زمان

٤- لادان لەنوسینەوەی ئاسایی

٥- لادانی واتایی

٦-لادان لەسەر شێواز

لەم دابەشكارییەدا تیكەڵكردن دەبینرێت، چونكە هەریەكە لە جۆرەكانی(لادانی وشەیی، ڕێزمانی، زار و زمان) لادانی پێكهاتەین جۆرەكانی تر لادانی واتاین، لە كاتێكدا لادانی واتایی وەكو بەشێك لە كۆی جۆرەكان باس كراوە، بەڵام وەک سەرەتا كارێكی بەسودە و توێژەران دواتر سودی لێ وەردەگرن. (د.ظاهرلطیف كریم) لە (گۆڤاری زانكۆی سلێمانی) بە زمانی عەرەبی لە ساڵی (٢٠٠٥ ) توێژینەوەیەكی لە بارەی ( لادان لە شیعرەكانی حاجی قادری كۆیی) دا نوسیوە و بووە بە سەرەتایەكی ئەكادیمی و جێگەی خۆی گرتووە لەناو توێژینەوە لەبارەی لادانەوە، و ئاماژەی خێراشی بە لادان لەسەر بنەمای بنیاتی دەق كردووە وەكو لادانی (فكر، زمانی، پێوەری) (كریم:١٨:٢٠٠٥) . (د.عزیز گەردی)یش بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ باسی لە(لابردن) كرتاندن كردووە وەک جۆرێكی لادان و زیاتر باسی لە لادانە زمانییەكان كردووە لە ژێر ناونیشانی(لابردنی بكەر، لابردنی كردار، پاش و پێشخستن) (گەردی:١٩٧٩: ٥٥) . ئەوەی جێگەی سەرنجە (د.عزیز) باسی لە ئەركی ڕێزمانی دانەكانی ڕستە كردووە، نەک بەشەكانی ئاخاوتن و لای بە لای لادانی واتایدا نەكردووەتەوە. (محمدعبدالكریم أبراهیم) لە كتێبی (پێكهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ئەدەبی نوێوە) هەمان جۆرەكانی( د.محمد

معروف فەتاحی) داناوە و هیچ زیادەیەک یان لق و پۆپێکی بۆ زیاد نەکردووە. (د.عبدالقادر حمەأمین محمد) وەکو کارێکی تەواوکاری و زیادە خستنەسەر بۆ ئەوانەی پێش خۆی دوو جۆری لادان دیاری دەکات، کە ئەوانیش (لادانی لۆژیکی و لادانی نالۆژیکی) ین، دیارە ئەمانە مەبەستیان جیاکردنەوە هەڵەی ڕێزمانی و لادانی هونەرییە، چونکە لادان کاتێک هونەری و لۆژیکییە جوانییەکی نوێ کە جیاوازبێت  لە وتنی ئاسایی بخاتەڕوو، چونکە لەهەموو ڕێبازێکی ئەدەبیدا ئەگەر هونەر لە پێناو هونەردا بێت پێویستە پەیوەندییەک ئەو دوو ئاستە پێکەوە ببەستێت، هەروەک ((فۆرمالیستەکان پێیانوابوو ئەدەب بەکارهێنانیکی تایبەتی زمانە جیا لە بەکارهێنانی ئاسایی، کە مەبەستەکەی گەیاندنە، ئەو بەکارهێنانەش زمان لە بەکارهێنانی ئاسایی دوور دەخاتەوە و دەیکاتە وزەیەکی شیعری)) (ئیبراهیم:٢٠١٢:٣٩) .

فراوانی مەودای جۆراوجۆری بەکارهێنانی زمانی شیعریی، هۆکارێکە بۆ ئەوەی لێکۆڵەران دابەشکاری جیاواز بخەنە ڕوو. (عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵا) لە ماستەر نامەکەیدا چوار جۆر لادان دیاری دەکات کە ئەوانیش بریتین لە:

١. ئاستی فۆنۆلۆژی
٢. ئاستی مۆرفۆلۆژی
٣. ئاستی سینتاکس
٤. ئاستی واتایی(عەبدوولڵا:٢٠٠٨:٤٧).

ئەم دابەشکارییە لەسەر ئاستی پێکهاتەیی بە گونجاو دەبینین، بەڵام پاش و پێش خستن و کرتاندنی تیادا دیاری نەکراوە، لادانە واتاییەکەش وەکو سەرە ناونیشان بابەتەکەی دەرخستووە.

(ناز ئەحمەد سعید) لە ماستەر نامەکەیدا کە سێ بەشە، بەشی دووەم و سێیەمی تەرخان کردووە بۆ لادانی(واتایی و لادانی پێکهاتەیی) هەرچەند، ئێمە دابەش کارییەکەی بە کارێکی سەرکەوتوو زانستی دەزانین، بەڵام لە بەشی لادانی پیکهاتەییدا ڕیتمی ناوەوە و دەرەوەی بە درێژی باس کردووە، لە کاتێکدا ئەوە بابەتی مۆسقای شیعرە نەک لادان، تەوەرەیەکیشی بە ناوی پەخشانە شیعر داناوە، کە بە پێوسیتی نازانین. بەڵام بەشی سێیەمی کە لادانی واتای (دلالی) یە زۆر بە جوانی داڕێژراوە هەرچەندە دەکرا فراوانتر بێت. (جەبار ئەحمەد حسێن) لە کتێبی (ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی) دا لە چوارچیوەی بنیاتی مۆسیقای ناوەوە باسی لە لادانی فۆنیمی و لادانی مۆرفیمی،دووبارە کردنەوە (حسن:٢٠٠٨: ١٩٨) کردووە، بەڵام لەبەر مەودای نامەکەی کە ئەکادیمی بووە، بواری نەبووە زۆرلایەن بخاتە ڕوو لایەنی زۆریش هەبووە، کە بە لایدا نەچووە. (د.سافیە محەمەد ئەحمەد) لە کتێبەکەیدا بە

ناوی (لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا) کە لە بنەڕەتدا تێزی دکتۆرایە جۆرەکانی لادانی بەمشێوازە دابەش کردووە.

١. لادان لەسەر بنەمای ئاستەکانی زمان
٢. لادان لەسەر بنەمای بنیاتی دەق
٣. لادان لەسەر بنەمای داهێنان و بەکارهێنان
٤. لادان لەسەر بنەمای ئیستاتیکا

لە وردەکاری ئەم دابەشکارییەدا جوانکاری و هونەری دەبینرێت، بەڵام دوو بابەت لامان جێگای سەرنجە؛ ئەویش لە تەوەری چوارەمدا کە بۆ چوار لق دابەش کراوە(لادانی پەسەند، ناپەسەند، لۆژیکی، نالۆژیکی) تێکەڵییەک دەبینرێت و لە باس کردنی لادانی گشتی و سواو لە تەوەری سێیەمیشدا بە هەمان شێوە لێک نزیکییەک دەبینرێت، ئەمە جیا لەوەی لادانی واتایی درێژەی پێ نەدراوە. مەسەلەی دیاری کردنی یەکجارەکی جۆرەکانی لادان، کارێکی ئاسان نییە، هەربۆیە لای لێکۆڵەران بۆ زیاد لە پازدە چوار و (پێنج پۆل) دابەش دەکرێت، لەوانە:

١. لادانی بابەتی و لادانی گشتی
٢. لادانی سلبی و لادانی ئیجابی
٣. لادانی ناوخۆیی و لادانی دەرەکی
٤. لادانی سیاقی(زەمینە)دەنگیی و ڕێزمانی و داڕشتنی و فەرهەنگی و واتایی
٥. لادانی پێکهاتەیی و لادانی واتایی (الخرشە:٢٠٠٨: ١٢).

لە نامە [*]و تێزە ئەکادیمییەکانیشدا، هەموویان کۆکنین لەسەر چەند جۆرێک، بەڵکو جیاوازییەکی کەمیش بێت بە دیدەکرێت.

[*] بۆ زیاتر زانیاریپلانی چەند نامەیەکی زانکۆکانی وڵاتی ئوردن و جەزائیر و عێراق دەخەینە ڕوو.

| ناوی نامە و تێز | ناوی نوسەر | وڵات | پلانی جۆرەکانی لادان |
|---|---|---|---|
| الانزياح في الشيعر الصوفي٢٠١٠ | سليم سعداني | جزائير | الانزياح التركيبي،الانزياح استبدالي |
| الانزياح في الشيعر سميع القاسم٢٠١٣ | وهيبة فوغالي | جزائير | الانزياح الدلالي، الانزياح التركيبي، الانزياح الايقاعي |
| الانزياح الاسلوبية في الشيعر مجمد بنيس٢٠١٢ | مريم عارف | عێراق | الانزياح الصوتي، الانزياح التركيبي، الانزياح استبدالي |
| الانزياح في الشيعر نزار قباني٢٠١٢ | محمود عبدالمجيد | كردستان | الانزياح الدلالي، الانزياح التركيبي، الانزياح الصوتي |

هەریەکە لەو دابەشکارییانەی خرانە ڕوو بەشێکی زۆری جۆرەکانی لادانیان خستوەتە ڕوو، هەر دابەشکارییەکیش سودی خۆی هەیە و چەند لایەنێکی دەخاتە بەرچاو. ئێمەش لە ئەنجامی خوێندنەوەو سەرنجی خۆمان لەبارەی بابەتەکە ئەم دابەشکارییە بەگونجاو دەزانین.

- ١-**لادانی پێکهاتەیی**: ئەویش دابەش دەکریتە سەر دوو تەوەر و چەند وەچە تەوەرێک. لەوانە:

أ- لادانی پێکهاتەیی لەسەر ئاستی ڕستە.
ب-لادانی پێکهاتەیی لەسەر ئاستی وشە.
ت-لادان لەسەر بنیاتی دەق.

- ٢- **لادانی واتایی**: ئەویش بۆ دوو تەوەر دابەش دەکرێت:

أ- جێگۆڕکێی و دەلالی
ب-لادانی هێمایی

لەم دابەشکارییەی، کە کردوومانە ئەوەمان لەبەرچاو گرتووە، کە هەموو هەڵە و ئاڵۆزی و لێڵییەکی داڕشتن (پێکهاتەی و واتای) بە لادانی شیعری دانانرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ((سروشتی شیعر بوار بەوە دەدات، کە ناکۆکی و جیاوازییەکان هەموو بە تەنیشت یەکەوە ڕیزبەند بکرێت)) (بەرزنجی:٢٠٢٠:١٠٩) ، بەڵام لە چوارچێوەی وێنای هونەری دووبارە نەبووە و لاسایکردنەوەی بێ بەرهەمدا نەبێت. شیعرییەت وەک بوون و سیفەتی هەمیشەیی ناتوانێت پەیڕەوی پێکهاتەیی ڕستەسازی ڕۆژانە بێت و بە هونەریش دانانرێت، ئەگەر ئەرک و واتای فەرهەنگی تێنەپەڕێنێت، هەر لێرەوە بەهۆی دنیای کراوەی زمان و ڕۆشنبیری شاعیرەوە، دەکرێت خوێنەر بەر شیعری ناسک و نەمر بکەوێت، کە تا ڕادەیەک کەرەسەی زمانییەکەی بەرکەوتە ڕۆژانەییەکانن، بەڵام خەیاڵی هونەری و وێنای باڵا شیعری لە دەقەکاندا دەبینرێت ( ئەحمەد هەردی و گۆرانی شاعیر ) نمونەی ئەو شاعیرانەن، کە هەمیشە خوێنەر بەهۆی دنیای ڕەنگین و دەرونی پڕ کوڵەوە، چێژ لە بەرکەوتنیان

---

| | | | |
|---|---|---|---|
| الانزياح في الشيعرالعربي الحديث٢٠١٨ | النعاس سعيداني | جزائير | التركيبي، الدلالي، الانزياح الرئويا الشيعرية |
| الانزياح في النص القرأني٢٠٠٨ | أحمد غالب نورى الخدشة | الاردن | الستبدالي، التركيبي، الحرفي |
| الانزياح الاسلوبية في سوار صواميم٢٠١١ | محمد علي يوسف | عێراق | الاستبدالي، التركيبي، الالتفاتي |

وەردەگرێت، کەواتە جۆر و نوێی لادان بەتەنها مەرجی سەرکەوتنی دەق نییە، بەڵکو خەیاڵ و چینینی هونەری ڕۆڵی کاریگەری هەیە.

هەرکات شاعیر توانی وێنای شیعری جیاواز و پەیوەندی هونەری نێوان پێکهێنەرەکانی نێو دێڕ و دەق جوانتر لە بەکارهێنانی باو بچنێت، ئەوا دەبێتە خاوەن خەسڵەتی کەسی خۆی. مەسەلەی لادان بابەتێکی کەسییە، لەگەڵ ئەوەشدا ژینگە کاریگەری خۆی هەیە، بۆ نمونە لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی ڕێبازی دادایی سەرهەڵدەدات، ئەم ڕێبازە خاوەنی شێوازی داڕشتنەوەو وێنەی شیعرییە بە جیاوازتر لەپێش کاتی خۆی لە ئەدەبی کوردیدا ئەم جۆرە لادانە ( الفجوة) نابینین بەڵام تاک و تەرا هەوڵی کەسی هەیەو نەبووە بە ڕێباز.

## ١-٣ تەوەری سێیەم گرنگی لادان لای نوسەران

### ١-٣ دیدگای نوسەرانی کۆن

لادان بە گشتی وەک چەمکێکی فراوان مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، لەکۆندا لەژێر ناوی ڕەوانبێژیدا بووە، بەڵام بە تێپەڕانی ڕۆژگار و ڕێبازی ئەدەبی و میتۆدی ڕەخنەیی، ئەو بنەما و پرنسیپانە پێوانەیەکی تری لەگەڵ خۆیدا هێناوە، بەپێی بارودۆخ و کات و شوێن و سایکۆلۆجی خۆی گونجاندووە و خوێنەری نمونەیش خوێندنەوەکانی لەسەر بنیات دەنێ و سود لە لادان و جیاکاری وەردەگرێت، هەروەها تێکشاندن و لادان لە یاسا و ڕێساکانی زمانە و بەمانای دوورکەوتنەوەیە لە سیما واتاییە باوەکان، بەڵام لەلایەکی تریشەوە (لادان) دیاردەیەک نییە، کە تایبەت بێ بە شیعرەوە، یان دەوترێت دیاردەیەکی گشتیە و تایبەت نییە بەیەک بوارەوە و دابونەریتی کۆمەڵگەش لەخۆدەگرێت، بە وێنا لادان لەبوارەکانی ئاین و ڕەوشت و داب و نەریت و سیاسەت و ئەدەب و زماندا هەیە، کە زۆرجار بەشێوەیەکی نالۆژیکی دەکەوێتەڕوو، واتە بەردەوامبوونی ڕەوتە ڕۆشنبیری و فیکرییەکان گۆڕان و لادانێکی ڕیشەی بەسەر گشت لایەنەکاندا دەهێنێ و بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا ڕەنگ دەداتەوە. لەوکاتەوەی شیعر نوسراوە لادانیش هەبووە، تەنانەت پەرتوکە ئاسمانی و زەمینیە پیرۆزەکان گرنگیان بە لادان داوە چی لە ڕووی بەکارهێنانی زاراوەکەو چی پەیڕەوکردنی لادان لەناو دەقە قورئانیەکاندا بەنمونە خودا دەفەرموێت: (( فمن زحزح عن النار و أدخل الجنة فقد فاز)) (القرأن: ال عمران:١٨٥).

لەو دەقەی قورئاندا بەمانای لادانی ئەدەبی نەهاتووە. بەڵکو وەکو وشەکە مانای لادان دەگەیەنێت بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەی هەوڵی کەسانێکە، کە بە خواپەرستی خۆیان لە ئاگری دۆزەخ لادەدەن. لەو کاتەوەی شیعر نوسراوە لادانیش هەبووە، تەنانەت پەرتوکە ئاسمانی و زەمینیە پیرۆزەکان گرنگیان بە پیادەکردنی شێواز و چەمکی لادان داوە.

واتە دوورکەوتنەوە و ڕزگاربوون لە ئاگری دۆزەخ سەرکەوتنە، لێرەدا (زحزح) هاتووە، کە بۆخۆی واتایەکی خوازەی هەیە، ئەمە هۆکاری دەرونی و جوانکاری لای پەیڕەوانی ئاینی ئیسلام دروستدەکات، ئەم سود وەرگرتنە چۆن دەگاتە لای شاعیران، هەر بەو شێوازە پەیامبەران (الرسول) بەکاریانهێناوە، پێغەمبەر محمد (د.خ) دەفەرموێت: (( من صام یوما في سبیل **الله** زحزحة الله عن النار سبعین خریفا)) (الرازی: ١٩٨٥) واتە موسڵمان دوورە لە ئاگری دۆزەخەوە ماوەی حەفتا ساڵ. زحزح لە (الانزیاح) وەرگیراوە، کە واتای لادان و دوورخستنەوەیە، جگە لەوەش هەر خۆی مەدلولی ڕاستەوخۆی نادات و بابەتێکی خوازەی هەیە؛ لەکۆی ئەو فەرمودە و ئایەتانەدا کە هاتووە. شیعر بۆخۆی بوونیاد نانەوەی نوێیە لە کەرتە زمانیەکان بەخەیاڵ و ئەندێشەی داهێنەرانە، واتە زمان وزە و هێزی خۆی لە شیعردا دەردەخات.

دەقی ئەدەبی بابەتێکی داهێنەرانەیە و پێویستی بە هۆشیاری و تەکنیکی نائاسایی هەیە، بۆ ئەوەی بەزیندووی بمێنێتەوە. شیعر زیادەڕۆی (تەجاوز) ی پێکهاتنی زمان و بیری باوە ، چونکە شاعیر بۆ ڕاکێشانی وەرگر (خوێنەر) پێویستی بە ئەندێشەیەکی هونەری هەیە، هەر لەوێوە دنیای خۆی دەدۆزێتەوە. خوێنەران و ڕەخنەگران و بیرمەندانیش بەدیدگای جیاواز و کاریگەری قۆناغی جیاواز تێڕوانینیان بۆ شیعر و هۆکاری شیعرییەت خستووەتەڕوو.

ئەرستۆ(٣٨٤-٣٢٢پ.ز) کە لە نوسین لەبارەی ئەدەبەوە لە هەر دوو کتێبی ( پۆیەتیکاPoetic و ڕیۆتیکاRethoviqueدا) باسی ئەدەب دەکات و کاریگەری ئەفلاتۆنی مامۆستای لەسەر بووە شیعر ڕەتناکاتەوە، بەڵکو پێکهاتە و زمانی شیعر وەها باس دەکات کە (( ئەو زمانە شیعرییەی وشەی ناباوی تیادا بەکاربێت بەرزی و شکۆمەندی تێدایە و لەسەر و ئاستی زمانی ڕۆژانەوەیە، مەبەستی لە بەکارهێنانی (وشەی ناباو) وشەی خوازە و وشەی درێژ کراوە وهەرشتێکی ترە لە حاڵەتی ئاسای بەدەر بێت)) (ئەرستۆ:٢٠٠٤: ٨٤). داهێنان و شیعرییەت لای ئەرستۆ پیادەکردنی دانە فەرهەنگیەکان نییە ، وەکو ئەوەی لە کۆمەڵگادا بەکاردەبرێن. ئەرستۆ جیاوازی لەنێوان زمانی ئاسای و نائاسایدا کردووە و دەڵێت: (( شیعر زمانی وتاردان نییە، شیعر زیادە ڕۆییە بۆ سەر زمانی ئاسایی و شاعیر وشەی

بێگانە و نامۆ بەکاردەهێنێت و لەسەریەتی داهێنان لە وشەی نوێ و وێنا و خوازەدا بکات)) (فوغالی: ٢٠١٣: ٢٤).

لای ئەرستۆ زمانی وتاردان ڕاستەوخۆیە و ڕوو لە کۆمەڵ دەکات، چونکە وتار تایبەتمەندی گوێگری گشتی هەیە ، بۆیە ڕوونی و سادەی مەرجی تێگەیشتنی بەرامبەرە، بەڵام لە شیعردا کە باس لە داهێنان و خوازە دەکرێت مەبەست شیعریەت و لادانی ئێستایە، ئەوەش شیعریەت دروستدەکات تێپەڕاندنی زمانی باوە ، کە پێکهاتەی زمانی و ڕستەسازی سادەیە، کەواتە مەرجی بەشیعربوون دەرچوونە لە شێوازی دەقبەستوی واتای فەرهەنگی و مەدلولی ڕۆژگاری شاعیر، لادانیش هەمان کەرەسە و ئەرکی شیعرییە کە ئەرستۆ ئاماژەی بۆ کردووە. لەبەر فراوانی مەودا و تیۆری جیاواز دیدگاکانیش یەک ئاراستە نابن، بەڵام ئەو بۆچوونەی ئەرستۆ لە سەدەی بیست و یەکدا بەهەمان واتا و بە داڕشتنێکی نوێ خۆی نمایش دەکات و دەوترێت: (( لادان جیاکەرەوە و دابڕێنەری نێوان قسە (نوسین)ی هونەری و ناهونەرییە)) (سلیم:٢٠٢٠: ١١). ڕوون و ئاشکرایە لە هەر سەردەمەو دیدگا و میتۆدی ڕەخنەی بۆ شیعر دروستدەبێت و دیدگای جێگیر و کۆتای بۆ (بوون بەشیعر) هێشتا دروست نەبووە. ڕەخنەگری کۆن کونتلیان(٢٩٠ز) (Quintilian) کە لەسەدەی یەکەمی زاینیدا ژیاوە دەڵێت (( دەقە ئەدەبیەکان بەوە لەیەکتر باشتر دەبن، کە خاوەنەکانیان چەند توانای یاریکردنی هەیە بە کەرەسەی دەق، کە وشەکانن)) (ئیبراهیم:٢٠١٢: ١٦).

کاتێک وشە و چنینی دەق، لۆجیکی فەرهەنگی و ڕستەسازی باوی بەکارنەهێنا، ئەوا شیعریەت و لادانی ئەرکی وتار و وشە دەردەکەوێت، بەمەرجێک بنەما و میتۆدێکی ئەدەبی پەیڕەو بکرێت، چونکە زۆرجار لادان نابێتە شیعر و ڕووبەڕووی جۆرێک لە شێوازی نالۆژیکی دەبێتەوە، بەتایبەتی لە وێنا سورپالیەکاندا. هەرچەندە لە هەردوو حاڵەتی لۆژیکی ( شیعری) و نالۆژیکدا دوورکەوتنەوەیە و جیاکارییە، بەڵام لە وێنای دووەمدا لەڕووی بوونیاتەوە بەنێگەتیف دەشکێتەوە و ئەو جیاکارییە شیعرییەت ناخوڵقێنێ و بوونیاتنانەوە نییە. (محمد:٢٠٠٨: ١٦٥)

لەم کۆپلە شیعرەی قوباد دا ئەو بابەتانە ڕوون دەکەینەوە واتە لادانی لۆژیکی پەیوەند لەڕێگەی هونەرە جۆراوجۆرەکانی لادان ( واتایی، پێکهاتەی) دروستدەبێت وەکو لێرەدا دەبینین. شاعیر دەڵێت:

قژی بەفری بڕی،

دڵی شەختەی شکاند،

هەتاو (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٢٢)

وەکو دیارە شاعیر لەڕووی پێکهاتەییەوە بکەری هەردوو ڕستەکەی کردووە بەیەکێک و لەکۆتای ( وێنا شیعرییەکە ) دێڕدا دایناوە، لەڕووی واتای سیما واتاییەکانی نێوان ناو و ئاوەڵناو (خواستن) ی دروستکردووە لەبابەت لادانی نادروست و لۆژیکی هەرهەمان کۆپلە دەتوانین گۆڕانکاری تیادا بکەین بنوسین

قژی بەردی بڕی

دڵی دەشتی شکاند

هەتاو

یان بڵێین.

قژی بەرفری بڕی

دڵی شەختەی شکاند

چۆلەکە

لێرەوە ڕوون دەبێتەوە، کە لادانی لۆژیکی پێویستی بە گەڕانەوەیە بۆ پەخشان، بەڵام نالۆژیکی دەرگای جوانی و گەڕانەوەی فەرهەنگی بەسەر خۆیدا داخستووە.

لەبارەی کاریگەری لادان و شیعریەت لەناو زماندا (کونتلیان) جیاوازییەکە بەمجۆرە دەخاتەڕوو (( جیاوازی نێوان زمانی ئاسای و زمانی ئەدەبی دەچوێنێت بە دوو جەستە، جەستەیەک جوڵاو وژیان تیایدا بەردەوامە و جەستەیەک وەستاوە و بێ جوڵە و هیچ بزاوتێکی تیادا نییە)) (ویس :٢٠٠٥: ٨٢) ئەوەی ژیان و مردنی زمان لای ئەم نوسەرە دەردەخات، گۆڕین و جوڵەی بەردەوامی زمانە، بە ئاراستەیەکی هونەری، چونکە زیندوویی زمان دەبەستێتە لایەنی ڕەوانبێژی و شیعریەکەوە، هەمیشە زمانی ئاسای ناتوانێت پێش شیعر گۆڕینە ئەدەبیەکانی پێشان بدات.

دەقی ئەدەبی جیاوازە لە هەر دەقێکیتر، چونکە کاریگەری لەسەر زمان دەبێت و لە کۆمەڵێک پەیوەندی ڕزگاری دەکات، مەسەلەی تێکدانی زمانی باو و بەکارنەهێنانی زمانی سادەش ئەوە نییە، کە شاعیر زمانی تایبەت بەخۆی هەبێ، لەگەڵ ئەوەدا هەر جۆرە شیعر و ڕەگەزێکی ئەدەبی کۆمەڵێک مەدلولی تایبەتی هەیە، کە لەدەرەوەی دەق بەکارنایەت، بەڵکو هەمان کەرەسەن، بەڵام چنین و وێنای

جیاوازی لێ بەرهەم دەهێنرێت، ئەویش بەیارمەتی خەیاڵی داهێنەرانە و گۆڕینی پەیوەندییە زمانیەکان لە دەقدا. ((تایبەتمەندی ئەدەب جیایە لە بابەتەکانیتر، چونکە تەنها ئامانجی گوێزانەوەی واتا نییە بۆ بەرامبەر و زمان تەنها ئامرازی دەربڕین و ڕاپۆرت نییە)) (مبارك: ١٩٩٣: ١٢٣).

هەر لەم بارەوە (د. کمال ابوو دیب١٩٤٢- ؟) دەڵێت: (( شیعر زمانی ئاماژە و نیشانەیە، نەک زمانی ڕاپۆرت و وتاردان)) زمان لە شیعردا خۆی ئامانجە و لەدەرەوەی شیعر زمان دەبێتە کەرەسەی گەیاندنی مەبەستی نێرەر ( وتاربێژ ، نوسەر) عبدالقاهر جورجانی لە کتێبی أسرار البلاغە دەڵێت: زمان کۆمەڵێک نییە لە دەربڕین، بەڵکو کۆمەڵێکە لە پەیوەندی (بوولحواش: ٢٠١٢: ٢١٩). دانە فەرهەنگیەکان لای (جورجانی) هیچ نین جگە لە کۆمەڵێک خشت، کەبەهۆی ئاوێتە و پەیوەندی واتایی و ڕستە سازیەوە دەبنە هۆکاری پەیوەندی و تێگەیشتنی مرۆڤەکان و باڵەخانەی هزر و شیعری پێدەنوسرێت.

مەبەست لە پەیوەندیش تێپەڕاندنی باو و زانراوە، چونکە وەکو لە ناوی کتێبەکەیدا دەردەکەوێت، نوسەر باس لە ڕەوانبێژی و شیعریەت دەکات، هەمیشە شیعریەتیش لەدوای لادانەکان دروستدەبێت، کەواتە قسەکردن لەسەر شیعریەت و زمانی ئەدەبی باسکردنی لەلادان. ڕەخنەگرانی کۆنی عەرەب لادانیان ناسیوە، بەڵام بەمشێوە ناویان نەبردووە لای (ابن جنی ٤٢٨ز) زاراوەی (العدوول) بەکارهاتووە و لەبارەی وشە و ماناوە دەڵێت: (( هەر چڕیەکی دەربڕین بۆ چڕی واتایە، ئەمە دوورکەوتنەوەیە (العدول) لە هۆگری و باو)) (السعیدانی: ٢٠١٨ : ٨). (جورجانی گەیشتووە بەو بڕوایەی، جیاکاری بکات لەنێوان دوو جۆر لەواتا، واتای گشتی جیادەکرێتەوە لە هەموو جۆرەکانی وتار، کە زیاتر واتای ژیری هەیە و کەمتر توشی مەبەستی هونەری و جوانکاری بووە، یان واتای تایبەت، کە خەیاڵی ئامێزە و تایبەتە بە شیعر و زمان و جوانی و ئەدەب)) (لوصیف: ٢٠١١: ٣٤).

گەیاندنی واتا لە شیعردا لای (جورجانی) ڕێگە و شێوازی جیاوازە، بەجۆرێک زمانی باو و زمانی شیعری جیاکردووەتەوە، ئەمە ئەنجامی لادان و شیعرە، کە ئەو ڕێگە جیاوازە دروستدەکات. (جاحز) یش شیعر بەدەربڕینی ناسادە ناو دەبات و دەڵێت: (( شێوازی دەربڕین دوو جۆرە، ئاستی دەربڕینی سادە (عادی) کە هەموو کۆمەڵ بەکاریدەهێنێت، ئەرکی تەنها تێگەیشتن و بەئاستی (صفری) دەلالەت ناوی دەبات، بەڵام ئاستی دووەم بەهونەری ناوی دەبات و دیاردەی زمانی بۆ هونەری و ڕەوانبێژی دەگۆڕێت)) (صالح: ٢٠١٦: ٣٣).

گۆڕینی دیاردە و واتا لە ناو دەقی شیعریدا زیاتر ڕێگەی پێدراوە، تا ئاخاوتنی ئاسای و سادە، بۆیە (( شیعر دەچێتە ژوانی زمانێک کە زرک و زیت و زیتەڵ و پڕ پێچ و پەناو هەوراز و نشێو و

گێژەن و گێژاو و شەپۆلان بێ، شیعر لە دەرێی زماندا بوونی نابێ و هەر شیعرێک ناچارە، ئەگەر ڕێزی شیعریەتی خۆی بگرێت، زمانێکی تایبەتی بۆ خۆی بخوڵقێنێ و بایەخی ئەو زمانەش لەوەدا دەردەکەوێت، کە چەند توانای بەسەر نیشاندانی ناوەوەدا دەشکێ)) (عارف :٢٠١٩: ٢٥).

لەبەر ڕەگی قووڵی شیعر لەناو ڕۆشنبیری گشتی و لەوێوە سەرنجی شارەزایان وەهایکردووە زۆر لە لێکۆڵەرەوانی لایەنە کۆمەڵایەتیەکانادا، لابەلای پەیام و زمانی تایبەتی شیعردا بکەنەوە و بەجیا و باڵاتر لەبەکارهێنانی باوی دابنێن. لای سیبوویە لادان جۆرێکە لە فراوانی و خوازە لە قسەکردندا، هەر بۆیە دەبێتە هۆی ئەوەی دەلالەتەکان ڕاستەقینە نەبن، ((بۆیە لادان دووردەکەوێتەوە لە واتا لەڕێگەی پێکهاتەی تایبەتی و دەگۆڕێت بۆ واتا لە یاسای پێوەری)) (صالح: ٢٠١٦: ٣١). سیبوویە لە کتێبەکەیدا دەڵێت: (( بزانە ئەوەی لە شیعردا دەسوێ و دەشێ، لە قسەکردندا ناشێ و لەبەرامبەر چەمکی لادان (اتساع)ی بەکارهێناوە، کە ئەویش بەهۆی لابردن و زیادکردن و بەکارهێنانی تاک بۆ مەبەستی کۆ دروستدەبێت)) (سەعید: ٢٠١٠: ٢٤).

دەرچوون لە شێوازی ئاسایی و تێکدانی باو لەمەبەستی هونەریدا پاڵپشتە بە بنەمای شێوازگەری و ڕەوانبێژی، بۆیە ((گرنگترین کارێک زمانی شاعیر ئەنجامی بدات ئەوەیە، کە زمانی پێوانە تێکبدات و بەبێ سەرپێچی لەیاسای زمانەوانی شیعر دروست نابێ)) (شکرا: ١٣٩٤: ١٣٩). شیعریەت لە هەر قۆناغێکی مرۆڤایەتیدا وەکو یەکنییە و ڕادەی جیاوازیەکانی بەجۆرێک نییە وەرگر لە هونەری سەردەمی خۆی (هیچ) تێنەگات.

لای عەرەب هەر لەسەرەتاوە تا سەدەی بیست عەروز و ڕەوانبێژی کۆن سەرچاوەی تەکنیکی شیعربوون، بەڵام (( لادان وزەی تەقاندنەوەی هەڵگرتووە و پیرۆزی شیعری عەرەبی ڕووخاند)) (نادیة: ٢٠٠٨: ١٥). وێنا و ئەندێشەی شیعری لە پێش دەرکەوتنی لادان وەک زانستێک لەناو ڕەوانبێژی کۆندا چەقی بەستبوو. ئەوانەی خرانە ڕوو دیاترین دیدگاکان بوون، کە لەکۆندا و پێش ئەوەی لادان وەکو پایەیەکی شێوازناسی چەند بنەمایەک و پێوەرێکی بۆ دابنرێت، هەبوونە و باسکراون، ئەویش نوسین و قسەکردن بووە لە زمان و شیعریەت، کە لادان بۆ خۆی پێکهێنەری هەریەکەیانە.

## ١-٣-٢ دیدگای نوێ بۆ گرنگی لادان

مەبەست لە دیدگای نوێ بۆ شیعر و لادان، ئەو بنەما و باسانە دەگرێتەوە، کە لێکۆڵەران بەشێوازێکی پوختتر و وردتر، پێوەر و جۆرەکانی لادان دەخەنە ڕوو و لادانیش جیا دەکەنەوە

لەڕەوانبێژی کۆن. ئەم بیرورِا نوێیانەش دەکەونە سەدەی بیست و زۆرترینیان پسپۆڕی زمانەوانی، یاخود ئەدەبن بە بەشەکانیەوە، هەر ئەمانیش توانیان لەچوارچێوەی باسی شێوازگەریدا، لادان بخەنەڕوو لیوشپیتزە (١٨٨٧-١٩٦٠) یەکەم جار زاراوەی لادانی لەناو شێوازگەری بەکارهێناو، زمانی باوی وەکو پێوەری ئەو لادانە دانا (ویس: ٢٠٠٥: ٨٨).

لەدوای ئەو زمان دەبێتە باسی لێکۆڵەران، کە چۆن شێوازی خۆی دەگۆڕێت بۆ پەیامی هونەری هەر بۆیە بەمە ((چەمکی لادان لەژێر سایەی شێوازگەرییەوە گەشەی کردوو پەرەی پێدراوە)) (عەزیز: ٢٠١٤: ١٥٧) چونکە شێوازگەری باڵەخانەیەکی گەورەیە و لادان ژووریەکیەتی، هەر لەوێوە شێوازی تاکەکەسی و شێوازی قۆناغ و چەندین جۆریتر دەستنیشان دەکرێت. لەم بارەوە: (( شپیتزەر ڕای وایە ڕووخساری تایبەتی بۆکاری هونەری ئەوەیە، زیادەڕۆیی شێوازی کەسی کە هۆکارە بۆ ئاخاوتنی تایبەت و دوورکەوتنەوە لە ئاخاوتنی گشتی و هەموو لادانێک لە پێوەری زمان ڕەنگدانەوەی دەبێ لەبوارێکی تردا و بابەتی داهێنانی ئەدەبی بنەڕەتەکەی لادانە)) (لوصیف: ٢٠١١: ٤٣) لەبەر خوێندنەوەی ڕای شپیتزەر لادان و داهێنان بەمشێوە دەخەینە ڕوو.




شاعیری بەتوانا پەیوەندییە زمانی و واتاییەکان بەجۆرێک بوونیاد دەناتەوە، ببێتە بەشێک لە هزر و دنیا بینی وەرگر، چونکە گرنگە شاعیر دنیامان بەشێوازێکی تر و بەزمانێکی باڵاتر بۆ نمایش بکات، واتە تەکنیک و بیری هونەری، شیعر لەهەڵبەستی نا هونەری جیا دەکاتەوە.

(فالێری ١٨٧١-١٩٤٦) تێڕووانینی بۆ لادان بەجۆرێکە، کە دەڵێت: (( شیعر زمانە لەناو زماندا و سیستمێکی زمانی نوێیە، لەسەر دەرچوون لە سیستمی کۆن دامەزراوە، بۆ جۆرێکی نوێی واتا)) (لوصیف:٢٠١١: ٤١). جۆرێک لە ڕەهای (زمان لەناو زماندا) دەبینرێت، بەڵام ئەوەی ناهێڵێت ئەم بۆچوونە سنوری لادان و شیعرت تێپەڕێنێت بەتایبەتی (سیستمی کۆن و جۆرێکی نوێ) یە، واتە ئەگەر زمان سیستم بێت لادان و شیعریەتیش لەسەر بنەما و سیستەمێک بەکاردەهێنرێت، بۆ نوسینی دەقێکی

هونەری و داهێنەرانە. لە جێگەیەکی تردا بەوێنایەکی درامی (پۆل فالێری ١٨٧١-١٩٤٦) شیعر بە سەما و ڕێگەی لاردەچوێنێت. (لوصیف: ٢٠١١: ٣٤) هەردوو ئاماژەکەش (سەما و هێلی لار) بان (سەرو) دۆخی ئاسایی زمانن، واتە، ئەوکاتەیە زمان ناتوانێت بەڕاستەوخۆی و بێ شەپۆلی ئاواز و ڕەوانبێژی (لادان) شیعریەت دروست بکات، بۆیە شیعر ئەو دنیایە یە، جارێکیتر شاعیر دەنوسێتەوە زمان دادەڕێژێتەوە و وێنای جوانترمان لە دۆخی ئاسای بۆ نمایش دەکات.

(یاکۆبسن ١٨٩٦-١٩٨٢) لادان پەیوەست دەکات بە وێنا و ئارەزوو لای وەرگر، کە چۆن لای شاعیر دادەڕێژێت و دەبێتە سەرچاوەی داهێنان و دەڵێت: (( شیعر بیرکردنەوەیە بەوێنا، هیچ قەصیدەیەک بەبێ وێنا نابێ)) (بلعباسی: ٢٠١٥: ٣٦). لادان لای (یاکوبسن) لەسەر بنەمای هەردوو تەوەرەی جێنشینی و هاونشینی پۆلێنکراوە، بەتایبەتی لادانە پێکهاتەییەکان دەگەڕێتەوە بۆ بنەماکانی هەڵبژاردنی وشە و ڕێکخستنی یەکە زمانیە هەڵبژێردراوەکان لەپاڵ یەکتردا، کە ناویبردوون بە تەوەرەی جێنشینی و هاونشینی، کە (جان کۆهن) بەلادانی سیاقی ناوی دەبات.

هەروەها لە وتاری ئەدەبیدا ئەرکی شیعرییەت دەبێتە ڕوویەکی زاڵی وتارەکە و خولقاندنی شێواز کە بەڕای (یاکۆبسن) لە ئەنجامی دوو پرۆسەی یەک لەدووای یەکدا دێت، کە یەکەمیان، هەڵبژاردنە، کە قسەکەر دەربڕینەکانی لە فەرهەنگی زمان وەردەگرێت، دووەمیشیان، پێکهاتە و دانانە ( الترکیب) کە تاڕدەیەک پێویستی بە یاسای ڕێزمانی هەیە و ڕێگەپێدانی یەکتری لەڕووی دانان و گونجانەوە. (محمد:٢٠٠٨ :١٧٧) (یاکۆبسن) سودی لە میتۆدی کاری (دی سوسێرDessaussure) بینیووە، کە بریتیە لە بەکارهێنانی بیرۆکەی تەوەرەی ئاسۆی و ستونی، و ڕیزبوونی دانە فەرهەنگیەکان لەباری جیاوازدا لادان و شیعریەت دروستدەکات، دوورکەوتنەوە لەیاسا باوەکانی زمان، بەهۆی گۆڕینی شوێن و ئەرکی وشەکانەوە دەبێ.

هەریەکە لە لادان لە تەوەری هاونشینی و جێنشینی جۆرێک لە لادان بەرجەستە دەبێت و ئەم بەرجەستە بوونەش لە لادانی پێکهاتەی و واتای و ڕەمزەکاندا خۆی دەبینێتەوە. (ئیبراهیم:٢٠٠٨ :٤٧) . لەزمانی باودا گەیاندن ئامانج و تەکنیکە، بەڵام لە شیعردا تەکنیک دەرچوونە لە پێکهاتەی باو و واتای نوێ و وێنای شیعری دروستدەکرێت. (( شاعیر وشەکان بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوە و گواستنەوەی واتا بەکارناهێنێت، بەڵکو بۆ شاردنەوە بەکاردێت. شاعیر ئاگادارە، کە واتاکان زۆرن و خۆیان بەدەستەوە نادەن، کەواتە شیعر ڕزگاربوونە لە دەسەڵاتی زمان و شۆڕشێکی بەردەوامی زمانە)) (أحمدی: ٢٠٠٥: ٥٢). گۆڕینی واتا و داهێنانی شێوازی هونەری لە ڕێکخستنی فۆرمێکی نوێتردا سەرچاوەی شیعریەتە. پێویستە هاوپەیوەندیەک لەنێوان ئەم ڕێکخستنە نوێیەدا هەبێت و بابەتێکی لەخۆوەی و بێ چێژ نەبێت (یاکۆبسن) لەسەر ئەو بنەمایە دەڵێت: (( ئارەزوومان بۆ شیعر لە ئەنجامی

گونجان (هارمۆنی) تایبەتی دەقی شیعریەوە دێت)) (ویس: ٢٠٠٥: ١٦٤) لەبارەی کاریگەری ئەم زمان و وێنا داهێنەرانەوە ڕای وایە (( لادان لە تێگەیشتن لە شێوازەوە بەدەست دێت و بەجۆرێکی دەزانێت لە چاوەڕووانی نادیار و سنوری چاوەڕووانی وەرگر دەشکێنێ و لای خوێنەر سەرسوڕمان و کتوپڕی دروستدەکات و شیعر مافی ئەوەی هەیە ناوەڕۆکی جیهان بەڕێگەیەکی باڵا وتوند نیشان بدات)) (فوغالی: ٢٠١٣: ٣٦). دنیای شیعر لای (یاکۆبسن) دنیای ڕاستەقینە نیە و ئەو مافەش بە شاعیر دراوە بەهۆی لادان و شێوازەوە گەمەی ڕستەسازی و واتایی بۆ داهێنانی هونەری پەیڕەو بکات. لای (ڕۆلان بارت ١٩١٥- ١٩٨٠) شیعر و سیحر لەیەکدەچن و دەڵێت: (( لادان ڕووخاندن و زیادەڕەوییە بۆ سەر زمانی ئاسای، دەستدرێژی ڕێکخراوە دژی زمانی باو، ئەنجامی ئەم گوێزانەوەی واتایە لە کرداری سحرکردن دەچێت)) (لوصیف: ٢٠١١:٤٦). تێکدانی زمان لای بارت لە شیعردا بۆ مەبەستی هونەری دەگاتە ئاستێک وەرگر دەخاتە دۆخی شڵەژانەوە، دیارە ئەمە ئەنجامی ئەندێشەی سەر لەنوێ دروستکردنەوەی جیهان و دەوروبەرە. بە چنینی هونەریانەتر و دڵخوازتر، کە دنیای بەرینی شیعرە.

لای (ریڤاتیر١٩٢٤ – ٢٠٠٦) لادان لەڕێگەی دیاریکردنی دیاردەی شێوازەوە دەخرێتە ڕوو، بۆ جیاکردنەوە و ناسینی ئاستی هونەری، بەمشێوازە پێناسەی لادانی کردووە (( لادانە لەشێوازی گفتوگۆی ئاسای و لەگەڵ ئەوەشدا تێگەیشتن لە لادان دەرچوونە لەڕێزمانی گشتی)) (المسدی: ١٩٨٢: ١٠٣). لادان لە دەربڕینی ئاسای (ڕوون) و دەرچوون لە ڕێزمان لە شێوازێکەوە بۆ شیوازێکی تر، تا دەگاتە ئەوەی بە فێڵێکی مەبەستدار بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەری بزانێت و ئەم دیدگایەش بەدەست نایەت مەگەر بەدەرچوون لە معیاری ئاسای نەبێت، بۆیە (ریڤاتیر) پێوەری بەکارهاتو دەگۆڕێت بەزەمینەی شیوازناسی. (بوولحواش: ٢٠١٢: ٢٣)

نوسین و گفتوگۆ لای ئەو بەیەک ئاست دانانرێت و ( بڕووای وایە بوونیادی دەق دوو ئاستە، یەکەمیان نمونەی چینی سروشتی و دووەمیان نمونەی دەرچوونە لەو ئاستە) (المسدی: ١٩٨٢: ١٠٤).

ئاستی دووەم لایەنی هونەری و شیعر و لادان دەگرێتەوە، کە خۆی لەبەکارهێنانی باو دوور دەخاتەوە و لادانیش هۆی ئەو هونەر و جوانکاریەی زمانە.

شیعر ناتوانێت جوانی خۆی بپارێزێت، ئەگەر ئاست و چنینی سنوری ڕۆژانە تێنەپەڕێنێت و وێنای جیاواز دروست نەکات. لەڕاستیدا (( شیعریەت هەر تەنیا کێش و سەروا و یاسا باو و ڕۆکەشەکانی شیعر نییە، ئەوەندەی پەیوەندییەکانی نێو دەق و ڕایەڵەکانی وشە و ڕستە دەگۆڕیت)) (خۆشناو: ٢٠٠٩: ٤١).

یەکێکیتر لە لێکۆڵەرەوانی شیعر و تیۆری شیعری (تۆدۆرف ١٩٣٩ – ٢٠١٧) ە بۆ دیاریکردنی لادان، کە لە چی ئاستێکی زماندایە ئەو دەڵێت: (( زمان لە سێ ئاست پێک دێت، ئاستی ڕێزمانی،

ئاستی نا ڕێزمانی، ئاستی ناپەسەند و زمانی شیعر بە ئاستی ناڕێزمانی دادەنرێت)) (بولحواش: ٢٠١٢: ٢٣).

شیعر بەرهەمی چنینی هونەریانەی زمان و دروستکردنی وێنای شیعرییە، بە زمان و پێکهاتەی باو ناتوانێت لایەنە دیار و نەمرەکانی دەربخات، هەروەک گونجاویش نییە بە تێکدانی زمان و تێکەڵکردنی وشە و وێنای ئاڵۆز و بێجوانی بڵێن شیعر، چونکە شیعر ئەو دنیا پان و بەرینە نییە هەر کەسێک، بەبێ شارەزایی ئەدەبی بتوانێت بەرهەمی خۆی تیا بەزیندووی بهێڵێتەوە، واتە ((وتاری ئەدەبی هێندە ڕوون نییە، لەکاتێکدا وتاری سادە ڕوونە و هەموو واتە و کۆدەکانی دەبینرێت و وەکو دەرچەیەکی بلوری هیچ ڕووناکیەک گل ناداتەوە، سەرەڕای ئەوەی وتاری ئەدەبی ڕوون نییە مرۆڤ لەبەردەمیدا ڕادەمێنێت)) (لوصیف: ٢٠١١: ١٠٢)

(تۆدۆرۆف) وا سەیری لادان دەکات، کە پشتی بە شێواز بەستووە و (دووانەی تەواوکەرن) و ئەم لادانەش لەیاسا و سیستەمی زمان بە (لحن مبرر) ناودەبات. (المسدی: ١٩٨٢: ١٠٢) (ئاوازی بەپاساو) ڕێگە دەدات هەڵە لە سەر زمانی ئاسای بکرێت، بەڵام لەسەر ئاستی هونەری دەبێتە داهێنان و جوڵاندنی سۆز و چێژ لای وەرگر، چونکە (( هەموو لادانێک نابێتە بەهایەکی شێوازگەری، هەروەک هەموو بەهایەکی شێوازگەری لەسەر بوونی لادان ناوەستێ)) (ناظم: ٢٠٠٢: ٤٥). کەواتە ئاوێتەکردنی وێناو گەڕان بەشوێن پەیوەندی و ئاوازی شیعری دەبنە بنەمایەکی سەرەکی شیعر، چونکە تەنها بە لادان چێژ و هونەری شیعرییەت بەدەست نایەت، ئامانجی هونەری و شارەزایی، شیعریەت و تێکدانی زمان جیادەکاتەوە، بۆیە ((پرۆسەی شیعری کارێکی ڕەمەکی و بێ سیستم و بێسەر و بەرنییە، لادانیش لە پێوەرەکانی زمان لە شیعردا شتێکی بنەڕەتیە و بەبێ ئەم لادانە شیعر پەیدا نابێت، لەبەر ئەوە لە قەڵەمدانی ئەم لادانە بەهەڵە، واتە ڕەتکردنەوەی بوونی شیعر)) (حسین:٢٠٠٨: ٩١).

هەروەک چۆن مۆسیقا زمان و تایبەتی دەنگی خۆی هەیە، لادان و شیعریش خاوەن خاسیەتی خۆیەتی و (( خاسیەتی جیاکەرەوەی زمانی شیعری ئەوەیە، کە تایبەتمەندیە لادانیە شیعریەکانی بەئاسانی بڵاو نابێتەوە)) (ویس: ٢٠٠٥: ٩٦). لای (لیچ G.N. Leech ) "زمانی ئەدەبی" لەچاو جۆرەکانی تری بەکارهێنانی زمان پڕپێچ و پەناترە گەڕانەوەی بۆ سەر خۆیەتی و تایبەتمەندی خودکارییەکی کەمی تیا دەبینرێت.

شیعریەت پەیوەستکراوە بە لادانەوە، کە لای (لیچ) بە دوو شێواز دەردەکەوێت (( یەکەم لادان لە یاسا باوەکانی زمان و دووەمیان زیادکردنی هەندێ ڕێسای نوێ بۆ ڕێساکانی زمان)) (یەعقوبی: ٢٠٠٨: ١٤٧)

(شارل بالێ ١٨٦٥-١٩٤٧) کە یەکێکە لە ڕەخنەگرەکانی قوتابخانەی شێوازگەری نزیک بۆچوونەکەی (لیچ) زمانی ناو شیعر و دەرەوەی بەمشێوازە دەخاتە ڕوو. (( لادان دروست بووە

لەسەر دوو بنەما، بوونیادی زمانی بێ لایەن ، کە خاوەن پلەی سفری دەربڕینەو سادەیە، جۆری دووەم بوونیاتی دەربڕینی وزەدارە، کە نمونەی ڕۆڵی جوانییە و کاری دەستتێوەردانە لە سیستەمی زمانی سادە)) (بوولحواش: ٢٠١٢: ٢٧). شاعیر ملکەچی ئەندێشەی خۆیەتی و زمان وەک کەرەسەیەکی سەرەتایی سەیر دەکات، چونکە هەرکات وێنا و خەیاڵ کرا بەقوربانی زمان ئەوکات جوانی لاواز دەبێت.

(جان کۆهن) لە کتێبی ( اللغة العليا، بنية اللغة الشيعرية)(زمانی باڵا، بنیاتی زمانی شیعری) کە لەساڵی ١٩٦٦نوسراوە، زۆر لە لایەنەکانی شیعریەت و لادانی شیعری باسکردووە، ناکرێت کەسێک لە بارەی لادانەوە توێژینەوەیەک بکات و بۆ ئەو سەرچاوانە نەگەڕێتەوە. لای (جان کوهن) (( شیعریەت خەستکردنەوە ( چڕکردنەوە) ی زمانە و وشە گۆڕانکاری پێکهاتەی واتای بەسەردا نایەت، بەڵکو شێوازی وێنای دەگۆڕێت)) (جون کوین: ٢٠٠٠: ١٤٥). بەواتای ئەرکی هونەری دەگۆڕێت و پێکهاتەی زمانی وشە ناگۆڕێت ئەم جیاوازییە لای کۆهن بەم شێوازە ڕوون کراوەتەوە. (( جیاوازی لە قسەکردندا گەیشتنە بەگەیاندن، بەڵام جیاوازی لە شیعردا مەبەستی هەواڵ و گەیاندن نییە، بەڵکو دوورکەوتنەوەیە لە ڕێگەکانی باوی شێواز و دەربڕینی بوونیاتی پەیوەندی نوێ و ناباوە)) (بوولحواش١:٢٠١٢ ١٨)

شیعر تێکدانی زمانی باوە، بەمەبەستی هونەری و سەرچاوەی دەوڵەمەندی شکۆیە بۆ زمانی سروشتی، چونکە ئەرک و مانای نوێ لە چوارچێوەی دەقی شیعریدا دەچێنرێت و نهێنی شیعر پێویستی، بوونی مرۆڤە (( ئەمرۆ بەڕادەیەکی بەرچاو و پیرۆز ڕێز لە شیعر دەگیردرێت، کە هەر هەوڵدانێک بۆ خستنەڕووی میکانیزمی پرۆسەی شیعر نوسین، وەکو پێشێلکردنی بەهاکەی وایە)) (جان کۆهن: ٢٠٠٨: ٣٣). لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت باس لە میکانیزمی بەشیعریەت بوون تاڕادەیەک بکرێت و ئاوڕ لەو نهێنیە بدرێتەوە، کە دەربڕین دەگوازرێتەوە بۆ شیعر(کۆهن: ٢٠٠٨: ١٩٤) لادان مەرجی پێویستی هەموو شیعرێکە جان کۆهن ئەوەش ڕادەگەیەنێ کە (( سەرچاوەی بنەڕەتی هەموو شیعرێک خوازەی خوازەکانە و مەبەستیش خواستنە)) (کۆهن: ٢٠٠٨ : ٢٠). واتە لادان لای (جان کۆهن) بەسەر دوو ئاستی جیاوازدا دابەش دەبێت: ((ئەویش لادانی جێگۆڕکێ ( استبدالی) کە خۆی لە (خواستن) دا دەبینێتەوە و هەوڵی ڕەتکردنەوەی لادان دەدات، کە شیعر یاساکانی ئاخاوتن تێکدەشکێنێ و مانای فەرهەنگی دەگۆڕێت بۆ مانای (خواستن) و لە مەدلولی یەکەمەوە بۆ مەدلولی دووەم لەمانای چەمکەوە بۆ مانای هەڵچوون)) (الرواشدة: : ٢١) ئاستی دووەمی لادانیش (لادانی سیاقی) کە خۆی لەسەروا و ڕەگەزدۆزی لەئاستی دەنگی و دانەپاڵ و ئاوەڵناوی زیادە و پێشخستن و پاشخستن لەسەر ئاستی پێکهاتە دەگرێتەوە. (مستەفا:٢٠٠٨ : ١٤)

ئەوەی شێوازناسی و ڕەوانبێژی لەبارەیەوە دەدووان، دوای پرۆسەی نوسینە، واتە هەردوو جۆرەکەی زانستی ئەدەب ناتوانن نهێنی نوسینی شیعر و میکانیزمی لادان وەکو بابەتێکی زانستی پەتی بخرێتە بەر باس و کەسانی دی لێوەی شارەزابن، بەڵکو شێوازگەری و ڕەوانبێژی لەبارەی بوون (وجود) ی لادان و جوانکاریەوە دەنوسن، کە لە دەقدا لەپێشدا نوسراوە. شیعریش بۆ ئەوەی ببێ بە شیعر، پێویستە لەلای ئەو کەسەی، کە ئاراستەی دەکرێت پەیوەندییەکان بمێنن و تێبگات (جان کۆهن:٢٠٠٨: ١٥٢)

زمانی شیعری لای کۆهن هەمیشە لە دۆخی ئەرێدا نییە، بەڵکو بۆ دۆخی دروستبوونی شیعر دەچێتە دۆخی ڕەتکردنەوە و نەرێکردنەوە ( مەبەست لە پێکهاتەی ڕێزمانی و واتاییە) ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە کە (( شیعر کردارێکە دوو سەرەیە و پێکەوە بەردەوامی هەیە، (لادان) و نەفیکردنی (لادان) ە، کە شکاندنی بوونیاتە و بنەماکردنی بوونیاتیشە بۆ ئەوەی چامەی شیعری خۆی بچەسپێنێ، پێویستە دەلالەتەکانی بزربن لەسەرەتادا، پاشان ئەمانە هەمووی لە هزری خوێنەردا بدۆزێتەوە کە لەلای دروستدەبێت)) (جان کۆهن: ٢٠٠٨: ١٥٢).

ئەمە بەم دوو خاڵە بەدیدەهێنرێت:

١- بوونی لادان.

٢- نەفیکردنی لادان.

لەم دوو خاڵەدا دەردەکەوێت، پێویستە شیعر بەکارهێنانی باوی دانە فەرهەنگیەکان لەڕووی ڕیزبوون، یاخود پەیوەندی واتاییەوە تێپەڕێنێت و (نەفی بکات) بەڵام لەهەنگاوی دووەمدا بەهۆی ئاشکراکردن و دۆزینەوەی جوانیەکانی دەق و لادانەکانەوە ئەو (نەفی) یە دەگەڕێنرێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی بۆ گەیشتن لەجوانیەکانی دەق. کاریگەری بیر و زانیاری لێکۆڵینەوەکانی (جان کۆهن) لەسەر زۆر لە لێکۆڵەرەوانی دوای خۆی دەردەکەوێت، چونکە چەمکی (لادان) لای ئەو بەقووڵی لەبارەیەوە نوسراوە. لەناو عەرەبەکانیشدا کەسانی وەک (د.عبدالسلام المسدی، د.أحمد محمد ویس، د. عباس رشید الادە) دیارترینی ئەوانەن کە باسی لادانیان وەکو سەرچاوەی شیعریەت کردووە و شیعریەتیان لەڕەوانبێژی کۆن دابڕی و بەمیتۆدەکانی شێوازگەری دەقی ئەدەبی شیکار دەکەن.

(د. عبدالسلام المسدی ١٩٤٥-؟) لەکتێبی (الاسلوبیة و الاسلوب) دا وردەکاری شێوازگەری خستوەتە ڕوو پەیوەستی کردووە بەلادانەوە. ((لادان دەسەڵاتی مرۆڤە بەسەر زمان و دەروندا و بۆ گەشە و شاردنەوەی ئەو کەم و کوڕیانەی، کە لە زمانەکەدایە ڕۆڵی دەبێت و زمان لە دۆخی چەقبەستوەوە دەگوێزێتەوە بۆ باری داهێنەرانە)) (المسدی: ١٩٨٢: ١٠٢). شیعر لای (د. عبدالسلام )

ئەنجامی پێدانی ئەرک و واتای نوێیە بەدانە فەرهەنگیەکان، بەجۆرێک شیعریەت زمانی سادە دەکاتە دەقێکی پڕ چێژ و لادانەکانیش نا چاوەڕووانی لای خوێنەر دروستدەکات.

لەبەرئەوە زمانی ئاسایی، مرۆڤ نا گوازێتەوە بۆ ئەو دیوی ئەو دۆخەی، کە بەریدەکەوێت، مەگەر لە گوێزانەوەی هەواڵێکی زۆر خۆش، کە بەهۆی خۆشی ئەنجامی ڕووداوێکە، نەک چنینی ئەدەبی و وێنای هونەری، لە ئاگادارکردنەوەش لە هەواڵی ناخۆش (ترسناک) دووبارە خوێنەر (وەرگر) دەچێتە دۆخی شلەژانەوە و ئاسای بوونی خۆی لەدەستدەدات، بەڵام ئەمانە کەلە دەرەوەی جوانکاری زمان و لادانەوەن بە شیعری و هونەری دانانرێن، کاری (( شێوازگەریش لێکۆڵینەوەیە لەو لایەنانەی، کە زمان لە زەمینەی هەوڵەوە بۆ ئەرکی کاریگەری و جوانی دەبات)) (المسدی: ١٩٨٢: ٣٦). لادان گوێزەرەوەی ئاخاوتن و نوسینە، لە سادەی و گشتی یەوە بۆ ناسادەی و تایبەتی، بەجۆرێک خزمەتی شیعریەت بکات.

شاعیر و نوسەری دیاری عەرەب (ئەدۆنیس) لەبارەی شیعر و لادانەوە خاوەن بۆچوونی نوێیە و دەڵێت: (( شاعیر وشەکان لە دەلالەتە کۆنەکانی بەتاڵ دەکاتەوە و دەلالەتی تازەی پێدەبەخشێ، کە کەس لەوەوپێش نەیگوتبێ و شیعر گۆڕانە لە سیستمی شتەکاندا و سیستمی تێڕووانین بۆیان)) (بەرزنجی: ٢٠٠٨: ٨١).

لای (ئەدۆنیس ١٩٣٠-؟) گرنگی زمان لە شیعردا لەبیر کەمتر نییە، وەکو لە زانست و پەخشاندا نییە بەشێوەیەکی گشتی، بەڵکو ((زمانی شیعری چنینی تایبەتە)) (أدوونيس: ١٩٩٢: ٢٨٦). ئەمە دەگاتە ئەو ئاستەی کە (ئەدۆنیس) هەموو ڕەخنە و لێکۆڵینەوەیەک بەزانستی نەزانێت، چونکە (( شیعری نوێ پێویستی بە ڕەخنەی نوێیە، پێویستە ئەوە ڕەتبکەینەوە، کە تێگەیشتن لە شیعری نوێ بەدیدگای ڕەخنەی کۆن بەدەست نایەت، هەموو داهێنانێکی نوێ پێوەری نوێی هەیە و هەموو دنیایەکی نوێ تێگەیشتنی نوێی پێویستە و نرخی ڕەخنە پەیوەستە بەماوەی تواناوە لەسەر قووڵی و ئەزمونی داهێنانی نوێوە)) (بكير: ٢٠١٣: ٨٦).

لای ئەدۆنیس وشە لە چنینی هونەریدا جوانیەکانی زیاتر دەردەکەون، ئەویش ئەنجامی لادان و تێپەڕاندنی بەکارهێنانی باوە (شیعر لە وشەدا بوونی نییە وەکو ڕەنگ یان بۆن کە لە گوڵدا هەیە، شیعر لە مرۆڤە و مرۆڤ پڕکەری زمانە بەشیعر و لەوێوە پڕکەری دنیایە) (أدونيس: ١٩٩٦: ١١٠).

پەیوەندی وشە و شیعر لە دوو بوون و پەیوەندی سادەوە بەدیناهێنرێت، بەڵکو لە دۆزینەوەی ئەو جوانیانەیە، کە هێشتا بەکارهێنانی باو پەی پێنەبردووە، واتە خوێنەر چەند بەر جوانیەکی نوێ بکەوێت، هێندە شیعرەکەی بە زیندووی کاریگەر لادەردەکەوێت. خاسیەتی شیعر لە دەربڕینی ئەو جیهانەدایە، کە زمانی ئاسایی بەرامبەری دەستەپاچە دەوەستێت و ناتوانێت دەریببڕێ. ئەو زمانە

سنورداره له کاتێکدا ئەو جیهانە شیعرییە سنوری نییە و ناشتوانین بە سنوردارێک بەبێ سنورێک دەربڕین، کەواتە دەبێ ڕوو بکەینە ئەو هۆیانەی لە ڕێگایانەوە بەسەر ئەو سنورداریەدا زاڵ دەبین. (سابیر: ٢٠٠٦: ٢٨٦)

لای فارسەکان (د.محمد رضا شفیع کدکنی و کۆرشی سەفەوی) و چەندانیتر لەسەر ئەم بابەتەیان نوسیوە و ئاوڕیان لە لادان وەکو ئامرازێکی شیعری داوەتەوە. کۆرشی سەفەوی پێناسەی لادان دەکات و دەڵێت: (( لادان بریتیە لە پرۆسەی زەقکردنەوە، کە زمان تیایدا لە ڕووکەشێکی ئاسای دەگۆڕێت بۆ شێوەیەکی ناباو و نائاسایی )) (صفوی: ١٣٧٢: ٣٣). شێوازی باو و ڕستەسازی ڕێزمانی لای (صفوی) شیعریەت و لادان دروستناکات، بەڵکو خۆدوورخستنەوە لە شێوازی باو دروستیدەکات، چونکە زمانی ئاسایی کەمتر هەست و سۆز دەجوڵێنێت و شیعریش بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە زمانێکی هونەری وەهایە ئاستی جوانکاری و وێنای باڵاتربێت لە هەموو جۆرەکانی تری زمان، ئەم جوانیەی زمانیش هەمیشە لە گۆڕاندایە، لەبەر ئەوەی زمان خۆی بوونێکی گۆڕاو جوڵاوی هەیە.

(شفیعی کدکنی١٩٣٩-؟) لەبارەی کاریگەری ئاستی لادانەوە دەڵێت: (( ڕەنگە سبەی یا عەسری ئەمڕۆ بڕووایەکی ترم هەبێ، بەڵام لەم ساتەدا بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم شیعر کارەساتێکە لە زماندا ڕوو دەدات)) (پهلوان و بیرگانی: ١٩٨٨: ١١٤). کارەساتی لادان و شیعر تێکدانی زمانە، بەڵام بە وێنا و ئەندێشەی داهێنەرانە، جارێکیتر زمانی باو و شیعریەت پێکەوە ئاشت دەبنەوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر دابڕینی زمانی شیعر بەهۆی جۆرەکانی لادانەوە توانای نەبوو بگەڕێتەوە سەر ئاساییبوونەوەی خۆی، ئەوە شیعر نییە، جگە لە ورێنەیەکی کەسی و تایبەتی و ئەو بەرهەمەش شایانی لەسەر وەستان نییە، بۆیە لادان کەرەسەی گۆڕینێکە، کە توانای گەڕانەوەی بۆ سەرچاوە هەبێ بەهۆی پەیوەندیە ناوخۆی و دەرەکیەکانی نیشانەکار و نیشانە بۆکراو (دال و مەدلول).

## ١-٣-٣ دیدگای نوسەرانی کورد بۆ گرنگی لادان

لەبەر ئەوەی بابەتی لێکۆڵینەوە لەبارەی لادانەوە زۆر کۆن نییە، بۆیە سەرچاوە و کانگای زۆریش بەچاپ نەگەیەنراون. (د. زاهیر لەتیف کەریم) لێکۆڵینەوەیەکی بەناوی لادان لە شیعری حاجی قادری کۆییدا لەساڵی ٢٠٠٥ لە گۆڤاری (سردم العربی) نوسی، کە بوو بە کەرەسەی زۆر لە لێکۆڵەرانی تر، کە لەبارەی شێوازناسی و لادانەوە دەیاننوسی.

(د. زاهیر) لادانی پەیوەست کردووە بە لایەنی بیر و لایەنی کۆمەڵایەتیەوە، دۆخی دەرونی و هۆشیاری شاعیر ڕۆڵدەگێرن لە دروستکردنی لادانی شیعریدا. (کریم: ٢٠٠٥: ١٢٣)

لەبارەی لادان و ئەرکی جوانکاری، نوسەر باس لە گۆڕینی ئەرکی شیعر دەکات (( شیعر چالاکیەکی زیندووی مرۆڤایەتیە کاتێک یاسای کۆمەڵایەتی سیاسی و ئاینی... و بەرەو هەڵوەشاندنەوە

دەچن، یان لەسەردەمێکدا مرۆڤ خۆی لەژێر ڕکێفی یاسا و کۆتوپێوەندەکان دەرباز دەکات، ئەم ڕاپەڕینەش شیعریش دەگرێتەوە)) (حسين: ٢٠٠٨: ٩٧)

شیعر دەتوانێت لە ژینگەو دۆخی ئاسای ژیاندا زمان و گێڕانەوەکانی هاوشەپۆلی ژیان بڕۆن، بەڵام هەمیشە شیعر زمان و بیر و پیرۆزی بەزۆر سەپاو ودواکەوتوو ڕەتدەکاتەوە و لادان لە خودی خۆیدا و لەدەرەوەی خۆی دروستدەکات و ئەو لادانەش بەنەمری دەیهێڵێتەوە.

بۆ نمونە ئەدەبی کوردی لە ساڵانی (١٩٧٠) کاندا و بەدوواوە تێکەڵی بابەتە فکری و ڕۆشنبیرییە ڕۆژئاواییەکان بووە و پەیوەندییە کۆن و ئەزمونە شیعریەکانی تێکشکاندووە، بەبیرێکی زانستیانەتر دەقەکان شیدەکاتەوە، چونکە (( ئەدەب بەبێ ئەزمونی بەردەوام دەمرێت)). (کورك: ١٩٨٢: ٤٥). لەبەر ئەوە خودی ئەزمون هۆکاری نوێبوونەوەیە و دەقی نوێش جۆرێکە لە جوانی دەق، واتە دەق ئەگەر وێنای ئەزمونی کێشا و هەمیشە لە نوێبوونەوەدا بوو، دووبارە نەبۆوە، ئەوا پەیوەستی دەکات بە دەقی کراوە و بێ کۆتا. (ادونيس: ١٩٧٨: ٦٥)

هەروەک لە ئەدەبی کوردی ئەو بزوتنەوە شیعرییەی نالی ( ١٧٩٧ – ١٨٧٢) سالم (١٨٠١-١٨٦٦) کوردی (١٨٠٩-١٨٤٩) واتە بەتایبەتی کلاسیک، کە دیاترین بنیاتی هونەری ئەو بزوتنەوە شیعرییەی (غەزەل ، قەصیدە) بوون وەک دوو قاڵبی شیعری، کە لەڕووی بنیات و کێش و سەروا و زمانی شیعری و وێنای شیعرییانەوە هاوتای هونەری شیعری فارسی بوون و جیابوون لە شیعری فۆلکلۆر و میللی و تەنانەت لە شیعری مەولەویش.

ئەم بزوتنەوە لادان بوو لە بنیاتی کێشی خۆماڵی و زمانی سادەی خەڵک، واتە قوتابخانەی (نالی و سالم و کوردی) جۆرو لادانێکی پێوانەیی بوو، واتە جۆرێک لە هەڵگەڕانەوە بوو لە پێوانەکانی پێش خۆیان، کە زمانی شیعریان بەرەو ئاقارێکی تر بردووە و بنەما سەرچاوەی شیعریەتیان دامەزراندووە بەهۆی (لادان) ەوە، هەر بۆیە ئەم جۆرە لادانە لەسەر ئاستی بنیاتی زمان بوو لە ئەدەبی کوردیدا ، بەڵام لێرەدا توێژینەوەکەمان بە مەبەستی (لادان) ە لەسەر ئاستی زمان. لە هەردوو ئاستی واتایی و پێکهاتەیی شێوازناسی نوێ بۆیە هەتا ڕێژەی لادان و وەچەرخان زیاد بێت، زمانی شیعری لەبەرزترین پلەی کاریگەریدایە. (مبارك: ١٩٨٧: ٢١١)

جەوهەری (لادان) تەوەرێکە لە تەوەرەکانی (جان کۆهن) چونکە (( شیعر لادانە لە پێوەری یاساکانی زمان، یان پرەنسیپێک لە پرەنسیپەکانی، لەبەر ئەوە لادان شیعریەت ناگەیەنێ، هەتا یاسایەکی نەبێت و جیای بکاتەوە لە ئاستی نالۆژیکی)) (جان كوهن : ٦) چونکە ((وشەکان دال و مەدلولن و لەسەر سیستەمێکی تایبەت دەڕۆن و پەیوەست نین بە دەرەوەی خۆیان و گرنگیشیان هەر لەو سیستەمەدایە نەک سیستەمێکی تر)) (مبارك: ١٩٨٦: ٢٠٨). چونکە لادان لەزمانی باو لادانی دیدگای

بۆ ژیان بەدوادا دێت و هەروەک (د. زاهیر) دەڵێت: (( ڕووبەڕووی و ئازادی تایبەتی حاجی تەریبی ابی نواس و بشاربن برد و حەلاجە لە لادانەکانیان لەسەر پێوانەی ژیان و بیر و شیعر، بەڕای حاجی ئەنجامی خراپبوونی کۆمەڵگا، پیاوانی ئاینین )) (کریم: ٢٠٠٥: ١٢٣). شیعر کاتێک سنوری بیری باوی تێپەڕاند بۆ خۆی گەورەترین لادانی نوێ و تایبەتە، هەرکاتێش ئەو نوێیە زیاتر هونەری و بەهێز دەبێت ئەگەر بچێتە ناو غەمە گشتی و هەندێکجار تاک بکاتە مەیدانی خەیاڵی هونەری ئەوا زیاتر لادان و هونەریە و لای وەرگر جێگەی سەرنج دەبێت.

(د. محمد مەعروف فتاح) هەرچەند زمانەوان بووە، بەڵام هەر لە ڕوانگەی زانستەکەی خۆیەوە لای بەلای باسی لادان‌دا کردووە و دەڵێت: ((توانای داهێنان، کە بەزۆری لە شاعیردا هەیە، لەبەزاندنی یاساکانی زمانەوانی دێ... تا شاعیر شارەزایی لە یاساکانی زمانەکەدا نەبێ، ناتوانێت لەم یاسایانە لابدات، یان بیان بەزێنێت)) (فەتاح: ٢٠١٠: ٤٠٣). لادان کارێکی لەخۆوە و پێ پلان و شارەزایی نییە، چونکە داهێنانی زمانێکی نوێ لە دەقدا و پیشاندانی وێنای شیعری پێویستی بەئاگایی و ئەزمون هەیە.

لەبارەی توانایی لای شاعیر (خەیاڵ و ئەندێشەی هونەری بەرز ) ڕای وایە، ((ئەگەر مرۆڤی ئاسایی یەک توانای لە زماندا هەیە، کە بەکارهێنانی ڕەسەنی زمانەکەیەتی، ئەوا شاعیر دوو توانای دراوەتێ)). (فەتاح: ٢٠١٠: ٤٠٣). لای (د. محمد) ئاساییە زمان تێک بشکێنرێت، بەڵام لەپێناو داهێنانێک، کە تۆوەکەی لادان بێت و بەروبوومی جوانی و وێنای هونەری زیندووبێت. واتە (( پاساوی جوانی و مەبەستی هونەری ئامانجی لادانە، وەکو وروژاندنی بیر یان جۆشدانی عەقڵ یان سەرنج ڕاکێشانی بەرامبەر هۆکارەکەشی بەکارهێنانی زمانێکە کە شێوازەکەی باڵاتر بێت لە باو)) (بدرة: ٢٠١٧: ٢٠).

(عەبدولخالق یەعقوبی) نوسەر سەرنجی لەبارەی لادانەوە و بەم شێوازەیە وشیعریەت بە داهێنان ناودەبات و لادان بەم جۆرە دەناسێنێت (( لادان بەواتای خۆ دوورخستنەوەیە لە ڕێسا باوەکانی زمان، با ئەوەش بڵێین لێرەدا مەبەستمان هەر چەشنە لادانێک لە ڕێسا باوەکانی زمان نییە، چوونکی لادانی وا هەن زیاتر بنەمایەکی ناڕێزمانیان هەیە و ناکرێ بەداهێنانی هونەرییان لەقەڵەم بدەین)) (یەعقوبی: ٢٠٠٥: ٢٩).

هەموو زیادەڕۆییەک بۆ سەر زمانی ئاسایی بەلادانی هونەری دانانرێت ، چونکە شاعیرانی دادایی و سوریالی بەشێوازێک دەنووسن، کە لەخوار ئاستی زمانی ئۆتۆماتیکەوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێک لەشیعرییەتی تیادا دەبینرێت، بەڵام هەرگیز وەکو شیعری پێش سەدەی بیست خاوەن چێژ و وێنای هونەری نین و بە ئاسانیش کۆدەکانیان بۆ هەموو خوێنەرێک ئاشکرا نابن.

ئەوە مەبەستە هەروەکو (یاکۆبسن) ئاماژەی پێکردووە پێویستە دەق خاوەن کۆد بێت و شیعرییەتی تیادا بێت و دەزووی تێگەیشتنی وەرگر بەهۆی ئاڵۆزی شیعرییەتەوە نەبچڕێت (مەبەستمان خوێنەری شارەزایە).

کەواتە مەرجی هونەری و لایەنی جوانکاری پێویستن بۆ لادانەکان، لەبەر ئەوە (( ئەو بەرهەمەی کە لە زەیندا دەخوڵقێ لە زماندا ڕەنگ دەداتەوە، کەواتە ئەوەندەی، کە گرنگە پرۆسەی داهێنان لەناو زەیندا تاوتوێ بکرێت شەن و کەو بکرێت و بتوێتەوە لە زەینی داهێنەردا، ئەوەندەش گرنگە کە لەکاتێ هاتە ئاستی زمان بتوانێ لایەن و ڕەهەندەکانی جوانیناسانەی خۆی بپارێزێت)) (یەعقوبی: ٢٠٠٩: ٢٢٧). لەدنیای ئەدەبدا چڕکردنەوە و زەقکردنەوە شیعریەت و داهێنانی شیعری دروستدەکات، بەڵام پێویستە ئەو چڕیە ببێتە ئەنجامی وێنەیەکی بەرزتر لەبەرکارهێنانی باو. چونکە شیعر باڵای خۆی لەجیاوازی و زمانی هونەری خۆیدا نمایش دەکات، (د.عەبدولقادر حمە ئەمین محمد) لەنامەی دکتۆراکەیدا باسی لادانی کردووە و هەموو لادانێک بەپەسەند نازانێت، چونکە لادان لای ئەو دەبێ لۆژیکی بێت، هەرکات لادان سنوری شیعریەتی تێپەڕاند ئەوا بەنالۆژیکی دادەنرێت. (محمد: ٢٠٠٨: ١٦١)

ئەمە واتای ئەوە نییە ئەگەر بڕی دابڕان و وەرچەرخان زیاد بێت دەق لە شیعر دەخات (( تاکو ڕێژەی وەچەرخان فراوان بێت لەزمانی ئاساییدا زیاتر لە شیعریەت نزیک دەبێتەوە)) (محمد:٢٠٠٢: ٧). بەڵام پێویستە کۆدە شیعرییەکان توانای کرانەوەیان هەبێت بۆ ئەوەی نامەیەکی هونەری بەرهەم بێت.

شیعر جارێکیتر پەیوەندییەکان دادەڕێژێتەوە، بەڵام بەئامانجی هونەری و ڕۆڵی خودی شاعیری پێوە دەبینرێت (( لادان شێوازێکی ئەدەبی خودییە )) (حاتم: ٢٠٠٥: ٢٣).

(رفیق سابیر) وەکو شاعیر و ڕەخنەگرێک ڕای وایە، ((کە تەکنیکی زمانی شیعر جیاوازە لە زمانی گفتوگۆی ئاسایی و زمان لە ئامرازێکی پەیوەندییەوە بۆ هونەر تایبەتمەندی خۆی، وەک ژانرێکی ئەدەبی دەسەلێمێت شیعر ناتوانێت مانەوەی خۆی لە باو و شێوازی گشتی دا بهێڵێتەوە و سنوری زمان و بیرکردنەوە و خەیاڵ و لۆجیک دەبەزێنێت)) (سدیق: ٢٠١٩: ٨٩).

(مەریوانی وریا قانع) کە خۆی دیوانی شیعری هەیە و یەکێکە لە دەنگ و پێنوسە دیارەکانی کوردستان، لەبارەی زمانی شیعرەوە دەڵێت: ((شیعر جۆرێکی تایبەتی ژیانە لە ناو زماندا، یان وەک من دەڵێم دروستکردنیماڵێکە لەناو زماندا و مانا تەقلیدیەکانی لەدەستدەدات )) (سدیق: ٢٠١٩: ١٧). لای مەریوان شیعر و شاعیر یەکن چونکە (( شاعیری ڕاستەقینە لەناو شیعردا دەبێت بەخۆی، دەبێت بەو (من) ەی، کە دەشێت لەشوێنی تردا و لەناو پەیوەندی تردا بزری بکات، بۆ نمونە لەناو کەلتور و دین و سونەت و ڕای گشتی )) (سدیق: ٢٠١٩: ١٧).

نامۆی و نوێی لای وەرگر جێگەی سەرنجن، ئەگەر جوان بوون ئەوا خوێنەر و بیسەر بۆخۆی پەیوەست دەکات، زمانی شیعریش نوێیەتی و نامۆی یە بەراورد بەزمانی گفتوگۆ، نامۆیە بە پێکهاتەی ڕێزمانی و نوێیە لەبەر ئەوەی دنیامان بەجۆرێکیتر بۆ دەگێڕێتەوە.

گرنگی لادان بۆ شیعر وەک گرنگی خۆرە بۆ گژوگیا، مانەوەی هەر یەکەیان پەیوەستە بە سەرچاوەکەیەوە. لادانیش تێکدان و ئاوێتەکردن و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی زمانە، بەڵام ئامانج و ئەنجامێکی نائاسای لە پشتە، شاعیر توانی خەیاڵەکانی لەچوارچێوەی لۆجیکی شیعریدا ئەو سنورەیە لە شیعرییەت و لادان کە پەیوەندی داهێنەرانەی شاعیر و وەرگر( خوێنەر) بزر نابێت، چونکە تێکدانی لەخۆوەی زمان و دروستکردنی ئاڵۆزی و نادیاری ناچێتە ناو داهێنانی هونەریەوە، بەڵام ڕێگەش لەوە نەگیراوە کە شاعیری داهێنەر گەمە واتایی و زمانیەکانی تا بەرزترین ئاست ببات و کەسانی ڕۆشنبیر و قووڵ بتوانن لەبەرهەمەکەی بگەن و هەست و سۆزی وەرگر بۆ خۆی کێش بکات، ئەوا شیعریەت و لادانی هونەری و زیندوون، لەبەر ئەوە پێویستی بە ئاگاداری و ماندووبوون و وەستایەتی هەیە، ئەمە لەبەرئەوەی کە چۆن زمانێکی خاو دەکرێتەوە وزەیەکی بزوێنەر و لە شیعردا فیسۆلۆجی زمان جارێکي تر ورد دەکرێت و سەرلەنوێ دادەڕێژرێتەوە.

# بەشی دووەم/ لادانی پێکهاتەیی

## ٢-١ تەوەری یەکەم/ لادان لەسەر ئاستی ڕستەسازی

٢-١-١ باسی یەکەم/ کرتاندن

٢-١-١-١ کرتاندنی بکەر

٢-١-١-٢ کرتاندنی کردار

٢-١-١-٣ کرتاندنی کاری بێهێز

٢-١-١-٤ کرتاندنی نیهاد

٢-١-١-٥ کرتاندنی ئامراز

٢-١-١-٦ کرتاندنی هاوەڵناو

٢-١-١-٧ کرتاندنی هاوەڵکار

٢-١-١-٨ کرتاندنی گرێ.

٢-١-١-٩ کرتاندنی نیوەدێڕ

٢-١-١-١٠کرتاندنی ڕستە

٢-١-١-١١کرتاندنی دێڕی شیعری

٢-١-٢ باسی دووەم/ پاش و پێشخستن

- پێشخستنی کردار
- پێشخستنی بەرکار

- پاش و پێشخستنی نیهاد
- بکەر و پاش و پێشخستنی لەگەڵ بەشەکانی تری ڕستەدا
- پاش و پێشخستنی نیوەدێڕ

٢-١-٣ باسی سێیەم/ هاتنی کەرەستەی زیادە

- پیتی زیادە
- وشەی زیادە
- نیوەدێڕی زیادە

٢-١-٤ باسی چوارەم/ تێکدانی بنیاتی ڕستە و هەڵەی ڕێزمانی

- تێکدانی بنیاتی ڕستەسازی
- هەڵەی ڕێزمانی

٢-١-٥ باسی پێنجەم/ دووبارەکردنەوە لە ئاستی ڕستە و دێڕ و کۆپلە

- دووبارەکردنەوەی ڕستەی ناتەواو
- دووبارەکردنەوەی ڕستە
- دووبارەکردنەوەی نیوەدێڕ
- دووبارەکردنەوەی دێڕی شیعری ( دو نیوەدێڕ )
- دووبارەکردنەوەی کۆپلە

**٢-٢ تەوەری دووەم/ لادانی پێکهاتەیی لەسەرئاستی وشەسازی**

٢-٢-١ باسی یەکەم / کرتاندن

أ- کرتاندن لەسەرەتای وشەدا
ب-کرتاندن لە ناوەڕاستی وشە و گرێدا
ت-کرتاندن لەکۆتای وشە و گرێدا

٢-٢-٢باسی دووەم/ بەکارهێنانی وشەی کۆن و پەراوێزخراو

٢-٢-٣ بەکارهێنانی وشەی شێوەزارەکانی تر

٢-٢-٤ باسی سێیەم/ تێکدانی ڕۆنانی باو

٢-٢-٥ باسی چوارەم/ داهێنانی وشە لەلایەن شاعیرەوە

٢-٢-٦ باسی پێنجەم / لادان لە زمان و بەکارهێنانی وشەی بێگانە

٢-٢-٧ باسی شەشەم / دوبارەکردنەوە

٢-٢-٧-١ دوبارەکردنەوەی پیت

٢-٢-٧-٢ دوبارەکردنەوەی هێشوە دەنگ

٢-٢-٧-٣ دوبارەکردنەوەی وشە.

## ٢-بەشی دووەم : لادانی پێکهاتەیی

زمان پێکهاتەیەکی ژیربێژی (لۆژیکی) و ڕستەسازی ئاڵۆزە، چونکە پەیوەندی دەنگ و وشەو ڕستەکان خورتی نییە، بەڵکو ئەنجامی بەرکەوتن وشارەزایی بەکارهێنەرانیەتی. هەرکەسێک، ئەگەر بیەوێت هونەر بنوێنێت لەناو پێکهاتەو بەکارهێنانی زماندا، پێویستی بە بەئاگایی وچێژی ئەدەبی هەیە.

لادانی پێکهاتەیی بەشێکی سەرەکی وبنەڕەتی بوون بەشیعرەو بەبێ ئەو ناتوانرێت بەرهەمێکی ئەدەبی وهونەری لەدایکبێت، بۆیە جیاوازی زمانی شیعری لەزمانی ئاسایی واتای ئەوەنییە، کە شاعیر خۆی وشە دادەهێنێت یان دەدۆزێتەوە، کە پێش ئەو نەبووبێت، بەڵکو شێوازو چۆنیەتی بەکارخستنی وشەیەو تێکدانی پەیوەندییە ڕێزمانی و واتاییەکانە لەنێوانیاندا، ئەم دەرچوونە لەیاساو پەیوەندی واتای، ئەنجامی ڕۆشنبیریی وشارەزایی شاعیر دەردەخات.

لەم بارەیەوە(جان کۆهن) دەڵێت: (( لادان چەمکێکی ئاڵۆزو ناجێگیرەو پێویستی بەشارەزایی هەیە بۆ ئەوەی بەکاربهێنرێت )).(کۆهن: ١٩٨٦: ١٨٧) پێکهاتەی لادانی لەچەشنە ئەدەبیەکاندا جیاوازە، چونکە لەچیرۆک وشانۆو ڕۆماندا وەکو شیعر چڕ نییە، ئەمە بۆقۆناغەکانی ئەدەبیش دەگۆڕێت وهەر قۆناغەو جۆرێک وئاستێک لە لادان پەیڕەو دەکات.

لادانی پێکهاتەیی یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی بوونی زمانی شیعری، هەروەک ( ئەراگۆن ١٨٩٧-١٩٣٠) ڕایدەگەیەنێ و جەختی لەسەر دەکاتەوە کە (( شیعر بوونی نابێت و نایەتەدی، تەنها بە تێڕامانی زمان و دروستکردنەوەی زمان لەگەڵ هەموو هەنگاوێکدا، ئەمە پێویستی بە تێکشکاندنی قاڵبی زمانی جێگیر و یاساکانی ڕێزمان و دەستورەکانی گوتارە)).( کۆهن:٢٠٠٠: ١٧٦)

زمان لەشیعردا نمایشی تواناو جوانی خۆی دەکات، لەڕێگەی چینی وێناو هزرەوە (ڕۆمان یاکبسون) لەبارەی ئەم جۆرە تەکنیکەی زمانەوە دەڵێت: (( هۆنراوەی هونەری دەربڕینەو بەکارهێنانی تایبەتی زمانە )).(یاکبسن:١٩٩٨: ٧٧) جوانی لادان کاتێک دەردەکەوێت، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی نوێی زمان ودۆزینەوەی پەیوەندی تازەی نێوان دانە زمانییەکان دیاردەی هونەری بنیات بنرێت. ((کاتێک بەرامبەریەکی لەدەقدا بەرجەستەبێت، لەو کاتەدا شیعریەت نامێنێ، بەڵام ئەگەر جیاوازی کەوتە نێوان هەردوو بنیاتەکەوە؛ لەوبارەدا شیعرییەت لەدەقدا بەرجەستەدەبێت، یان بەپێچەوانەکەیەوە شیعرییەت نامێنێ )).(تۆدۆرف:١٩٨٧: ٥٧) ئامانجی هەردەقێکی ئەدەبی(شیعری) کاریگەرییە لەسەردەرونی خوێنەر، ئەمە بەهونەری بەکارهێنانی زمان نەبێت بەدی نایەت. هێنانەدی شیعریەت پێویستی بە تێکدانی پەیکەرە جێگیرەکانی زمان و ڕێزمان و یاساکانی گوتارە. چونکە زمانی خۆکار(ئۆتۆماتیکی) دەتوانێت وەسفێکی لیریکی بکات، بەڵام ناتوانێت ببێتە فۆرمێکی زیندوو گەشەکردوو، چونکە خوێنەری شیعر لەچاوەڕوانی جیاوازی وهونەریەتی دەقدایەو ئەمە پێویستی بەتێپەڕاندنی شێوازی باوی زمان هەیە.

لادانی پێکهاتەیی دروستنابێت، ئەگەر بەدووبارە دروستکردنەوەی زمان وپێکهێنانی پەیوەندییە جیاوازەکان ولەناوبردنی ڕێزمانی جێگربوو بۆدەقی نوسراو نەبێ.(عارف:٢٠١٢: ١٨١)

(جورجانی ٤٧١-؟)لەبارەی دانە فەرهەنگیەکانی زمانەوە دەڵێت: ((وشە تاکەکان بۆ ئەوە دانەنراون، کە هەرواتای خۆیان بگەیەنن، بەڵکو بۆئەوەیە، کە پێکەوە بچنرێن وسودی نێوانیان بزانرێت)). (میرزا:٢٠٠٨: ١٣٧) ئەمجۆرە لادانە پێکهاتەییە (جان کۆهن) پێی دەڵێت لادانی سیاقی(دوورکەوتنەوە) و لادانی (دانەپاڵ)یش لەخۆ دەگرێت، کە لە نەگونجاندن و دەرخەر و دەرخراودا خۆی دەبینێتەوە، هەندێ جار (جان کۆهن) پێی دەڵێت (ungrammaticalnees) کە دانەپاڵ یەکێکە لە ئەرکە ڕێزمانیەکان، بە فرمانی ئەو ئەرکەش کەموکوڕی دەکەوێتە گوتاری ڕێزمانیەوە)).(ناظم:١٩٩٤: ١٢١) واتە چەمکی ناڕێزمانی یان دوورکەوتنەوە (المنافرة) بەپێی (جان کۆهن) خودی ڕێزمان ڕۆڵی وشەکان دیاریدەکات، هەربۆیەش وشەکان لە سیاقدا ئەو ڕۆڵە دەبینن بە پێی سروشتی خودی ڕێزمان، هەر زمانێک ئەرکی هەموو وشەیەک لەناو سیستەمی زماندا دێتە دی، بەمجۆرە ناڕێزمان دەبێتە بەربەست لە ئەنجامدانی ئەرکی وشەکان، کە لەسەر ئاستی دانەپاڵ (الاسناد) (predication) و دیاریکردن و (determination) ئاراستەکانی تر جێبەجێدەبێ. (ناظم:١٩٩٤: ١٢٠) دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە واتای فەرهەنگی و واتای نێو شیعر مەرج نییە هەمیشە وەک یەکبن. ((لایەنی تایبەتمەندی وجیاکەرەوە زمانی شیعری ئەوەیە، کە ناتوانێت زۆر بڵاوبێت )).(ویس:٢٠٠٥: ٩٧) پێویستە ئەوە بزانین، کە لەناو شیعردا وشەکان بێلایەن وتاک واتانین، چونکە زمانی شیعری ئازادە لەپەیوەندییە ناوخۆییەکانی

لەڕێگەی دروستکردنی وێناو خەیاڵی هونەرییەوە جارێکی تر دنیاو هزری ئێمە ئاوێتەی ئاستی خۆی دەکات.

زمان پێکهاتەو پەیوەندییە، هەرکات پەیوەندییەکانی ئەم پێکهاتەیە بەجۆرێک دەردەکەوێت و دەرخەری ئاست وێنای نوێی جیهانە. هەر بۆیە ئێمە ناتوانین لەبارەی لادانەوە قسە بکەین ئەگەر زەمینەکەی (السیاق) نەزانین، چونکە داهێنانیش پەیوەستە بەشێوەی نویَ ودۆخی نوێوەو لادان هەمیشە تێپەڕاندنی سەردەم وشێوازی زمانییە، بەمانای لادان ڕێگەیەکی هونەرییە لەڕێگەکانی نوسین ودەربڕین، لەبەرامبەر شێوازو ڕێگەی باو بەگوێرەی کات وشوێن زۆر زیاترن، بەڵام چێژی ئەدەبییان هیچ کات ناگاتە ئاستی شیعر، دیارە ئەمە بەرهەمی ئەو  چنینە هونەری و وێنا شیعریە داهێنەرانەیە، کە دواتر سنوری باو تێپەڕێنێت.

بنیاتی زمان لەبەکارهێنانیدا لەشیعرو لاداندا بەجۆرێک زمانی باو تێکدەشکێنیَ، کە هونەری ترو ئاستێکی جوانتر دایدەڕێژێتەوە، بۆیە چالاکی دووبارە بوونیادنانەوەی سیستەمی زمانە، لەڕووی واتاوە دانەفەرهەنگیەکان چالاکتردەردەکەون بەراورد بەزمانی باو. ((لادانی پێکهاتەیی دەرچوون یان سەرپێچیە لەپێوەری زمان ونەخشەکێشانی بنەمای زمانە لەدەرەوەی چاوەڕووانی لۆژیکی ڕاهاتنی زمانی ویارمەتی خوێنەردەدات؛ بۆدرەچوون لەپەیوەستی زمانی چەق بەستو، جوڵەیەکی شۆڕشگێڕانەیە لەسەر یاسای ڕێزمانی)) (هشام:٢٠١٦: ١٤٠) جورجانی لادانی پێکهاتەیی بە (( فساد النظم-چنینی خراپ )) ناودەبات.(یوسف:٢٠١١: ١٠٧)

لێرەدا (خراپ) بەبەراورد بەزمانی باوی ڕۆژانەیە، واتا بەوچنینە هونەرییە کاری ئاسایی مرۆڤ ناچێتە خانەی داهێنان و کارکردنی دەرخستنی جوانیەکانی خەیاڵ، بەجۆرێک ئازادی زۆر لەودەستکاری وهۆنینەوەدا، ئەگەر ڕەهاو بێسەروبەربیَ دەبێتە خراپ، چونکە لادانی خراپ وناماقووڵ لێکدانەوەی لۆژیکی بۆناکرێت وناتوانرێت جیاوازییەکە دیاریبکرێت ولاببرێت، واتا هەردوو جۆرەکەی لادان لەڕووی نێگەتیڤییەوە لەیەک دەچن، بەڵام لەڕووی توانای نەهێشتنی ئەو نێگەتیڤییەوە جیاوازن، ((لادان نابێتە شیعر مەگەر بەیاسایەک، کە جیاوازبێت لەنامەعقووڵی و(نالۆژیکی) )) (وردز ۆرث:٢٠٠٥: ١٠٣) ڕووخسارگەرە ڕووسەکان وایدەبینن کە، یەکێک لەئەرکەکانی شیعریەت شکاندنی قاڵبەکانی مەئلوفیەتە و پیشاندانی نامۆییە، بۆیە (وردز ورث) ڕای وایە کە (( ئامانجی سحرێکی تازە بە شتەکانی(وردز ورث) ڕۆژانە ببەخشێت و هەڵچوونێکی کاریگەری و عەقڵ بە ئاگا بهێنێتەوە)). (هوکس:١٩٨٦: ٥٨) کە باس لەشیعرییەت دەکرێت، داهێنانێکی نوێی زمانی دەبێتە مەدلولی ئەو شیعرییەتە ئەمە، بەباڵاترکردنی چێژی گێڕانەوەو ئاوێتەی دانە فەرهەنگیەکان بەجۆرێکی هونەری بەرهەم دەهێنرێت، هەموو کات سنور تێپەڕاندنی پەیوەندیە واتای و ڕێزمانییەکان نابنە سەرچاوەی

جوانی، هەڵەو ئاڵۆزی دەبنەهۆی بارێکی قورس بەسەر دەقەوەو لەشیعرییەتی دەخات. ئەمە کاتێک بەڕوونی دەردەکەوێت کە توێژەر بیەوێت ڕاڤەی شیعرەکە بکات بۆ ڕۆنانی سەرەوەی توشی گرفت دێت، بەڵام لادانی لۆژیکی پەیڕەوی تەکنیکێکی هونەری نوێی بەکارخستنی زمان دەکات، بەپێچەوانەوە چنینی خراپ بابەتێکی خورتی بێپلان ومیتۆد و ئاڵۆزو بێسەروبەری پێکهاتەکردنەوەی زمانە، واتە بەئاسانی ناتوانرێت لایەنە هونەریەکانی دەربخرێت.

( ئەدونیسی ) شاعیرو ڕەخنەگری عەرەب لەم بارەیەوە دەڵێت: ((زمانی شیعری فراوانترو دوورترو قووڵترە لەدیاریکردن بەوشەو وتەکان)) (أدونيس:١٩٨٥: ١٣٣) لای (شەفیعی کدکنی)یش ئاوڕ لەلادانی داهێنەرانەو سواو دراوەتەوەو دەڵێت: ((لادانی داهێنەرانە ئەو لادانەیە، کە بۆیەکەمجار ئەنجام دەدرێت ولەئۆتۆماتیکی بوونی زمانی ڕۆژانە دووردەکەوێتەوە، بەڵام لادانی سواو ئەولادانەیە کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی زۆری لادانێکی داهێنەرانە هێدی هێدی چووەتە ناوگفتوگۆی ڕۆژانەی خەڵک وبەکارهاتوە )).(نەجمەدین:٢٠٠٨: ٤٥)

لێرەوە ئەرکی شاعیر بریتی دەبێت، لەبەرزکردنەوەی زمان، لەوشێوە گشتیەی، کە هەیەتی بۆ دەنگێکی تایبەتی، واتە لەڕێگەی دنیابینی خۆیەوە بەکاریگەرترین شێوە ڕێکی دەخات. (العوادي:١٩٨٥: ٩).

داهێنان پێویستی بەڕێگەوشێوازی زمانی نوێیە لە هەریەکە لەچەشنە ئەدەبیەکاندا، بەتایبەتی شیعر چەندە خەیاڵ و وێنا پایەی بوونین، هەر بەو ئاستەو زیاتر گەمەی زمانی کاریگەری خۆی بەجێ دەهێڵێ، ئەوەی (نالی ومەحوی ومەولەوی) وچەندان شاعیری تری بەزیندووی هێشتووەتەوە بابەتە ڕەوانبێژیەکانە دواتر خەیاڵی داهێنەرانەو هونەری، کە بابەتی لێ دروست کراوە چونکە لەناوشیعردا زمان ناتوانێت تەریب بێت لەگەڵ دەرەوەی خۆی، کە زمانی گفتوگۆی ڕۆژانەی خەڵکە (مەبەست چنینە واتای و پێکهاتەییەکەیە). (د.محمد دلێر أمین میسری)یش لەم بارەیەوە دەڵێت: ((چەند شاعیر بەتوانابێت لەداهێنانی زمانە تایبەتیەکەی، داهێنانەکەی زیاتر دەردەکەوێت )).(میسری:٢٠٠٩: ٨٠) لادان پێویستە هونەری بێت وئاستی چێژی وەرگر زیاتر بکات، چونکە ئەگەر دەرچوون لەشێوەی ئاسایی گفتوگۆ لادان بێت، ئەوا هەموو ڕەمزو کۆدێکی تەکنۆلۆژیاو چینە جیاوازەکان بەلادان دادەنرێت، بەڵام ئەمانە نابنە لادان، هەربۆیە لادان لەخۆیدا مەبەست نیە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ کرانەوەو فرەواتایی شیعر.(د.شکری عیاد ١٩٢١-١٩٩٩) لەبارەی چنینی زمانی لەشیعردا دەڵێت: (( ڕای وایە کە پێش هەموو شتێک تایبەتمەندی جیاوازی ئەدەب بەکارهێنانی تایبەتی زمانە )).(عیاد:١٩٨٨: ٥)

لادان بۆخۆی بابەتێکی شێوازگەریەو ڕەهاو خۆڕسکی نییە، واتە پێویستی بەدەوڵەمەندی وڕۆشنبیری وشارەزای چنینی زمانی هەیە، چی ڕەخنەگرو چی شاعیر دەبێ ئەوە بزانن کە ((شێواز

واتە لادان ولادان واتە شێوازی تایبەت )) (عەبدوو‌ڵلا:٢٠٠٩: ١٢٣) هەروەک وتمان (جان کۆهن) ئەمجۆرە لادانە بە لادانی سیاقی ناوبردووە کە ( لەسەر ئاستی ئاخاوتن ڕوودەدات بە بێ چەمکی ئاخاوتن)، واتە ئاخاوتن کەرەستەی خاوە بەبێ بەڕێوەبردنی پێوەرەکانی ڕۆژانە کێشەکەی بەکارهێنا. (الرواشدة:٢٠٠٢: ١٨٤) بەمجۆرە (جان کوهن) لادانەکانی دەرخەر و دەرخراو (دانەپاڵ) بەلادانی سیاقی ناوبردوون، یاخود دوورکەوتنەوە (المنافرة) هەندێ جار زاراوەی ناسینتاکسی (( ناڕێزمانی- الانحویة بەکارهێناوە، لادانی پێکهاتەیی ( جان کوهن) پێی دەڵێت لادانی سیاقی و شێوەکانی سەروا، لابردن، ئاوەڵناوی زیادە، پێشخستن و پاشخستن، بەڵام خواستن لادانی ئاڵوگۆڕە)). (کۆهن:٢٠٠٠: ١١٠) جەخت کردنەوە لەسەر لادانی پێکهاتەیی بەمانای موخالەفەی ڕێزمانی نیە، بەڵکو بە مانای هاوڕێکی لە ئەسڵ دایە.(عیاد:١٩٩٨: ٨٦)

هەمیشە شیعر ئاستی بان زمانییە، چونکە وەرگر پێویستی بەدنیاو وێنای جوانترو سەرنجڕاکێشتر هەیەو شیعرێک وەها نەبێت تەمەنی پەپولەیەکی نابێت ونابێتە بەشێک لەزاکیرەی وەرگرەکانی، چونکە ((زمانی شیعری چەند سەرچاوەکەی دەوڵەمەندوو هەمەجۆربێت، ئەوەندە زیاتر بواری دەربڕینی تاقیکردنەوەکەی شاعیر فراوانتردەکات وڕێگای بۆخۆش دەکات داهێنانەکانی خۆی بنوێنێت))(سابیر:٢٠٠٦: ٢٩٢).

جوانی وئاستی لادان هەمیشە زەمینەیەکی هەیە، کە شێوازی کات وشوێنی شاعیرە لەساتی نوسینی شیعرەکەیدا، واتە ئاڵۆزی وهەڵەی ڕێنوس، نابنە بابەتێکی هونەری وهەرزوو وەک ماسی مردارەوەبوو سەرئاودەکەون، لەوبارەیەوە ( بیرجیرو ) ڕای وایە ((لادان بەبڕی پێوانەی بۆ پێوەر دەناسرێت )).(عمر:٢٠١٢: ١٤) واتە زەمینەکە، زمانی ڕۆژانەکەیەو دەکرێتە پێوەری لادان. بەگوێرەی قۆناغەکانی ژیان وگەشەسەندن هەر زمانەو قۆناغە شێوازو دانە فەرهەنگیەکانی ئەگەر کەمیش بێت دەگۆڕێت و دەگەشێتەوە، ئەوەش ئەنجامی بارە گشتییەکەی ژیانەو زمان ناتوانێت لێی بەدەربێت، هەرچۆنێک بێت (( هەر زمانەو دەستەیەک یاسای تایبەتی خۆی هەیە، ڕستەکانی لەبنجەوە دەگوێزرێتەوە و پێیان دەوترێت یاساکانی گوێزانەوە (Transformational rules). لەم گوێزانەوەدا شت هەیە دەقرتێنرێت و هەیە زیاد دەکرێت هەیە ئاڵوگۆڕدەکرێت هەیە دەگۆڕێ )).(ئەمین:٢٠٠٩: ٢٤١)

هەمیشە زمان سەرچاوە و چەشنە ئەدەبیەکان لق وپۆپی ئەو سەرچاوەیەن، بەڵام گەڵاوگوڵی لق وپۆپ دەگرێت ڕەنگینترو دڵگیرتربێت، ئەویش بەهۆی هونەریەتی چنینی هەرچەشنە ئەدەبیەک لادانیش لەپێکهاتەی زمانی باو مەرجێکی نەگۆڕی شیعرییەتە، چونکە شیعر بەبێ جۆری لادانەکان جەستەیەکی بێگیانە، بەڵام ئەمە مەرج نیە، کەهەموو شاعیرێک داهێنەربێت، چونکە مەسەلەی لادان گشتیەو داهێنانیش بابەتێکی کەسی وڕێزپەڕی بابەتییە، هەربۆیە (( لادان لەشیعردا بابەتێکی ناچاری

نییە، بەڵکو بەرگری لێی خواستی شاعیرەو لەدەربڕینی وهەڵبژاردنی بیری وهونەری ولەسەر دۆزینەوە و ئەزمون وەستاوە )) (سعیدانی:٢٠١٨: ٨) فۆرم و ناوەڕۆکی شیعری پێش قوباد بەراورد بە سالآنی بەرهەمی شاعیر تا ڕادەیەک جیاواز و جێگیری پێوە دیارە، جیاوازە لە هایکۆ و لادانی هزری و وێنای شیعری لە دەقەکانی شاعیر، جێگری، چونکە شێوازی شیعری هیچ شاعیرێک نەبووە بە سێبەر و کاریگەری و ڕەنگدانەوەی گشتگیر و قوباد دەستەودامان بکات، شیعری قوباد سادەو بزێوە. سادەیە بەڵام خەیاڵی قووڵی هەڵگرتووە، بزێویە، چونکە هۆی بە هەموو کۆڵان و شارو گوندێکی ژیانی ڕەگەزێ مێ ( ژن) دا دەکات و ناتوانێت پەیوەست و جێگری کۆمەڵایەتی پەیڕەو بکات. لادانی هزر و وێنا و زمان دەبنە هۆی گەشی و خەسڵەتی کەسی شیعرەکانی قوباد.

قوبادی جەلیزادە جۆرە بنەڕەتیەکانی لادانی لەشیعرەکانیدا چەسپاندووە، جیا لەمە ئەوەی شیعریەتی شاعیر بەجیاوازی وجوانی ڕادەگرێت دیدگاو بیری نوێیەتی لەبارەی ئافرەت وبابەتە میتافیزیکیەکان. لادانی پێکهاتەی بە چەندێن ڕێگەوشێواز پەیڕەودەکرێت، لەوانە (کرتاندن، دووبارەکردنەوە، پێش وپاشخستن، تێکدانی ڕۆنانی باو، هاتنی کەرەسەی زیادە). ئەوەش دیارە بۆسەلماندنی هونەری وئەدەبی بوونی هەر یەک لەم میکانیزمانە پێویستمان بەنمونەی شیعر و دیاریکردنی توخمی دروستکردنی لادانەکەیە.

ئێمە بڕوامان وایە لادان تەنها، شیعری جوان و زیندوو دروستناکات، ئەگەر خەیاڵ وئەندێشەو ڕۆشنبیریەکی قووڵ وبیرێکی بەئەزمونی لەپشتەوە نەبێت، هەر بۆیە کە قسە لە لادان دەکەین، مەبەستمان لەکۆڵەکەیەکی بوون بەشیعری دەقە، چونکە زمانی ڕەمزوو باویش لادانی تێدایە، بەڵام مەبەستەکەی شیعری وجوانکاری نیە، بەڵکو ئاسانکاری وئابووری کردن وگەیاندنی ڕاستەوخۆییە.

## ٢-١ تەوەری یەکەم: لادان لەسەرئاستی ڕستەسازی

لادانی پێکهاتەیی پێکدێت لەلادان لەئاستی ( دەنگ و وشە و ڕستە و بنیات ) لادانی ڕستەسازی گۆڕینی فۆرم و ڕیزبەندی دانە فەرهەنگی و ڕێزمانییەکانی ڕستەی پێکهێنەری شیعرییە.

لەم ئاستەدا شاعیر دەتوانێت لەچوارچێوەی کاری داهێنەرانەدا هونەرەکانی کرتاندن و پاش وپێشخستن و هاوتەریبی و چەندان جۆری تری هونەری زمان بخاتە خزمەتی ئەندێشەی هونەری و وێنای شیعرییەوە.

لەشیعردا ئەوەی گرنگە جوانی و داهێنانە، ئەمە بەشێوازی باو و پێکهاتەی سادە دروست نابێت، چونکە ((شیعری داهێنەرانە بۆ ئەوەیە، کە خوێنەر بەرەو فەزایەکی دیکە لەبیرکردنەوە بەرێت)) (أحمد:٢٠١٢: ٧٧). ئەمە پێویستی بەلادان و دروستکردنی نامۆی لە پێکهاتەسازیدا هەیە.

دەرچوون لەشێوازی ڕستەسازی باو، واتای ئەوە نییە، کە ئازادی ڕەها بەشاعیر دەدرێت، چۆنی بوێت ئاوێتەکاری بکات، چونکە ئەوەی مەبەست و گرنگە دروستکردنی لادانی شیعری و شیعریەتی دەقە، ئەمە لەم باسانەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو.

## ٢-١-١ باسی یەکەم: کرتاندن

هەر زمانێکی دنیا خاوەن یاسای ڕێزمانی تایبەتی خۆیەتی، بەهۆی ڕۆشنبیری و ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییەوە، سیما واتاییەکانیش یاسای دووەمی پێکەوەهاتنی دانە زمانییەکانە. کرتاندن لادانی پایەیەکە لە پایەکانی ڕستە ئەویش بەسەر ڕاستیەکی دیاریکراو وەستاوە، بەڵام لە کۆی زەمینەی دەقدا. ( إسماعیل: ٢٠١٩: ٧٥)

ئەم لادانە ڕۆڵێکی باشی دەبێت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر، چونکە (( بوار بەخوێنەر دەدات بۆ جوڵاندنی هزرو ڕاڤەی نوێ و ئاوێتەبوونی زیاتر لەگەڵ دەقدا )) ( إسماعیل: ٢٠١٩: ٧٦)

زمانی شیعرو وێنای هونەریش ڕێگە بەخوێنەر دەدەن، کە بەشی سەرەکی و ناسەرەکی بکرتێنرێت (لاببرێت) بەڵام ببێتە هۆی جوانیەکی هونەری، نەک هەڵەی زمانی، هەروەکو لەم باسەدا زۆر لەبەشەکانی ڕستە دەخەینەڕوو کە بۆ مەبەستی هونەری لابراون.

زمانی گفتوگۆ بەشێکە لە زمانە ( مەبەست زمان و دیالێکتە) گشتیەکە، چونکە زمانی گفتوگۆ مەرج نییە پەیڕەوی تەواوی سیمای واتایی و ڕێزمانی بکات، ئەویش بەهۆی کاریگەری شوێن و چینایەتی هۆشیاری کۆمەڵگەوە. شیعر لە هەر جێگە و ساتێکدا بێت ( مێژوو جوگرافیا) پێویستە بەکارهێنانی باو تێپەڕێنێت، واتە سیمای واتایی و ڕیزبوونی ڕێزمانی شوێن و ئەرکیان دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی شیعرییەت دروستبکەن. یەکێک لە بنەڕەتەکانی بوون بە شیعری دەق و نوسین لادانی پێکهاتەییە. ئەویش لە کۆمەڵێک وێناو پرۆسەی هونەریدا خۆی نمایش دەکات، کە کرتاندن یەکێکیانە.

شیعر داڕشتنەوەی زمان ودنیایە بەخەیاڵی هونەریانەی شاعیر، بۆئەوەی ئەم پرۆسە بەچێژو نەمربێت، پێویستە جیاوازتر لەوەی، کە هەمیشەو دووبارەی ڕۆژانەیە نمایش بکرێت.

زمان لەشیعردا کاڵایەکی سادەی بازاڕنییە، بەڵکو کاژ فڕێدەدات وهەندێکجار دەشبێتە دنیایەکی تایبەت لەڕێگەی زیادکردنی یاساکانی شیعرییەتەوە (بەشیعربوونەوە).

کرتاندن، یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی شیعر، کە داهێنەر یان شاعیر پەنای بۆ دەبات لە پێناو دەوڵەمەند کردنی دەقە ئەدەبیەکە، ئەویش بەهۆی کرتاندنی ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی بنیاتی زمان.

کرتاندن هونەرێکی لادانە لەو شێوازە باوەی بەکارهێنانی زمان و (( هەندێکجار کرتاندن بە ( لادانی خڕکردنەوە-چڕکردنەوە ) ناودەبرێت، چونکە کۆکەرەوەی بنیاتی وشەکانە لەبنیاتی سەرەوەی ڕستە، کەمتر لەوەی پێویستە ڕۆنانەکەی لێ پێکدێت )) (أحمد:٢٠١٢: ١٢١) زۆرجار یەکێک لەلایەنەکانی دەرخەرو، دەرخراو دەبێت ئەویش (( لەیاسای زمانییدا پێویستە ئامادەی هەردوولای تیا بێت، بەڵام لە پراکتیکیدا کرداری لەمیانەی قسە کردن، لایەک لەلایەکان دەکرتێت و ئەویش لەسەر بنەمای دەلالەتی نزیکایەتی وتار و حاڵەتەکان)) (عبدالمطلب:١٩٩٤: ٣١٣)

یەکێک لەوسیماو تەکنیکانە کرتاندنی بەشەکانی زمانە ( هالیدەی ) ڕای وایە: ((کرتاندن تێگەیشتنی شتێکە بەبێ ئەوەی بگوترێ) .(ڕەسوڵ: ٢٠١٣: ٨٥) واتە کرتاندن، بریتییە لەلابردنی کەرەسەیەک بەبێ گۆڕینی واتا.

چۆنیەتی وشێوازی کرتاندن لەگفتوگۆو زمانی ئاساییدا وەکو شیعر نییە، ئەویش بەهۆکاری تێگەیشتنی وەرگرو لایەنی هونەری لەهەردوو کارەکەدا، لەم بارەیەوە (سیبوویە) دەڵێت: ئەوەی لەشیعردا گونجاوە، کە لادەبرێت لەقسەی ئاساییدا ناکرێت وگونجاونییە لاببرێت، ئەم کردارە (پرۆسە) نابێتە هۆی ئەوەی، خوێنەر (وەرگر) هەمیشە نەتوانێت پارچە کرتێنراوەکە نەدۆزێتەوە، چونکە لەکاتی لابردن وکرتاندندا ڕێزمانی بەرهەمهێنان وگوێزانەوە، لەڕێگەی گەڕانەوە بۆئاستی قووڵی ڕستەکە دەتوانێت بنەڕەتی ڕستەکە دەست نیشان بکات و واتای تەواوی بەرجەستە ببێت.(ساڵح:٢٠١٠: ١١٠)

دەکرێت ئەم پرۆسەیە بەمشێوازە ((کرتاندن، لابردنی ڕەگەزێکە لەڕەگەزەکانی دەربڕین، دەکرێت وشەبێت یان ڕستە یان زیاتر، ئەمە بۆ مەبەستی جوانکارییە لەگەڵ بوونی هێمایەک بۆکرتاندنەکە )) (محمد:٢٠١٢: ٩)

(د.محمد بەکر) ڕای وایە، کە لابردنی بەشەکانی ڕستە، بەبێ زیان گەیاندن بەواتای ڕستەکە دەردەکەوێت،(بەکر:٢٠٠٤: ٤٥) واتە کرتاندن کاتێک هونەرییە، ئاڵۆزیەکی وەها دروست نەکات، کە وەرگر نەتوانێت وێناو بنەمای چنین دابڕێژێتەوە؛ هەرلەم بارەوە دەگوترێت کرتێنراوەکان خۆی ئامرازێکە بۆجوانترکردنی زمان ودەرکردنێتی لەسادەیی وچەق بەستوی.(عبداللە و أحمد:٢٠١٩: ١٢٦)

کەرەسەکانی زمان پەیوەندی ڕێزمانی وسیمانتیکی لەناو دێڕو ڕستەو دەقدا پێکەوەیان دەبەستێتەوە، بەڵام شاعیر کرتاندن وەکو تەکنیکێکی هونەری وفێڵێک دەکات، ئەمە ڕۆڵی دەبێت

بۆکاریگەری چێژو لایەنی دەرونی.(بدرة:٢٠١٧: ٢٣) ئەمە بەهۆی ئەو کەلێنە واتاییانەوە دروستدەبێت، کە لەنێوانیاندا دروستی دەکات، بۆئەوەی خوێنەر بەڕۆڵی خۆی هەڵسێت.(حەمەد:٢٠١٨: ١٧٩)

کرتاندن، تەنها کاری لابردن نییە، بەڵکو ئاست وبەرزییەکەی لەکاتی بنیاتنان وگەڕانەوەدا زیاتر دەردەکەوێت، ئەمە پێویستی بەخوێنەری شارەزا هەیەو جیاکاریەکیشە لەگەڵ پەخشان وهەموو جۆرەکانی تری بەکارهێنانی زمان، جگە لەشیعر، چونکە ئەم کارە دەرچوونە لەشێوازی باو لەدەربڕیندا، یان سەرپێچی یاسای زمانیە، ئەمە نرخ وکاریگەری هەیە.(سلمان وزیاد:٢٠١٢: ٧٠)

دیارە بەشێوەیەکی گشتی کرتاندن لەشیعردا بۆچەند مەبەستێکە. گرنگترینیان ئەمانەن:

١- جوانکاری باڵاکردن وچێژپێدانی بەبوونی شیعر.

٢- هۆشیاری ئەمە وەها لەخوێنەر دەکات بۆدۆزینەوەی کرتێنراوەکە، هزروبیری زیاتر بجوڵێنێت.

٣- دەرونی ئەم چێژو گەڕانە ڕۆڵی دەبێت لەسەر وەرگر، هەرچەند خودی پرۆسەکە لای شاعیریش هەرکاریگەری دەرونی کەسی پێوەدیارە (محمد:٢٠١٣: ٢٩)

بۆبەرچاوخستنی ئەم پرۆسەو جۆرەکانی هەوڵدەدەین دیارترین نمونەکان لای قوبادی جەلیزادە بخەینەڕوو.

بۆئەوەی کارەکەمان نوێگەرییەکی پێوەدیاربێت، جیا لەوە، ئەرکە ڕێزمانیەکان دەخەینەڕوو، لایەنە مۆرفۆلۆژیەکانی کرتێنراوەکە باس دەکەین.

## ١/کرتاندنی بکەر

بەکارهێنانی زمان دیاردەیەکی گشتییە، واتە بنەما سیمانتیکی وڕێزمانیەکان لەسەر ئاستی نوسینی زانستی وگفتوگۆی فەرمی پێویستی بەپەیڕەوکردنی هەردووبنەمای سەرەوەیە، بەڵام شیعر خاوەنی(خەسڵەت) ی تایبەتی خۆیەتی وجارێکی تر ئەم یاسایانە تاڕادەیەکی جوانکاری وشیعریەتی بەکاردەهێنێت.

زۆربەی ڕستەکانی زمانی کوردی ڕۆنانێکی ناوەوەیان هەیە، کە بە بکەر دەستپێدەکات و بەکردار کۆتاییان دێت، ئەمە بۆهەر زمانێک بەشێوازێکی جیا دەردەکەوێت. پێکهاتەی ڕێزمانی زمانی کوردی، بەجۆرێکە لەڕستەی ئاسایی هەواڵیدا (بکەر) لەپێشەوەی ڕستەیەو بەمشێوازە دەردەکەوێت.

| | کار | بەرکار | بکەر |
|---|---|---|---|
| ئاسۆ ڕۆمانەکەی خوێندەوە. | V | O | S |
| | کار | | بکەر |

| | | |
|---|---|---|
| S | V | ئاسۆ پێکەنی |

بەڵام لەکاتی چنینەوەی زمان وشیعر لەئەندێشەی شاعیراندا دەکرێت، خۆیان لەم یاسا ڕێزمانییە بەدووربگرن وبەشێوەیەکی ترو بەئامانجی هونەری شیعر بهۆننەوە ((دروستبوونی ئاستی ڕووکەشی ڕستەکان تەنها بەیاسای گواستنەوە ئەنجام نادرێت، بەڵکو پرۆسەیەکی تری تیادا بەشدارە، کەیاسای قرتاندنی ڕستەکانە)) (ئەحمەد:٢٠١٥: ١١٥)

لەپێکهاتەی ڕستەدا هەمیشە بکەر ڕۆڵی سەرەکی هەیە، هەرکاتێک باس لە لابردنی بکرێت، مەبەست لەوەیە کە ناو یان (جێناو) لادەبرێت، بەڵام بەهۆی گونجاندنی بکەرو کردار لەزمانی کوردیدا مۆرفیمێکی بەند، کە دەوری بکەر دەبینێت، جێگەی بکەرە لادراوەکە دەگرێتەوە.(ساڵەح:٢٠١٠: ١٢١) لەگەڵ ئەوەی کرتاندن لەشیعردا مەبەستی هونەری وجوانکارییە، هاوکاریدەکات بۆ زیاتر خێراکردن لەگەیشتن بەکۆتای دەقو نوسراوەکە و ئابووریکردنی زمانی.

شاعیر لەهۆنراوەی ( کەمەری بێوەژن ) دا و لەکۆپلەی یەکەمدا دەڵێت:

ڕژایە ناو ؛
لەپی شەونم .
باخچەی منداڵان.
پەنجەرەی موزیک (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ١٦١)

دەبینین پێکهاتەی شیعرەکە بەمجۆرەیە

| | |
|---|---|
| ڕژایە ناو ؛ | کردار+هاوەڵکاری شوێنی |
| لەپی شەونم . | گرێی (بەرکار) |
| باخچەی منداڵان. | گرێ (بەرکار) |
| پەنجەرەی موزیک | گرێ (بەرکار) |

لەکۆی شیعرەکەدا، بکەر دیارنیەو ئاماژەکانیشی دەرنەکەوتوون، بەڵام خوێنەر هەست دەکات، کە بکەرەکەی مادەیەکی شلەو برو و چۆنیەتی نیشانەی کۆی وەرنەگرتووە (( بکەری ڕستە دەتوانرێت دەرنەبڕێت وبەرجەستە نەکرێت، بەمەرجی کۆنترۆڵکردنی لەلایەن کردارەوە)) (ساڵەح:٢٠١٠: ١٥٣)

بۆیە دەبینین کاریگەری کردار ژمارەو چۆنیەتی وجۆری بکەرەکە دەخاتەڕوو.

له هۆنراوەیەکی تردا، خوێنەر بەئاماژەی کۆی دەقەکە، بکەرەکە دەدۆزێتەوەو شاعیر دەڵێت:

پێی گوتم دەبارم..
بەپەلە چەترێکی مۆرم کڕی.
پاڵتۆیەکی پەمەیی بۆ ژنەکەم.
کەچی ؛
کۆتر شەپقەیەکی نەکردە سەری
درەخت پوتێکی لەپێ نەکرد. (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ١٨٥)

بەهۆی کرداری (دەبارم) خوێنەر دەزانێت بکەری ڕستەکە (باران)ە، چونکە مەدلولی دەقەکە، وشەکانی(چەتر، پوت ،بارین) ئاماژەی دۆخی باراناوی وسارده، بەڵام شاعیر بۆمەبەستی هونەر ناوی (باران) ی نەهێناوە، کە جوانیەکی زیاتری بەکۆی شیعرەکە بەخشیوە. دەکرێت بکەری ڕستە گرێ یان تەنها جێناوێک بێت وکرتێنرابێت، لەبەر مەودای لێکۆڵینەوەکە نمونە زیاتر ناخەینەڕوو.

## ٢/ کرتاندنی کردار

کردار بەشێکی سەرەکی ڕستەسازی زمانی کوردییە، هەندێکجار دەتوانرێت شوێنی بگۆڕێت، یاخود لەناو ڕستەدا دەرنەکەوێت. بەڵام ئەوەی لەشیعردا مەبەستە هۆکارەکانی جوانکاری ودەرونییەو دەبێتە شێوازێکی کورتکردنەوەو کورتبڕی بۆگەیشتن بەواتای کۆتای دەق. (( خۆدزینەوەی لە بەکارهێنانی کردار، واتە جۆرە مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ کرداردا. یەکێک لە کەرەسە سەرکیەکانی ڕستەش کردارە )) (عەزیز:٢٠١٠: ٩١) لەڕووی هێزەوە کردار بۆدوو جۆر دابەش دەکرێت:

أ/ کاری تەواو. بریتییە لەوکردارەی، کە لەگەڵ بکەردا دێت وپرۆسەیەکی تیادا ئەنجام دەدرێت.

ب/ کاری ناتەواو(بێ هێز) ئەوکردارەیە، کە لەگەڵ نیهادوو هاوەڵناوێکیدا (وەسف) دێت، لێرەدا وەسف زیاتر دەردەکەوێت، نەک پرۆسەیەکی کردارەکی.

## کرتاندنی کرداری تەواو

ڕستەی ئاسایی لەزمانی کوردیدا بەبێ کردار نایەت، واتە کردار بنەڕەتێکی سەرەکی ڕستەی زمانە، شوێنی کردار لەڕستەی زمانی کوردیدا بەزۆری لەکۆتای ڕستە دێ و کەرەسەکانی تری ڕستە، چ سەرەکی چ ناسەرەکی دەکەونە پێش کارەوە. (ڕەسوڵ:٢٠٠٧: ٢٦)
بەڵام زمانی شیعری پابەندی ڕێسا ڕستە سازییەکان نابێت.
شاعیر لەهۆنراوەی (ڕەشماڵ) دا کردار کرتاندنی کاری ئەنجام داوەو دەڵێت:

لەکاکۆڵی سپی من
و
لەئەگریجەی ڕەشی تۆ
خێوەتێک. (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٨٠)

خوێنەر لەکاتی بەرکەوتنی لەگەڵ ئەم شیعرەدا ڕاستەوخۆ، بیری دەچێت بۆلای کرداری (دروست دەکەین) کە کردارێکی لێکدراوە لەگەڵ جێناوی(ین)ی کۆ بۆکەسی خۆمان دەگەڕێتەوە، بەڵام شاعیر لەبەر دروستکردنی چاوەڕووانی نادیار(ناچاوەڕوانی) وجولاندنی هزری وەرگر ئەم کردارەی کرتاندووە، ئەمە وەها دەکات، خوێنەر خۆی ببێتەبەشێک لەبنیاتنەرەوەی پەیکەری شیعرەکە چونکە کۆتای کراوەیەو خوێنەر خۆی دیاریدەکات.
لەهۆنراوەیەکی تردا کرتاندنی کرداری سادەی کردووەو دەڵێت:

دووای ماڵئاواییت . ،
نەمێوەکەتان ترێی گرت،
نەژاڵەکەتان گوڵ و
نە من ئارامی (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ١٦٢)

لەم هۆنراوەدا دووکردار کرتێنراون ئەویش(گرت، ماوە) خوێنەر بەهۆی نێوەدێڕی دووەم دەزانێت، کە لەدووای نەژاڵەکەتان گوڵ و(گرت)دێت، چونکە لەسەرەوە باس کراوەو ژاڵە گوڵ دەگرێت، لەنیوەدێڕی کۆتایدا (نەمن ئارامی) پێویستی بەکرداری(ماوە)یەو دەبێتە نەمن ئارامیم ماوە.
لەڕووی داڕشتنەوە (مۆرفۆلۆژییەوە) جۆری کرداری لێکدراو سادەمان خستەڕوو، جۆری داڕێژراوی هەیە، بەڵام بە پێویستی نازانین باسی بکەین.

## کرتاندنی کاری بێهێز(ناتەواو)

کاری ناتەواو بۆهەرسێ کاتی (ڕابردوو، ئێستا، ئاینده) هەیه و ((کرداری بوون تاکەکرداره که دەتوانرێت بکرێته کۆمەڵەی∅ بەتاڵ))(سالەح:٢٠١٠: ١٣٩)

کاری ناتەواو لەسێ کاتی جیاوازدا دەردەکەوێت

| | | |
|---|---|---|
| دەبێت | ە | بوو |
| بۆکاتی داهاتو | بۆکاتی ئێستا | بۆ ڕابردوو |

ئەوەی زیاتر لادەبرێت و دەکرتێنرێت (ە) یە، که نیشانەیه بۆ کاتی ئێستاو زۆرجار دەلکێت بەهاوەڵناوەوە، ئەویش لەدۆخی تاکدایه، بەڵام که ڕستەکه کرا بەکۆ ئەوا جێناوی (ن) دەردەکەوێت دیاره کرتاندنی هەر یەکه له بەشەکانی ڕستەو وشه کاریگەری دەبێت لەسەر ئاوازی شیعرەکه، لێرەوه خوێنەر ناچار دەکرێت بۆ دۆزینەوەی پارچه لابراوەکه گەڕانی زمانی و هزری بکات.

شاعیر دەڵێت:

ماڵئاوا

هەور چاو بەفرمێسک

باغ غەمگین..

با-تەزیو..

وەرزی ماڵئاوایی گەڵاکان.. (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٨)

دەبینین لەهەرسێ نیوەدێڕی سەرەتادا کرداری ناتەواوی (ە)کرتێنراوه، دەبوو نیوەدێڕەکان بەمجۆره بوونایه.

هەور چاو بەفرمێسکه

باغ غەمگینه

با-تەزیوه

وەرزی ماڵئاوایی گەڵاکانه.

بەڵام شاعیر کرتاندنی ئەنجامداوه، ئەمه بەهۆی ئەوەی، خوێنەر چاوەڕێبێت، کرتاندن پرۆسەی خەیاڵکردنەوەی لای وەرگر (خوێنەر) دروستدەکات، بۆتەواوکردنی ئەوپارچەی کرتێنراوه.

(السبت:٢٠١٨: ٦٥)، هەر بۆیە شیعرەکە کرداری لابراو بدۆزێتەوە، چونکە هەرنیوەدێڕێک بۆخۆی ڕستەیەک بوو، کە پێک دەهات لەنیهادێک وئاوەڵناوێک وکارێکی ناتەواو.

### ٣/ کرتاندنی بەرکار

بەرکار بەشێکی سەرەکی ڕستەیە لەزمانی کوردیدا، لەشیعرەکانی (شاعیر) دا لەچەندین جێگەدا کرتێنراوە، واتە لەشوێنی جیاواز، لەپێکهاتەی ڕستەو دێڕی شیعردا.

لەهۆنراوەی ( هایکۆکانی باران ) دا لەهایکۆی ژمارە دوودا ئەم کرتاندنە دەبینین وشاعیر دەڵێت:

دەمێک بۆ پەپولە دایدەکەنێ،
دەمێ بۆ هەنگ.
بڕوای بەفرەژنی هەیە-گوڵ. (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٥٩٧)

کرداری داکەندن کارێکی تێپەڕەو پێویستی بە بەرکار هەیە، بەڵام لەناو ئەم هایکۆیەی شاعیردا نایدۆزینەوە (نەهاتووە) لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەر بەهۆی (فرەژنی) تێدەگات، کە مەبەستی شەرواڵەو دواتر کاری جوت بوون.(العملية جنسية)یە. من پێموایە: قوباد گەرچی لەهزریدا ویستوویەتی باس لە فرەژنی و دیاردەی فرەژنی بکات، کەچی بەتەواو بۆی نەچووە چونکە، لەم وێنەدا ئاماژەی فرەپیاوی دەبینرێت.

لەبابەتی کرتاندنی بەرکاردا جۆری کرتێنراو زۆرن، وەکو (گرێ، جێناو، ناوی سادە، ناوی داڕێژراو). بەڵام بە پێویستی نازانین بە درێژی باسی بکەین و تەنها ئاماژەیەک بەسە.

### ٤/ کرتاندنی نیهاد

نیهاد بکەرێکی وەسف کراوە، واتە کاری ئەنجام نەداوە، بەڵکو لەڕێگەی هاوەڵناو وکارێکی ناتەواوە، کەدەدرێتە پاڵ ناوێک دروستدەکرێت. شاعیر لەهۆنراوەی (قەنناص)دا دەڵێت:

تۆقژێک لەهەور.
سترایێک لەباران.
سترێژێک لەڕووبارو
کەروێشک لەشەونم. (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٢٥)

لەهەموو نیوە دێڕەکاندا وەسفکراو (یت) کرتێنراوە، کە نیهادی ڕستەکانە، واتە کاتێک نیهاد دەربکەوێت دێڕە هۆنراوەکان بەمجۆرەی لێدێت.

تۆقژێکیت لەهەور.
سترایێکیت لەباران.
ستریژێکیت لەڕووبارو

لەهەر نیوەدێڕێکدا (یت) لابراوە، کە ئابوورییە لەخەرجکردنی زیادە، چونکە خوێنەر بەبێ هاتنی ئەم جێناوە، بەهۆی کۆی وەسفەکەوە دەزانێت، کە مەبەستی کەسی یەکەمی بەرامبەرە، بۆ ((پێوانەی هونەری کرتاندن لەهەندێک ڕەگەزی زمانیدا ڕۆڵی شێوازگەری لەنەهاتنیدا زیاتر دەردەکەوێت تاکو ئامادەبوونی )) (عارف: ٢٠١٢: ٢٠٨)

کەواتە دەرکەوتنی پارچەکانی ڕستەسازی هەمیشە نابنە پێوەری جوانی، بەڵکو لابردن و گۆڕینی شوێن دەق دەڕازێنێتەوە.

## ٥/ کرتاندنی ئامراز

ئامراز بەشێکی ناسەرەکیە لەزماندا، چەندین جۆری هەیە، لەوانە(ئامرازی لێکدەرو ئامرازی پەیوەندی، نەرێ، مەرجی، ناسراوی) شاعیر دەتوانێت ئەم ئامرازانە لابەرێت (بکرتێنێت) بە مەبەستی جوانکاری شیعری ولەڕووی ئابووریکردنیەوە بەسودە، بۆیە لێرەدا (( کرتاندن هێنانی دەربڕینی کەم و گشتگیرە بۆبابەتی (باس)ی زۆر)) (محمد:٢٠١٣: ١١) بۆیە هەمیشە لەم کردارەدا جوڵاندنی هزری خوێنەر دەبێتە یەکێک لە ئامانجەکانی شاعیرو وەرگر ناچار دەبێت بۆدۆزینەوەی ئەو بۆشاییەی (کرتێنراوە) دۆزینەوە ئەنجام بدات.

قوباد لەچەندین شوێندا ئامرازەکانی کرتاندووە، بۆزیاتر خستنەڕوو چەند نمونەیەک دەخەینە بەرباس.

**أ/ کرتاندنی ئامرازی لێکدەر**

وەکو لەم شیعرەدا دیارە، شاعیردەڵێت:

لەمن بێزارتر،

ئەو زەردەواڵە بێ ئومێدەیە،
دەیانجار خۆی دەکێشێت بەمینای
پەنجەرەکەو
غلۆر دەبێتەوە خوارێ (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٥١٤)

پێویستبوو شاعیر لەدووای ئەوزەردەواڵە بێئومێدەیە، ئامرازی ( بگۆڕین ) ی بەکاربهێنایە بۆ توندوتۆڵکردن پەیوەندی ڕستەسازی.
واتە کۆپلەکە بەمشێوازەی لێدەهات، کاتێک ئامرازە لێکدەرەکە وەربگرێتەوە.

لەمن بێزارتر،
ئەوزەردەواڵە بێ ئومێدەیە،
کە دەیانجار خۆی دەکێشێت بەمینای
پەنجەرەکەو
غلۆر دەبێتەوە خوارێ

**ب/کرتاندنی ئامرازی پەیوەندی**

ئامرازی پەیوەندی بەشێکە لە تاکە ڕستەیەک، واتە وەکو ئامرازی لێکدەر نابێتە هۆی پەیوەندی وپێکەوە بەستنی چەند ڕستەیەک. دیارترین ئامرازەکانی پەیوەندیش (بۆ، بە، لە) یە، بەڵام ئێمە تەنها یەک دانەیان بەپێویست دەزانین ودەیخەینەڕوو، وەک لەم هۆنراوەی خوارەوەدا دیارە، شاعیر دەڵێت:

دەستی شۆڕکردۆتەوە ناوڕووبار،
سەرقاڵی ماسیگرتنە،
شەنگەبی، (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٥٠)

پێویستی دەکرد لەنیوەدێڕی یەکەمدا (بۆ) لەدووای شۆڕکردۆتەوە بهاتایە، واتە بەمجۆررە بووایە ( دەستی شۆڕکردۆتەوە بۆناو ڕووبار) بەڵام شاعیر کرتاندنی ئەنجامداوەو کرتاندنەکە ئاوازی شیعرەکەی ساف وسفتکردووە.

ج/ **کرتاندنی ئامراز (نیشانەی) ناسراوی** لەزمانی کوردیدا نیشانەی ناسراوی (ەکە)یە. شاعیر لەم شیعرەی خوارەوەدا بەشێک لەو ئامرازە کرتاندووەو دەڵێت:

هەرەم
چیایەک،
لە کەللە سەری مرۆڤ،
لەحیلەی ئەسپی شەهید. (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ١٧٣)

دیارە کۆی ئەم کۆپلە پێناسەی (هەرەم) لەخۆی دەگرێت و دەبوو بنووسرایە چیایەکە و بەڵام شاعیر بەشێکی لە ئامرازەکە کرتاندووە.

د/ **کرتاندنی ئامرازی خستنەسەر**

ئەوە ڕوونە کە ئامرازی خشتنەسەری (ی) دەچێتە نێوان دەرخەرو دەرخراو و گرێیەک دروستدەکات.گرێش چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە (گرێی ناوی، گرێی هاوەڵناوی، گرێی هاوەڵکاری) ئەرکی جۆراو جۆریشیان لەڕێزماندا هەیە.
ئەم گرێیانە لەدۆخی ئاساییدا (ی) دادەنرێت، بەڵام لەدۆخی ناسراویدا ی دەگۆڕێت بۆ (ە) وەکو لەم نمونەی خوارەوەدا ڕوونی دەکەینەوە.

جلی سورم کڕی.
جلە سورەکەم کڕی.
نمونەی ئەم جۆرە کرتاندنە لەم شیعرەدا دەخەینەڕوو.

هەور،
ئەمڕۆ بەیانی،
خێوەت
خێوەت
قەڵەمی تەزیو و

کتێب هەڵبڕزکاو و

دەفتەری بارانی،

بەسەر زارۆ ڕەنگپەڕیوەکانی(شەنگال)دا

بەشییەوە. (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٤٦٠)

هەریەکە لە ( قەڵەمی تەزیو، کتێبی هەڵبڕزکاو، دەفتەری باران ) گرێی ناوین، وەکو دەبینین شاعیر لەگرێی ( کتێب هەڵبڕزکاو)دا ئامرازی ( ی ) خستنەسەری کرتاندووە و بەمەش لادانی پێکهاتەیی پێکهێناوە.

## ٦/ کرتاندنی هاوەڵناو

هاوەڵناو لەزماندا دوو ئەرکی هەیە، ئەوانیش تەواوکەری ناو و تەواوکەری کاری ناتەواو( بێهێزە) ە ( کاتێک لەگەڵ هاوەڵناو) دابێت، ئێمە مەبەستمانە کرتاندنی هاوەڵناوەو گرنگ ئەوەیە ئەرکەکەی بخەینەڕوو، پێویستمان بەوەنییە چەند جۆرێک بەرباس.

لەم هۆنراوەی خوارەوەدا لابردنی هاوەڵناو دەبینین، کاتێک شاعیر دەڵێت:

تۆ لەنێوان قەفەسدا ،

دانیشە

جارێک گوێ لەقاسپەی کەوبگرەو

جارێک لەچریکەی کەناری (کۆلانەشینەکانی منداڵی: ٢٠١٨: ٢٨٧)

شاعیر لەم هۆنراوەدا کرتاندنی لەنێوان نیوەدێڕی یەکەمدا کردووە، کە دەبوو بەمشێوازەی خوارەوە بووایە.

تۆ لەنێوان دوو قەفەسدا

دانیشە

بەڵام هاوەڵناوی(دوو) لابراوە، هۆنراوەکە پێنج کۆپلەیە، جگە لەم کۆپلە، کە یەکەم دانەیە، لەوانی تردا هەمووی هاوەڵناوی (دوو) هاتووە، وەکو لەنێوان دوو ڕووباردا، لەنێوان دوو درەختدا، هتد

## ٧/کرتاندنی هاوەڵکار

هاوەڵکار هەمیشە پەیوەستە بەکردارەوەو لایەنێکی ڕوودانی (شوێن، کات، چۆنیەتی، چەندیەتی) ڕووندەکاتەوە، واتە خوێنەر بەهۆیەوە ڕوونتر لە شێوازی ڕوودانی کردارە ئاشنا دەبێت. شاعیر ئەم جۆرە کرتاندنەشی کردووە،

لەخوارەوە چەند جۆرێکی هاوەڵکاری شوێنی دەخەینەڕوو:

لاوێکی (سنەیی)
دەم بەخەندەوە،
سەردەکەوێتە،
سێدارە (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٦٨٥)

لەم هۆنراوەیەدا (سەر) کرتێنراوە، کە واتای شوێن دەگەیەنێت، ئەم کرتاندنە جگە لە ئابوریکردن و کرتاندن لەڕووی ئاوازی شیعرییەوە جوانیەکی زیاتری بە دەقەکە بەخشیوە، چونکە ئەگەر شاعیر بەکاریشی بهێنایە، وەکو حەشو دەردەکەوت واتە دەبوو هۆنراوەکە بەمجۆرە بووایە.:

لاوێکی (سنەیی)
دەم بەخەندەوە،
سەردەکەوێتە،
سەرسێدارە

لەڕووی مەدلولی دەرەکیەوە وەرگر لەوە دەگات، کەپەتی سێدارە هەمیشە مرۆڤی دەخرێتە سەر، بەڵام قوباد نەیویستووە ئەم هاوەڵکارە بەکاربهێنێت، لێرەدا وەها دەکات برێک خەیاڵ وجوانی گەڕان بەوەرگر ببەخشێ. لەسەر ئاستی تاکە وشەش چەندان جۆری تری کرتاندن لای شاعیر دەبینرێت، وەکو کرتاندنی( بەشێک لەگرێ ، بەشێک لەکاری ناسادە ، تەواوکەری بەیاریدە بەشێک لەهاوەڵناوی نیشانە ) بۆ زیاتر زانیاری خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دیوانەکان، بەمشێوازەی خوارەوە.

بڕووانە باخچەکانی مەلەک تاوس لاپەڕەکانی ٢١٩، ٣١٥.
بڕووانە کۆڵانە شینەکانی منداڵی لاپەڕەکانی٣٥، ژنێک لەجنسی باران لاپەڕەکانی ٢٣٠، ٢٤٨.
بڕووانە کۆڵانەشینەکانی منداڵی لاپەڕەکانی ٢١٩، ٣٣٢.
بڕووانە کۆڵانەشینەکانی منداڵی لاپەڕە٣٦١.

کرتاندن لای شاعیر هەندێکجار سنوری بەشەکانی ئاخاوتن تێدەپەڕێنێت ودەگاتە ئاستی کرتاندنی گرێ ورستەو نیوەدێڕ و دێڕ، دیارە کرتاندنی هەریەک لەمانە، چەندە کاریگەری لەسەر

هونەریەت و مۆسیقای شیعر هەیە، هێندەش ئابووریکردنە لەخەرجکردنی وشەداو دووبارەکردنەوەشیان خزمەتی لایەنی هونەری ناکات. بەمشێوازە دیارترین جۆرەکانی ئەم کرتاندنە دەخەینە بەرباس

### ٨/ کرتاندنی گرێ

لەمجۆرەی کرتاندندا باس لەئەرکی ڕێزمانی ناکرێت، تەنها شوێنی کرتاندنەکە دەخەینەڕوو. گرێ لەزماندا بەم یاسایە دروستدەکرێت

دەرخراو + ی + دەرخەر ⟵ دۆخی ئاسایی

دەرخراوە + ە + دەرخەر ⟵ دۆخی ناسراوی گرێ

دیارە ئەرکی ڕێزمانی گرێ، هەمان ئەرکەکانی ناون لەڕستەدا. شاعیر لەبەر بەدەستهێنانی جوانکاری و کورتبڕی ئەم هونەرە دەکات. وەکو لەهۆنراوەی (ماندووم) دا دەڵێت:

تۆ
لەوسەری گۆی زەوی و
من
لەمسەر
بەشوێن تارماییەکی تۆدا
وێڵ

وەکو دەبینین پێویستبوو لەدوای وشەی لەمسەر گرێی ( گۆی زەوی ) بهاتایە، بەڵام ئابووریکردنی وشە وایکردووە شاعیر ئەم گرێ نەنووسێت، لەکاتێکدا نووسینی هیچ جوانییەک بەدەقەکە نابەخشێ.

### ٩/ کرتاندنی نیوەدێڕ

شاعیر بۆبێزار نەبوونی خوێنەرو شیعرییەت بوونی دەقەکانی پێویستی بە ئابووریکردن هەیە، کە ئەمە بۆخۆی لای خوێنەر، جۆرێکە لەگەڕان وسەرنج بۆکەرەسەو پارچەی کرتێنراو ونبوو. پێچەوانەی ئەمە، کە دووبارەکردنەوەی دێڕە چێژی هونەری زیاتر دەکەن، بەڵام وەک کرتاندن نییە، چونکە لەکرتاندندا هەمیشە ئامانجێکی هونەری دەردەکەوێت، بەڵام لەدووبارەکردنەوەدا، ڕەنگە ببێتە بارێکی قورس و لاواز بەسەر دەقەکەوە.

لەهۆنراوەی (ڕۆژو) شاعیر بەدیدگاو بیرێکی ڕەخنەیی باس لەجیاوازی ژیانی مەلیکەکانی عەرەب و خەڵکی دەوڵەتە هەژارەکان دەکات ودەڵێت:

ئەو ئێوارەیەی میرێکی سعودی
فتاری بە؛
برنج و
قەل و
نانی تیری و
خورماو
پاقلاوەو
سەلەت و
ماستاو و
محەلەبی و
گوێز و
فستق و
هەنگوین و
گێلاس و
سێو و
لوقمەقازی، کردەوە؛
منداڵە موسڵمانەکانی سۆماڵ،
لەبرسان دەمرن (ژنێک لەجنسی باران: ٢٠١٩: ٣١٩)

لەدوای کۆتا نیوەدێڕی ڕیزکردنی خواردنەکانی میر، کە ئەوپەڕی خۆشبەختی پیشان دەدات، وێنایەکی پێچەوانەو چاوەڕووان نەکراو دێت پێویستی دەکرد، لەنێوان هەردووکیاندا نیوەدێڕی (هەر ئەوئێوارەیە) دابنرایە، بەڵام شاعیر ئەم کارەی نەکردووە، کە خزمەتی قووڵی وجوانترکردنی وێناو بیرە ڕەخنەییە هونەریەکە دەکات، چونکە ئیوارەی بەربانگ ساتێکی کورت ومردنی سۆماڵیەکان ماوەیەکی درێژە، لێرەشەوە خوێنەری شارەزا هەست بەشیعریەتی دەق زیاتر دەکات.

## ١٠/ کرتاندنی ڕستە

لەشیعردا مەبەست لەڕستە، دێرو نیوەدێڕی شیعرنییە، چونکە پێکهاتەی ئەمانە ڕیزبوونێکی ڕستەی تەواوی نێودێڕەکان نییەو دەکرێت نیوەدێڕێک تەنها وشەیەک بێت ونیوەدێڕێکی تر ڕستەیەکو زیادەیەکی بێت، ئەمە دەرخەری ئەوڕاستییەیە، کە شیعری نوێ دێڕەکانی لەڕووی بڕگەوە وەک یەکنین.

ڕستە بەدیدی ئێمە پێکهاتەی( S+V،S+O+V )یە.

شاعیر لەهۆنراوەی (نوستن لەناو ڕژاندا) کرداری کرتاندنی ڕستەی کردووەو لەدووا کۆپلەیدا دەڵێت:

تەنیا من وتۆ...
دەنا،
زەردە زیرەش،ماڵی هەیە. (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٦٥)

لەنیوەدێڕی یەکەمدا شاعیر ڕستەیەکی لابردووە، کە دەبوو بڵێت.

تەنیا من وتۆ ماڵمان نییە
دەنا،
زەردە زیرەش، ماڵی هەیە

لەڕووی ڕستەسازییەوە کرتێنراوەکە بەمشێوازەی خوارەوەیە.

ماڵ: ناوە ، بەرکارە.
مان: جێناوە، بکەرە.
نییە: کاری تەواوی تێپەڕە، چونکە بۆخاوەنداریەتی هاتوە.

کەواتە بەیاسای S+O+V ڕستەکە دروستدەکرێت وشاعیر لەبەر دووبارەنەبوونەوە ئاماژەی پێنەکردووە، چونکە لەکۆتا نیوەدێڕدا بەڕوونی دەردەکەوێت، ئەمە بۆخۆی جوانی زیاتری بەشیعرەکە بەخشیوە.

### ١١/كرتاندنی دێڕی شیعری

هەندێکجار هاتنی دێڕی شیعری ناپێویست خزمەت بەدەق ناکات ودەبێتە بارێکی گران بەسەر شیعرەکەوەو خوێنەر توشی بێزاری دەکات، بەتایبەتی دووبارەکردنەوەی ڕستە، ئەگەر بەشدارنەبێت لەڕاکێشانی خوێنەر بۆچێژێکی هونەری ونەیخاتە خەیاڵی گەڕان ودۆزینەوە (( کاریگەری کرتاندن خۆی نمایش دەکات، لەدروستکردنی هەستپێکردنی ناچاوەڕووانی، ئەوە دەبێتە سەرچاوەی وزەی بیر لای وەرگر بۆ خەیاڵکردن وگەڕان بۆ مەبەستی کرتاندنەکە )) (ربابعة:٢٠٠٥: ١٠٢)

لە هۆنراوەی (دابەشکردنی خیانەت) دا ئەم جۆرەی کرتاندن دەبینین، تیایدا شاعیر دەڵێت:

حیزبەکان بەشەڕ دێن،
لەسەر ؛
بیری نەوت.
منارەی ئاڵتونی.
لەسەر ئەودرەختانەی گەلاکانی
کورسین (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٥٥)

شاعیر کرتاندنی دێڕی شیعری کردووە لەجێگەی ئەوەی بڵێت:
بیری نەوت.
حزبەکان بەشەڕدێن
لەسەر
منارەی ئاڵتونی

لەکۆی ئەم شیعرەدا یەکجار ( حزبەکان بەشەڕ دێن لەسەر) هاتووە، کە لەگەڵ بیری نەوتدایە واتە لەگەڵ دوو نیوە دێڕەکەی تر نەهاتووە کە بەرکارەکەی ( منارەی مزگەوت ، درەخت ) ە.

شاعیر لەنیوەدێڕی سەرەتا ئەوەی نوسیوەو لەکۆتا نیوەدێڕدا دەڵێت:

لەسەرئەو درەختانەی گەلاکانی
کورسین

کەواتە شەڕی حیزب لەسەر( نەوت، منارەی ئاڵتونی، کورسی) یە کرتاندنی ئەم دێڕە کورتبڕی جوانکاری ئاوێتەی کۆی کۆپلەکە کردووەو، ئەگەر دێڕەکە بنووسرایە، دەبوو لاسەنگی ولەجوانی شیعرەکەی کەم دەکردەوە. کرتاندنەکان لەشیعردا وەکو شێوازی گفتوگۆ نییە، بەڵکو بابەتێکی خودییەو لەشاعیرێکەوە بۆ یەکێکی تر لەڕووی جۆرو ژمارەوە لەگۆڕانی هەمیشەیدایە.

## ٢-١-٢ باسی دووەم/ پاش وپێشخستن

پێکهاتەی زمان وئاخاوتنی ڕۆژانەو پەخشانی نووسراو، بەپەیوەندییە واتایی ورێزمانیەکانی ناوخۆی دروستدەبێت ودەبێتە جیاکەرەوەی لەزمانەکانی تر، واتە لەڕووی پەیوەندی ڕستەسازی و واتاسازییەوە پێویستە زمان جیابێت لە هەرجۆرە هێماو لێکدانەوەیەکی ترەوە، چونکە پاش وپێشخستنی کەرەسەکان نابنە سیمای هەمیشەی زمان وئەنجامی کارو بیرێکی هونەری وئەدەبین، هەر بۆیە پێویستە ئەگەر دەق لەڕووی ڕیزبوون ورێزمانەوە گونجاو نەبوو، ئەوا لەڕووی واتاو شیعرییەتەوە گونجاوبێت، چونکە ئەگەر بەمشێوازەش ناساز بوو ئەوا ئاڵۆزی وناڕێکی دروستدەکات وچێژی خۆی لەدەست دەدات.

پاش وپێشخستن لە ئەدەبدا لەسەر بنەمای تێکدانی سیستەمی هەنگاو بەهەنگاوە لەزماندا، یان (جان کۆهن) ڕای وایە لەسەربنەمای ((لادانی ڕێزمانییە، کە کاردەکاتە سەر تەرتیبی وشەکان)) (کۆهن:٢٠٠٠: ١٨٠) داهێنەر بەمەبەست وشەکان دەجوڵێنێ و لەشوێنی بنەڕەتی خۆیان دەیان گۆڕێت ((شاعیر دەتوانێ ڕێکخستنی کەرەسە سەرەکیەکان تێکبدات، دەشتوانێت هەنگاوی لەم گەورەتر بنێت، وەک گۆڕینی دەرخەر ودیارخەر)) (فەتاح:٢٠٠٥: ١٢) لەگەڵ ئەوەشدا (جان کۆهن) ئەو لادانانەی لەئەنجامی پاش و پێشخستنەوە ڕوودەدەن ناوی ناوە (لادانی ڕێزمانی) واتە پاش خستن پەیوەندیەکی بەتینی لەگەڵ یاسای ڕێزمانی هەیە و دیاردەی لادانی پێشخستن بە(هەڵگەڕاوە) ناودەبات (کۆهن:٢٠٠٠: ١٨٠) لەشیعردا ئەم هونەرە بەجێگۆڕکی* (Dislocation) دەناسرێت، کە بریتیە لەجێگۆڕکێکردنی بەکەرەسەکانی ڕستەیەک لە دەرەوەی چوارچێوەی سینتاکسی کەرەسەکە خۆی، جێگۆڕکێ لەپێکهاتەدا ڕوودەدات (عەبدوولڵا:٢٠١٣: ٧٥)

---

*بەرانبەر بە Disloctio زیاتر وشەی ترازان گونجاوە، چونکە لەبنەڕەتدا جێگۆڕکێ نایەت، بەڵکو بەمانای گۆڕانی بنەڕەتی دێت- ترازان جوانتر و گونجاوترە بۆ بواری هونەری.

(عبدالقاهر جرجانی ٤٧١-؟) ئەم هونەرە پەیوەست دەکات بەچێژو ولایەنی دەرونییەوەو دەڵێت: (( لەڕێگەی پاش وپێشخستنەوە قاڵبی کۆنی سواو دەڕووخێت وچێژێکی هونەری دروستدەبێت وژیانەوە لەدەرونی وەرگردا دێتەدی )) (سعیدانی:٢٠١٨: ١٠)

(قودامەی کوڕی جعفر ٨٧٣- ٩٤٨) وەکو زۆرێک لەڕەخنەگران لای لەم باسە کردووەتەوەو ئاوێتەی کێش وعەروزی کردووەو دەڵێت: (( شاعیر قسەکانی ڕێکدەخات لەسەر عەروزوو پێش وپاشخستن )) (بن جعفر: ١٩٧٥: ٢٢)

لای(سیبوویە ١٧٩هـ ) پاش وپێشخستن هێمایە بۆچاودێری وگرنگیپێدانی هونەری وشیعری وهۆکاری جوانکاری دەقی شیعرییە. (النوری: ٢٠٠٨: ١٥٣)

جوڵاندنی وشە بەشێوەی ئاسۆیی بۆپێشەوە یان دواوە لەڕستەدا یارمەتیدەرە بۆدەرچوون لەسروشتی باو بۆ سروشتی داهێنەرانە. (عبدالمطلب:١٩٨٤: ١٤٣)

چەندە ئەم هونەرە لەدەقدا بەرچاو بکەوێت، هێندە دەق لەشیعر نزیکدەکاتەوەو لەپەخشان دورتری دەخاتەوە، چونکە ئەم کارە چڕی دروستدەکات، شیعرییەت وبەهێزووچێژتردەکات.

(( لەدەقدا پێشخستن وپاشخستن بریتین لە وزەی کاریگەری و هێزو جوانی دەربڕینی ڕستەکان زیاتر دەکات )) (ڕەسوڵ:٢٠١٣: ٨٦)

شاعیران ئەگەر پاشخستن وپێشخستن لەشیعرەکانیاندا نەکەن، ئەوا وەرگر هەست بەسواوی و بێزاری دەکات، چونکە ((ئەم کارە کەشێکی فراوان بۆ شاعیر دروستدەکات، بۆ نەخشەی دەربڕینی هونەری نوێ و دەرچوون لەیاسای ڕێزمانی )) (بوولحواش:٢٠١٢: ٩٤)

بەشێوەیەکی گشتی کاری پاش وپێشخستن ئامانجی جوانکاری وچێژ و دەرچوونە لەجوینەوەی سواو وخستنەقاڵبی هونەر وشیعرییەتی دەقەوەیە، هەموو تێکدانێکی ڕیزبوونی پەیوەندیە زمانیەکان نابێتە هونەری وپێویستی بەشارەزای هەیە، ئەوە ڕوونە نوسینێک واتایەکی گونجاو و فەرمی هەبێت، پێویستە لەهەردوو ڕووی ڕێزمانی و واتاییەوە گونجاو بێت، بەڵام لەشیعردا ئەم پێوەرە دەخرێتە لاوە، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت ئاڵۆزی و تێکدانی هونەریش لەسەر شیعرییەت پێوانە بکرێت؛ چونکە دەکرێت ڕستەیەک لەڕووی ڕێزمانییەوە وەکو پەخشان خاوەنی ڕستەسازی و ڕێزمانی فەرمی نەبێت، لەگەڵ ئەوەدا لەڕووی واتاییەوە کەموکوڕی نەبێت و دەشبێتە سەرچاوەی جوانی بۆی، هەروەک چۆن دەکرێت ڕستە لەڕووی ڕێزمانییەوە تەواو بێت، بەڵام لەڕووی واتاییەوە، پێوەری زمانی باوی تێپەڕاندووە، کەواتە دروستکردنی وێنا و سەرنجڕاکێشانی خوێنەر دەبێتە پێوەری سەرەکی و یەکلاکەرەوەی جوانی دەق. هەر بۆیە وەهای دەبینین، کە پێش وپاشخستن کارێکی لەخۆوە نییە، بەڵکو هۆکارێکی ڕستەسازی ورەوانبێژی وجوانکارییە. (بن زیاد:٢٠١٢: ٥٣)

شاعیری جەلیزادە لەدیوانەکانیدا پاش وپێشخستنی هونەری کردووەو هەوڵ دەدەین دیارترینەکانی بخەینە بەرباس.

بۆئەوەی وەکو هەندێک لێکۆڵینەوەی تر تێکەڵی نەکرێت، لەپاش وپێشخستندا بەشەکانی ئاخاوتن بەجیا وەردەگرین ولەدۆخی جیاوازی هونەریدا دەیانخەینە بەرباس.

## أ/پێشخستنی کردار

### ١-پێشخستنی کردارو پاشخستنی بکەر

لەڕستەی ئاسایی وڕێزمانی باودا، بکەر دەکەوێتە سەرەتاو کردار دەکەوێتە کۆتای ڕستەوە، بەڵام بەهۆی جێگۆڕکێ، کە بریتیە لەدانانی کەرەسەی ڕستەیەک لەدەرەوەی چوارچێوەی سینتاکسی ڕستەکە خۆی (قادر:٢٠٠٦: ٥٠) ڕێگە بەشاعیر دەدرێت، بەشێوەیەکی هونەری ڕیزبوونی بەشەکانی ڕستەبگۆڕێت وببێتە جۆرێک لەلادانی پێکهاتەیی.

لەهۆنراوەی (کۆڵکێش)دا شاعیر ئەم جۆرە لادان وپاش وپێشخستنەی کردووەو دەڵێت:

سەردەکەوین و
شۆڕ
دە
بی
نەوە
من وبارگیرێک (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٥٩)

دەبینین لەسەرەتای هۆنراوەکەدا هەردووکرداری ( سەردەکەوین، شۆڕدەبینەوە) ی داناوە دواتر هەردوو بکەری ڕستەکە هاتوون کە (من وبارگیرێک)ە بەمەش پرۆسەی پێش و پاشخستنەکە درووستبووە.

لەلادانی جێگۆڕکێ وپاش وپێشخستندا، زیاتر مەبەستی شاعیر ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرو توانای زمانەوانی خۆیەتی، بۆئەوەی دەق بخاتە ئاستێکی بەرزی هونەریەوە.

### ٢-پێشخستنی کردار وپاشخستنی بەرکار

وەکو لەم هۆنراوەیەدا دەردەکەوێت.

خودا دایدەخات – فڕنی نانەوا

بارودخانەکان دەخاتە سەرپشت (کۆلانەکانی مندالی:٢٠١٨: ١٧٤)

دیارە بەگوێرەی ڕیزبوونی ڕێزمانی ورستەسازی باو پێویستبوو، کە بنووسرایە

خودا فرنی نانەوا دادەخات

بەڵام بۆمەبەستی هونەری وشیعری شاعیر لادانی پێکهاتەی و پێش وپاشخستنی دروستکردووە. بەمەش چاوەڕوانی لای خوێنەر دروستبووە، کە خوا چی دادەخات، بەمەش جوانیەکی واتایی زیاتر پێکهێنراوە.

## ٣-پێشخستنی کردارو پاشخستنی تەواوکەری بەیاریدە

شوێنگۆڕکێی ئەم دووبەشەی ئاخاوتن تاڕادەیەک لەزمانی باویشدا دەکرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لادان بنەڕەتی کاری ئێمەیەو ئەوجۆرە پاش وپێشخستنە، بۆخۆی زیادەڕۆییە بۆسەر زمانی باو ئاماژەی پێدەکەین.

لەکۆپلەی هۆنراوەیەکدا بەناوی (شەوێک لەناوتەم ومژدا) ئەمجۆرە لادانە دەبینین، کە تیایدا شاعیر دەڵێت:

هەناسەت،
نمەبارانی خودایی بوو،
سییەکانی تەڕدەکردم،
لەعەتری وەنەوشە. (باخچەکانی مەلەس تاوک:٢٠١٢: ٣٥٢)

(عەتری وەنەوشە)گرێی ناوییە و بەهۆی (لە) بووە بە تەواوکەری بەیاریدە، دەبوو لەپێش کرداری (تەڕدەکردم) بهاتایەو بنووسرایە.

هەناسەت،
نمەبارانی خودایی بوو،
سییەکانی لەعەتری وەنەوشە
تەڕدەکردم

بەڵام شاعیر بۆمەبەستی جوانکاری ئەم لادانەی دروستکردووە.

### ٤-پێشخستنی کردارو پاشخستنی هاوەڵکاری چۆنیەتی

لەنوسینی پەخشان وگفتوگۆی ئاساییدا، بەشێوەیەکی گشتی هاوەڵکارەکان دەکەونە پێش کردارەوە، بەڵام لای شاعیر لادان لەم یاسا کراوەو هاوەڵکار کەوتووەتە پاش کردارەوەو وەکو لەم هۆنراوەدا دەڵێت:

دەزانم ئەم وەرزە باخێکی پایزەو
دەوەرێت لەسەرخۆ،
نەدەستم دەگاتە گەردنت،
نەلێوم ماچ دەکات،
نەرمایی سینگی تۆ. (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٤٣٠)

لەنیوەدێڕی دووەمدا کردار و هاوەڵکاری چۆنیەتی جێگۆڕکێیان پێکراوە، واتە بەگوێرەی ڕێزمانی باو ڕاستتربوو، کە بنووسرایە

لەسەرخۆ دەوەرێت

بەڵام دیارە لەبەر ئاوازی شیعرەکە، شاعیر ئەم لادانەی کردووە، چونکە لەدووانیوە دێڕدا (تۆ) هاتوە، ، کە هاوئاوزە لەگەڵ لەسەرخۆدا.

## پاش وپێشخستنی بەرکار لەگەڵ کەرەسەکانی تری ڕستە.

ئەوەی لەڕێزمانی وڕستەسازی ئاساییدا باوە، کە بەرکار لەپێش کارەوەو لەدوای بکەرەوە دێت، بەڵام زمانی شیعر ئەم جۆرە لە سیستەمە تێکدەشکێنێ وبەجۆرێکی هونەری تر لەچوارچێوەی لۆژیک وخەیاڵی داهێنەرانەدا پەیوەندی وڕیزبوونەکان دادەڕێژێتەوە، بۆیە شوێنی بەرکار دەگۆڕێت وەکو لەخوارەوە ئاماژەی بۆدەکەین.

### ١-پێشخستنی کردار و پاشخستنی بەرکار

لەڕیزبوونی ڕستەسازی باودا کردار دەکەوێتە پاش بەرکار، بەڵام لەم هۆنراوەیەدا بەپێچەوانەوە دەبینین، شاعیر دەڵێت:

پەپوولەیەک، باوەشێنی دەکات،

گوڵێک لەگەرمانا،

لەخۆچوە. (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٥٦)

ئەگەر ڕەچاوی شێوازی پەخشانی باو و زمانی ئاسایی بکرایە، ئەوا پێویستبوو بنووسرایە.

پەپولەیەک، گوڵێک

باوەشێن دەکات،

کە لە خۆچووە.

یان

گوڵێک لە خۆ چووە

پەپولەیەک

باوەشێنی دەکات

لەگەڵ پاش وپێشخستندا کرداری کرتاندنیش لەم هۆنراوەدا هەیە، چونکە پێویستبوو بنووسرایە. ( لەهۆش خۆچوە) بەڵام بەشی یەکەمی کردارەکە لابراوە (کرتێنراوە).

## ٢-پێشخستنی بکەروکردارپێکەوەو پاشخستنی بەرکار

لەم جۆرەی لادان پاش وپێشخستنەدا، شاعیر بکەر وەکو جێناوێکی لکاو دەچەسپێنێتە قەد کردارەوەو لەپێش بەرکار دایدەنێت، واتە بەرکار دەبێتە دوا وشەی دەقەکە (دێڕەکە) وەک لەهۆنراوەی(کەرکوک)دا شاعیر دەڵێت:

سیدارەکەی (مەهاباد)م کردبەفلچەو

گوڵی(وان) بەڕەنگ و

کۆبانێ (بەچوارچێوە)

لەسەرلادیوارێکی قەڵای کەرکوکا

کێشام

تابلۆی شەهید(کۆڵانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ١٩٣)

لەکۆتا دێڕدا لەیەک وشەدا کە (کێشام) ە کرداروبکەر پێکەوەن لەپێشی گرێی ناوی بەرکار (تابلۆی شەهید) دانراوە، لەکاتێکدا لە ڕێزمانی باودا دەنوسرێت.

من تابلۆی هەڵەبجەم
کێشا.

بەڵام شاعیر دووکاری هونەری تیاداکردووە، کە کرتاندنی جێناوی سەربەخۆی (من) و پاشخستنی بەرکارە بۆکۆتایی دێڕەکە.

## ٣-پێشخستنی بەرکارو پاشخستنی بکەر

شاعیر لەهۆنراوەیەکی سێ نیوەدێڕیدا دووبەرکار (گرێ) لەگەڵ کردارەکانیان دادەنێت و لەکۆتا دووا نیوەدێڕدا بکەردێت، وەکو لەم کۆپلەیەدا دەردەکەوێت.

قژی بەفری بڕی،
دڵی شەختەی شکاند،
هەتاو. (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٢٢)

هەر یەکە لە (قژی بەفر، دڵی شەختە) بەرکارن وبەدوایاندا کردارەکانیان هاتووە، بکەریش پاش خراوە، ئەگەر شێوەی زمانی نوسینی باو و پەخشان بێت، ئەوا وەها گونجاوە، کە بنووسرایە.

هەتاو
قژی بەفری بڕی
دڵی شەختەی شکاند.

## پاش وپێشخستن لەگەڵ (نیهاد)دا

لەڕێزمانی باودا نیهاد بکەرێکی وەسف کراوە، واتە ناوێکە وبەهۆی هاوەڵناو وکاری ناتەواوەوە وەسف کراوەو شوێنی لەڕستەدا سەرەتای ڕستەیە، بەڵام لەشیعردا ئەم ڕیزبەندیە تێکدەشکێنرێ وهەندێکجار کەرەسەی زیادەو هاوکار دێتە ڕستەکەوە، بەچەند شێوازێک پاش وپێشخستن لەگەڵ نیهاد دا دەبینین، گرنگترینیان دەخەینەڕوو.

### ١-پێشخستنی هاوەڵناو و پاشخستنی نیهاد

لەم هۆنراوەی خوارەوەدا ئەم هونەرەی سەرەوە دەبینین، کەتیایدا شاعیر دەڵێت:

دوو هاوڕێی گیانی بەگیانین،
بەفرو
ڕیشۆڵە (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٢٦)

هەردوو ناوی بەفرو ڕیشۆڵە ئەرکی نیهاد دەبینن، بەڵام پاشخراون، هەر لەو پەڕەیەدا لە هۆنراوەیەکی، دیکەدا شاعیر دەڵێت:

سەوزن
کەوشەکانی بەفر

لەڕووی ڕێزمانی ورستەسازی باوەوە پێویستبوو شاعیر بڵێت.

بەفرو ڕیشۆڵە
دووهاوڕێی گیانی بەگیانین

لەهۆنراوەکەی تریشدا بنووسرایە.

کەوشەکانی بەفر
سەوزن.

### ٢-پێشخستنی هاوەڵکاری چەندییەتی و پاشخستنی نیهاد

لەهۆنراوەیەکدا شاعیر دەڵێت:

تا تاڵێکی پرچت نەکەوتە سەر زەوی
ئەوەندە درێژ نەبوو،
شەو ( کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٢٥٥)

وەکو دیارە لەزمانی باودا بەمشێوازە ڕیزبەندی کەرەسەکانی ئەم شیعرە دەکرێت

شەو

ئەوەندە درێژنەبوو

تا، تالێکی پرچت نەکەوتەسەرزەوی

بەڵام بۆمەبەستی هونەری و شیعری شاعیر لادان کراوە لەڕووی ڕەوانبێژی کۆنەوە هونەری ( جوانی بایس) ی دروستکردووە.

## بکەرو پاش وپێشخستنی لەگەڵ بەشەکانی تری ڕستەدا

لەهەرگۆڕانێک کە لەڕستەدا دەکرێت، ڕۆڵی بکەر بەکاریگەری دەمێنێتەوە، چونکە بەشی سەرەکی و بنەڕەتی ڕستەیە ، واتە جیا لەم ناونیشانەی سەرەوە، لەتەواوی پاش وپێشخستندا بکەر بەشدارە لە هونەریکردنی دەقدا.

دیارترین ئەو(لادانە) پاش وپێشخستنەی، کە لەگەڵ بکەردا دەکرێت لەچەند نمونەیەکدا دەخەینەڕوو.

### ١-پاشخستنی بکەر، بۆ کۆتایی هۆنراوە

لەم جۆرە پاشخستنەدا، بکەر دەچێتە، کۆتای دەق، ئیدی ئەگەر شیعرەکە دێڕێک بێت یان چەند کۆپلەیەک. لای شاعیر زۆر لەم پاشخستنە لە دەقەکاندا دەبینرێت، وەکو لەهۆنراوەی (زۆر سەیر مرد) دا دەرخراوە:

نەتەقەی لێکرا.

نەشوشەیەک ژەهری خواردەوە.

نەلەقاتی حەوتەمدا، خۆی هەڵدایە خوار

زۆر سەیر مرد.

نەمار پێوەیدا

نە مینێکی لەبن پێدا تەقییەوە

نە ماشینێک شێلای.

ئەو،

لەناو پەرداخێک شەرابدا خنکا

مێشولەکە. (کۆلانەشینەکانی مندالّی:٢٠١٨: ١٤١)

لێرەدا دەردەکەوێت (مێشولە) بکەری هەموو شیعرەکەیەو ئەمجۆرە لەپاش خستن ئاسۆی چاوەڕووانی لای خوێنەر زۆر دەکات، چونکە تا نەگاتە کۆتای هۆنراوەکە، نازانێت ئەوە کێیە مردووەو بەهیچ یەکێک لەوهۆکارانە نییە، کە شاعیر ڕیزی کردوون.

جگە لەم جۆرەی پاشخستن، جۆری پێشخستنی ئامرازی نەریَ لەکۆی نیوەدێڕکاندا دەبینرێت.

## ٢-پێشخستنی تەواوکەری بەیاریدەو پاشخستنی بکەر

تەواوکەری بەیاریدە، کە بە بەرکاری ناڕاستەوخۆیش دەوترێت، بەشێکی ناسەرەکی ڕستەیەو دەکرێت، ئەویش شوێنگۆڕکێی پێبکرێت ((دەشێ بۆگرنگی وبایەخدان، لەهۆنراوەدا لەبەر ڕەچاوکردنی کێشی هۆنراوەکە بەرکاری ناڕاستەوخۆ بخرێتە پێش بەرکاری ڕاستەوخۆوە)) (ڕەسولّ:٢٠٠٧: ٦٤) وەکو لەم هۆنراوەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

بۆ دیدەکانت دەگەڕا

دوو گۆمی شینی بەدەنوکەوە بوو

چۆلەکەیەک ( کۆلانەشینەکانی مندالّی:٢٠١٨: ٢٠١)

(بۆ دیدەکانت) تەواوکەری بەیاریدەی کرداری( دەگەڕا) یەو پێشخراوەو( چۆلەکە) کە بکەرە ناوێکی تاکی نەناسراوەو پاشخراوە.

## ٣-پێشخستنی هاوەڵکاری کاتی وپاشخستنی بکەر

لەم جۆرەشدا دەکرێت پرۆسەکە لەناو تاکە نیوەدێڕێکدا بێت، یاخود کۆپلەو دەقێک، وەکو لەم نیوەدێڕەی سەرەوەی ئەم هۆنراوەدا دەردەکەوێت.

سەرلەنو، پەپولەیەک، زەمین دروست
دەکاتەوە.
لە،
شەونمی ژەک.
لەتریفەی ئاو
لەباق بریقی گۆرانی. (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٨١)

شاعیر هاوەڵکاری کاتی (سەرلەنوێ) ی گۆڕیوە بۆ(سەرلەنو) کە گۆڕانێکی فۆنۆمییەو لەسەرەتای نیوەدێڕو پێش بکەر دایناوە، کە بەگوێرەی ڕستەسازی باو گونجاوتربوو، کەبنووسرایە.

پەپولەیەک سەرلەنو زەمین دروست
دەکاتەوە.

بەڵام لەبەر بابەتی جوانکاری وشیعری شاعیر ئەم هونەرەی نەخشاندووە، چونکە هۆنراوەکە بەگشتی دوو کۆپلەی درێژەو بە (سەرلەنو) دەستپێیکردووە.

## ٤-پێشخستنی هاوەڵکاری چۆنیەتی وپاشخستنی بکەر

هاوەڵکاری چۆنیەتی ئەرکی تەواوکەری کارەو، پێویستە لەگەڵ کرداردابێت، بەڵام لەشیعردا ئەم سیستەمەی ڕیزبوون تێکدەشکێنرێت وشوێنگۆڕکێ دەکرێت، وەکو لەم هۆنراوەی خوارەوەدا دەبینرێت.

بەخەمگینی دەخوێنێت
هاوسەرەکەی چوە بۆشەڕ،
سوێسکەیەک ( کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٢٦٣)

ئەوە ڕوونە، (بەخەمگینی) هاوەڵکاری چۆنیەتییە، خراوەتە سەرەتای کۆپلەکە (شوێنی بکەر)و بکەریش (سوێسکە) خراوەتە کۆتای کۆپلەکە. لەبەکارهێنانی زمانی باودا بەمشێوەیە کۆپلەکە دەچنرێتەوە

سوێسکەیەک
بەخەمگینی دەخوێنێت

هاوسەرەکەی چوە بۆشەڕ.

## ٥-پێشخستنی هاوەڵکاری شوێنی وپاشخستنی بکەر

لەم جۆرەی لادان وپاش وپێشخستنە لای شاعیر بەزۆری دەبینرێت، وەکو لەم کۆپلەیەدا دەیخەینە ڕوو:

لەتیرانا مەمک،
سڵ ناکاتەوە لەپەنجەی خۆر.
ناسڵمێتەوە لەلێوی سێبەر.
خۆی ناشاریتەوە،
لەزمانی سەرنج.

لەڕستەی ئاساییدا بکەر دەکەوێتە سەرەتای ڕستە، بەڵام شاعیر لەم کۆپلەیەدا هاوەڵکاری شوێنی لەسەرەتادا داناوە، ئەمە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، ئەوانیش لایەنی هونەری وهۆکاری دووەم سەرنج وجەختکردنەوەی شاعیرە لە تاکە شوێنێک، کە بووە بە بەشێک لەیادگاری کەسی خۆی، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بینەری ئەو وێنانە بووە. لەبارەی پاش خستنی بکەرەوە هێندە بەپێویست دەزانین (لەبەرمەودای لێکۆڵینەوەکە) ئەگینا دەکرێت وردتری بکەینەوەو زیاتر درێژە بکێشێت.

(لادان) پاش وپێشخستن پرۆسەیەکە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەهۆشیاری وەرگرەوە هەیە، کە چۆن جارێکی تر ئەو باڵەخانەی زمان بەهۆکارەکانی واتاسازی وڕیزبوونی ڕێزمانی ڕێکدەخاتەوە، چونکە کاری شاعیر تێکدانی زمانە بۆ دروستکردنی دنیایەکی جوانتر لەوەی بەرچاو دەکەوێت، هەر ئەمە وەها دەکات ئێمە پەی بەوە ببەین، کە جۆرێکی تر پاش وپێشخستن هەیە، کە ئەویش خۆی لەم جۆرانەدا دەبینێتەوە.

## پاش وپێشخستنی نیوەدێڕ

مەبەست لەم جۆرە پاش وپێشخستنە، ئەوەیە، کە خوێنەر(وەرگر) لەکاتی خوێندنەوەی شیعرەکەدا بەهۆی پێکهاتەی ڕستەسازی، یان پەیوەستی واتایی نێوان وشەو نیوەدێڕەکان هەست

دەکات، کە پێویستە شوێنیان بگۆڕین، بۆئەوەی بگەڕێنەوە بۆ زمان وڕستەسازی باو، یاخود چنینی پەخشانانەی زانستی.

چەند نمونەیەک دەخەینەڕوو.

لەهایکۆی(بۆڵە ترێ) هایکۆی ژمارە (١١٦) دا شاعیر دەڵێت:

بۆنی گوڵەمێخەکەکانی لەباغ بردە دەرێ،
شنەیەک هەڵی کرد. (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٣٥)

ئەوە دیارە نیوەدێڕی دووەم (بکەروکردارە) بوونی ئەو ڕوودانی نیوەدێڕی یەکەمی بەدوادا دێت کە بەرکارو تەواوکەری بەیاریدەو کردارە، واتە بۆئەوەی بیگێڕینەوە بۆزمانی باو وڕێزمانی دروستدەبێتە.

شنەیەک هەڵی کرد
بۆنی گوڵەمێخەکەکانی لەباغ بردە دەرێ.

لەهۆنراوەیەکی تردا بەناوی (قامیش) شاعیر دەڵێت:

کۆترە شینەکانی هەڵفڕاند،
(الله اکبر)ی موئەزن (کۆلانەشینەکانی مندالی:٢٠١٨: ٢٣٥)

وەکو دەبینین لەڕووی واتای وڕێزمانی نیوەدێڕەکان جێگۆڕکێیان پێکراوە، بۆئەوەی ببنە لادان وشیعرییەت بسازێنن. لەڕووی ڕێزمانییەوە بەمجۆرەیە

(بەرکار)
نیوەدێڕی یەکەم ⟵ گرێی ناوی+ کردار.
(بکەر)
نیوەدێڕی دووەم ⟵ گرێی ناوی.

واتە نیوەدێڕی یەکەم کە بەرکارو کردارە گونجاوترە لەدوای بکەرەوە بێت.

لەڕووی واتاسازییەوە خوێنەر هەستدەکات، ڕوودانی بانگدانیش هۆی هەڵفڕاندنی کۆترە شینەکانە، واتە بەمشێوازەیە.

ڕوودانی بانگدان دواتر ←—— هەڵفڕاندنی کۆترە شینەکان

لە بابەتی پاش وپێش خستندا دەتوانرێت چەندان جۆری تر، بەڵام بچوک و ورد بخرێتە ڕوو، بەڵام هێندە بەپێویست دەزانین و هەست دەکەین ئەمشێوازە مەبەستەکەمانی گەیاندووە.

## ٢-١-٣ باسی سێیەم / هاتنی کەرەسەی زیادە

زمان لەشیعردا ئەوکەرەسەیەیە، کە ئامانج وتەکنیکە، بۆگەیشتن بۆ کەماڵی خۆی، سنوری باوی ڕۆژانە تێدەپەڕێنێت، چونکە کاتێک لەخۆیدا بوو بەئامانج پێویستی بەهاوڕێکی واتایی، بەڵام وێنای جیاواز هەیە. لەم بارەیەوە (ژان پۆڵ سارتەر ١٩٠٥- ١٩٨٠) دەڵێت: ((لەدەرەوەی زمان ئەدەبێک بوونی نییە، کەواتە ئەدەب هەمان زمانە بەپێوەلکاندن یان کەمکردنەوەی شتێکی تر، بۆناسینی ئەوشتەی تر سەرەتا پێویستە زمان بناسین)) (سارتەر:٢٠٠٩: ٣٠)

تەکنیکەکانی شیعری جۆری پەیکەربەندی نیوەدێڕو دێڕو کۆپلەی شیعرییە، لەکاتی چنین و سازاندنی هەریەک لەوانە ((چەندە لەپێوەری پێکهاتەی (زمان) دووربکەوینەوە، هێندەش شیعرییەت فراوانتردەبێت)) (سلیم:٢٠١٠: ٢٦)

لەکاتی ئەوپرۆسەی، کە شیعربوونە، زمانی شیعر دیلکردن وملکەچبوون وەرناگرێت و بەتاکە ڕێڕەوێک ڕازی نابێت، ئەمە لەقورئانی پیرۆزو پەندی پێشیناندا دەردەکەوێت). (عبداللطیف:٢٠١٢: ٧)

هەندێکجار لێڵی وئاڵۆزی لەچنین و واتادا دروستدەبێت، ئەویش ئەنجامی دوورییە لەچەسپاوی وبەکارهێنان وگوێزانەوەی زمانە بۆئاستێکی هونەریانەتر، بەڵام هەموو تێکدان ولێڵییەکیش خزمەتی شیعریەت ناکات (( لێڵی لەشیعردا ئەگەر واتا پترنەکات، کاریگەری دەرونی نەبێت پەسەندناکرێت )) (مەحمود:٢٠٠٩: ١٨٢)

هەندێکجار شاعیران توشی جۆرێک لەزیادەڕۆی وئابووری نەکردن لەخەرجکردنی وشەدەبن، ئەو کات کەرەسەی زیادە لەناو دەق ودێڕەکاندا دەبینرێت، ئەمە بۆخۆی بەشێکە لەلادانی پێکهاتەی،

چونکە لە پێوەرەکانی لاداندا ڕێگە بەزیادەڕۆی خەرجکردنی وشە نادرێت ودەرچوونە لەپێوەرەکانیان، خوێنەری شارەزا دەزانێت، کە کام وشەو کەرەسە زیادەیە چونکە ((کەرەسەی زیادە لەتەختەیەک دەچێت، کە ڕووبار هەڵیداتەوە سەرەوەی خۆی)) (کلثوم:٢٠١٧: ٣٩٢) واتە کەرەسەکە دەبێتە بارێکی گران بەسەردەقەکەوە.

مەبەست لە کەرەسەی زیادە ئەو دووبارەکردنانەوە نییە، کە شاعیر بۆمەبەستی هونەری دایدەڕێژێت، هەروەک چۆن ئێمە هەڵەی ڕێزمانیش جیادەکەینەوە لە کەرەسەی زیادە، چونکە لەهەندێک لیکۆڵینەوەی زانستیدا هەموو ئەم ناونیشانانە تێکەڵکراون.

بۆزیاتر پیشاندانی جۆری کەرەسە زیادەکان، ڕیزبەندیەک دەکەین و بەنمونەی شیعریی کەرەسەکان دەخەینەڕوو.

## ١-پیتی ( ە ) نیشانەی زیادە

خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکاندا هەست دەکات، یەکێک لەم کەرەستانە بەزیادی وەکو بارێکی لاسەنگ تێکەڵ بەشیعرەکە کراوە، لەکۆپلە شیعرێکدا دەردەکەوێت دەڵێت:

کاتێک ژن گۆرانی دەڵێ؛
دنیا دەبێ
بەقۆخێکی گەییوە ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٨٣)

وەکو لەهۆنراوەکەدا دیارە (گەییوە) لێرەدا هاوەڵناوی گۆڕیوە بۆکردارو ئە(ە) کە نیشان گۆڕە کەرەسەیەکی ناپێویست وزیادەیە.

ئامرازەکانی لێکدان وپێکەوەبەست وپەیوەندی لەڕستەدا شوێنی تایبەتی خۆیان هەیە، واتە ناکرێت شاعیر وەکو کارێکی لەخۆوەی تێچێنێ ناو دێڕە شیعرەکانیان بکات، چونکە دەبێتە پەڵەیەکی ناشیرین وکاریگەری لە هونەری دەقەکە دەبێت.

لەکۆپلەیەکدا شاعیر دەڵێت:

بەڵام لەسەرشێوەی هەڵم
گەڕایەوە سەرچاوەکەی،
ڕووبارەکە. (کۆڵانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٣٠٣)

لەگفتوگۆی ئاسایی ورێزبوونی باوی زمان و ڕستەسازیدا (بەڵام) بۆ دوو (وێنا، کردار، ڕستە) ی جیا دێت، واتە پێویستە لەپێش (بەڵام) دا باسێک ودێڕێک هەبێت وبەهۆی ئەمەوە چاوەڕوانی بگۆڕیت، نەک لەم هایکۆیەدا، کە لەسەرەتادا هاتووەو بووە بەکەرەسەی زیادە.

## ٢-وشەی زیادە

لەدێڕە شیعرەکاندا دەکرێت وشەیەک زیادە بێت، ئێدی بەشیکبێت لەگرێیەک، یان هەمان وشە بەوێنای جیاو هاواتا دووبارە بووبێتەوەو خزمەتی شیعریەت نەکات. وەکو لەم هۆنراوەیەدا دەبینین.

پێدەکەنیت..
لەوخونچەگوڵە دەچێت
کەتازە باخەوان ،
فێری
پشکوتنی کردبێت.

لای هەمووکەس ئاشکرایە، کە قۆناغی یەکەمی گوڵ خونچەیە، واتە هەموو گوڵێک بەو تەمەنەدا تێپەڕدەبێت وپێویست ناکات، شاعیر لەدووای خونچە ناوی گوڵ بهێنێت وبووە بەکەرەسەیەکی زیادە.

## ٣-نیوەدێڕی زیادە

لەم جۆرەی کەرەسە زیادەدا نیوەدێڕێک لەهۆنراوەکەیدا دەبینرێت بەدوو هۆکار بەزیاد دادەنرێت، یان هەمان نێوەدێڕی بەهەمان واتا، بەڵام شێوەی جیا هێناوەو ئەم نیوەدێڕە خزمەتی جوانکاری وشیعرییەت ناکات، یان نیوەدێڕەکە پەیوەندی بەدێڕە شیعرەکانی پێش وپاشی خۆیەوە نییە، چی لەڕووی ناوەڕۆک چی وێنای گشتی، کە دێڕەکە بەشێکە لێی. وەکو لەم هۆنراوەی خوارەوەدا دیارە.

ژووره بچوکەکەت بۆ من..
ژوورێک ، لە ڕۆخ هەڵقوڵێنی هەنگوینی
لەزەت
ژوورێک، دراوسێی ناڵە ناڵی داگیرسان و
دامرکانەوەی جەستە.
ژووره گچکەکه لۆ من..

بەتەنێ
ژوورە گچکەکە.
ژوورێک، بە قەد خەونی مێروولەیەک (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٦٥٧)

لەکۆی هۆنراوەکەدا شاعیر دەیەوێت تایبەتمەندی ئەو ژوورەمان پێبناسێنێت، وەسفی جۆراو جۆری بەکاربردووە، لەکۆی دەقەکەدا خوێنەر هەست بە دووبارەو حەشوەیەکی زۆر دەکات، ئەو نیوە دێڕەی کە هیچ ئەرکێکی هونەری نییە واتە زیادەیە ئەمەیە کە دەڵێ

ژوورە گچکەکە

ئەویش بەهۆی چەند بارە کردنەوەی بە هەمان مەدلوول بە شێوازی جیاواز وەکو ( ژوورێک بە قەد خەونی مێروولەیەک، ژوورە گچکەکە لۆ من ) ئەم دوو نیوە دێڕ هەمان واتای دێڕی باسکراون و هیچ جوانیەکی نوێی نەخستووەتە ڕوو.

## ٢-١-٤ باسی چوارەم / تێکدانی بنیاتی ڕستەو هەڵەی ڕێزمانی

شیعرییەت بۆخۆی دارِشتنەوەی زمانە بەوجۆرەی، خەیاڵی شاعیر وێنای پێدروستدەکات، کەواتە زمان مادەی سەرەتای باڵەخانەی شیعرەو جارێکی تر دەوروبەرو پەیوەندیەکانی تیادا دەچێنێت. لەشیعردا زمان هەمیشە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناوخۆ و دەرەوەی بە شێوازێکی هونەری تر لەپێکهاتەی باو دادەڕێژێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا سنورێکی هزری دەبێتە مەرجی بەرهەمی هونەری، چونکە لادانە پێکهاتەییەکان تا ئەو سنورەی واتا دەگەیەنێت ڕێگەپێدراوە هەرکاتێک ئەم سنورەی بەزاند ڕەتدەکرێتەوە، چونکە (( شاعیر خاوەنی ئازادی ڕەها نیە لە دەرچوونی لە سیستەمی زمانی و ڕێزمانیە جێگیرەکان، بەڵکو زمان ئەوەندە ڕێگەی پێدەدات کە بتوانێت دەستکاری لە بنیاتی زمانی و ڕێزمانیدا بکات، نەوەک زمانەکە لەناوبەرێت)) (الرواشدة:٢٠٠٥: ١٨٥)

زمان هەرچەند کەرەسەی شیعرییەتە، بەڵام تاڕادەیەکی لۆژیکی (ژیربێژی) ڕێگە بە شاعیر دەدرێت پەیوەندیەکانی نێوان دانە واتایی وفەرهەنگیەکان ئاڵۆزبکات، مەبەستمان لە ئاڵۆزی دەرچوونە لە شێوەزاری پەخشانی زانستی و گفتوگۆی باو، یاخود هەریەکە لەپێوەرەکانی لادان کەلەپێشدا خراونەتە ڕوو، بەڵام ئەمە تا سنورێکە جوانی و وێنای هونەری دروست بکات نەک چڕی ئاڵۆزی بێ

هونەر و ناساز، چونکە ئالۆزی وتێکدانی بنیاتی ڕستەو هەڵەی ڕێزمانی خزمەتی هونەریەتی دەق ناکەن ودەبنە بارێکی قورس و ناقۆلا بەسەردەقەوە، گۆڕینی شوێنی وشەکان بەڕێگەی لەخۆوەی (عشوائی) و دابەشکردنی لەجێگەی نەگونجاودا پێکهاتەکە تێکدەدات، گرانی تێگەیشتن لای وەرگردروستدەکات، هەندێکجار تێکدان وپاش وپێشخستنی وشەکان دەگاتە ڕادەیەک، لەشوێن گۆڕینی کەرەسەیەک ودووان دەردەچێت، وەرگر بۆ ئەوەی لەدەقەکە بگات، پێویستی بەتێکدانی پەیکەری تەواوی شیعرەکە هەیە، چونکە ((هەندێ کەرەسەو نیشانەکانی ڕێککەوتن وجێناوی لکاو ونیشانەی نەرێ شوێنی لکانیان دیاریکراوە، کاتێ شاعیر ئەم کەرەستانە لەشوێنی خۆیان ناهێنێت وبەکەرەسەی ترەوە دەلکێن ئەوە بنیاتی ڕستەکە تێک دەدات )) (عەبدوولَلا:٢٠٠٧: ١١٢)

هەردوو هەڵەی ڕێزمانی وتێکدانی بنیاتی ڕستە لادانن لەزمانی باوو نوسینی پەخشان، بەلاَم هەڵەی ڕێزمانی خزمەتی هونەریەتی دەق ناکات و وەرگر وەکو لاسەنگیەک لێیدەڕوانێت، چونکە لەگەڵ لۆژیکی ڕیزبوونی کەرەسەکان نایەتەوە، بەلاَم هەندێکجار تێکدانی بنیاتی ڕستە خزمەتی شیعرییەت دەکات، ئەگەر نەگاتە ڕادەی لێڵی وئالۆزی، چونکە شیعرییەت بۆخۆی دووبارە بنیاتنانەوەی زمانە بەشێوەیەکی هونەری.

بۆزیاتر ڕوونکردنەوەی هەریەکە لەهەڵەی ڕێزمانی و تێکدانی بنیاتی ڕستە، بە چەند نمونەیەک بەجیا دەیانخەینەڕوو.

## أ/ تێکدانی بنیاتی ڕستەسازی

شیعر پەیوەست نییە بە یاساکانی ڕستەسازی(سینتاکسی) وەکو ئەوەی لەگفتوگۆو نوسینی پەخشاندا هەیە، بەڵکو یاساکان تێکدەشکێنێت بەشوێنگۆڕکێ وپاش وپێشخستن وکرتاندن، بەلاَم ئەم تێپەڕاندنی یاسای ڕستەسازییە ناگاتە ئەوەی شیعر بتوانێت ببێتە خاوەن زمان ویاسای جێگیری جیا لەڕستەسازی باو، بەڵکو لەژێر چەتری ڕستەسازیدا لادان دەکرێت، سەرپێچی ڕستەسازی پێویستی بەپاساوە، لەلایەنی ئاماژەوە بۆخوێنەر یان گوێگر، واتای ئەمە جێبەجێ نابێت، ئەگەر تایبەتمەندیەکی ئاماژەی جیا نەیەت، کە جیاوازبێت لەدەربڕینی ئاسایی. (نوری:٢٠٠٨: ٩٩)

هەرکات شوێنگۆڕکێ و تێکدانی بنیاتی ڕستە، بووە جێگەی ئەوەی سەرلێشێوان دروستبکات، ئەوا پێی دەوترێت (تێکدانی بنیاتی ڕستەسازی) لەگەڵ ئەوەشدا وەرگر(خوێنەری شارەزا) دەتوانێت لەبەرچاو ڕوونی وشارەزای خۆی، بنیاتە ڕستەسازییەکە دروستبکاتەوە.

شاعیر لەهۆنراوەیەکدا تێکدانی ڕۆنانی ئەنجام داوەو دەڵێت:

وەختی زاوزێکردنی درەختەکانە،

سبەینان،

جریوە جریوی ڕووتی (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ١٩٥)

هەرکات خوێنەر ئەم هایکۆیە دەبینێت، بۆ بوونیادنانەوەی، ناتوانێت بەشوێنگۆڕکێی کەرەسەک یان دوو وشە، بگەڕێتەوە بۆ ڕۆنانی سەرەوە، کە مەدلولی یەکەم و خوێنەر هەموو کۆدەکانی لا ڕوونە، بەڵکو پێویستی بەتێکدانی تەواوی بنیاتی شیعرەکە هەیە، ئەمە دەکرێت بە چەند جۆر دروستبکرێت و ڕاڤە (التأویل) بۆ بکرێت.

جۆرێکی تر لەتێکدانی ڕۆنانی باو لای شاعیر تێکدانی ئایەتی قورئانە*. لەهۆنراوەی (بەردم دەگرتە شەپۆل) دەڵێت:

تۆنەبوویتایە، کاڵفام وگەوج بووم، بە

مانگم دەگوت، ناشیرین.

بانگی بەفرم دەکرد، شتە پیسەکە.

لەکەناری دەریادا بەردم دەگرتە شەپۆل

بەکەناریم دەگوت؛ ان انکرالاصوات

لصوتک! (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ١١٩)

ئەوەی ڕوونە شاعیر ئایەتێکی قورئانی بەکارهێناوە، هەرچەند لەڕووی ڕێزمانی واتاییەوە جوانیەکی زیاتری دروستکردووە، بەڵام تێکدانی دەقێکی نەگۆڕە، کە خودا لەقورئاندا دەفەرموێت.

(ان انکر الاصوات لصوت الحمیر) (القرأن: سورة لقمان:١٩)

## ب/ هەڵەی ڕێزمانی

هەڵەی ڕێزمانی بریتیە، لە تێکدانی پەیوەندی هاونیشینی وجێنیشینی نێوان ڕستەیەک، بەجۆرێک سنوری ڕستەسازی بەشێوەیەکی نارێک تێکدەشکێنرێت، هەندێکجار کەرەسەی زیاد دروستدەبێت

---

*لێرەدا مەبەست لە تێکدان پەیوەست نەبوونە بە فۆرمی دەقی قورئانی پیرۆز و شاعیر بۆ مەبەستی هونەری وشەیەک دەگۆڕێت یاخود شوێنگۆڕکێ دەکات لەناو ئایەتێکی قورئاندا.

وشوێنی کەرەسەکان گونجاونین، ئەمە بەلادانی ڕێزمانی دادەنرێت، کە ((لادان و هەڵگەڕانەوەیە لە یاسا، کە خۆی لەزنجیرەی وشەکاندا دەبینێتەوەو وشەکانیش ئەرکە ریزمانییەکانیان نابینن )) (محمدووعلی:٢٠١٤: ٤٠)

لای شاعیر بەچەندین جۆرو لە چەندین جێگەدا هەڵەی ڕێزمانی هاتووە، بەتایبەتی لەهاتنی جێناوەکاندا وەکو (جێناوی زیادە، گۆڕینی جێناوێک بەجێناوێکی تر).

لەجۆرەکانی تریش بەکارهێنانی هاوەڵناوی نیشانە بەهەڵەو ڕێکنەکەوتنی نیشانەی ناسراوی لەسەر گرێی ناوی ونەهاتنی کردار لە هایکۆدا. هەڵە بەکارهێنانی جێناو (هەڵەی ڕێزمانی) لەم هۆنراوەی خوارەوەدا دەبینین کاتێک شاعیر دەڵێت:

تائەو دەمەی دەجال،
ڕۆحمان پڕدەکەن لەدەردوو پەتا
تاهەتا،
تائەو وەختەی برا،دەبێتە دووژمنی برا،
تاجوانی خۆش دەکاتەوە
تاخوا عیشق دەباتەوە
خۆشم دەوێی.... (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣١٢)

لەدێڕی یەکەمدا بکەروجێناوی ڕێککەوتوو لەگەڵیدا ناگونجێت وهەڵەی ڕێزمانی دروستبووە، چونکە بکەر(دەجال) ناوێکی تاکە، پێویستی دەکرد ئەو جێناوە بکەرییەی کە چووەتەسەری بەرکار تاک بووایە، بەڵام شاعیردەڵێت (ڕۆحمان پڕدەکەن ) هەڵەکە لەجێناوی بکەریدایەو دەبوو بنووسرایە (ڕۆحمان پڕدەکات).

لەهۆنراوەیەکی تردا ئەم بابەتە دەرکەوتووە وەک لەم نمونەی خوارەوەدا دیارە:

بەدرەخت و
مانگ و
تەنەکەم خۆڵم دەگوت؛
شەوباش برای من. (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٢٢١)

گرێی ناوی (تەنەکەی خۆڵ) کراوە بەناسراو، پێویستی دەکرد جێناوی وەک یاسای ڕێزمانی بچێتە کۆتای گرێیەکە، بەڵام بەهەڵە جێناوی چووەتە سەر هەردوو بەشی گرێیەکەو ناشازی و نەگونجانی دروستکردووە. واتە دەبوو شیعرەکە بەمجۆرە بووایە.

به درەخت و
مانگ و
تەنەکە خۆڵم دەگوت؛
شەوباش برای من

لەگەڵ ئەوەشدا هونەری کرتاندن و بەکەسکردن ( خواستن) لەهۆنراوەکەدا هەیە.

## ٢-١-٥ باسی پێنجەم/ دووبارەکردنەوە لەئاستی ڕستەو دێڕووکۆپلە

دووبارەکردنەوە لای شاعیران تەنها خۆی لەدووبارەکردنەوەی دەنگ وهێشوە دەنگدا خۆی نابینێتەوە، کە سەرچاوەی مۆسیقای ناوەوەو دەرەوەی دێڕە شیعرەکانن، هەندێکجار دووبارەکردنەوەی کەرەسەی گەورەتر (ڕستە، نیوەدێڕ، دێڕ، کۆپلە) لای شاعیران دەبینین، کە بۆخۆی((ڕۆشنای دەخاتەسەرخاڵێکی پڕبایەخ وهەڵگری دەلالەتێکی دەرونییەو بەهای تایبەتی هەیە لای ڕەخنەگران )) (حەمەسالح:٢٠١٥: ١٢٩)

هەموو جۆرە دووبارەکردنەوەیەک خزمەتی دەق ناکات، چونکە دووبارەبوونەوەی هونەری ئامانجی شیعریەتی لەپشتەو کاریگەری لەسەر ئاواز و ڕیتمی شیعر هەیە، بۆیە دەتوانین بۆدووبارەکردنەوەی هونەری وباش وناهونەری وخراپ دابەشی بکەین، ئەوەش بەو پێوەرەی، کە چەندێک ئاسۆی چاوەڕووانی لای وەرگر دەگۆڕن (( دووبارەکردنەوە زەمینیەک دروستدەکات، کە جیایە لەو زەمینەی لەزمانی ئاساییدا هەیە)). (اسماعیل: ٢٠١٩: ٩٣)

شیعرییەت دووبارە پەیکەربەندی وشەسازی وڕستەیە لەچوارچێوەی لۆژیکی هونەریدا، چونکە ((بۆزمانی شیعر تەنها لادان بەس نییە بۆئەوەی پێویستی بەدووبارە ڕاڤەو بوونیادنانەوە بێ لەئاستێکی هونەری تردا، بەڵکو دەبێت بچێتە ناو چوارچێوەیەکی ئاڵۆزترەوە )) (سلیم:٢٠١٠: ٣٦)

شوێنی دووبارەکردنەوەکان لەناو دەقی شیعری شاعیر دا دەگۆڕێت، چونکە شاعیر هایکۆشیعرو شیعری نوێی ئاسایی هەیە، هەندێکجار لەسەرەتاو کۆتای وناوەڕاستی شیعرەکە دووبارەکردنەوەکە

دروستکراوە، بەڵام ئێمە تەنها جۆرێک لەدووبارەکردنەوەکان دەخەینەڕوو، بەپێویستی نازانین هاتنیان لەشوێنا جیاکان بخەینە بەرباس.

## ١-دووبارەکردنەوەی ڕستەی ناتەواو

ئێمە وەها دەبینین، کە ڕستەی ناتەواو، دەکرێت پارچەیە لەنێوەدێڕێک، یان خۆی لەجێگەی نیوەدێڕ هاتبێت وکەرەسەیەکی ڕستەسازی وەکو (بکەر، بەرکار، کردار......هتد) لەگەڵ نەهاتبێت.

(شاعیر) لەهۆنراوەی (باڵەپیرۆزەکانی ڕۆژ)دا کە شەش کۆپلەیەو لەناوەڕاستی کۆپلەکاندا ڕستەی ناتەواوی(کەچی تۆ) بەکارهێناوە، وەکو لەم دووکۆپلەیەدا دەیخەینە بەرباس.

من بەتەمابووم، هەتا سەر
لەزیندانا بمێنمەوە
کەچی تۆ،
دڵی دەرگا کوێرەکانت
بۆئاوەڵا کردم.

من دووباڵم دۆزیەوە بۆهەڵفڕین،
کەچی تۆ
پەنجەرەی ئاسمانەکانت
لێ قفڵ کردم. (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ١٢٢)

## ٢-دووبارەکردنەوەی ڕستە

دووبارەکردنەوەی ڕستە دیاردەیەکی زیادە نییە، چونکە ڕستە یەکەمجار هەرچەندە یاسای ڕێزمانی وەکو دووەمە، بەڵام هەمان ئەرکی واتایی نییە، ئەگەر یەکەمجار تەنها هەواڵبێت، ئەوا جاری دووەم هونەرێکی شێوازگەرییە بۆجەختکردنەوەو زیاترە لەهۆیەکی ڕستەسازی پەتی.

لەم جۆرەی دووبارەکردنەوەدا ئێمە سەرنجی ئەوەمان داوە، کە ڕستەی دووبارەکراوە لەڕووی پێکهاتەی وکورت ودرێژییەوە لەکۆی نیوەدێڕو دێڕەکانی ناوشیعرەکە جیاوازەو، خوێنەر هەستدەکات ئەو ڕستەیە سەربەخۆیەو وەکو (تەرجیع بەندی)ی کلاسیکی دێڕوو وێنە پێکەوە دەبەستێ. لەهۆنراوەی (ژن مەکوژن) بەشێوەیەکی ئامۆژگاری ئامێز، وەکو سەرەتای وێنە (تاکەدێڕ) ئەم ڕستە لە هەر جێگەیەکدا هاتبێت، ئەوا داواکاریەکی وێنای شاعیری تیادا دیارە، وەکو لێرەدا دەبینین.

ژن مەکوژن
دەنا دڵۆپێک عیشق نابارێت.
ژن مەکوژن
دەنا مانگ بۆهەمیشە،
ماڵی دەباتەوە ئەشکەوت.
-----------------
ژن مەکوژن
دەنا عائیشە ناهێڵێت"محمد المصطفی"
لە(یوم الدین)دا، شەفاعەتێ بکا بۆمان.(باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٤٠٧)

## ٣-دووبارەکردنەوەی نیوەدێڕ

نیوەدێڕی شیعری لەڕووی پێکهاتەوە دەکرێت دەستەواژەیەک، یان ڕستەیەک، یاخود زیاتر بێت ئێمە باسمان لەڕستەی ناتەواو ڕستەی ڕێزمانی کرد، کە دیارە مەبەستەکە پێکهاتەیەکە (سەربەخۆ) لەچوارچێوەی نیوەدێڕێکدا، بەڵام دەکرێت نیوە دێڕ هەبێت زیاتربێت لەپێکهاتەیەکی ڕووتی سەربەخۆی ڕستەسازی وهەندێکجار وشەیەک یان پارچەیەکی دادەبەزێتە خوارەوەی خۆی، بەڵام سەر بەهەمان نیوەدێڕە وەکو لەم هۆنراوەی خوارەوەدا دیارە، تیایدا هونەرەکە دەرکەوتووە.

دیوارێکی بڵند لەبەرد هەڵدێنم،
تائی تر
پێغەمبەرێکم لێوەدیارنەبێت
دیوارێکی بڵند لەبەرد هەڵدێنم
تائی تر
کتێبی پیرۆزم لێوەدیارنەبێت
دیوارێکی بڵند لەبەرد هەڵدێنم
تائی تر
خودایەکم لێوەدیارنەبێت (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ١٢٥)

## ٤-دووبارەکردنەوەی دێڕی شیعر(دوونیوەدێڕ)

((لەکاتی دووبارەکردنەوەی دێڕ(دوونیوەدێڕ) ناکرێت دێڕەکان لەیەک ببڕێت وبوار نییە بۆ پارچە پارچەکردنی دێڕەکان، چونکە واتایان تێکدەدات)).(الحولی:٢٠١١: ١٣٢)

کەواتە دووبارەکردنەوە بەناوبڕی چەند دێڕێک بەدووبارەکردنەوەی دێڕ دانانرێت، ئەوەی بەمجۆرە دووبارەکردنەوەیە دادەنرێت دووبارەکردنەوەی دوونیوەدێڕە بەدوای یەکتردا.

شاعیر لەهۆنراوەی(تەنک تەنک)دا دووبارەکردنەوەی دوونیوەدێڕی کردووەو لەهەموویاندا بەرکاری نیوەدێڕی دووەمی گۆڕیوە، ئەویش بەمەبەستی وەسفێکی نوێی یار (مەعشوق).

تەڕوو تەنک ونەرم ولوس..
من باسی تۆ دەکەم،
نەک باسی ئاو.
پاک وبێگەردوو ڕووناکی وگەرم..
من باسی تۆدەکەم،
نەک باسی هەتاو.

بڵند وسپی وبریقەدارو هێمن..
من باسی تۆدەکەم،
نەک باسی مانگ. (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٧٨)

هەروەک دەبینین دوونیوەدێڕی دووبارەبووەتەوە، تەنها ناوە وەسفکراوەکە نەبێت.

من باسی تۆدەکەم
نەک باسی(............)

ئەمە بۆخۆی جەختکردنەوەو وێنای نوێ دەردەخات.

## ٥-دووبارەکردنەوەی کۆپلە

لەمجۆرە دووبارەکردنەوەیەدا شاعیر لەهۆنراوەیەکی درێژتر لەدوو کۆپلە هونەرەکە ئەنجام دەدات، مەرج نییە کۆپلەکان دەقاودەق وەکویەکبن، چونکە دەکرێت تاکە وشەیەک یان ناوێکی بۆ زیاد بکرێت بەتایبەتی لەو کۆپلەدا کە دواتر دێت، ئەویش بەهۆی کاریگەری واتایی وپێکهاتەی کۆپلەکانی پێشتر. وەک لەم هۆنراوەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

لەکۆپلەی یەکەمی هۆنراوەی(کەلێرەنیت) شاعیر دەڵێت:

چەند کەمین
چەند قێزەونین
چەند هیچ وپوچین
کەلێرە نیت

لەکۆتا کۆپلەشدا هەمان وێنا دووبارە دەکاتەوە بەکەمێک گۆڕانکاری ودەڵێت:

کەلێرەنیت...
چەند کەمین
چەندقێزەونین
چەند هیچ وپوچین (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٢٩٠)

# ٢-٢ تەوەری دووەم لادانی پێکهاتەیی لەسەر ئاستی وشەسازی

## ٢-٢-١ باسی یەکەم: کرتاندنی لەسەر ئاستی وشە.

### کرتاندنی پیت/دەنگ

کرتاندنی پیت کارێکی بێسود و ئاسان نیە، چونکە ئامانجی جوانکاری وەها دەخوازێت، هونەریانە بێت، بۆیە پرۆسەی کرتاندن ((بریتیە لەسوانی دەنگێک یان زیاتر لەفۆرمێکدا بەمەبەستی ئاسانکردنی دەربڕین، ئەم جۆرە گۆڕانە، کە بەسەر وشە یان مۆرفیمەکاندا دێت لەئەنجامی هەڵکەوت ودەرکەوتنیان لەبیئەی جیاوازدا دێتەکایەوە، کە لە هەندێک حاڵەتدا شێوەو قاڵبی جیاواز وەردەگرن، بەبێ ئەوەی لەئەرک واتایان کەم بێتەوە)) (سالح:٢٠١٠: ٤٦)

هەر دەربڕینێک (وشەیەک) پێکدێت لەکۆمەڵێک پیت (دەنگ). بەدوادا هاتنی پیتەکان لەوشەدا بابەتێکی ناچاری وسروشتیە، واتە ئاخێوەر ناچارە ڕەچاوی شوێنی پیت بکات لە وتەو دەقەکاندا، بۆئەوەی وەرگر بتوانێت سود لەبەرهەمەکەی وەربگرێت.

کرداری کرتاندن لەنێوشیعردا بابەتێکی هونەرییە، ئەم وشەیە (کردەیە) لەسەرچاوەکاندا بەچەندین ناو هاتووە لەوانە ((لابردن، هەڵگرتن، سوککردن، کرتاندن)) (أحمد:٢٠١٢: ٥٢) لەجێگەی تریشدا بە((خستن)) ناوی هاتووە.(ئیبراهیم:٢٠٠٨: ١٢٢)

لەزمانی عەرەبیدا هەریەک لەوشەکانی ((الحذف، الاضمار، الخفاء، القطع، الایجاز)) (کامل وسالار:٢٠١٩: ١٢٢) بۆ مەبەستی پرۆسەی کرتاندن بەکاردێت. ((کرتاندن هەمەڕەنگیەکی داڕشتن بەدەق دەبەخشێ ودەلالەتی نوێ دروستدەکات)) (سعیدانی:٢٠١٠: ٣٩)

گرنگی کرتاندن لەوەدا دەردەکەوێت، کە وەها لەخوێنەر بکات، بەدوای پارچەیەکی نادیاری دەقدا بگەڕێت و لەڕووی ڕەخنە، بواری ڕاڤەکردن لای (وەرگر) زیاد بکات ودەبێتە هۆی ئەوەی، شیعرەکە زیاد لەیەک ڕووی هەبێت و وەرگر بگەڕێت بۆ دۆزینەوەی کۆدو لایەنە شاراوەکانی دەق. زمانەوانەکان هەندێکجار کرتاندنی فۆنیم بەشێواندن ناودەبەن (صالح:٢٠١٠: ٧٨)

لەشیعردا کرتاندن وەکو بەکارهێنانی شێوازی گفتوگۆی ڕۆژانەی باو نییەو مەبەستەکانیشیان لەیەک جیاوازن، دەکرێت لەزمانی باودا سەرەکی ترین مەبەست وهۆکار ئابووری کردنی زمانەوانی بێت، بەڵام لەشیعردا مەبەستی ڕەوانبێژی وهونەری لەپشتەوەیە. ((هەمووکات کرتاندن نابێتە لادان، مەگەر نامۆی وکتوپڕی دروست بکات وهەڵگری بەهای جوانی بێت)) (نظری ولیئی:١٣٩٢: ٩٢)

کاتێک پرۆسەی کرتاندنی پیتێک ئەنجام دەدرێت، ئەگەر لەڕووخساردا نادیاربن، یاخود لابرابن، ئەوا لەسیمای واتایدا دەردەکەون ((ئەو کەرەسانەی لادەبرێن لەدروستەی قووڵ بوونی هەیە، بەڵام بوونی بەرجەستەی نییە، بەواتا لەدروستەی ڕووکەش لابراوە، ئەمە بێبنەما نییە و بەپێی پەیڕەو یاساودەستوری ئەو زمانە لابراوە)) (ئەحمد:٢٠١٥: ١١٥) کەواتە ناتوانرێت بەخواستی کەسی هەرپیتێک لاببرێت، بەڵکو باشترە نەبێتە هۆی شێواندنی فۆرم و واتای بنەڕەتی دانە فەرهەنگیەکان.

((دەبێت ئەم لابردنە بۆمەبەستی جوانکاری بێت، لەگەڵ ئاماژەیەک بگەڕێتەوە بۆکرتێنراوەکە )). (محمد:٢٠١٣: ٩) پێویستە کرتاندن پرۆسەیەک ئەنجام بدات هونەری ترو جوانتربێت، لەوەی ئەگەر پارچەکە نەکرتێنرێت، چوونکە ((کرتاندن شێوازێکە لەشێوازەکانی خەستکردنەوەی زمانی)) (نوال:٢٠١٣: ١٦٤).

کرتاندن پرۆسەیەکی هونەریەو کاریگەری وکاردانەوە لای وەرگر دروستدەکات وشاعیر بۆ کۆمەڵێک مەبەست ئەم کارە دەکات (سیواطی هۆیەکانی کرتاندن لەمانەدا دەخاتەڕوو، کورتکردنەوە، گەورەکردن، ئاسانی چاککردنەوەی زمانی، مەبەستی هەمووشیان دەرخستنی جوانکارییە لەدووای نادیاری)) (زیان:٢٠١٢: ٧٧)

دەکرێت بۆمەبەستی مۆسیقاوئاوازی شیعریش شاعیر پەنا بۆکرتاندن ببات، چونکە جاری وا هەیە شاعیر ناچارە دەنگێک لە وشەکان لاببات بۆئەوەی خۆی لەگرفتی ئاوازوو مۆسیقا بەدووربگریت. واتە کرتاندن دەبێتە بەشێک لەجوانترکردنی مۆسیقای شیعری وشاعیر ناچار نییە وشەو دێڕی شیعری دەقاودەق وەرگرێت، بەڵکو وەکو مادەیەکی خاوەو لەو ڕێگەوە گوێی وەرگر زیاتر هەست بەبێ گرێی وسفتی دەنگ وئاواز دەکات.

((کرتاندن بۆمەبەستی شکاندنەوەش دێت)) (سلمان:٢٠١٢: ٧٠)، بەڵام ئەمجۆرە زیاتر لەزمانی باو و ڕۆژانەدا پەیڕەو دەکرێت، چونکە شیعر زمانی جوانکاریە، نەک دابەزین و شکاندنەوەی بەرامبەر.

لەکرتاندندا ئابووریکردنی کات وپیت پەیڕەودەکرێت و ((جوڵەی گێڕانەوە خێراتردەکات وکاریگەری بێزاری لەسەردەرون لادەبات وهەست بەجوانی دەق دەکرێت)) (بابکر:٢٠١٩: ٤٢) لەم پرۆسە هونەریەدا بوارێکی باش بەخوێنەر دەدرێت، زیاتر ئاوێتەی دەق وهونەری شاعیرببێت.

شاعیری شارەزا ئەوکەسەیە، کە یاری میکانۆی بەپیتەکان بکات، واتە لەم یاریەدا فرێدان ئەنجام دەدرێت، چونکە فۆرمی وشەکان بەشێوەیەکن قبووڵی دەنگ وپیتی زیادە ناکەن. کرتاندنەکە بەگوێرەی تاکە وشەوگرێ وشوێنی لەناودێڕکاندا جیاوازە.

## أ/ کرتاندن لەسەرەتای وشەدا

شاعیر بۆ دەرخستنی توانای شیعری خۆی، هەندێکجار کرتاندن (لابردن) ی پیتی لەسەرەتای وشەکاندا دەکات، ئەمە ئەگەر نەبێتە لاسەنگی بەجۆرێکی لادان دادەنرێت لەسەر بنەمای لادانی وشەسازی.

### ١-کرتاندنی پیتی (هـ) لەناوی (هێلانە)دا

شاعیر لەهۆنراوەی (شێرپەنجەی ئێوارەیەک)دا ئەم کرتاندنەی دروستکردووە دەڵێت:

تەیرەن ئەبابیل، لەقاتڵ وعامی مێشولە بێ گوناهەکان،
گەڕانەوە.
لەدەنوکیانەوە
تنۆک
تنۆک خوێن،
دادەڕێژێتە بوولێڵەوە
کۆترەکان بەپەلە، بەرەولان بوونەوە. (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٠٤)

لەزمانی باو وبەکارهێنانی فەرهەنگیدا ( هێلانە ) بۆ کۆتر بەکاردێت، بەڵام شاعیر بۆ مەبەستی شیعری وهونەری ئەو(هـ)ی لابردووەو واتای دێڕە شیعرەکەی جوانترکردووە لەکاتی کرتاندنی پیتی (هـ ) دا پیتی (ێ) لابراوە، ئەوەش پەیوەندی بە شوێنی پیتەکانە لەناو پیتدا، دیارە مەبەستەکە لەوەیە (ێ) لەسەرەتای وشەدا نایەت، بۆیە بەشێوەی ناچاری ئەویش کرتێنراوە.

### ٢-کرتاندنی (بە) لەسەرەتای کرداری (بەخیشتوە)

لەزمانی باودا دەنوسرێت بەجێهێشتن←بەجێهێشتوە

بەڵام شاعیر(بە) ی لەم کردارە کرتاندووەو بووە بە جێهێشتوە و دەڵێت:

هەتا نەگەیشتنەوە ماڵ، نەمزانی
خۆم لەباوەشی تۆدا
جێهێشتوە! (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٧٧)

دەبینین(بە) کە بەشێکە لەکرداری جێهێشتوە کرتێنراوە.

### ٣-کرتاندنی(بـ) لەکرداری(ببوورە)کەکردارێکی داخوازییە

واتە شاعیر (بـ) لاداوە، بەڵام لادانێکی لاسەنگی دروستکردووە، چونکە فۆرمی جێگیرو نەگۆڕی ئەم وشە کاری داخوازی(ببوورە)یە و شاعیر دەڵێت:

بۆنی سینگم کردی
بەڵام نەموێرا-کرمەکرم-
لەفەریکە سێوەکانت بخۆم
بوورە حەزرەتی ئادەم.
من ئەو شەوە،
کوڕێکی ترسنۆکی تۆ بووم (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٥٢)

### ٤-کرتاندنی(هە) بەشێک لەوشەی (هەتا هەتا)

شاعیر لەبری وشەی (هەتاهەتا تاهەتا)ی بەکارهێناوە، ئەوەش دەردەکەوێت؛ کە لە سەرەتا وشەکەدا کرتاندن کراوە. شاعیر دەڵێت:

ڤان..سەفەری کرد..
منیش تاهەتا،
بەم گردە دڵتەنگەوە،
درەختێکم
لەدرەختە غەمگینەکانی سەرچنار (باخچەکانی مەلەک تاوک:٢٠١٢: ٣٣)

**ب/ کرتاندن لەناوەڕاستی وشەو گرێدا**

١-کرتاندن لەناوەڕاستی کرداردا، شاعیر پیتی (بـ) داخوازی لەکرداری لێکدراودا دەکرتێنێت ودەڵێت:

داگیرم کە...
کیژۆڵەیەک بە،
دکتاتۆر
بمخەرە زیندانێک، خۆت پاسەوانی بیت
لەدرزی دەرگای ئاسنینەوە
چاودێریم بکە (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٦٠)

دەبینین لەم کۆپلە شیعرەدا دووکرداری لێکدراو هاتووە، لەوەی سەرەتادا (بـ) کە نیشانەی داخوازییە کرتێنراوە، بەڵام لەدووا نیوەدێڕدا، کە کارێکی لێکدراوە (بـ) داخوازی دەرکەوتووە.

٢-کرتاندنی(ی)خستنەسەر لەنێوان گرێدا

لەزمانی باو وفەرمیدا کە گرێ دروستدەبێت، پێویستە پەیڕەوی یاسای گرێ بکرێت، بەمشێوازە.

دەرخراو ⟵⟶ ئامراز ⟵⟶ دەرخەر

بەڵام شاعیر لەم شیعرەی خوارەوەدا ئامرازی کرتاندووەو دەڵێت:

لەشەوێکی بەفرانباردا، لەدایک بوویت
سپی سپیە
پێسستت (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٥٤٧)

وشەی زیادە لەزمانی باودا یان پەخشانی زانستیدا دەنوسرێت، بەڵام شاعیر ئەوئامرازە خستنەسەرەی لابردووەو یاسای دروستکردنی گرێی خستوەتە لاوەو پەیڕەوی نەکردووە.

٣-کرتاندنی(خ) لە ناوەڕاستی کرداری ( بەخشییەوە)

شاعیر لە هۆنراوەی (کتێب وکلێتەی باران) دا ئەم کرتاندنەی کردووەو دەڵێت:

هەور

ئەمڕۆ بەیانی،

خێوەت

خێوەت

قەڵەمی تەزیو

کتێب هەڵبڕزکاو و

دەفتەری بارانی

بەسەر زارۆ ڕەنگپەڕیوەکانی(شەنگال)دا

بەشییەوە (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٤٦٠)

٤-کرتاندنی پیتی(و)لە وشەی (تومەز) دا

شاعیر لەبری ئەوەی وشەی تومەز بەکاربهێنێت، کرتاندنی کردووەو (تمەز) ی بەکارهێناوەو دەڵێت:

تمەز

پەپولە سلێمانە، کلاوەکەی و

کۆترە شینکە قاتەکەی و

پەڕەسێلکە،

کەوشەکەی خۆی پێبەخشی بوو. (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٣٠١)

٥-کرتاندنی دەنگی( ە، ک)

هەندێکجار شاعیر بۆئاسانی زمان و دروستکردنی مۆسیقا دەنگ دەکرتێنێت ودەنگێک بەدەنگێکی تردەگۆڕێت، وەک لەم نمونەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

بەلێواری ڕووبارەکەوە شوێن پێی دیاربوو،

دڵنیام کەسێک بێرەدا تێپەڕیووە (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ١١٥)

هاوەڵکاری کاتی بە(ئێرەدا) کورتکراوەتەوەو بۆ (بێرەدا) دیارە و پیتی ( ە)کرتێنراوە.

**ج/ کرتاندن لەکۆتای وشەو گرێ و ڕستەدا**

١- کرتاندنی(ە) کە بەشێکە لەنیشانەی ناسراوی لەکۆتای وشەدا کرتێنراوە، لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوە دەردەکەوێت.

هەرەم
چیایەک
لەکەللەی سەری مرۆڤ،
لەحیلەی ئەسپی شەهید. (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ١٧٥)

شاعیر بۆئەوەی وەسفی هەرەم بکات کە لە ئەنجامی ستەمکاری دەسەڵاتداران دروستکراوەو لەکۆتا نیوەدێڕیشدا بەهۆی(حیلەی ئەسپ) ەوە وەرگر دەزانێت، کە هەرەم ومێژووی باسەکەی بۆ ڕابردوو دەگەڕێتەوە، شاعیر لەکورتترین وێنادا ناڵێت هەرەم، کەللەسەرە، بەڵکو لەدێڕی کۆتایدا دەگەڕێتەوە بۆمێژوو کرتاندنەکەش لە وشەی چیایەک دایە، کە دەبوو ( چیایەکە ) بوایە.

٢- کرتاندنی(دا) کە بەشێکە لەئامرازی پەیوەندی، و بەشێوەی ( بە+ناو+دا وەکو بەشاراندا) دروستدەکرێت بەڵام شاعیر (دا)ی کرتاندووەو دەڵێت:

بەردێک لەسەرسنگی دووعا هەڵدەگرم و
دەیکێشم بەسەلیبی کلیساکان،
بەردێک لەسەردڵی دووعا هەڵدگرم و
دەیکێشم بەمنارەی مزگەوتەکان،

بەگوێرەی ڕیزبوون وشێوازی ڕێزمانی پێویستبوو، هەر یەکە لە کڵیساکان ومزگەوتەکان (دا) بلکایە پێیانەوە ببووایە بە ( کڵیساکاندا ، مزگەوتەکاندا).

### ٣- کرتاندنی پیتی(و) لەکۆتای نیوەدێڕدا

شاعیر لەهۆنراوەی (نهۆمی٦٩) بەشێوەیەکی ستونی کۆمەڵێک ناو ڕیزدەکات، کە دوای هەر دووناو کردارێک دێت و وێنایەکی شیعری دروستبووە؛ پێویست بوو لەنێوان ناوەکانی هەر وێنایەکدا پیتی(و)ی ئامرازی لێکدەر هەبووایە، بەڵام شاعیر ئەو (و)ە ی کرتاندووە، وەکو لەخوارەوە دەیبینین.

لەم چرکەساتەدا؛
گەوڵەیەک
ڕێژنەیەک باران
کانیلەیەک
لەدایک دەبن
لەم ساتەوەختەدا؛
جەلادێک
قوربانیەک
قەنارەیەک
دەمرن
هەنوکە من وتۆ
لەشوقەی ژمارە چوار
نهۆمی(٦٩)
ڕووت دەبینەوە.(کۆلانە شینەکانی مندالًی:٢٠١٨: ٤٩١)

لەکۆپلەو وێنای یەکەمدا، لەدووای هەریەکە لەناوەکانی (گەواڵەیەک ، ڕێژنەیەک باران) دەبوو پیتی (و)ئامرازی لێکدەر بهاتایە، بەڵام شاعیر بۆمەبەستی هونەری کرتاندوویەتی، لەکۆپلەی دووەم لە دوای هەریەکە لەناوەکانی (جەلادێک ، قوربانییە) دەبوو پیتی (و) بهاتایە، بەڵام کرتێنراوە.

### ٤-کرتاندنی(یە) لەکۆتای تاکەوشەیەک

لەهۆنراوەی(پەپولە)دا شاعیر لە وشەی(تکایە) دا (یە) دەکرتێنێت ودەڵێت:

لەوەتەی بووی بەپەپولە،
نە لەزمانت تێدەگەم و
نەدەتوانم نامەیەکت بخوێنمەوە
تکا.....
یاخۆت بکەوە بەمرۆڤ.
یامن بکە بەپەپولە. (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٦١)

لە ڕۆنانی باودا تکایە دێت، بەڵام شاعیر کرتاندنی ئەنجامداوەو چەند خاڵێکی لەجێگەی داناوە. هەر پارچەیەکی وشەو ڕستەو دێڕی شیعری دەکرتێنێت ((مەگەر بێ ناوبردنی ئەو وشانەش، کە لادەبرێن ماناکەی دەربکەوێ، ئەگەر دەرنەکەوێ، دەبێتە مەیل ومەتەڵ )) (گەردی:١٩٧٩: ٥٣)

نەهێنانی بەشێکی ئاخاوتن و نووسین واتای ئەوەی نییە، کە ئیدی خوێنەر هەست بەم کرتاندنە نەکات، چونکە ((زۆرێک لەکەرەسەکان لەئاستی سیمانتیکدا بوونیان هەیە، لای ئاخێوەری کورد لەئاستی دەربڕیندا بوونیان نامێنێت، یان سەرپشکانە دەقرتێنرێت)) (قادر:٢٠٠٦: ٣١)

ئەمە لە زانستی زماندا وەکو ڕۆنانی سەرەوەو ڕۆنانی ژێرەوە باسی لێوەکراوە، واتە کرتاندنی پیت و وشە، واتای ئەوە نییە ئیدی ڕوونکردن و لابردنی پارچەیەکبێت، نەتوانرێت بهێنرێتەوە ناو دەقەکەوە، چونکە شاعیر تەنها دەتوانێت لەڕۆنانی سەرەوە پرۆسەی کرتاندن ئەنجام بدات و لەڕۆنانی ژێرەوەو ئاوەزی وەرگردا، ئەو پارچانە دووای پرۆسەی هونەری و وێنا شیعرییەکە دێنەوە بەرچاو.

پرۆسەی کرتاندن لەشیعردا بابەتێکی ناچاری نییە، هەروەک چۆن پێویستی بەشارەزای ولێزانی هونەری هەیە، چونکە هەموو و کرتاندنێک بەلادان دانانرێت، ئەوەش ڕوونە کرتاندنی زمانی باو دەچێتە ناودەقی شیعرییەوە، بەڵام لای خوێنەری شارەزا دەزانرێت، کە لێرەدا مەبەستی هونەری نییە، بۆئەم بابەتە دەبینین لەزۆرێک لەکرداره لێکدراوەکاندا، کە نیشانەی داخوازی، یان دانانی وەردەگرن، لادەبرێن، ئەمە تاڕادەیەکی زۆر بۆ ناو بەرهەمی شاعیران گوێزراوەتەوە، بەڵام هەندێکجاریش شاعیران ئەم کرتاندنە ناکەن، کە نەکرتاندنی لەنوسیندا شێوەیەکی فەرمی نوسینە بۆبابەتی کرتاندنی پیت، لەناو وشەوگرێ ودێڕدا نمونەی تریش هەبوون، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەچوارچێوەی ئەم ڕیزبەندییە دەرناچن، ئەوەش هەیە، پیت ودەنگی جۆراوجۆرە، بەڵام شوێناکانیان هەمان ئەمانەبوون، کە خرانە بەرچاو و بەپێویستی نازانین درێژکرنەوەی بێسود بکەین.

## ٢-٢-٢ باسی دووەم: بەکارهێنانی وشەی کۆن و پەراوێزخراو

زمانی مرۆڤ هەروەکو لایەنەکانی تری ژیانی لە گۆڕان وجیاوازی بەردەوامی خۆیدایە، لەو کاتەوەی مرۆڤ هاتووەتە سەرزەوی بۆئەمرۆ هەزارەها پێداویستی نوێی ژیان دروستکراون ودۆزراونەتەوە، هەر لەوێوە ناچاربوون ناو بۆکەرەسەکانی دەوروبەری خۆیان دابڕێژن.

((پاش ئەوەی مرۆڤ داهێنانێکی گەورەی وەک زمانی هێنایە ئارا، وردە وردە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیان پێویستی بۆ دەربڕین زیادی کردووە، چونکە لەسەرەتادا ژیان زۆر

ساکاربووە، تەنها ئەو کەرەستانەی بە وشە بەرجەستە کردووە، کە لەدەوری بوون ولەژیانی ڕۆژانەیدا زۆرگرنگ بوون، لەگەڵ ئالۆزبوونی ژیان وشە و دەربڕینەکانیش بەرەوئالۆزی چوون)) (سەعید:٢٠٠٨: ٩) لەگەڵ گۆڕانی ژیاندا زمانی خۆی نوێکردووەتەوە، چونکە پەیوەندی مرۆڤ ودەوروبەر بەهۆی ئەم کەرەسەخودی ودەرەکییەیەتی. ((زیندووکردنەوەی هەندێ وشەی کۆن و ون بوو لەلایەن ئەدیب وزاناکانەوە هۆکارێکی گرنگی گەشەی زمانە)) (سەعید:٢٠٠٨: ٦٤)

نەتەوەی کورد لەسەرەتای دەرکەوتنییەوە تاوەکو ئێستا بەهۆی بارودۆخی فەرمانڕەوای ولەشکرکێشی داگیرکەران ونەبوونی دەزگای خۆماڵی چالاک؛ نەیتوانیوە فەرهەنگێکی گشتگیری زاراوەکان چاپ بدات، ئەمە بووە بەهۆی ئەوەی هەر زارێک هەنگاو بۆ سەربەخۆی بنێت وزۆر لەڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوان نەتوانن خۆیان لەلێکۆڵینەوە لەدەرەوەی زاری خۆیان بدەن.

ئەمە بۆڕابردووی دوورمان، بەڵام لەئێستادا بەهۆی کاریگەری جیهانگیری، زمانەکەمەکان( زمانە ناوچەییەکان ) و بێ غەمەکانی دنیا بەرەو کەناری گۆڕ دەڕۆن.

لەزمانی کوردیدا باشترین سەرچاوەیەک بۆ بەئاگایمان لەو شەو زاراوەکانی تر، بەرهەمی ئەدەبیمانە، لە شیعرو ئەفسانەو ئەدەبی میللی. ((هەتا گەنجینەی وشە دەوڵەمەندبێت، چۆنییەتی بیرکردنەوە ڕەوانترو قووڵتروبەهێزتر دەبێت)) (سەعید:٢٠٠٨: ١٩)

شاعیرانی ئێستامان بۆدەرخستنی ئاستی شارەزاییان هەندێک جار لەبەرهەمەکانیاندا، وشەی کۆن(وشەی مردوو)ی زمانەکەیان بەکاردەهێنن وئەم جۆرەش پێی دەوترێت لادانی کاتی وبریتییە، لەبەردەوامی ژیانی زمانی ڕابردوو لەدووتوێی زمانی ئەمڕۆدا.(کانەبی:٢٠٠٩: ٤٨)

((گەشەی زمان پەیوەندی بەو چینە کۆمەڵایەتیانەوە هەیە، کە قسەی پێ دەکەن، چونکە زمان بەپێی ئەو چینەی قسەی پێدەکرێت دەگۆڕێت، هەر ئەمە بووە بە هۆی سەرهەڵدانی زاراوە کۆمەڵایەتیەکان وجیاکردنەوەی زمان بەپێی چینەکان)) (سەعید:٢٠٠٨: ١٨)

بەکارهێنانی وشەی کۆن ئەگەر لای شاعیر داهێنان بێت و بەڵگەی هۆشیاری بێت ئەوا کاریگەری لەسەر سیماو ناوەڕۆکی شیعری دەبێت و هەر لەوێوە وەرگر دەگوێزیتەوە بۆ مێژوویەکی کۆنی زمان (فیلۆلۆژیا) و ئەمە بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەیە بۆ توانای شاعیر، کە خۆی لەوشەی حازر بەدەست (ئامادە) دەبوورێت.

بەکارهێنانی چەمک و وشەی کۆن، لەدەقی شیعریدا بە لادانی وشەی دادەنرێت، ئەویش لەبەرئەوەی، شاعیر دەتوانێت هاوواتای هەمان وشە لەئێستادا بەکاربهێنێت، بەڵام ئەوە لایەنی هونەری ورۆشنبیری شاعیرە، کە سەرچاوەی بەکارهێنان وچنینی ئەو وشانەیە لەبەرهەمی نوێدا.

(قوبادی جەلیزادە) شاعیرێکە تەکنیکی(ڕووخساروپێکهاتەی) شیعرەکانی نوێن، بەڵام هەندێکجار وشەکۆن(وشەی مردوو)شی بەکارهێناوە، ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر وەستانی خوێنەر بۆئەوەی بگەڕێتەوە بۆفەرهەنگی وشە، یاخود جۆرێک لەگەڕانەوە بۆدوواوە (فلاشباک) دروستدەکات. لەهۆنراوەیەکدا بەناوی (قرژاڵ ستیانەکانی هەڵدەخات) دەڵێت:

با-پشتی گەڵا دژونەکان

دەخورێنێت (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٢٢٩)

وشەی (دژون) وشەیەکی کۆنەو بەهۆی نیشانەکانی ( ەکە + ان) کۆ وە ناسراوکراوە، لەئێستادا بەکارنایەت وبەوشەیەکی مردوو دادەنرێت واتاکەی( چڵکن) دەدات (خاڵ:٢٠٠٥: ١٨٦)، ئەمە بۆخۆی بەراورد بەشێوازوو بەکارهێنانی دانە فەرهەنگیەکانی ئێستامان لادانە.

چونکە ئەم جۆرە لادانە پەیوەستە بەخودی وشەکە، پەیوەندی بەپێکهاتەو یاسا مۆرفۆلۆژییەکانەوە نییە (ئەحمەد:٢٠١٣: ١٠٤)

لەهۆنراوەیەکی تردا بەناوی  باران شاعیر سودی لەوشەی کۆنی تایبەت بە پۆشاکی مرۆڤ وەرگرتووەو دەڵێت:

بۆسەردانی باغ

قۆڵ دەخاتە قۆڵمەوە

ملپێچ ودەستەوانەو ساقۆو جل وبەرگی

فڕێ دەدات  (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٣٣١)

وشەی (ساقۆ) لەبەکارهێنانی باودا لە زۆر ناوچەدا بەکارهێنانی کەم بووەو لە هەرکوێش بەکاربهێنرێت هاوواتایی بۆ دروستبووە. کە پاڵتۆیە (خاڵ:٢٠٠٥: ٢٥٣)

لەهۆنراوەیەکی تردا بەناوی (پەیکەرساز) شاعیر کردارێکی لێکدراو بەکاردەهێنێت، لەئێستادا لەئاخاوتنی باودا سودی لێوەرناگیرێت، چونکە چەند هاوواتای لەزماندا بۆ دروستبووە، ئەویش کرداری (گلۆربوونەوە) یە شاعیر دەڵێت:

لەگۆیژەوە،

بەردێک گلۆردەبێتەوە شار

لەبەرماڵی پەیکەرتاشا،

دەبێت؛

بەتولە سەگێکی سپی (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ١١٧)

(گلۆر)وشەیەکی کۆنە، کە واتای ((خل بوونەوە بەرەوخوار یان کەوتنەخوارەوە)) (خاڵ:٢٠٠٥: ٣٩٨) دەگەیەنێت، ئاماژەکەی جوڵەیەکە لە دەرەوەی توانای کۆنترۆڵی مرۆڤە و بۆجوڵەیەکی سەر بەرەوخوار بەکاردێت.

شاعیر لەهۆنراوەیەکی تردا سودی لە دیاردە سروشتیەکان وەرگرتوەو وشەی کۆنی بەکارهێناوەو دەڵێت:

جوانترین بەرد ئەوگاشە بەردانەن،

کە لە فیچقەی خوێنی دووعاکاندا سوردەبن (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ١٢٤)

هاوەڵناوی (گاشە) وشەیەکی کۆنە، کە لەئێستادا بەکارهێنانی کەم بووەو وشەی تر لەبری ئەو وەکو هاو واتا بەکاردێت، وەکو ((خڕەبەرد، بەردی زل)) (خاڵ:٢٠٠٥: ٣٩٢)

لەهۆنراوەیەکی تردا بەناوی (ژنە ئەڤیندارەکانی قەندیل بەشێکن لەڕۆحی خودا!) لەوەسفی شەڕڤاناندا دەڵێت:

ملوانکەیەک دەکەنە گەردن،

زنجیر لەئاگرو

میدالیا لەبڵاچەی شۆڕش.

خڵخاڵیان، دڕکەزی (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ١٠٧)

شاعیر لەم هۆنراوەدا لەکۆی نۆ کۆپلەی درێژ وەسفی قارەمانی شەڕڤانانی قەندیل دەکات و چەندین وشەی گەرمی شۆڕشگێڕانەو گیان بەختکردن بەکاردەهێنێت.

هەریەکە لەوشەی (خڵخاڵ ، دڕکەزی) وشەی کۆنن، خڵخاڵ دەنگێکی گۆڕاوە، کە خۆی خڕخاڵە بەواتای ((بازن، یان خشڵێکە لەقۆڵ دەبەسترێت)) (هەمبانە بۆرینە:١٣٨٥: ٢٩٠) دڕکەزی ناوی دڕکێکە، کە بۆ پەرژین بەکاردەهێنرا.

شاعیر لە بری ئەوەی وەسفی لەش ولارو چاوو برۆی گەریلا(شەڕڤان) بکات، بەنمونەی گیانبەختکردن وخۆشەویستی ڕاستەقینەی خاکیان باس دەکات.

وشەی کۆن بەشێکە لەفەرهەنگ ودەرخەری ڕۆشنبیری وزمان پژاوی ودەوڵەمەندی فەرهەنگی هەرنەتەوەوگەلێک، ئەگەر بەهۆی ڕۆژگارەوە لەلایەن خەڵکی ئاسایی ئەم وشانەی بەکارنەیەن، بەڵام شاعیران بۆدەرخستنی توانای زمانی ورۆشنبیری شیعرییان بەکاریان دەهێنن ولەڕەخنەی هاوچەرخدا بە لادانی وشەسازی دادەنرێت.

## ٢-٢-٣ بەکارهێنانی وشەی شێوەزارەرکانی تر(ناوچەکانی تر)

زمانی کوردی بەهۆکاری جیاواز و جۆراوجۆر خاوەنی زیاتر لەشێوەزارێکە، بەهۆی نەبوونی زمانی یەکگرتوو، ئەم شێوەزارانە بۆبچوکتر لە خۆیان (وەچەزار) دابەش دەبن، ئەم بەکارهێنانە جیاوازەی دانە فەرهەنگیەکان هەندێکجار بۆ دوو شاری شێوەزارێک جیاوازدەبن، بۆنمونە لەشێوەزاری ناوەڕاست هەندێک وشە لەشاری کەرکوک بەکاردێت، بەرامبەری لەشارەکانی تر هەمان زار وشەی تر بەکاردێت.

شاعیر تاڕادەیەک لەدیوانەکانیدا ئەم بەکارهێنانە فەرهەنگیەی شێوەزارەکانی تری پەیڕەوکردووە، هەرچەند خۆی لەدایکبوو گەورەبووی کۆیەو سلێمانییە، بەڵام ئەوبەکارهێنانەی بەڵگەی بەئاگاییەتی لەشێوازوو وەچە زارەکانی زمانەکەی.

## أ/ بەکارهێنانی وشەی شێوەزاری کرمانجی سەروو

لەهۆنراوەی (شەڕ)دا وشەی شێوەزاری تری بەکارهێناوەو، گۆڕانی فۆنۆمی تیاداکردووەو دەڵێت:

هەنکە تەنیا
یەک ژنم خۆش دەویَ
لەنێودڵۆپێک شەونمدا
خەوتوە (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ١٥٧)

(هەنکە) پیتێکی کرتێنراوەو گۆڕانی فۆنۆمی تیادا بەکارهێنراوە، کە خۆی لەوشەی(هەنوکە) دەبینێتەوە، ئەم وشەیە لەشێوەزارەکەی شاعیر ( کرمانجی ناوەڕاست) لەبەرامبەریدا (ئێستا) بەکاردەهێنرێت.

ئەمە وەستانێک لای خوێنەر دروستدەکات، کە ئەو وەستانە دەبێتە سەرچاوەی جوانی و بیر، چونکە وەرگر هەستدەکات، کە وشەیەکی شێوەزارێکی تری تیادایە، لەکاتێکدا دەیتوانی وشەی تر بەکاربهێنێت.

لەجێگەیەکی تردا لەبری ئەوەی وشەی (دەڵێ) بەکاربهێنێت، وشەی شێوەزاری سەرووی بەکارهێناوەو کە (دەبێژێ)یە ودەڵێت:

ژنێک دەبێت بەچۆلەکەو

هەموو گەردی بەیانییەک،

لەسەرلقێکی باریکم هەڵدەنیشێ.

گۆرانیەکی بریندارم بۆ دەبێژێ و

دەنکێکی چاو بەفرمێسکم لێ دەدزێ. (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٦٧)

لە شێوەزاری ناوەڕاست/سلێمانی دەوترێت (گۆرانی دەڵێت)، بەڵام شاعیر وشەی تری بەکارهێناوە، ئەمە بەلادان لەزارو زمانی شاعیردادەنرێت.

## ب/ بەکارهێنانی وشەی شێوەزاری ناوەڕاست/ گەرمیان

لەسەرەوە باسی ئەوەمان کرد ئەم شێوەزارە، تا ئاستی شارەکان دانە فەرهەنگیەکانی هەندێکجار جیاوازن ولەشێوەی سلێمانی وشەی تری بۆبەکاردێت.

لەهۆنراوەیەکدا لەبری ئەوەی (ون بوون) بەکاربهێنێت هاوواتاکەی لەگەرمیان بەکاردەبات ودەڵێت:

نوری ڤان نەبووایە،

هەردوو لێو و

هەردە پەنجەم

لەتاریکی شەوا گوم دەبوون! (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٠)

ئەمە ڕوون وئاشکرایە، کە لەشاری سلێمانی شێوەزاری شاعیر گوم بوون) بەکارناهێنرێت، بەڵکو سودی لەشێوەزاری گەرمیان وەرگرتوەو لەکاتێکدا لە شاری سلێمانی و شێوازی زاڵی شیعری قوباد ( ون بوون ) بەکاربراوە.

لەهۆنراوەیەکی تردا لەبری وشەی(ویستن، دەمەوێ) (گەرەکمە) بەکاردەهێنێت، کە زۆر کەم لەسلێمانی بەکاردێت، هەرچەندە بەهۆی تێکەڵبوون و بارکردنی خەڵک لەشارەکانی ترەوە بەرەو سلێمانی بەهۆی شوێنی ڕۆشنبیری و ئابوورییەوە خەڵکی شێوە زار و وەچە زارەکانی دیکە کاریگەری هەیە و ڕەنگە تاڕادەیەک بەکاربێت، بەڵکو بەزۆری لە گەرمیان بەکاردەهێنرێت.

تەواوی سامانی من، بووکەشوشەیەکە

گەرەکمە ئارام ئارام
ساتێک لەئامێزمدا
بیخەوێنم (کۆلانەشینەکانی مندالّی:٢٠١٨: ١٧٧)

## ج/ شێوەزاری ناوەڕاست/ کەرکوک

شاعیر هەندێکجار وشەی ناوچەی کەرکوک ودەوروبەری بەکاردەهێنێت، ئەمە بۆخۆی بەڵگەی بەئاگای شاعیرەو، لادانە لەشێوزاری خۆی، لە هۆنراوەیەکدا بەناوی (لەتیف هەڵمەت) دەڵێت:

جارجار دەستم دەخەمە گیرفانی لەتیف هەڵمەت
قله بەڕۆژەیەکی وشەی لێ دەدزم و
لەبەرهەتاوی شیعرێکدا، دەیقرتێنم. (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٣٤١)

(قل) لە ناوچەی کەرکوک ودووزخورماتوو هەولێر و کۆیە بەکاردێت، لە بەرامبەریدا لەسلێمانی (دانە، دەنک، یەک دانە) بەکاردێت، ئەمە بۆخۆی بەکارهێنانی وشەی ناوچەیەکە لەدەرەوەی ئەوجێگەی شاعیر تیایدا دەژێت ودەنوسێت.
دوای گەڕانێکی وردمان بەناودیوانەکانی شاعیر دا بۆماندەرکەوت، تاکە وشەیەک کە تەنها لەکەرکوک بەکاردێت ولەسلێمانی بەکارنایەت تەنها وشەی (قل) ە چوار جار لەسەرجەمی دیوانەکانی قوباد دا بەکارهێنراوە.

## د/ بەکارهێنانی ئەو وشانەی کە (لەناوچەی هەولێر) زیاتربەکاردەهێنرێن

هەرچەندە شێوازی گفتوگۆی شاری هەولێرو کۆیەو سلێمانی لەیەکتر نزیکن، بەڵام گۆڕانی فۆنێمی وکاریگەری ناوچەی ونزیکی لەشێوەزارێکی تری (ژووروو) لەهەولێردا دەبینرێت؛ هەر بۆیە (( گۆڕانکاری وگەشەکردن لەزمانەکاندا پرۆسەیەکی حەتمیە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەستەمە ئەوگەشەکردن وگۆڕانکارییە لە هەموو ناوچەو دەڤەرە جوگرافیە جیاوازەکان وەک یەکبن)) (ئەحمەد:٥٤:٢٠١١)

دیارە ئەمە بۆهۆکاری جیاواز لە (ئاینی، ئابووری، سیاسی، بازرگانی، تۆبۆغرافی زەوی) دەگەڕێتەوە، لەبەرئەم هۆیانە (( لەم سەردەمەدا جڤاکەجیاوازەکان ناتوانن لەنێوخۆیاندا قەتیس بن وتاکەکانی تەنها بەڕەوشی زمانی جڤاکەکەی خۆیانەوە بەندنین )) (ئەحمەد:٢٠١١: ٦٤)

لێرەوە ئاوێتەو کالبوونەوەی شێوازەکان دەردەکەون، شاعیر بەسود بینین لەونزیکییە دانە زمانییە هاوواتاکانی ناوچەکانی تر لەبەرهەمەکەیدا دەچنێت و ئەمە بەلادان دادەنرێت. لەهۆنراوەیەکدا بەناوی (نوێژناکەم) شاعیر دەڵێت:

دەستی تیشکم گرتووە نەمهێشتوە،
لەسەرپشتی شەختە بخلیسکێت،
پاسەوانی هێشوە ترێم کردووە،
نەک زەنگەسۆرە، کچێنی شەقارکەن (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٦٣٨)

(زەنگەسۆرە) لەبەرامبەری وهاواتای لەناوچەی شاعیر(زەردەواڵە)یە، لە هەولێر زەنگە زۆرە بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر دەنگێکی گۆڕیوە.

لە هۆنراوەیەکی تردا وشەی (ئەنگۆ) بەکاردەهێنێت، کە لەسلێمانی واتای ((ئێوە)) (هەمبانەبۆرینە:١٣٨٥: ٢٧) دەدات ودەڵێت:

ئەمن دووعایەکی دەکەم، ئەنگۆ بڵێن ئامین:
هەرکەسانەکی تاڵک قژی خاوی
دووعایان ئالۆسکاندووە،
قژی دووعا ببێت بەپەتێکی خنکێنەرو
بچێتە گەردنیانەوە. (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ١٢٦)

لەم هۆنراوەدا گەڕاوەتەوە بۆکارەساتێکی ڕاستەقینەی ناشیرینی بەرهەمی جیاوازی ئاینی وچینایەتی، وشەی (ئەنگۆ) لەدۆخی سکاڵاو هاواری ئویژدانی شاعیردایە بۆلایی خودا، کە ستەمکارانی سزا بدات، دەکرێت لەبری ئەو وشە (ئێوە) بەکاربهێنرایە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا سیمایەکی جوانتری بەدەقەکە بەخشیوە.

## ٢-٢-٤ باسی سێیەم: تێکدانی ڕۆنانی باو

لەزمانی باو و گفتوگۆی ڕۆژانەدا هەردانەیەکی زمانی خاوەن شێوازێکی (فۆرمێکی)چەسپاوە، ((تێکدانی ڕۆنانی باو ئەوەیە، کە هەندێ وشە بەرامبەر یەکتر لەزمانی ئۆتۆماتیکدا خاوەن ناوخنن، واتە بەوتنی وشەی یەکەم، ئەوە وشەی دووەم بەبیر خوێنەر یاخود گوێگر دێتەوە)) (نجم الدین:٢٠٠٨: ١٣٤) واتە پرۆسەی گۆڕین وتێکدان دەبێتە سەرچاوەی هونەری، ئیدی ئەگەر تاکە وشە یان ناوی لێکدراو یان ئیدیۆم و یان گرێ بێت، بەڵام شاعیر بۆدەرخستنی توانای شیعری وهونەری خۆی، گۆڕین وجوڵاندن لەپێکهاتەی ئەم دانە زمانیانەدا دەکات، واتە ((شاعیر ڕۆنانی وشەکە تێکدەدات وبەمەش یاری بەوشەکان دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شیعرییەتی شیعرەکەی.... ئەم لادانە چێژێکی هونەری دروستدەکات وسەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت ودەبێتە هۆی شیعرییەتی زیاتری شیعرەکە)) (حەمەسالح:٢٠١٥: ٩٢)

لادان بۆ خۆی تێکدانی ڕۆنانی باوە، بەڵام بە ئامانج و شارەزای شاعیر بەرهەم هاتووە، لەگەڵ ئەوەدا هەموو تێکدانێکی ڕۆنانی باو نابێتە سەرچاوەی جوانی چێژی ئەدەبی. ئەو تێکدانەی لێرەدا باسی ئاڵۆزی و لێڵی دروستدەکات، کە دەبێتە جێگەی ئاڵۆزی لای خوێنەر.

تێکدانی ڕۆنانی باو کردەیەکی هونەرییەو پێویستە جوانی بەدەق ببەخشێت، چونکە هەر تێکدانێک لایەنی هونەری بەهێزنەکات وئاڵۆزی دروست بکات، ئەوا خزمەتی جوانکاری شیعری ناکات.

لەشیعرەکانی قوباد دا بەکەمی ئەم جۆرە لادانە بەرچاودەکەوێت هەوڵ دەدەین چەند نمونەیەک دەخەینە بەر دەست.

أ/ (شاعیر) لەهۆنراوەیەکدا بەناوی (من دەنگ دەدەم بەسەگ)

تێکدانی لەڕۆنانی کاری لێکدراوی(خۆپاڵاوتن)کردووەو دەڵێت:

وەو
وەو
بۆخۆت پاڵاوتە نەکردووە
وێنای تۆ،
دەخەمە ناوسندووقەوە.
من دەنگ دەدەم بەتۆ؛ (کۆڵانە شینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٣٥٦)

ئەوە ڕوون وئاشکرایە، کە لەزمانی باودا باسی هەڵبژاردن دەکرێت، پرۆسەی خۆپاڵاوتن بەشێکەلێی وبەشێوازی خۆپالاوتن لەزماندا جێگیربووە، بەڵام ئەمەش لای خوێنەر جۆرێک لە سەنتەر ڕوانین دەکەوێتە سەر ئەو کردارەو جوانی زیاتری تیایە ئەم کردارە لێکدراوەی گۆڕیوە بۆ (پالاوتەنەکردووە) لەکاتێکدا لە بەکارهێنانی باودا ڕاستتر وەهابوو، کە بنووسرایە (بۆخۆت نەپالاوتوە).

ب/ لەهۆنراوەیەکی تردا ناوی لێکدراوی تێکداوەو لەبری وشەی ( لەشفرۆش ) ناوی لێکدراوی (جەستە فرۆش)ی بەکارهێناوەو دەڵێت:

لەجەستە فرۆشێک، فێری قاوەگرتنەوە

بووم؛ (کۆلانەشینەکانی مندالّی: ٢٠١٨: ١٧٤)

لەزمانی ئاسایی (ئۆتۆماتیک) دا دالی چەسپاوی ئەوپرۆسەیە (لەشفرۆشە) نەک (جەستەفرۆش) هەرچەند هەمان واتایان هەیە، بەڵام ئەوەی شاعیر بەکاریهێناوە بەلادان دادەنرێت، چوونکە لەزمانی باودا جێگیرنەبووەو نەچەسپاوە.

ج/ تێکدانی ڕۆنانی باولە وشەی سادەدا

لەزمانی باودا بۆکراس(یەقە) یان (یێخە) بەکاردێت نەک(هێقە) کە شاعیر لە شیعرەکەیدا چنیویەتی ودەڵێت:

هێقەی پێغەمبەران ڕاتەکێنێت؟

بەفریشتەکانی شەڕی بەدر بڵێی:

بۆ لە(٣/١٦)دا فریای.

منداڵە موسوڵمانەکانی من نەکەوتن (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ١٤٩)

ئەوەی خرایەڕوو، دەرخەری ئەوەیە، تێکدانی ڕۆنانی باو تەنها لەگرێ و وشەی لێکدراودا نییە وەک چەند توێژینەوەیەک ئاماژەیان بۆکردووە، چونکە گۆڕینی فۆنێمێک بەیەکێکی تر بەتێکدانی ڕۆنانی باو دادەنرێت، ئەویش لەبەر ئەوەی لادانی لە بەکارهێنانی گشتی وباودا کردووە.

## ٢-٢-٥ باسی چوارەم: داهێنانی وشە لەلایەن شاعیرەوە

بەشێوەیەکی گشتی شیعر زمانی تێپەڕاندنە لەشێوازی بەکارهێنانی زمانی باو، لەوێنای سادە و لەجوینەوەی چەند بارەی ڕێزبوونی ڕێزمانی واتای لەناو دەقی شیعریدا؛ شاعیری بەتوانا وەرگری بەرهەمەکانی دەکاتە گەشتیاری بەردەوامی وێناو دۆزینەوەی نهێنی نوێ وناهێڵێت، لە یەکەم خوێندنەوەدا خوێنەر پەی بەهەموو جوانیەکانی ببات، دیارە ئەمە بە چەندین ڕێگەو بەشێوازی ڕەنگاوڕەنگ دەبێت، کە کاری ئەم نامەیە، ئەونهێنیانە بخاتەڕوو.

شاعیر کاتێک وشەکانی شێوازی ئۆتۆماتیکی بەکاردەهێنێت، تام وچێژێکی جوانتری لە بەکارهێنانی ئاسایی پێدەبەخشێت، یەکێک لەو ڕێگەیانە داهێنان وداتاشینی وشەی نوێیە.

لای ئەرستۆ وشەی داهێنانی شیعری وشەیەکە لەناو خەڵک بەکارنەهاتووە، شاعیر خۆی دایدەهێنێت(ئەرستۆ:١٩٧٩: ٧٨)، بەڵام ئێمە بەشێوەیەکی ڕەهای وەرناگرین، چونکە هەر وشەیەک بۆئەوەی ببێتە دانەیەکی فەرهەنگی، پێویستە لەناو زمانی ئاخاوتن وباوی خەڵکدا جێگەی خۆی بکاتەوە، هەر بۆیە لەدیوانی شاعیراندا، چەندین وشە بەیاسای وشەسازی داتاشراون، بەڵام نەبوونە بە بەشێک لەفەرهەنگی گشتی.

لە شیعردا ڕێگە دەدرێت شاعیر بەشێوەیەکی نائۆتۆماتیکی وشە دابڕێژێتەوە، بەڵام پێویستە دەزووی پەیوەندی واتای وڕێزمانی بەتەواوی نەبچڕێت، واتە شاعیر پەیوەست نییە، بە بەکارهێنانی تەواوەکی وشەی حازربەدەستی ڕۆژانە، لەم بارەیەوە (د.هیمداد حوسێن) سێ ڕێگە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ دادەنێت، کە ئەمانەن:

أ/بەکارهێنانی یاسالێکسیکیەکان. واتە شاعیر یاساکانی داڕشتنی وشەو گرێ وشەی لێکدراو بەکاردەهێنێت وشەیەکی پێدروستدەکات.

ب/فراوانکردنی یاساکانی لێکسیکیەکان. لێرەدا شاعیر بەتەواوی پەیوەست نابێت بەیاساکانی داتاشینی وشەسازی ولە کاتی پێویستدا لێیان لادەدات.

ج/بەزاندنی یاسالێکسیکیەکان(حوسێن:٢٠١٠: ٥٨٧). شاعیر لەم شێوازەدا بەشێوەیەکی خودی وشە دروستدەکات، کە ئەمە قورسترین وئاڵۆزترین جۆری داتاشینە، چونکە پێویستی بەشارەزای زمانەوانی زۆرهەیە، لەگەڵ خەیاڵی داهێنەرانە.

قوبادی جەلیزادە لەدیوانەکانیدا هەوڵیداوە خۆی وشە دابڕێژێت ئێمەش چەند نمونەیەک دەخەینەڕوو.

**أ/ داهێنانی گرێ**

ئەم جۆرە گرێیە، تەنها لای ئەم شاعیرە دەرکەوتووە، واتە پێش ئەم لەدیوانی شاعیرانی دیاردا نییە، شاعیر بەداهێنەری خۆی دروستی دەکات.

(شاعیر)لەهۆنراوەی (صابوون چۆن هەڵناخلسکێت) دا دەڵێت:

کە تۆ لەنێو حەمامەکەدا، ڕووت
دەبیتەوە،
پێم سەیرە چۆن،
بوومەلەرزەیەک، بەپلەی١٢بەپێوەری
ئیرۆس،
دنیا سەرەوبن ناکات، ئەی یار. (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٢٥٧)

( پلەی ڕێختەر) پێوانەیەکی زانستی جیۆلۆجیە، شاعیر بەسودبینین لەو چەمکە زانستییە، گرێی ناوی دروستکردووە، کە یاسای گرێ (دەرخراو+ئامراز+دەرخەر) وەکو دەبینین شاعیر یاسای لێکسیکی بەکارهێناوە، بەڵام دەرخەر و دەرخراو پێکەوە ناگونجێن، ئەو نەگونجانەش شیعریەت ولادانی دروستکردووە.

پێوەر ی ئیرۆس
دەرخراو+ ئامراز+ دەرخەر

تەنها لەخەیاڵ وزمانی شاعیر دا دەرکەوتووەو دەبینرێت، بۆیەدەتوانین ئەم گرێییە، کەدەرخستنی ئەوپەڕی وروژانی ڕەگەزی نێرە بۆ بەرامبەر، ئێمە قوباد بەداهێنەری ئەو وشە دەزانین. کەواتە بۆئەو گرێییە، سود لەیاسای لێکسیکی وەرگیراوە.

**ب/ داهێنانی کاری لێکدراو لای شاعیر**

لەهۆنراوەیەکدا وشەی (تیشک ئاژن) بەکاردەهێنێت ودەڵێت:

لەبەیانییەوە خۆر

مەمکی بەفر
تیشک ئاژن دەکات!  (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢١٧)

لەزمانی گفتوگۆو باودا (دەرزی ئاژن) بەکاردەهێنرێت، شاعیر بەسود وەرگرتن لەوشێوە کرداره لێکدراوه بەم یاسایەی خوارەوە ئەم وشەی داهێناوە.

ناو + کردار
دەرزی + ئاژن  زمانی باو
تیشک + ئاژن  داهێنانی شاعیر

ئاژن واتای زۆر تێچەقاندن، یان واتای سوژن کردنی زۆر بە شتێکدا، بەلام شاعیر خۆی له مەدلولی فەرهەنگی بواردوەو لەگەڵ ناوی ( تیشک ) مەدلولێکی پێسپاردووە. ( خاڵ:٢٠٠٥: ٦ )

**ج/ داهێنانی ناوی شوێن**

شاعیر لەبری ئەوەی ناوی(نەخۆشخانە، عیادە، نۆرینگە، خەستەخانە) بەکاربیات، کە ڕۆژانەی لای خەڵک باوە خۆی داتاشینێکی داناوەو لەهۆنراوەی (دادگای جینایەتی چۆلەکە) دا دەڵێت:

بەکۆڵ
گەیاندمە بەردەرگای نەخۆشگەکە.
نەخۆشگەکەی؛
ڕزگاری جەڕڕاح. (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٢٢٣)

لەشێوازی باودا هەریەکە لەوشەکانی (ناو) ( نەخۆشخانە، عیادە، نۆرینگە، خەستەخانە) بەکاردەهێنرێت، بەلام قوباد خۆی وشەیەکی نوێ دادەڕێژێت، کە پێچەوانەی سیان لەمانەی سەرەوەیەو نزیکە لەشێوازی دروستبوونی نۆرینگە.

نۆڕین + گە
کردار + پاشگر
نەخۆش + گە
هاوەڵناو + پاشگر

بۆیە دەبینین لێرەدا بەزاندنی یاسایی لێکسیکی بەکارهێنراوە و لە چەندین جێگەی تردا شاعیر وشەی (خودی) داڕشتووە، بەڵام نەتوانراوە بچێتە ناو فەرهەنگی زمان وبەکارهێنانی باوەوە.

## ٢-٢-٦ باسی پێنجەم: لادان لەزمان/ بەکارهێنانی وشەی بیانی

بەکارهێنانی وشەی بێگانە لەئەدەبی نەتەوەیماندا مێژوویەکی دێرینی هەیە، هۆکارەکەشی بۆ، لایەنی خودی وبابەتی دەگەڕێتەوە.

لایەنی خودی بەکارهێنانی زمانی بیانی، ڕۆشنبیری تاکە کەسی شاعیرو دیدگای نەتەوەخوازی، یان نێونەتەوەی ڕۆڵدەگێڕن، لەبەکارهێنانی دانە فەرهەنگیەکانی زمانی بیانی.

هۆکاری بابەتی بۆ زمانی ئاین وحوجرەو سەرچاوەکانی زانست وپێداویستیەکانی شاعیری کورد دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەم هۆیانە شاعیر ناچاردەبێت لەبەر ئاوێتەبوونی زمانی بێگانە، هەندێکجار دانە فەرهەنگیەکانیان لەبەر هەمەکانیاندا بەکاربهێنن.

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی گۆران وهاوڕێکانی هەوڵیانداوە ڕووبکەنە زمانی پەتی وکێشی نەتەوەی بەکاربهێنن، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بەهۆی کاریگەری جیهانگیرییەوە شاعیرانمان ناتوانن لەکۆی دیوانێکیاندا تەنها وشەی کوردی بەکاربهێنن.

لەڕاستیدا بەکارهێنانی زمانی بیانی (وشەی بیانی) بۆخۆی لادانە لەزمانی نوسینی شیعر، نەک لادان وەکو هونەرێکی بەشیعربوونی دەق، مەگەر چۆن وشەیەکی کوردی فرەواتایەو مەدلولی زۆری هەیە، ئەگینا زمانی بیانی لەدەقی شیعری کوردیدا لادان نییە لە زمانی ئۆتۆماتیکی، بەڵکو لادانە لەزمانی نوسینی دەق.

مەرج نیە هەمووکات بەکارهێنانی وشەی زمانی تر لادان دروست بکات و جوانی زیاتر بخاتە سەر دەقی شیعری، چونکە (( ئەو وشە و زاراوە بیانیانەی، کە شاعیر بەکاریان دێنیٚ، ئەگەر لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا هەبن، ئەو کات هیچ پێویست نییە، کە بەکاربرێن، چونکە بەشێکی ڕەخنەگران وشەی بێگانە بەکارێکی ترسناک دادەنێن، مەرج نییە هەموو کات ئیجابی بێت)) (محمد:٢٠٢٢: ٥٩)

لەگەڵ ئەمانەدا شاعیر ناتوانێت خۆی لەکاریگەری جیهانگیر و زمانی بێگانە بپارێزێت، چونکە هەندێکجار ناوی کەسایەتی و شۆڕش وکاراکتەر و چەندان ناوی تر دەبنە بەشێک لە شیعرەکە. لەبەرئەوەی ئێمە لەبارەی بەشیعر بوونی دەقەوە دەنوسین، پێویستە ئاماژە بەم لایەنەی ناوشیعری شاعیران بکەین.

(قوبادی جەلیزادە) شاعیرێکی خوێندەوار و شارەزایەو لەبەرهەماکانیدا وشەی بیانی زیاد لە زمانێکی بەکارهێناوە، دەیانخەینەڕوو.

شاعیر لەدیوانی (باخچەکانی مەلەک تاوس) دا بەم شێوەیە باس لەزمانی پەتی شیعر خۆی دەکات و دەڵێت:

من لەباوەشی حاجی قادر گەورەبووم..
تاوشەیەکی پەتی دەدۆزمەوە.
بەرپشتی هەموفەرهەنگەکان دەگەڕێم. (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ١١٧)

لەبەرمەودای توێژینەوەکە، بۆهەر زمانەو نمونەیەکی شیعر وەردەگرێن.

وەکو لەم نمونانەدا دەیخەینە بەردەست.

## ١/ بەکارهێنانی وشەی عەرەبی

شاعیر وشەی هەریەکە لە زمانەکانی (عەرەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی) بەکارهێناوە، بەڵام زۆرترینیان وشەی عەرەبییە.

لەهۆنراوەی (پەپولە)دا دەڵێت:

لەداهێنانی ئەم پەپولەیە، خودا
ماندووتر بووە،
نەک لەخوڵقاندنی؛
زەریا و
زەوی و
زەری. (کۆڵانە شینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ١٥٤)

خوڵقاندن لە (خلق) ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، لە بەرامبەریدا وشەی کوردی هەیە کە(دروستکردنە) بەڵام شاعیر ئەم وشەیەی بەکارهێناوە لەگەڵ ئەوەشدا ، نەبووە بە لاسەنگ بۆدەقەکە، بەڵکو جوانیەکی پێبەخشیوە بە هۆی دووبارەکردنەوەی دەنگی (ل) ئاوازێکی جوانی بەهۆنراوەکە داوە.

## ٢/بەکارهێنانی وشەی فارسی

لەهۆنراوەی (خوایە چەندجوانە ئەوبەرگە) دا شاعیر وشەی (یەخچاڵ) بەکاردەهێنێت و دەڵێت:

ئاسمان بەخۆما دادەدەم،
ناچمەژێر لێفەوبەتانی
ئاوی یەخچاڵ ناخۆمەوە
بین دەنێم بەجۆگەو کانی. (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٧١٢)

دەبینین هۆنراوەیەکی جوانە کە وشەکانی(ئاسمان، جۆگە، کانی، بین) کوردی پەتین، بەڵام شاعیر وشەی (یەخچاڵ)ی بەکارهێناوە، لەکاتێکدا وشەیەکی فارسییە، لەگەڵ ئەوەشدا دەیتوانی، (ساردکەرەوە،یان بەستەر) واتە (ثلاجە، مجمیدە)ی بەکاربهێنایە، کە ئەوانیش عەرەبین.

## ٣/بەکارهێنانی وشەی تورکی

شاعیر لەهۆنراوەی ( لیسانس لەشەونم )دا دەڵێت:

قەت لەنێو پاس،
لەسەرمێزی لۆقنتەیەک.
لەبنکەیەکی پۆلیسدا
یەکترمان نەدیتوە (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٤٤٩)

ناوی (لۆقەنتە) تورکییەو لەزمانی کوردیدا بەرامبەری(چێشتخانە) هەیە، بەڵام هاتنی ئەم جۆرە وشانە، وەها لەخوێنەر دەکات، کە زیاتر بەدوای واتای وشەکەدا بچێت وسەرنجی ڕادەکێشێت، چونکە یەکێک لەپێوەرەکانی لادان تێپەڕاندنی شێوازی باوی گفتوگۆیە.

## ٤/وشەی ئینگلیزی

قوباد وشەی ئینگلیزی بەدووجۆر بەکارهێناوە، ئەوانیش:

أ/ وشە ئینگلیزییەکە بەپیتی کوردی نوسراوە وخوێنەر تێدەگات، کە ئەم وشە لەفەرهەنگی زمانی دایکیدا نییەو بیانییە. وەکو لەهۆنراوەی تاتۆدا دیارە.

دراوسێکان، لەپەنجەرەی شوققەکانەوە

دەمبینن

ئەمبووڵانس، بەقیژە قیژ

دەمگوێزێتەوە دختۆرخانەی تویکاریی (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ١٥١)

لەم هۆنراوەیەدا هەریەکە لە وشەکانی (تاتو، ئەمبووڵانس) وشەی زمانی ئینگلیزین ولەزمانی کوریدا (خاڵ، فریاگوزاری) هەیە، بەڵام شاعیر ئەم وشانەی بەکارهێناوە، لەڕۆژگاری نوێدا بەهۆی زۆر بەکارهێنانەوە هەردوو وشەکە لای تاکی کورد، تاڕادەیەک ناسراون وخەریکە دەچنە فەرهەنگی وشە وەرگیراوەکانەوە، هەر لەم شیعرەشدا وشەیەکی نوێی دروستکردووە، ئەویش (دختۆرخانە) یە لەبری وشەی ( نەخۆشخانە ) بەکارهاتووە، ئەمە جوانیەکی زیاتری بە دەقەکە بەخشیوە.

ب/وشەی ئینگلیزی کەبەپیتی ئینگلیزی نوسرابێت

وشەی بێگانە لەزماندا خۆی لادانە لەزمانی شیعر، ئەگەر بەپیتی زمانە وەرگیراوەکە بنوسرێت قورسیەک ولاسەنگیەک بۆکێش وسەروا دروستدەکات، بەڵام شوێن وجۆری چنینی لەناوشیعردا دەتوانن هەندێک لەولاسەنگیە چاکبکەن، هەرچەند لە ڕووی شێوەو فۆرمەوە وەکو پەڵەیەک وەهایە لە ناو کۆی شیعرەکەدا.

لەهۆنراوەی (کارتی سپی) دا شاعیر وشەی ئینگلیزی بەفۆرمی خۆی بەکاردەهێنێت ودەڵێت:

لەوبەرجادەکەوە،

داپیرەیەکی مەڵکەندی، سەربەسرکەیی

کۆڵوانە لەکۆڵ

ڕوودەکاتە کچەزاکەی،

کەشەپقەیەکی مەکسیکی لەسەردایە

سواری پاسکیلێکی هۆڵەندی بووە:

کاک ئەحمەدی شێخ دەست بەعەمرتەوە بگرێ،

هێواش لێ خوڕە!

کوڕێژگەکەش بەدەم پەیدەر لێدانەوە:

OK

نەنەگیان

Bye (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ١١٥)

دەبینین وشەکانی (Bye،OK) بەهەمان فۆرمی خۆیان لەشیعرەکەدا هاتوون وهەمان واتایی زمانی ڕەسەنی خۆیانیش دەدەن، شاعیر دەیتوانی وشەکانی ( باشە، خواحافیز) لەجێگەی هەردووکیان دابنایە.

## ٢-٢-٧ باسی شەشەم: دووبارەکردنەوە

دووبارەکردنەوەی کەرەسەکانی زمان (پیت ، وشە، گرێ، ڕستە، دێڕ، کۆپلە) لەناودەقی شیعریدا بۆمەبەستی هونەری وجوانکارییە ودیاردەیەکی شێوازگەرییە، لەزمانی ئینگلیزیدا(repetation) وهەندێکجار(recurrence) ی بۆبەکاردێت وبەرامبەرە بە (التکرار) ی زمانی عەرەبی.(صابر:٢٠٠٨: ٩) ئەم دیاردەیە بەجۆرێکی دیکەش باسی لێوەدەکرێت وناوی لێنراوە (کەڵەکەبوون) کەمەبەست لێی دووبارەکردنەوەو بەدوای یەکداهاتنی وشەیەک یان چەند وشەیەکە لەپارچە هۆنراوەیەکدا، بەوە دەناسرێتەوە، کە دیاردەیەکەو لەڕێگەی زمانی شیعرەوە ناوەندێک لەشیعری هاوچەرخدا داگیردەکات(مجیدووحسین:٢٠١٧: ٦٥)

دووبارکردنەوەی شیعری بەپێز و جوان پێویستە سێ ئامانجی بەدووادا بێت ئەوانیش:

١- بەهێزکردنی ئاواز.

٢- بەهێزکردنی واتایی وێنایی شیعری.

٣- چڕکردنەوەی واتای گشتی شیعرەکە.(مجذوب:٢٠٠٥: ٥٩)

هەموو ڕیزکردن ودووبارەکردنەوەیەک ئامانجی هونەری بەدەست ناهێنێت، لەوبارەوە (د.عبدالسلام المسدی) دەڵێت: ((دووبارەکردنەوە وزەی کاریگەری، پلە پلە ون دەکات)) (المسدی:١٩٨٢: ٨٦)

کەواتە، خودی دووبارەکردنەوە هونەر نییە، بەڵکوشوێن وئەرکی جوانکاری وچنینی شارەزایانە وەها دەکات، کەلای وەرگر جێگەی چێژوسەرنج بێت، چونکە ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر و ڕێکخستن وسفت کردنی مۆسیقای شیعر وەها دەکات، زیاتر بچێتە ناو خواستی خوێنەران

وسەرنجی ڕەخنەگرانیش، هەر بۆیە دووبارەکردنەوە شێوازێکە جیایە لەوشێوازەی، کە لەناوزمانی باودا دەبینرێت.(إسماعيل:٢٠١٩: ٩٣)

ئێمە ڕۆژانە چەندەها جار بەر دووبارەکردنەوەی وشەو فرێزو ڕستە دەبینەوە، بەڵام نابنە جێگەی ڕاکێشانی سەرنجمان، هەر بۆیە پرسینی دەنگوباس وسڵاوکردن و وەرگرتنی پەیوەندی تەلەفۆنی فۆرمێکی نیمچەجێگیری دووبارەن، بەڵام هونەری نین، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە دووبارەبوونانەوە بۆمەبەستی هونەری ناوترێن وسەرنجی بەرامبەر ڕاناکێشن.

دووبارەکردنەوە دەرخەری باری زاڵی(باڵای)هەستەو قووڵبوونەوەی هەڵچوونەکانە

((دووبارەکردنەوە دیارترین شێوەی مۆسیقای ناوەوەیە، کە شاعیران بەکاری دەهێنن وپشتی پێدەبەستن)) (الحراسيس:٢٠١٦: ١٢٩)

ئامانج ومەبەستی دووبارەکردنەوەی هونەری وشیعری چەند ئەرکێکی هەیە. بەمەبەستی جەختکردنی واتاو چڕوپڕکردنەوەی پەنای بۆدەبرێت، لەگەڵ ئەوەدا ڕەهەندێکی ئارایشت وجوانکردنی بەدەقەکە دەدات. دووبارەبوونەوەی دەنگ وبڕگەکانی دەبنە سەرچاوەی دروستکردنەوەی ئاوازی شیعری. (موسى:٢٠٠٩: ١٨)

ئێمەش بڕوامان وایە، پێویستە دووبارەکردنەوە  هونەری بێت، بۆئەوەی ئامانجی شیعری هەبێت و ببێتە جێگەی سەرنج وچێژی خوێنەر چونکە هەموو دووبارەکردنەوەیەک نابێتە هونەری وهەندێکجار دەبنە پەڵەیەکی ناشیرین وبارێکی قورس بەسەردەقی هونەرییەوە.

بۆئەوەی ئەم تەکنیکە ئامانجی شیعری هەبێت؛ پێویستە ببێتە سەرچاوەی ئاوازی شیعری بەپێزو ئاماژەی واتای هەبێت وسەرچاوەی باڵاکردنی وێنای شیعری بێت، بەجۆرێک لەپێوەری ئاسایی دەرچوبێت. دیارترین جۆرەکانی بەمشێوەیە دەخەینەڕوو.

## ٢-٢-٧-١ دووبارەکردنەوەی پیت

پێکهاتەی ئاخاوتن وبەرهەمی بیری مرۆڤ دەنگ وپیتە، واتە مرۆڤ لەهەر ئاستێکدابێت، بۆئاوێتە بوونی بەکۆمەڵگاو بەرهەمی هونەری و زانستی، پێویستی بە بەکارهێنانی پیتەکانی زمانەکەیەتی، و ((لادانی دەنگی پیت بریتییە لەسەرپێچی کردن لەیاسا دەنگیەکانی زمانی پێوەرو بەکارهێنانی فۆرمێکی دەنگی، کە لەزمانی ڕۆژانەدا باونەبێت)) (صفوى:١٣٧٣: ٤٤) لەگەڵ ئەوەدا گۆڕینی شوێنی ( پیت ) ئەگەر بۆ مەبەستی هونەری بێت جوانیەک بەدەق دەبەخشێت، بەڵام هەرگیز شاعیران

ناتوانن ( پیت )ێک بدۆزنەوە، یاخود دروست بکەن، کەواتە گۆڕین و کرتاندن و دووبارەی شوێنی دەنگ هەیە، بەڵام ناگاتە دروستکردن و دۆزینەوە.

بەکارهێنانی پیت لەناودەقی شیعریدا مەدلولی هونەری هەیە. دووبارەکردنەوەی پیت، بەراورد بەجۆرەکانی تری دووبارەکردنەوە (وشە، گرێ، ڕستە، دێڕ، کۆپلە) زیاترو سادەترە، ئەویش بەهۆکاری ئەندازەی پیتەکانی هەر زمانێک، کە زۆر زۆرکەمترە، لەوشەی فەرهەنگی وشاعیر و نوسەران ناچارن، کە تەنها لەو بازنە دەنگیە تێپەڕنەبن، کەواتە زۆرترو زیاتر ئەم دەنگانە لەناودەقدا خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام ((بەگشتی دووبارەکردنەوەی دەنگ لەسنوری بەیت ودەقی شیعریدا جۆرەهاوتەریبیەکی ئاوازەیی پێکدەهێنێت، بەوهاوتەریبیە دیارترین بنەمای جوانی شیعرییەت دەرەخسێنرێ، کە ئەرکەکەی پێش هەرئەرکێکی تر جوانییە)) (میرزا:٢٠٠٨: ٨١)

دووبارەکردنەوەی هەرپیتێک ئاماژەیەکی هونەرییەو شاعیر لەورێگەوە دەیەوێت، موسیقایەکی ئاوازەیی جوان وسەرنج ڕاکێش دروستبکات. هەندێکجار ڕەهەندی دەرونی هاوکارە بۆدووبارەکردنەوەو زۆر بەکارهێنانی پیتێک، لەم بارەوە (د.ئاڤان عەلی میرزا) لەنامەی دکتۆراکەیدا بەناونیشانی ( چنینی دەق لە شیعرەکانی نالی) دا دەڵێت: ((زۆر بەکارهێنانی ( ر ، م ، ن ) سۆزی غەمناکی و لیریکی دەگەیەنێت)) (میرزا:٢٠٠٨: ٨٠)

ئاواز خاسیەتێکی بنەڕەتی وگرنگی دەقی شیعرییە، ئەمە لەئەنجامی پەیوەندی وهارمۆنی پێکهاتەکانی دەقەکە دروستدەبێت وبەنەمانی لەزمانی شیعردا خاسیەتێکی هونەری لەدەستدەدات.

شاعیر لەم هونەرەدا یاساوپێکهاتەی ڕیزبوونی دەنگی پیتەکان دەگۆڕێت، یان چڕکردنەوە دروستدەکات، ئامانج لەم کارەش جوانی وئاوازی جوڵاوی ناودەقە، چونکە لەپیتدا جوڵەو شوێنی بەرزی ونزمی دەنگەکان بەخواستی شاعیر دەستکاری دەکرێت. لەشیعردا پیت تەنها یەکەیەکی بێگیان نییە، بەڵکو بزوێنارو وروژێنەری وەرگرە، ئەمانە لەشارەزایی داڕشتن وچنینەوە بەدی دێت.

شاعیر لە چەند جێگەیەکدا ئەم هونەرەی بەکارهێناوەو چەند جۆرێکیان دەخەینەڕوو:

## أ-دووبارەکردنەوە دەنگی بزووێن

بەگوێرەی بوار بۆ هەردەنگێکی نەبزووێن و بزووێن، چەند نمونەیەک دەخەینە بەرچاو.

### ١-دەنگی پیتی (ە)

لەهۆنراوەی (ترس) دا شاعیر بەجۆرێکی زۆرجیر دووبارەی (ە) ئەنجامداوە، گەیشتوەتە ئەو ئاستەی سنوری بەکارهێنان ومۆسیقای شیعری تێپەڕاندووەو دەڵێت:

تەقەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەەە

ەەەەەەەەەەە

ههههههههههههههههههههههههههههههههههههه

ههههههههههههههههههههه(ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٣٨)

پیاوێک تەقەم لێدەکات.

دووبارەکردنەوەی دەنگ لێرەدا چەندە شیعرییە، زیاتر ڕەهەندێکی دەروونی هەیە، ئەویش بەئاماژەی مەدلولی (تەقە) کە بۆ خۆی لای شاعیر لەکۆی دەقەکەیدا وەکو چاک سەیری نەکراوە، ئەوەش لەکۆپلەی کۆتای هەمان شیعردا بەڕوونی خۆی نمایش دەکات.

نیشتمان

تەقەهههههههههههههههههههههههههههههههههههههههه

هههههههههههههههههههههههههههههه

تەقەهههههههههههههههههههههههههههههههههههههه

ههههههههههههههههههههههههههههههههههههه (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٣٩)

لەم تاکە دێڕە شیعرەشدا تاکە وشەیەک (تەقە) دووبارەکراوەتەوە، بەڵام (١٢٩) بزووێنی (ە) بەکەرتکراوی پێوەی لکاوە.

ئەگەر بەنەخشەی بزوێن ونەبزوێن لەم دێڕەدا نیشان بدەین بەمجۆرەی خوارەوەیە.

دێڕی یەکەم

| کۆی پیتەکانی دێڕ | بزووێنی دووبارە | نەبزووێن | کۆی بزووێن |
|---|---|---|---|
| ١٢٥پیت | ١٠٣پیت | ١٣پیت | ١١٢پیت |

دێڕی دووەم

| کۆی پیتەکانی دێڕ | بزووێنی دووبارە | نەبزووێن | کۆی بزووێن |
|---|---|---|---|
| ١٤٣پیت | ١٢٨پیت | ٩پیت | ١٣٤پیت |

لەهەردوو دێڕە شیعرەی سەرەوە بڕێکی زۆر بزووێن، بەکارهاتووە، بەراورد بەنەبزووێناکان ڕێژەیەکی زۆرن وشێوازی ڕیزکردنی پیتەکان بۆخۆی لادانێکی شێوازگەرییە.

### ٢-دووبارەکردنەوەی پیتی(ۆ)

لەهۆنراوەی (جارێک تۆ بووی بەکتێب) شاعیر دووبارەکردنەوەی ئاسۆی ئەم دەنگە بەکاردێنێت، کە جیاوازبێت، لەهەردوو جۆرە ڕیزبوونێکی زمانی وبەشێوەیەکی هونەری بەبێ ناوبەین پیتەکانی ڕیزکردووەو دەڵێت:

زۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆر چاوەڕێم کردیت..
زۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆر
زۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆۆر
تا،(چاوەڕوانی) ماندوبوو بەچرپە
پێی گوتم؛
من دەچم لەبن سێبەری ئەو درەختە
پاڵدەکەوم
تۆش کەیفی خۆتە. (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٤٨٤)

بەبۆچوونی ئێمە ئەم فۆرمە لەدووبارەکردنەوە مەدلولی قووڵی دەرونی وخودی نیشان دەدات، چونکە لەهیچ کاتێک و دۆخێکی زمانی و واتاییدا، دووبارەکردنەوەی وەها نییە، شاعیر دەیەوێ لەئەندازە بەدەری دۆخێک، یان باسێک، بەم جۆرە بخاتەڕوو.

### ٣-دووبارەکردنەوەی بزووێنی( ا )

دەنگە بزوێنەکان بە تەوژمێک هەوا لە سییەکانەوە دێنە قورگ و دەم و بەبێ ئەوەی هیچ بەربەستێک دروست ببێت، دەنگەکە گۆ دەکرێت.

پیتی( ا ) دۆخێکی خاڵیکردنەوەی سییەکانە لەهەوای پەنگخواردووی کاتی ئاخاوتن وبەدەربڕینی جۆرێک لە وەستانەی کورت دروست دەبێ، کە دەبێتە شوێنی لەنگەرگرتنی ئاوازو بڕگەی وشەکان. لە بابەتی دووبارەکردنەوەدا، هەندێکجار پیتێک بەڕادەیەکی کەمیش خۆی نمایش دەکات، بەڵام ئەرکی ئاوازەی کاریگەردەگێڕێت.

قوباد لەهۆنراوەی (ڕەشپۆش)دا دووبارەکردنەوەیەکی ئاوازدانەرانەی لەپیتی( ا )دروستکردووەو دەڵێت:

شکا، شکۆ

تکا، ئابڕوو

ئالآ، وەک ئەستێرە کشا (کۆلانەشینەکانی مندالی:٢٠١٨: ٧٨)

لەهەرسێ نیوەدێڕەکەدا پیتی ( ا ) ئەرکی مۆسیقای شیعرییان بەجوانی دروستکردووە، ئەوەش زیاتر بەهۆی کورتی وشەکان، کە سادەن ودرێژو لێکدراونین، ( شکا و کشا ) جۆرێک لەدووبارەکردنەوەی پێکهاتەی پیتیان تێدا دەبینرێت، کە جوانیەکی زیاتری بەهۆنراوەکە بەخشیوە.

## ب/ دووبارەکردنەوەی نەبزوویناکان

(لەبەرمەوداو بواری لێکۆڵینەوەکە، تەنها چەندپیتێک (دەنگێکی)نەبزووێن دەخەینەڕوو).

### ١-دووبارەکردنەوەی پیتی(م )

(شاعیر) لەهۆنراوەی ( عەقیق ) دا، کە هۆنراوەیەکە بەکێشی (یازدەبڕگەیی) نوسراوە لەتەنها یەک دێڕدا (١٠) جار پیتی(م ) دووبارەبووەتەوەو دەڵێت:

چرام، مۆمم، روناهی دەم سپیدەم

دەمێکە من، خەمی دیداری دیدەم (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٧١٠)

له ئەم تاکەدێڕەدا شاعیر لەگەڵ هەموو(م) یکدا هاوەڵناوی چەسپاندووە، کە دەگەڕێتەوە بۆ شاعیر خۆی، واتە شاعیر لەڕێگەی ئەو وەسف وهاوەڵناوانەوە دۆخی دەرونی خۆی دەردەخات. نیوەدێڕی یەکەم بەهۆی ( م ) وە کراوە بەچوار گرییەوە، کە ئاوازێکی کورت دروستدەکات.

### ٢-دووبارەکردنەوەی پیتی(ب)

لەهۆنراوەی (بیابانی گومان) دا، کە ناوەڕۆکێکی پڕ پرسیاری نائاساییە، بەرامبەر (خودا) شاعیر پیتی(ب) لەهەندێک وشەدا وەکو نیشانەی (دانانی) بەکارهێناوە، کە ئەمە سەرەڕای لادانی پیت ودروستکردنی مۆسیقا ڕەهەندێکی هزری(بان ئاسایی) هەیەو دەڵێت:

گومان دەکەم خودا،

کەتۆ؛

ببینی و

ببیستی و

بۆنبکەی و

بنوسی و

بخوێنیتەوە! (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٥٢)

لەدوای گومان کردن لەخودا، شاعیر پێنج کرداری بەکارهێناوە، کە هەمووی لەدۆخی دانانیدان، واتە هەموو ( بـ ) سەرەتا بەشێکنین لەوشەو بۆدۆخی شیعری(گومان) هاتووە، هەر لەم هۆنراوەیەشدا دووبارەکردنەوە ناهونەری هاتووەو لاسەنگی بۆ شیعرەکە دروستکردووە، ئەویش پیتی(و) ئەگەر نەهاتایە جوانتربوو، مانای شیعرەکەش پێویستی بە لەسەر وەستان هەبوو.

## ٣-دووبارەکردنەوەی پیتی(ک)

لەم کۆپلەیەدا دووبارەکردنەوە لە هەموو شوێنەکانی وشە (سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتا) دروستکراوە، ئەگەر بۆئاستی ستونی بڕووانین، هەر لەم کۆپلەیەدا دووبارەکردنەوە هەیە. لەهۆنراوەی (کورد) شاعیر بەبیرێکی ڕەخنەییەوە دەڵێت:

وەک،

سێوێکی بەرواری خستمە ناومشتت،

کەچی هەنوکە

نە،

کۆڵیتێکت هەیە،

نەکانییەک.

نەکولێرەیەک. (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ١٦٩)

دەبینین(١٠) جار ( ک ) هاتوە، لە (٣) جاردا لە سەرەتای ناودا هاتوون (کولێت، کانی، کولێرە) لە(٤) شوێنیشدا وەکو نیشانەی تاکی نەناسراو لە(٣) جێگای تریشدا وەکو لەبەشێک لەئامرازوو وشە هاتووە.

لەگەڵ ئەوەی، کە ئەم دووبارەکردنەوە بۆخۆی ئاوازێکی خۆش دروستدەکات، مەدلولی وشەکان لەناوشیعرەکەدا بۆ بێ پشت وپەنای نەتەوە دەگەڕێتەوە، ئەوەش لەسەرئاستی چێژو گەڕانەوە بۆکونتێکست دەرخەری ڕاستیەکی مێژووییە.

٤-دووبارەکردنەوەی پیتی (ش)

دووبارەکردنەوە لێرەدا زیاتر ستونییە، واتە لە سەرەتای هەر نیوەدێڕێک و لە دووای بڕگەی یەکەم پیتی (ش ) هاتووە.

لەهۆنراوەی (دڕک) دا شاعیر دەڵێت:

ڕەشپۆشە مانگ..
دەشێ،
لەشەڕگەیەکدا بەجێمابێت،
لاشەی شەهیدێک. (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٥٦٥)

پیتی (ش) وەکو هەموو پیتەکانی تر، دەکرێت ببێتە بەشێک لە چەندەها وشە، کە مەدلولی جیاوازیان هەبێت، واتە ئاماژەی خۆشیش بگەیەنن، بەڵام ئەوەی لەم هۆنراوەیەدا دەبینرێت پیتی (ش) لەهەر وشەیەکدا هاتووە واتای ناخۆشی دەگەیەنێت، بەڕای ئێمە، ئەمە زیاتر قورسی وناسازی واتای لەپیتی(ش) لەهۆنراوەکەدا دەکات بارێکی دەرونی (ڕەشپۆش، شەڕگە، لاشە، شەهید) هەموویان ئاماژەی داخ هێنەرن.

ئەوەی گرنگ بوو پیشاندانی دووبارەکردنەوەکانی دەنگ (پیت) بوو، ئێمە بەپێویستی نازانین نمونەی زیاتر باس بکەین و لەلایەنە جۆراوجۆرەکانی شوێن وئاستەکانی دەنگ بکۆڵینەوە.

## ٢-٢-٧-٢ دووبارەکردنەوەی هێشوە دەنگ

هێشوەدەنگ بریتیە لەوەی، کە زیاتر لەدەنگێک (پیت) و کەمتر لە وشەیەک پێکەوە لەدێڕێکی شیعردا ببێت، دەکرێت دوو دەنگ یان سیان و زیاتر بێت، هێشوە دەنگ کۆمەڵە دەنگێکی بەسەریەکەوە دووبارە، یان چەندبارە دەبنەوەو بەهۆیەوە ئاوازێکی هەست بزووێن وخۆش پەیدادەبێت. (محەمەد:٢٠١٤: ٢٣٨) کەواتە ئامانجی هێشوەدەنگ لایەنی ئاوازە، چونکە بەتەنها مەدلولێکی فەرهەنگی نییە، و نابێتە وشە، چونکە، ئێمە پێمان وایە جۆرەکانی دووبارەکردنەوە بەمشێوەی خوارەوەیە(دەنگ، هێشوە دەنگ، وشە، گرێ، ڕستە، نیوەدێڕ، دێڕ، کۆپلە) لەم مەیدانی کارەشماندا هەوڵدەدەین، هەموو ئەم جۆرانە بخەینە بەردەست،

ئێمە سێ جۆر هێشوەدەنگمان لەبەرهەمەکانی شاعیردا بەرچاوکەوتووەو بەنمونەی شیعری دەیانخەینەڕوو.

أ/ هێشوە دەنگ بە(ستان)وەکو ئاماژەی کۆکردنەوەی هاوەڵناو) لەم هۆنراوەی خوارەوەدا دەبینین، شاعیر دەڵێت:

لەئاستی ڕووت دەوەستم دەستەوەستان
دەواو دەرمانی دەردوو زەخمی خەستان
وەرە بابتخەمە سەرچاو و دەستان
کەتۆی شای ( کڵاو لار ) دیدە مەستان
چ باکم قەیسەر و فەخفورە ئەمشەو (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٧٢٠)

ئەوەی دیارە ئەم هۆنراوە کاریگەری(نالی)شاعیری پێوەیە، تێهەڵکێشی شیعری نالییە لە بارەی لادانی هێشوە دەنگەوە، هەر یەکە لەوشەکانی(وەستان، خەستان، دەستان، مەستان) ئەم جۆرەی تیادا دەبینرێت، ئەویش پیتەکانی (ستان)ە، کە لە هەریەکەیاندا بەشێکنین لەوشە بنەڕەتیەکەو، ئاماژەی کۆکردنەوەن، جگە لە ( وەستان) ئاوازێکی دەرەکی (سەروا)ی دروستکردووەو بەدووبارەکردنەوەی هێشوە دەنگ دادەنرێت.

## ب/ دووبارەکردنەوەی هێشوە دەنگ وەکو بەشێکی بنەڕەتی وشەکان

لێرەدا شاعیر وشەگەلێک بەکاردەبات، کە کۆتای هەموویان لەهێشوەدەنگدا لەیەکبچن.

وەکو ئەیوب دەمی زامم بەسۆیە
لەسینەمدا سەدای هاوارو ڕۆیە
هەڵۆی عەشقم زەلیلی دەستی تۆیە
دڵیش مایل بەدیدەی تۆیە بۆیە
لەمن وەحشی ورەمیدەو دوورە ئەمشەو(ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٧١٩)

پیتەکانی(ۆیە) کە سێ دەنگە لەکۆتای شیعرەکەدا دووبارەبووەتەوەو بەلادانی دووبارەی هێشوە دەنگ دادەنرێت و ئاوازی دەرەوە (سەروا) ی شیعرەکەی ئاسان وچێژبەخش کردووە.

### ج/دووبارەکردنەوەی هێشوەدەنگ بەگۆڕینی فۆرمی بنەڕەتی وشەکان

لەم جۆرە لادانەدا شاعیر بۆئەوەی هێشوەدەنگ دووبارەبکاتەوە دەتوانێت، ئەم کردارە بەهۆی نیشانەی (نەناسراوی، کۆ) دروستبکات، واتە دەستکاری وشە بنەڕەتیەکە کراو، بە مەبەستی دروستکردنی ئاواز بەهێشوەدەنگ. ئەم نمونە لەهێشوەدەنگ لەم هۆنراوەدا دەبینرێت، کاتێک شاعیر دەڵێت:

کاتێک لەمێشکی فێرخوازان،
نەمامی ئەلف وبێم دەڕرواند.
((هەمین))سەرتۆپی چاوبازان،
بەئەسپایی دڵی دەدرواند(ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٧١٨)

دەبینین هێشوە دەنگی (ان، اند) لەم هۆنراوەیەدا هەیە، ئەویش لەنێوان ناوی کۆ و کردار دایە، لەکاتێکدا ئەگەر ناوەکان تاک/سادە بوونایە ئەم لادانی دووبارەکردنەوەی هێشوەدەنگ دروست نەدەبوو. ئەو نیشانە و هێشوە دەنگە لە کردارەکاندا دەیخاتە دۆخی ڕابردووەوە.

### ٢-٢-٧-٣ دووبارەکردنەوەی وشە.

وشە دووبارەکردنەوەی لەشیعردا ئامانجی هونەری وجوانکاری هەیە، هەرکات دووبارەکردنەوەی وشەیەک جوانییەکی بەدەقی شیعر بەخشی، ئەوا دەبێتە جێگەی سەرنج وچێژی خوێنەر، بەپێچەوانەش، لاوازی وئاستی کورتی شاعیر پیشان دەدات.

( أبن الأثير ) دووبارەکردنەوە بۆ دوو جۆر دابەش دەکات ئەوانیش:

أ/ وەک یەکی لەدەربڕین واتادا.(فۆرم واتا یەکبن)

ب/ وەک یەکبن لەواتادا وجیاواز لەدەربڕیندا.(فۆرم جیاواز واتایەکبن) (عبدالعزیز:٢٠١٨: ٢٠)

دەکرێت لەگفتوگۆ و دەقی شیعریدا وشەی هاوواتاو شێوەجیاواز بەکاربهێنرێت، ئەگەر ئامانجێکی هونەری مەبەست نەبێت، ئەوا سستی ولاوازی دەردەخات، ئەوەی بابەتی لێکۆڵینەوەی ئێمەیە ئەو دووبارەکردنەوەوەیە، کە فۆرم ودەربڕینی یەکبن، چونکە ئەگەر شێوەیان یەکبوو واتایان جیاوازبوو ئەوا (ڕەگەزدۆزی) دروستدەبێت، کە لەمەیدانی ئەم لێکۆڵینەوەدا نییە.

(محمد رضا شفيع كدكنى) لەبارەی مۆسیقاوە دووبارەکردنەوەو ڕەگەزدۆزی بەیەک دەزانێت، بەڵام دووبارەکردنەوە بەوە جیادەکاتەوە، کە شێوەو واتای لەهەر جێگەیەکی دەقدابێت یەکن وجیاوازییان نییە.(كدكنى:١٣٩٢: ٣٠٥)

شاعیرانی نوێ بۆ بەپێزکردنی لایەنی هونەری ودەرخستنی خەیاڵی داهێنەرانەیان، پەنا بۆ دووبارەکردنەوە دەبەن. لەوبارەوە (د.عەزیز گەردی)دەڵێت: ((دووبارەکردنەوەی وشە بۆچەسپاندنی واتایەکە لەمێشکی گوێگرو بردنە دڵیەوە، یان بۆ پیشاندانی داخ وخەفەت وپەرۆشییە، یان بۆدامەزراندنی کێشی هۆنراوەیە)).(گەردی:١٩٧٤: ٤٧)

شاعیر بۆجێگیرکردنی ئاوازێکی هونەری، هەندێکجار پێویستی بە ئەوە هەیە، دووبارەکردنەوە ئەنجام بدات، بەڵام ئەمە پێویستی بەشارەزایی وچێژی شیعری هەیە، چونکە مەرج نییە هەمیشە جوانیەک دەربخات. دووبارەکردنەوەی وشە لە شیعردا گوێزەرەوەی خاڵی ناوەندەو پەیوەستە بەکۆمەڵێک هێماوبیری دەربڕینەوە.(الحولي:٢٠١١: ١٠٥)

(د.عبدالقادر حمەأمین محمد) لەبارەی دووبارەکردنەوە دەڵێت: ((بنیاتی دووبارە لە شیعردا هۆشیاریەکی هونەری پێشکەوتووی شاعیرە، ئەویش لەڕێگەی تەوزیف کردنی فۆرمی جۆراوجۆر لەدەقدا بەشێوازێک پێکهاتەیەکی داهێنەرانە، تەنها هەر چێژ وئاوازی ئەبستراکت نەبێت، بەڵکو دەلالەت وشیعرییەت بپێکێ و وەڵامدەرەوەی واقیع وئەزمون وتایبەتمەندیەکانی بێت)) (محمد:٢٠٠٨: ٢٠٦)

لای شاعیرو ڕەخنەگری بەتوانا هەروەک چۆن سەرنج لە لایەنەکانی تری دەق دەدرێت، هەر بەوجۆرەش گرنگی بەلادان لەئاستی دووبارەکردنەوەی وشە دەدرێت، بەڵام پێمانوانییە، هەموو دووبارەکرنەوەیەک ببێتەجێگەی بەهێزی وئاوازدانەوەی دەق، چونکە وەرگر تاڕادەیەک توانای وەرگرتنی فۆرم واتای دووبارەی هەیە.

واتە دووبارەکردنەوە ئەگەر زۆربوو، ئەوا بارێکی لاسەنگ وهەژاری فەرهەنگی شاعیر پیشان دەدات و دەقەکەش لاوازو بێچێژدەکات، جا بۆیە ئەم بابەتە سێ ئاراستەی جیاوازی هەیە، ئەوانیش بریتین لە:

### ١- ئاستی دەق

دەقی هونەری چۆن بابەتەکانی لادان وڕەوانبێژی تیادایە، هەر بەو جۆرەش ئاساییە تاڕادەیەک لادانی دووبارەوجۆرەکانی هەبێت.

### ٢- ئاستی نوسەر

نوسەر(شاعیر) ی شارەزا پێویستە ئەوە بە هەند وەربگرێت، کە لەچی جێگەیەکداو بەچی جۆرێک دووبارەکردنەوە دروستدەکات، بۆ ئەوەی ببێتە هۆی ڕازاندنەوەی دەق، نەک پرۆسەیەکی خورتی و بێپلان بێت.

### ٣-ئاستی خوێنەر

خوێنەر واتا و پێوانەی دەق دەستنیشان دەکات، بەڵام ئەمە واتای ئەوەنییە، شاعیر بەتەواوی گیرۆدەی خواستی خوێنەرانی بێت، لەگەڵ ئەوەشدا دەق بەبێ وەرگر زیندوویەتی خۆی لەدەست دەدات، جا بۆیە هەبوونی شارەزای وئارایشتکردنی دەق، چێژ بەخش دەبێت و خوێنەر بۆ خۆی هەست وبیر ڕادەکێشێت . هەندێکجار دووبارەکردنەوە لەفۆرمی جیاوازدا هەیە، بەڵام هەمان واتاو ئاماژەی خوێنەر دەگەیەنن.(مصطفى:٢٠١١: ٢٢)

ئێمە دووبارەکردنەوەی هونەری بۆچەند مەبەستێک دابەش دەکەین.

١- بۆمەبەستی جەختکردنەوە.

٢- هەڵچوونی دەرونی.

٣- ئاوازی شیعری.

٤- ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر بەهۆی دووبارەکردنەوە.

لەبارەی شوێن وجۆری دووبارەکردنەوە دابەشکاریەک دەخەینەڕوو بەمشێوازەی خوارەوە.

### ١-دووبارەکردنەوە بەگوێرەی جۆری ڕیزبوون

أ/ئاسۆیی

ب/ستونی

### ٢-دووبارەکردنەوە بەگوێرەی شوێنی لەناوشیعردا

أ- سەرەتا

ب-ناوەڕاست

ت-کۆتا

دەکرێت وشەی دووبارە لەسەرەتاو ناوەڕاست وکۆتای(دێڕ، کۆپلە)دابێت.

### ٣-جۆری وشەی دووبارە

أ- وشەی سەربەخۆ

ب-وشەی پەیوەستدار.(ئامرازەکان، وشەپرسەکان)

لەم تەوەردا ئەم دابەشکاریە بەسەر شیعرەکانی شاعیردا پەیڕەودەکەین.

## ١-دووبارەکردنەوە بەگوێرەی جۆری ڕیزبوون

### أ/ڕیزبوونی ئاسۆی

لەم جۆرەی دووبارەکردنەوەدا هۆنراوەکان لەنیوەدێڕ، یان دێڕوو کۆپلەدا بەشێوەیەکی ئاسۆی (تەخت) دووبارەدەبنەوە، لەم جۆرە دابەش دەبێت بۆ دوو جۆری تر (ڕیزبوونی بێ ناوبڕ، ڕیزبوونی هەڕەمەکی) بەڵام ئێمە تەنها بەشێوەیەکی گشتی دەیخەینەڕوو.

شاعیر لەهۆنراوەی (بەرلەوەی گوڵ بچێ بۆشەڕ)دا دەڵێت:

هەردوو دەستی بەرزکردەوە؛
تەسلیم تەسلیم تەسلیم
کەچی دەممان پڕکردلەفیشەک. (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٤١١)

وەکو لە هۆنراوەکەدا دیارە سێجار وشەی ( تەسلیم ) بەشێوەیەکی بێ ناوبڕ هاتووە، کە ئاماژەیەکی دەرونیش دەدات و زیاتر جەختکردنەوە دەخاتە بەرهزری خوێنەر، چونکە خوێنەر لەم جۆرە دووبارەکردنەوەدا بەدوای هۆکاری ئەم هونەرەدا دەگەڕێت و وەکو دووبارەی دابڕاونییە.

### ب/ ڕیزبوونی ستونی

ڕیزبوونی ستون دووجۆری هەیە، دەکرێت وشە دووبارەکان بەتاکی وبەشێوەی ستونی بێنەخوارەوە، جۆری دووەمیان وشەکان لەسەرەتاو ناوەڕاست وکۆتای دێڕ، لەهەمان شوێنی یەکتر دووبارەدەبنەوە ((لەم ئاستەدا وشە، تەنها لەهەمان دێڕدا بەهەمان واتا دووبارەناکرێتەوە، بەڵکو دووبارەکردنەوەکە بەسەرهەموو شیعرەکەدا دابەش دەبێت)) (ئەحمەد:٢٠٠٩: ١٣٦)، بەڵام نمونەی جۆرێکیان باس دەکەین(لەبەرمەودای توێژینەوەو ڕاگرتنی هاوسەنگی بەشەکان)

چوم بۆ شەڕ...
لەدووری حەوت سەدمی ترەوە، دام لەکەللە سەرێک.
گەروی هاوڕێکانم بەقاقا تەقییەوە؛
براڤۆ
براڤۆ
براڤۆ (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٤١٢)

دووبارەکردنەوەی (براڤۆ) کە وشەیەکی بیانی (فەرەنسییە) سەرەڕای لەوەی لادانی وشەسازییە، ئاماژەیەکی دەروون کۆمەڵایەتیە، کە شاعیر وەکو وێنایەکی سەلبی ئاماژەی بۆ کردووە.

## ٢-دووبارەکردنەوەی وشە بەگوێرەی شوێنی لەناوشیعردا

لەئەم جۆرە دووبارەکردنەوەیەدا وشەکان بەشێوەیەکی جێگیر لەناودەقدا دووبارەدەبنەوە، واتە لە هەر نیوەدێڕو دێڕێکدا هەمان جێگەیان هەیە، لەگەڵ ئەوەدا بەشێوەیەکی جێگیر لەسەرەتاو ناوەڕاست وکۆتای دەقدا دێن.

### أ/ دووبارە لەسەرەتادا

دەکرێت ئەم جۆرە لەسەرەتای دێڕ یان کۆپلەدا خۆی نمایش بکات.

(شاعیر) لەهۆنراوەی (نەپێویستی بەدایکە نەبەنیشتمان) کە (١٠) کۆپلەیە لەسەرەتای هەر کۆپلەیەکدا تاکە وشەی ( بریا، خۆزگە ) دووبارە دەکاتەوە و بەمشێوەیە دەست پێدەکات.

بریا
دەنگی هەموو ژنەکانی دنیا، لەدەنگی تۆ
دەچوون
ئەوسا نەپێویستمان،
بەکەناری دەبوو
نەبە کەمانچە

لەم دووبارەکردنەوەدا زیاتر جەختکردنەوە کاریگەری وسیمای هەیە، چونکە بۆ مەسەلەی ئاواز دووریەکی زۆرلەنێوان وشە دووبارەکراوەکاندا هەیە، واتە کاریگەری ڕاستەخۆی بۆ ئاواز کەمە.

## ب/ دووبارەکردنەوە لەناوەڕاستدا

لەئەم جۆرەی دووبارەکردنەوەدا وشەکان بەڕێکی لەسەرەتاو کۆتا دێڕوو کۆپلەدا نایەن، بەڵکو دەکەونە ناوەندی دەقەوە، دەکرێت لەدێڕێکدا چەند وشەیەکی لەپێشدا بێت ولەدێڕی دواتردا وشەیەک زیاتر یان کەمتر بێت. لەهۆنراوەی (ڕەتڵێک زرێپۆش) دا ئەم شێوازە دەردەکەوێت.

لەشەڕخوازێک؛
یەکەم ڕێگا: ڕەتڵێک زرێپۆش
دووەم ڕێگا: ڕەتڵێک کەمئەندام
سێیەم ڕێگا: ڕەتڵێک ئەمبوولانس (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ١٧٣)

دەبینین وشەکانی ڕێگا وڕەتڵ لەناوەڕاستی نیوەدێڕەکاندا دووبارەبوونەتەوەو، لەهەر تاکە نیوەدێڕێکدا وێنایەکی شیعری هەیە.

## ج/ دووبارەکردنەوە لەکۆتایدا

دووبارەکردنەوە لەکۆتای وێنادا.

شاعیر لەهۆنراوەی (لەسەبەتەی گوڵفرۆشدا) ئەم جۆرەی لە دووبارەکردنەوە دروستکردووە، کە کاریگەری ئاوازی لەسەر شیعرەکەدا هەیەو ئاوازێکی دڵگیری بەکۆی شیعرەکە بەخشیوە. دەڵێت:

دوو کۆتر بەئاسمانەوەن..
سپیەکەیان،
تۆی
سواری هەرفڕۆکەیەک دەبم
کاپتنەکەی،
تۆی
لەهەر شەمەندەفەرێک دادەبەزم
ئەوەی لەوێستگەکە،
دێتە پێشوازیم،

تۆی. (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٦١٧)

## ٣-جۆری وشەی دووبارەکراوە

لێرەدا مەبەست سەربەخۆیی فەرهەنگی وناسەربەخۆییە، واتە دووبارەکراوەکە پەیوەستەو بەشێکە لەدۆخێکی تایبەتی ئەرکی وشەسازی یاخود بەتەنها وسەربەخۆیە .

وشە (پارچە) بریتیە لەو ئامرازی نەریَ ولێکدەرانەی، کە کورتن وئاوازێکی کورت لەشیعرەکەدا دروستدەکەن وکاریگەرییان لەسەر ناوەندی دێڕی شیعریش دەبێت، چونکە پەیوەندی ڕێزمانی و واتای پێکەوەیان دەبەستێت.

### أ/ وشە پەیوەستدار(پارچە)

شاعیر لەچەند هۆنراوەیەکدا ئەم جۆرە پارچانە بەکاردەهێنێت، بۆنمونە لەهۆنراوەی (بۆق) دا دەردەکەوێت

کاتمان لەبەردەمدا بوو،<br>
هەڵبێین.<br>
نە من ڕامکرد،<br>
نە درەخت.<br>
نە کانی.<br>
نە کۆتر.<br>
نە بۆق.<br>
نە سمۆرە.<br>
نە مێرو.<br>
نە سەگ<br>
نە مریشک و<br>
نە پشیلە.<br>
کەس جورئەتی نەکرد. (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٢٨٤)

ئامرازی نەریَ لەگەڵ هەر(١٠) وشەکەدا هاتووە، دەکرا بەشێوەیەکی تریش بنووسرایە.

من ڕامنەکرد

درەخت ڕای نەرکرد

- - - - - - -

پشیلە ڕای نەکرد

لەهەندێک هۆنراوەدا ئەم ئامرازانە لەناوەڕاستی دێڕدا هاتوون، بەڵام لەکۆتای دێڕدا نەمان بینیوە. یاخود هەر نییە، چونکە زمان و شیعرییەت لاواز دەکەن و جوانی نابەخشێت، کە لە کۆتای هەر نیوە دێڕێکدا بنوسرێت ( نییە ).

چونکە ئامرازی نەرێنی (نە) ناتوانێت لەکۆتایدابێت، ئەگەر شاعیر بیەوێت ئەونەرێیە ئەنجامبدات، ئەوا بەگوێرەی دەمی کرداردەگۆڕێت، وەکو لێرەدا دیارە

نییە ⟵ ئێستا

نەبوو⟵ ڕابردوو

نابێت⟵ داهاتوو

کەواتە فۆرمی ئامرازی نەرێ شوێن وشێوازی دەگۆڕێت .

## ب/ وشەی سەربەخۆ

مەبەست لەم وشانە، ئەوانەیە کە بەتەنها خاوەن واتای فەرهەنگی سەربەخۆن و خوێنەر بۆ تێگەیشتن لێیان پێویستی بە وشەکانی دەوروبەری نییە، وەکو وشە پەیوەستدارەکان، کە بەبێ وشەکانی پاش وپێشیان واتای فەرهەنگیان جێگیرنییە.

لەهۆنراوەی (دایکم دەچێتە بەهەشت)کە (٩) کۆپلەن شاعیر لەسەرەتای هەموو کۆپلەکاندا ناوی(دایکم) لەگەڵ بنەمایەکی ئاینیدا دێنێت، کە ئەمە بەدووبارەکردنەوە لەسەرەتای کۆپلە دادەنرێت وتیایدا دەڵێت:

دایکم نوێژدەکات...

تا،

ترۆمبیلی کوڕەکانی وەرنەگەڕێن.

تا ئیفلیج نەبن

تاجەرگی نەسوتێ (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٦٤)

دووبارەکردنەوە لەسەرەتای کۆپلەکاندا بەجۆرێکە، کە بکەری ڕستەکە هەمیشە دایکەو بەمجۆرە دەرکەوتووە.

دایکم نوێژدەکات.
دایکم بەڕۆژودەبێت.
دایکم دەچێ بۆحەج.
دایکم زەکات دەبەخشێ.

لەڕووی ڕێزمانییەوە بەمجۆرەیە. دەرخراو+ دەرخەر + کرداری ڕانەبردوو.

واتە ساتی ڕوودانی کار، یەک ساتە و فۆرمی ڕستەسازی هەر یەکێکە، ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم شێوازە کەمتر کاریگەری لەسەرئاوازی شیعری دەبێت، بەڵام بۆدەرخستنی ئایدیایەک ( دژیەکی ) لای قوباد خراوەتە پێش هەموو کۆپلەکان، ئەویش لەبەرئەوەی ئەنجامی ئەو کارانەی دایک لەگەڵ ئەنجامی خواستیدا یەکناگرێتەوە، وەکولەم کۆپلەدا دەیخەینەڕوو.

دایکم..
یەکە یەکە، کوڕەکانی مردن.
زاواکانی، پێکیان پڕکرد لەکوفر.
شێرپەنجە
مەمکی بووکەکانی تژی کردن لەکرم
برازاکانی وەجاخ کوێر.
خوشکەکانی نەزۆک.
کچەکانی بەدبەخت.
پێغەمبەرەکانی خوێنڕێژ!(باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٦٨)

ئەوەی خرایە بەردەست دەرخستنی ئەو ئاماژەیە بوو، کە دووبارەکردنەوە لەسەرەتای کۆپلە کەمتر کاریگەری لەسەر ئاواز هەیە، بەڵکو مەبەستێکی گێڕانەوەو پیشاندانی شێوازێکی بیرو باوەڕو وێنای پێچەوانەیە.

## ٣-بەشی سێیەم/ لادانی واتایی و جۆرەکانی

### ١-٣ تەوەری یەکەم/ لادان لەڕوی ( چۆنێتی )یەوە

١-١-٣ باسی یەکەم / لێکچواندن

٢-١-٣تەنگۆڕکێ ( دۆخ گۆڕکێ )

٣-١-٣ باسی دووەم / خواستن

### ٢-٣ تەوەری دووەم / لادانی واتایی لەڕوی ( ئەرک )ەوە

١-٢-٣ باسی یەکەم / دانەپاڵ ( الأسناد )

٢-٢-٣ باسی دووەم / دیاریکردن ( التحدید )

٣-٢-٣ باسی سێیەم / گەیاندن ( الوصل )

### ٣-٣ تەوەری سێیەم / لادانی واتایی لەڕوی ( گونجان )ەوە

١-٣-٣ باسی یەکەم / پارادۆکس

٢-٣-٣ باسی دووەم / زیادەگۆیی ( حەشو )

٣-٣-٣ باسی سێیەم / ڕەمز

### ٤-٣ تەوەری چوارەم / لادان لە بنیاتی دەقی شیعری

١-٤-٣ باسی یەکەم / لادان لە شێواز

٢-٤-٣ باسی دوەم / لادان لە ناونیشان

٣-٤-٣ باسی سێیەم / لادان لە تۆبۆغرافی شیعری

٤-٤-٣ باسی چوارەم / هاوتەریبی پێکهاتەیی شیعری

## ٣-بەشی سێیەم

## لادانی واتایی وجۆرەکانی.

لادانی واتایی یەکێکە لەدوو کۆڵەکەکەی کە شیعریەتی پێ بنیات دەنرێت، لەشیعردا زمان فۆرم و ڕیزبوونی سیمانتیکی باو تێدەپەڕێنێت، واتە شیعر هەڵدەستێ بەگۆڕینی واتای ڕاستی و فەرهەنگی ڕۆژانە بۆ واتای قووڵ وخوازە، دیارە ئەمە پێویستی بە خەیاڵ وزمانی داهێنەرانە هەیە. هەربۆیە (( کاتێک زمانی ئەدەبی و شیعر نەیەوێت نزیکی خۆی لەگوفتاری کۆمەڵایەتی بپارێزێت، لەئەنجامدا بۆ بابەتێکی ناجۆر دەگۆڕێت نەک شیعر)) (مطلق وسیوندی:١٣٩٦: ١١٨). بەو مانایەی، کە شیعر پێویستی جوانکاریەک هەیە، کەجیای بکاتەوە لەئاخاوتنی ئاسایی وهەڵبەستی بێگیان، هەر بۆیە شیعر بەکارهێنانی زمانی باوە بۆ فۆرمی جیاواز، واتە شیعر زمانێکی جیای نییە، وەک چۆن پسپۆڕێکی کیمیا و زیندەزانی لەڕێگەی هاوکێشەی زانستی پەتییەوە پێیدەگەن، بەڵام هونەری زمان و خەیاڵ لەشیعردا لەهەموو بەرهەمەکانی کۆمەڵ زیاتر کراوەن بەڕووی داهێناندا، ئەم ئازادیە تاڕادەی جوانی و داهێنان ڕێگەی پێدراوە، چونکە (( سەربەستی لە شیعردا مانای بێ سیستەمی نییە، بەڵکو بەئازادی مامەڵەکردنە ( یان وازهێنانە) لەگەڵ ئەو یاسایانەی، کە ڕێگای داهێنانی شیعری تەسک دەکەنەوە)) ( حسین:٢٠٠٨: ١٠٠)

لەبارەی گۆڕینی واتاوە لەشیعردا ( جان کۆهین) دەڵێت: (( گۆڕینی واتایە لە چەمکەوە بۆ هەڵچوون)). ( کۆین:١٩٨٦: ١٠٥)

واتە لەتێگەیشتنی ڕۆژانەوە بۆ هەڵچوونی سۆز وچێژی ئەدەبی، چونکە خوێنەر کاتێک بەر سۆز وچێژ دەکەوێت، کە لەڕێگەی زمانێکی هونەری تر ( بەکارهێنەرانی هونەری) بەر جوانیەکانی وێنا و خەیاڵ بکەوێت.

ئەوە دەبینین کە (( هونەر هەستەکانمان بۆ کەرەسەکان دەگوێزێتەوە وەک ئەوەی بەشێوەی، کە هەستی پێدەکەین، نەک بەو شێوەی کە لەپێشدا ناسیومانە )). (ویس:٢٠٠٥: ١٠٦)

شیعر وەکو گۆڕەر(محاویلە) گوێزەرەوەو ئاوێتەکەری چێژو هەستەکانمانە، چونکە بەهۆی خەیاڵی هونەرییەوە، دەکرێت وەسفی کۆنە کەلاوەیەک زیاتر لە کۆشکێک سەرنجمان ڕاکێشێت، ئەویش بەهۆی خەیاڵ و زمانی شیعری، کە خوێنەر لە وەرگرتنی سواوی ڕۆژانە دوور دەخاتەوەو دەیباتە دنیایەکی نوێ، کە جیاوازیەکان دەبنە هێمای جوانی.

پەیوەندی ڕاستەخۆ هەیە لەنێوان لادانی واتای و لادانی پێکهاتەیی؛ لەم بارەوە ( جان کۆین) ڕای وایە (( لادانی پێکهاتەیی پێک نایەت، مەگەر (هەڵچوونی) بۆ وروژاندنی لادانی واتای نەبێت)) ( کۆین:١٩٨٦: ٢٠٥)

شیعر گەیاندنی وێنایە بەڕێگەیەکی جیا لەزمانی باو وڕاستەوخۆ، ئەویش لەڕێگەی خوازە و خواستن و لێکچواندنەکانەوە، گەڕان بۆ واتای شیعری، تەنها لە بەرهەمە لاوازەکاندا یەک ڕوو یەک ڕۆنانی هەیە، چونکە دەقی زیندوو لەهەر سەردەمێکدا بنوسرێت، تێپەڕاندنی باو بە مەرجی داهێنەرانەی خۆی دەزانێت، چونکە لێرەدا هێما و واتاکان دەگۆڕێن و مەدلول (ئاماژە بۆکراو)ی نوێ دەردەکەوێت.

هەربۆیە لادانی واتایی (( لێکۆڵینەوەی واتایە لەدەرەوەی بواری ڕاستەقینەی زانستی زمان)) ( إسماعیل:٢٠١٠: ٢٥) و لەشیعردا تێگەیشتن لە یاسا سیمانتیکی و فەرهەنگیەکان دەخرێتە لاوەو داڕشتن و ئاماژەی نوێی دنیا و وێنای جیاوازمان بۆ نمایش دەکات. واتە (( لادانی واتای هەڵدەستێ بە گۆڕینی واتای ڕاستەقینە و ڕووکەش و قووڵ بە واتای خوازەیی )). (عبدالعزیز:٢٠١٨: ٧٦) لادانەکانی واتایی ( هەڵسپاردن، دەستنیشانکردن، گەیاندن ) هەر جۆرێک لەو جۆرانەی سەرەوە، ( بەزاندنی سنوری بنەمایەکی زمانییە)بەڵام تاکو بە لادانێکی شیعری دابنرێت، پێویستە یاسایەکی هەبێت تا جیای بکاتەوە لە لادانی نامەعقول (ناماقووڵ) ئەمە بە لادانی شیعری لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و ئەو جیاوازیانە نەهێڵێت، بەڵام لادانی نامەعقول لێکدانەوەی لۆژیکی بۆ ناکرێت و ناتوانرێت جیاوازیەکان لاببرێت، بەڵام هەردوو جۆرەکە لەڕووی نێگەتیڤەوە لە یەک دەچن، بەڵام لەڕووی توانای نەهێشتنی ئەو نێگەتیڤەوە جیاوازن، بۆیە (جان کۆهن) ڕای وایە (( شێواز هەڵەیەکە، بەڵام هەموو هەڵەیەک شێواز نیە) ( کۆین:١٩٨: ١٩٣) هەروەها " چارل برتیو" دەڵێت ( هەڵەیەکی مەبەستدارە ))(کۆین:١٩٨٦: ١٥).

بۆ نمونە: ( ئەو ژنە هەورێکە )، لێرەدا چەند جیاوازیەک لەنێوان ( دەرخراو دەرخەر )دا دەبینین، کە بۆتە هۆی لادانی واتایی لەزماندا ( ژن ) خوازراو. دراوەتە ( هەور )، لێکچوونێک لەنێوان ( هەور ) و ( ژن)دا دەبینرێت، لەبەرئەوە ( ژن ) خواستراوە بۆ هەور، واتە کەم جیاوازی و لادانەمان گەڕاندۆتەوە بۆ بنەمای ( لێکچوون و خواستن ) بەم شێوەیە لادانەکە دەکەوێتە سنوری مەنتقیەوەو سیفەتی لادانی شیعریی وەردەگرێ، بۆ ئەوەی جیاوازییەکە لاواز نەبێت، پێویستە لادانەکە لەناو کایەی شیعرەکەدا لێکبدرێتەوە، واتە سفەتی مرۆڤ بەخشراوە بە ( هەور ) ئەمە لادانی مەنتیق تێدایە، لێرەدا واتای گشتی شیعرەکە ئەوەیە، ئەو کایە گشتیە بخەینەڕوو، کە نالۆژیکیەکان لێکدانەوە لۆژیکیان بۆ بکرێت.

لادان پەیوەندی بە لۆژیک و کۆمەڵەوە بەجۆرێک هەیە، کە شیعر لە هەر سەردەمێکدا بێت بەرهەمی بیرو دنیا بینی وکەرەسەی زمانی ئەوکاتەیە، بەڵام بە چنینێکی نوێتر و جیاوازتر. لەبارەی کارکردن لەناو بەرهەم هێنانی واتاو گۆڕینی ئەرکە فەرهەنگیەکانیدا، لادان نابێتە تایبەتمەندی هونەری، ئەگەر پێچەوانەی نا لۆژیکی واتای وزمانی نەبێت، واتە هەموو کەڵەکەکردن وبارگراکردنێکی دەق نابێتە شیعر، چونکە شیعر بۆخۆی خاوەن جوانی و چاوەڕوانی سوزداری لای وەرگر دروستدەکات و پێویستی بە ڕەچاوکردنی ئەو چاوەڕوانیەی وەرگر هەیە.

((کێڵگەی واتایی لەزمانی هونەردا فراوان و بارگاوییە بەواتای لایەنەکانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی)) ( بولحواش:٢٠١٢: ٦٣) لەبارەی کاریگەری نوسەر و ڕۆڵی لەبەرهەم هێنانی چنینی شیعر و وشەدا ( إبن رشيق) دەڵێت: وشە لەشەو، گیانەکەی واتایەو پەیوەندییان وەکو پەیوەندی لەشە بەگیانەوە، لاوازی وشە لاوازی واتای بەدوادا دێت، بەهێزی وشە بەهێزی واتای بەدووادا دێت). ( رزیق:٢٠١٧: ٥٠)

جوانی و شیعرییەت ئەنجامی چنینی هونەرییانەی دارشتن و دۆزینەوەی واتای نوێیە لەناو کایەی ڕیزبوونەکان، ئیدی پراگماتیک بێت، یاخود سیمانتیک، ناتوانن سنورێک بۆ پەیوەندییە نوێکانی دانەکان دابنێن، چونکە دەبێتە بەشێک لە وێناو بیری جوانکاریانەی شاعیر و لەم بارەیەوە (د.عبدالسلام المسدی) دەڵێت: (( زمان بۆ ئەدەب مادەیەکی خاوە، ڕۆڵی وەکو ڕۆڵی بەردە بۆ پەیکەرتاش، ڕەنگ بۆ وێنەکێش و دەنگە بۆ ئاوازدانەر)) ( المسدی:١٩٨٢: ٤٦)

ئەرکی زمانی شیعریی ئەوەیە مەودا (بۆشای) دروست بکات، واتە مەودای چاوەڕوانی نێوان زمان و داهێنانی تاکەکەسی، نێوان زمان و ئاخاوتن و دووبارە دارشتنەوەی زمانە لەسیاقێکی نوێدا). (صالح:٢٠١٦: ٤٩)

شیعر چەندە جوان و نەمربێت، ناتوانێت پەتی پەیوەندی نێوان زمانی باو و داهێنانی هونەریانەی زمانی شیعری ببڕێت و وەرگر نەتوانێت لەمانای دەق بگات، ئەوەش ڕاستە، کە شیعر خاوەن ئاواز و پێکهاتەی جیاو پەیوەندی نوێی نێوان دانە فەرهەنگیەکانە. ئەنجامی ژینگەی زمانی و خەیاڵی شاعیر لەسەر بەرهەمەکەی بە ئاسانی هەست پێدەکرێت. هەرچەندە دالی (ئاماژە) شاعیر مەرج نییە بەتەواوی مەدلولی (ئاماژەپێکراو)ی کۆی خەڵک بێت.

(( شیعر خەیاڵی زمانە و پێداویستیەکانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتوە)) ( کلثوم:٢٠١٧: ٣٥)

لەبارەی پەیوەندی نێوان واقعیەتی گێڕانەوەی شیعری و پەیوەندیە هونەریەکانی زمانی شیعرییەوە (جان کۆین) دەڵێت: (( قەسیدە شیعری دەربڕینی ئاسایی نییە لەبارەی جیهانی نا ئاساییەوە بەڵکو دەربڕینی نا ئاساییە، لەبارەی جیهانی ئاساییەوە)) ( کۆین:١٩٨٦: ١١٣)

شیعرێک بۆ ئەوەی نەمر و بەچێژبێت، پێویستی بەچەند ڕەگەزێک هەیە، لەوانە ( ئاواز، کێش ، وێنا و لادان...) لادانیش بۆ ئەوەی کاریگەر بێت، پێویستە جوانییەک، یان تێپەڕاندنێکی باو، یان وێنایەکی هونەری بەچێژ و سۆز دروست بکات، (د.محمد معروف فتاح) لادانی واتای پەیوەست دەکات بە پەیوەندیەکانی ناوەوەی دەق و گۆڕینی مەبەستەوە ، ئەمە هەندێکجار نەک واتای سەردەم دەگۆڕن، بەڵکو دەبنە بارو ئەرک بۆ گوێگریش. (فتاح:٢٠١٠: ٤١٨) واتە ئەم خۆ لادانە پێویستی بە ماندوبوون و زانینی ئاستێک لەڕۆشنبیریی شیعر هەیە، چونکە بەبێ ئەو ئاگاییەی وەرگر، پەیوەندی نێوان دەق و خوێنەر دەبچڕێت و هەست بە لادان و شیعرییەت ناکرێت.

دیارە بۆ هەموو ئەمانە چوونە ناوەوەی شاعیرە بۆ سیستەمێکی پەیوەندی نوێی واتایی و زمانی، بەجۆرێک وشە و ئەرکە زمانیەکانیان شێوازی کۆمەڵایەتی گشتی باو تێپەڕێنین، هەندێکجار وێنای دڵگیر و پڕ چێژ لەگوێزانەوەی جوانیەکانی سروشت یان ساتێکی مرۆیی دروستدەبێت، ئەویش وەکو زۆر لە شیعرەکانی (گۆران) کە باس لەسروشت دەکەن، یاخود پەیوەندیەکانی شۆڕشگێڕ و خاک لای (شێرکۆ) و دواجار پەشیمان بوونەوەی لە دوا دیوانیدا بەناوی ( ئێستا کچێک نیشتمانمە)دا.

ئەوەی لای ئێمە مەبەست و گرنگە، لادانەکانە لەبەرهەمەکانی قوبادی جەلیزادەدا. شاعیر باس لەو دۆخە دەرونی و پاڵنەرە شیعرییەی خۆی دەکات، کە سەرچاوەی وێنا و خەیاڵی داهێنەرانەیەتی و دەڵێت: (( کاتێک خەریکی نوسینی قەسیدەیەک ئەبم، ئەوا خۆم لەباخێکدا دەبینمەوە، کە گەمەیەکی منداڵانە لەگەڵ گوڵ و پەپولەدا دەکەم)) ( مەولود:٢٠١١: ٧٢) ئەم دنیا بینینەی قوباد دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە دنیای شیعری ئەو هەمان دنیای ڕۆژانەی ئاسایی و پەیوەندی زمانیە ئاساییەکانی نییە، بەڵکو دروستکردنەوەی دنیایەکی خوازەییە لە دنیای واقیعی شاعیر بۆیە شیعری قوباد پڕە لە لادانی هزری و وێنایی و واتایی و پێکهاتەی و لادانی ناونیشان، کە هەندێکجار ئەم جۆرە لادانانە لەگەڵ جوانی خۆیدا بێکێشە و سەرئێشە نەبووەو توشی هێرشی ئەوانەی کردۆتەوە، کە چێژ وبیری ڕەخنەی قووڵی ئەدەبیان لاوازە.

لێرەوە دەردەکەوێت، کە زمان و بیری قوباد لەکەس ناچێت، بەڵام ئەوە بارێکی نەگۆڕە، کە هەموو نوسەران و شاعیران، لەگەڵ بیرو خەیاڵی داهێنەرانەی خۆیاندا، ڕەنگە هەندێک جار ئەدەبی بێگانە یاخود نەتەوەیی لەبارێکی تایبەتدا ببنە سەرچاوەی چەند دەقێکیان و تەنانەت هەندێکجار لەبەرهەمەکانیاندا ناوی ئەو کەسەش دەبەن، کە پێی سەرسامن وەکو ئەوەی، کە لای شاعیر دەبینن وەسفی جوانی خەیاڵ و زمانی ( لەتیف هەڵمەت ) دەکات. لەگەڵ ئەمانەدا، لادانی واتایی لای شاعیر بەکۆمەڵێک ڕەگەزی جۆراوجۆر خۆی نمایش دەکات و زمانی ( شاعیر) و شیعرەکەی جیادەکاتەوە لەهاوتەمەنەکانی، چونکە ڕیتمی شیعر و شێوازی هایکۆ و نەبوونی شەرمی باو لای (شاعیر) هاوکار

بووە، بۆ ئازادیەکی زۆر و بەئاسودە کارکردنی لەناو زمانی شیعری خۆیدا، بۆ ئەوەی دایببڕێت لە زمانی باو و ئەوانی تریش کەخاوەنی شیعرن.

لادانی واتایی گۆتاری کاڵ وکرچ و هەڵبەستی بێپێز، لەدەقی زیندوو هونەری جیادەکاتەوە، چونکە ئێمە ڕۆژانە بەر چەندەها بەرهەمی ڕەنگاو ڕەنگ و جیاواز دەکەوین، ئەوەی جوانیەکی بەبەهاو نەمر بە دەق دەبەخشێت، ئاسۆی چاوەڕوانی وەرگرە، بەهۆی خەیاڵ و زمانی هونەرییەوە.

واتە شیعری جوان و نەمر، ئەو شیعرەیە خوێنەر لەگەڵ خوێندنەوەیدا پەلکێشی جوانیەکانی خۆی دەکات و وەها دەکات وەرگر لەگەڕان و سەرنجداندا بێت بۆ ئەو لادان و وێنا نایابانەی، کە بەئاسانی لای هەمووان دەست ناکەوێت، چونکە شیعر ئەو کایە و پیشە نییە هەمووان تیایدا بەناوبانگبن.

لای شاعیر شیعر شێوازی ژیانە، واتە شیعری شاعیر باسی دنیایەکە، کە پڕ لەجوانی و سنورە حەرامەکانی کۆمەڵ تێدەپەڕێنێت (( شاعیر و نوسەرە ڕاستەقینەکان بەشێوەیەکی خۆڕسک ژیانیان شاعیرانە دەبێت)) ( سدیق:٢٠١٩: ٢٣٩)

بۆ ئەمە پەیوەندییە سۆزدارییە داپۆشراوەکان، لای شاعیر ڕووت دەکرێنەوە، هەروەک چۆن زمان و جەستەی ژن لەناو خەیاڵی شاعیرانەی شاعیردا بێ بەرگن.

جۆرەکانی لادانی واتایی لای شاعیر بەگوێرەی ئەم دابەشکاریە دەخەینەڕوو:




دیارە، کە ئامرازی هەریەکە لەم هونەرانە لێکچواندن و خواستن و پارادۆکس وتەکنیکە شیعرییەکانە، وەکو دروستکردنی وێنا بەشێوەی شیعر. تەکنیکەکانی تری هاوتەریبی بنیاتی جیاوازی دەقی شیعری و لادانی ناونیشانیش لەگەڵ هێماکاندا پێکەوە دەبنە ئامرازی تەواوکردنی لادانی واتای لەشیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا.

## ٣-١ تەوەری یەکەم: لادان لەڕووی (چۆنێتی)یەوە

### ٣-١-١ باسی یەکەم: لێکچواندن

لێکچواندن هونەرێکی ڕەوانبێژییە، لەزمانی عەرەبیدا ( التشبیة) و لەزمانی ئینگلیزیدا (Smile) پێ دەوترێت.

زمان و وێنای شیعری بۆ ئەوەی جوانی و جیاوازیمان بۆ بگوێزنەوە، پێویستیان بەدنیایەکی باڵاتر و نەخشاوتر هەیە لەوەی، کە ڕۆژانە بەر چاومان دەکەون، بۆ ئەمە ئاوێتەکردنی سیفەتە مادی و مەعنەویەکان ( هەستی و ژیری) لەڕێگەی خواستن و لێکچواندن و هەندێک هونەری ترەوە دەنووسرێت. شاعیر بەخەیاڵێکی داهێنەرانە وێناو ئەندێشەی خۆی لەشیعرەکاندا دەچێنێت و پرۆسەی سیفەت گۆڕین و گوێزانەوە دروستدەکات.

ساغکردنەوەی سیفەتی کزو نادیاری لێچوو بەسیفەتی زەق و ئاشکرای لەوچوو ئەنجامی پرۆسەی لێکچواندنە. ( حەسەن:٢٠٠٤: ١٤٤)

شیعر وەکو پرۆسەیەکی هونەری خاوەن شێواز و دنیای تایبەتی خۆیەتی، ئەم دنیایە پێویستی بەجیاوازی نەخشاندنیەتی و ڕاکێشانی سەرنجی وەرگرە. لێکچواندن چۆن پرۆسەی گۆڕینەوەی سیفەتە، بەبێ مەبەستی هونەر دروست نابێت. لەبارەی مەبەستی لێکچواندن دکتۆر ( موحسن ئەحمد) دەڵێت: (( مەبەست لە لێکچواندن بۆ زیادەڕۆییە زیادەڕۆیش یان ستایش(مدح) یان داشکاندن (ذم) یان بۆ ڕوونتری و ئاشکراتری دەبێ)) (مصطفی:٢٠١٣: ١٢١)

لەشیعری کلاسیکدا لێکچواندن هەبووە، واتە ئەم هونەرە لەگەڵ دەرکەوتنی شیعردا ئەویش هەیە، لەئەدەب و شیعری نوێدا بەهەمان ئامرازە کۆنەکان، بەڵام گۆڕینی لێچوو لەوچوو تا ڕادەیەکی ئاڵۆز بەشداری پێکردنی دوو کەرەسەو بابەتی دوور لەیەک ئەم هونەرە لای شاعیران دەردەکەوێت، دیارە ئەوەش، وەکو ( گۆڕانە نەگۆڕە)کەی ژیان ( التغیر الحتمیة) و دنیای ئاڵۆزی نوێ کاریگەریان هەیە لەو دوو جیاوازیە لەیەک هونەری لێکچواندندا، لەبارەی دوورو نزیکی لێچوو لەوچووشەوە، پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

١- لەهونەری لێکچواندندا پێویستە هەردوولا زۆر لەیەکەوە نزیک نەبن، یان وەکو یەک نەبن لەو سیفەتەی، کە بەراوردی پێدەکرێت.

٢- پێویستە ڕادەی جیاوازی و دووری سیفەتەکان وەها نەبن، کە وەرگر بخاتە دۆخی بێزارییەوەو جوانی نەبەخشێت. بۆ نمونە، ناکرێت بۆ ئازایەتی مرۆڤ ڕێوی و چەقەڵ... بەکاربێت.

٣- له هونەری لێکچواندندا ناکرێت سیفەتێک بەرامبەر، یان یەکێک لە دوو ڕەگەزە سەرەکیەکە ڕەتبکاتەوەو نەرێی بکات، وەکو بڵێن. یارم وەکو مانگ نییە.

٤- لەلێکچواندندا ناکرێت ناوێک بە دوو کاتی جیاوازی خۆی بەراورد بکرێت، واتە گەنجی و پیری کەسێک بەراورد بکرێت، واتە دەبێ لێچوو لەوچوو بەشی یەک ناو نەبن لە دوو کاتی جیاوازدا، چونکە بێزاری دروستدەکات چونکە ( لێکچواندن کۆکردنەوەی نێوان واتا یان دوو لایەنی جیایە). (یسری:٢٠٢٠: ٤٢)

لەم هونەرەدا جوانی و بەرزی لە لەوچوودا زیاتر سەرنجڕاکێشترە، مەگەر لە لێکچواندنی ئاوەژودا جوانی و بەرزیەکە پێچەوانە بێتەوە. لێکچواندن خوێنەر دەگوێزێتەوە لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر، ئەمە پەیوەستە بە خەیاڵی داهێنەرانە و کاریگەری لەسەر سەرنج ڕاکێشان و جوڵاندنی سۆز هەیە.

لای شاعیر هونەری لێکچواندن تاڕادەیەکی زۆر بەکارهاتووە، زۆر بە کەمی گەڕاوەتەوە بۆ وێنای خوازراو و ئامادەی پێش خۆی، هەر ئەمە وەها دەکات، لەبارەی پەیوەندیەکانی هەستی و ژیری ئێمە هەست بەوە بکەین، شاعیر بۆ ئەم هونەرە زۆر سودی لەبابەتە هەستیەکان وەرگرتووەو کەمتر بەلای لێکچواندنە ژیرییەکاندا چووە.

گرنگترین جۆرەکانی لێکچواندن لەڕووی ڕەگەزەوە بەمشێوازە دەخەینەڕوو.

**أ/ بەتەنکردن**

لەهونەری لێکچواندندا، کە پێکدێت لە ( لێچوو، لەوچوو، ڕووی لێکچواندن و ئامراز) کەرەسە بنەڕەتیەکانی لێچوو لەوچوون و بەبێ ئەمان لێکچواندن دروست نابێت. شاعیر لەکاتی ئەنجامدانی گۆڕینەوەو هاوبەشکردنی سیفەتی ئەم دوو لایە ( لێچوو، لەوچوو) دەتوانێت بۆ وێنایەکی جوان سود لەمرۆڤ و کەرەسەو ڕووەک و لایەن و ناوە مەعنەویەکان و پرۆسەی کار وەربگرێت، بۆ ئەوەی لێکچواندنیان لە نێواندا بکات. لەبەتەنکردندا شاعیر هەر یەکە لەوانەی سەرەوە دەکاتە لێچوو، لێکچواندنی لەگەڵ تەنێکدا پێدەکات.

ئێمەش گرنگترین ئەو لێچووانە دەخەینەڕوو.

١/ بەتەنکردنی مرۆڤ

شاعیر لەلێکچواندندا (مرۆڤ) بەتەن دەچوێنێت و دەڵێت:-

ئەو ژنە،
لەوەتەی مێردەکەی سەفەری کردووە
بەڕووتی دەخەوێت
هەورێکە
پڕە لەبارینی لەزەت ( ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٧٤)

دەبینین ژن لایەکی لێکچواندنەکەیەو لاکەی تری ( هەور) ە، واتە مرۆڤ بەتەنکراوەو کراوە بە لێچووی هونەرەکە.

## ٢/ کرداری بەتەن( بەتەنکردنی کار)

لەم جۆرەی بەتەنکردندا، شاعیر کردارێک وەکو تەنێک دەکاتە لایەکی لێکچواندن و دەڵێت:

گوێم لەشۆڕە شۆڕی میزی کەرەکەیە
دەڵێی سۆندەی کوژانەوەی ئاگرە.
تەرسەقول لەدوواوە دەڕێژێتە خوار ( ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٢٤٢)

لایەکی لێکچواندنەکە ( لێچوو) بەتەنکراوە بەهۆی ئەوە ( بەسۆندەی ئاگر کوژێنەوە) چوێنراوە. لێکچواندنەکە ( کردار)ە لەکات و جێناوی وەردەگرێت و لاکەی تری جوانیەکی تەواوکراو بە وێنای کۆمیدییە.

## ٣/ بەتەنکردنی خودا

خودا بوویەکی ژیرییەو ئێمە لەڕێگەی هەستەوە ناتوانین بەریەککەوتنمان لەگەڵی هەبێت، بەڵام شاعیر دەیچوێنێت بە تەنێکی بێگیان و دەڵێت:

بەمنداڵی..
خوداو ژنیان لا ناشیرین کردین.
خودا شمشێر و
ژن عەورەت! ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٥)

لەم شیعرەدا خودا ( لێچوو) شمشێر ( لەوچوو)ی لێکچواندنەکەیە، کە شاعیر لەم هۆنراوەدا ( خودا) بەسەرچاوەی جوانی دەزانێت، ئەویش بەهۆی ( بەمندالّی، لا ناشیرینکردین) کاتێک دەلّێت ( لامانیان ناشرین کردووە) واتە لەپێشدا و لەبوونی ڕاستی خۆیدا بوویەکی جوانە و سەرچاوەی جوانییە، بەلّام بەهۆکاری کۆمەلّایەتی جیاواز دیدگاکان بۆ خودا دەگۆڕێن.

واتە خودا جوانە و سەرچاوەی خۆشەویستیە، بەلّام کارو گفتاری ئەوانی دی ئەم دیدگا ناجۆرەیان دروستکردووە.

## ٤/ بەتەنکردنی کات

لەم جۆرەدا شاعیر بەهۆی ناوهێنانی کاتەوە، لایەکی لێکچواندنەکە دروستدەکات، دەیچوێنێت بە تەنێک، وەکو لەم هۆنراوەدا دەیبینین، (شاعیر) دەلّێت:

شەو، کراسێکی ڕەشی بەرخۆرەتاوە
وردە وردە سپی دەبێتەوە ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٥٥)

(شەو) ناوی کاتە، واتە ناتوانرێت ( بەتەن) دابنرێت، بەلّام شاعیر دەیکاتە لێچووی هونەری لێکچواندنەکە و لاکەی تری دەکاتە تەن ( کراس)

واتە شەو ⟵ لێچوو کراسێکی ڕەشی بەرخۆرەتاو⟵ لەوچووە

## ب/ بەکەس کردن ( بەمرۆڤ کردن)

لەم جۆرەی لێکچواندنە شاعیر هەر شتێک ، کە مرۆڤ نەبێت وەکو( درەخت ، گولّ، کانی ، ئاژەلّ، ناوی واتایی...) بە مرۆڤ دەیچوێنێت، واتە کەسەکە، کە بەشداری لێکچواندنەکە دەکات، دەبێتە لەوچوو. ئەمە هەروەکو بەتەنکردنەکە بەچەندین شێواز دەکرێت گرنگترینیان دەخەینەڕوو.

## ١-بەکەس کردنی ئاژەلّ

لێرەدا شاعیر ئاژەلّێک بە مرۆڤ دەچوێنێت و دەلّێت:

پشیلەکانی نیشتمان، گشت وەخت.
وەک پیاوەکانی نیشتمان،
کلۆڵ و بەدبەختن ( ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٢٣٧)

پیاوەکانی نیشتمان لایەکی لێکچواندنەکە و پشیلەکان لاکەی تری لێکچواندنەکەیان دروستکردووە.دەکرێت ڕەگەزەکانی لێکچواندنەکە بەمشێوازە دەربخەین.

پشیلەکانی نیشتمان ——— ← لێچوو
وەک ——————— ← ئامرازی لێکچواندن
پیاوەکانی نیشتمان ——— ← لەوچوو
کلۆڵ و بەدبەدخت ——— ← ڕووی لێکچواندن

ئەم جۆرەی لێکچواندن بە ئاسانی ڕەگەزەکانی خۆی بەدەستەوە دەدەن چونکە لە جۆر لێکچواندنی درێژەو هەموو ڕەگەزەکان تیایدا دەرکەوتوون.

## ٢-بەکەس کردنی(بەمرۆڤکردن) درەخت و گوڵ

لەم جۆرە لێکچواندنەدا گوڵ دەکرێتە لێچوو، مرۆڤیش دەکرێتە لەوچوو وەکو لەم هۆنراوەدا دیارە.

گوڵ، لەچکی کردووە
لەکچێکی شەرمنی سەقزی دەچێت( ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٢٤٨)

گوڵ بوونێکی پەتی ڕووەکیە، واتە خاوەن کراس وجوانکاری نییە، چونکە جوانی گوڵ جوانیەکی ناوخۆی فیسۆلۆژییە. لەچکیش بەشێکە لە کراس و لەم شیعرەدا سەرچاوەی جوانییە، وەکو دەبینین ئەم جۆرە لێکچواندنە پێی دەوترێت لێکچواندنی ئاوەژوو واتە ئەرک و شوێنی دوو ڕەگەزە بنەڕەتیەکە ( لێچوو، لەوچوو ) دەگۆڕێن و دیاردەکانی و شتەکانی دەرەوەی مرۆڤ بە مرۆڤ دەچوێنرێت.

### ٣-بەکەس کردنی (بەمرۆڤکردن)کات

لێرەدا شاعیر ناوی کات ئێوارە وەکو لایەکی لێکچواندن لەگەڵ مرۆڤدا (کچێکی شەرمن) بەکاردەهێنێت، واتە بەشداریان دەکات، لە سیفەتێک یان کۆمەڵێک سیفەت ودەڵێت:

کچێکی شەرمنی ئەفغانییە،
( ئێوارە )
لەچکێکی ڕەش و سپی پۆشیوە( ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٥٩٥)

وەکو دیارە ڕەگەزەکانی لێکچواندن بەمشێوازە دابەشبوون

کچێکی شەرمنی ئەفغانی ⟵ لەوچوو
ئێوارە ⟵ لێچوو
پۆشینی سەرپۆش و/ شاراوەی ⟵ ڕووی لێکچواندن

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم لێکچواندنەدا شوێنی ڕەگەزەکان گۆڕان و لە ئەنجامی لادانی پێکهاتەییەوە، بەڵام نەبووە، بە لادانی ئاوەژوو.

### ٤-بەکەس کردنی (بەمرۆڤکردن) تەن

لەم جۆرەدا شاعیر تەنێکی نا زیندوو، دەکاتە لێچووی لێکچواندن و لایەکەی تری کە ( لەوچووە) دەکرێتە مرۆڤ. کەواتە هاوبەش دەبن لە چەند سیفەتێکدا. وەکو لەم هۆنراوەیەدا دەردەکەوێت.

لەسەکۆی سەرەوە دانیشتبووم.
سەرنج دەدەمە بارەکە.
دەیان شوشەی لوسی
ویسکی و
شەراب و
تەکیلا.
دەڵێی پۆلێک ژنی ئۆکرانین
بەڕووتی نمایش دەکەن ( کۆلانە شینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٦٠٣)

دەبینین هەریەکە، لە ( شوشەی شەراب و ویسکی و تەکیلا) تەنی بێگیانن، بەڵام لەگەڵ ژنی ئۆکرانی هەردوو لای لێکچواندنەکەیان دروستکردووە. هەریەکە لە ( شوشەی ویسکی، شوشەی شەراب، تەکیلا ) لێچوون و ( پۆلێک ژنی ئۆکرانی ) لەوچووی لێکچواندنەکەیان دروستکردووە.

## ٥-بەکەس کردنی ناوی شوێن

لێرەدا شاعیر ناوی شار و ڕووبار دەکاتە لایەکی لێکچواندن و هاوبەشی دەکات لە سیفەتدا لەگەڵ لایەکەی تردا، کە مرۆڤە، واتە ناوی شوێن دەبێتە لێچوو مرۆڤیش دەبێتە لەوچوو، وەک لەم هۆنراوەدا دەردەکەوێت.

ڕووبار.
گەنجێکی کەڵەگەتی نێوقەد باریکە،
بە چەپکێ گوڵەوە پەل پەل، ڕێ دەکات،
دەڵێن لەوسەری دنیا،
ژنێکی چاوشینی خڕووخۆڵ
چاوەڕێ ! ( باخچەکانی مەلەک تاوس: ٢٠١٢: ٣٩)

( ڕووبار ) کە شوێن و بوونێکی جوگرافییە، شاعیر چواندوویەتی بە گەنجێک، واتە ڕووبار لەسیفەتی ناوقەد باریکی و کەڵەگەتی مرۆڤدا لە جوانیدا، بەمەش دەوترێت بەکەسکردنی ناوی شوێن. ئەم لێکچواندنە بۆ ناوی شاریش شاعیر بەکاریهێناوەو وەکو دەردەکەوێت

قاهیرە
پیرەمێردێکی ڕەشتاڵەی تریاک فرۆش
بە ڕۆژ لەسەر بەرماڵ.
بەشەو
ماڵێکە پڕ لە لەشفرۆش( باخچەکانی مەلەک تاوس: ٢٠١٢: ١٧٦)

لەم لێکچواندنەدا ڕەگەزەکانی لێکچواندن بەمجۆرە دابەشکراوە

قاهیره ←———— لێچوو

پیرەمێردێکی ڕەشتاڵە ←———— لەوچوو

بەڕۆژ لەسەر بەرماڵ و بەشەو... ←—— ڕووی لێکچواندن

ئامراز نەهاتوە.

**ج/ بەگیاندارکردن (زیندەوەر)**

مەبەست لە زیندەوەر هەموو گیانلەبەرێک دەگرێتەوە ( ئاژەڵێک) واتە هەر لە پەلەوەر و باڵندە و گیاندارە ئاویەکان و دڕەندەو ئاژەڵەماڵیەکان.

لەم جۆرەی لێکچواندندا، شاعیر یەکێک لەوانەی سەرەوە لە لێکچواندنەکەدا وەکو لەوچوو دێنێت، واتە لاکەی تری لێکچواندن پێویستە گیاندار (ئاژەڵ) نەبێت.

## ١-بەگیاندارکردنی مرۆڤ

لەم شێوازەدا شاعیر هەر مرۆڤێک بێت وەکو گیاندارێکی دەچووێنێت و هاوبەشیان دەکات لە سیفەتێک یان کارێکدا. وەکو لەم هۆنراوەدا دیارە.

من، وەکو مریشکی خۆماڵی وام، هەرکە
ئێوارە داهات
حەزدەکەم لەناو کولێتە قوڕینەکەم
هەڵکورمێم و
بیر لەوە بکەمەوە، بەڵکو بەیانی
هێلکەیەکی دوو زەردێنە بکەم و ڕووی
خۆم لای خاوەنەکەم سپی بکەمەوە (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ١٩٩)

مریشک ←———— لەوچوو

من ←———— لێچوو

وەک ←———— ئامراز

حەزکردن لەناو کولێت و

بیرکردنەوە لەهێلکە (بەرهەم) ⟵ ڕووی لێکچواندن

واتە ئەم هونەرەی لێکچواندن بە تەواوی پێچەوانەی بەکەس کردنی گیاندارانە، هەروەک چۆن دەکرێت ئاسکێک بە کیژۆڵەیەک بکرێت، هەر بەو شێوازەش دەکرێت مرۆڤێک بەگیاندار بکرێت.

## ٢-بەگیاندارکردنی کردار

لەم جۆرەی لێکچواندندا، شاعیر پرۆسەیەک یان کردارێک بە گیاندارێک دەچوێنێت، وەک لەم هۆنراوەدا دەردەکەوێت.

بیرکردنەوە لەتۆ، کرمی ئاوریشمە،

بە لقەکانی لەزەتدا، هەڵدەگەڕێت (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٢٦٠)

ڕەگەزەکانی لێکچواندن بەمشێوازە دەرکەوتووە.

بیرکردنەوە لەتۆ ⟵ لێچوو

کرمی ئاوریشمی ⟵ لەوچوو

هەڵگەڕانە بە لقەکانی لەزەتدا ⟵ ڕووی لێکچواندن

ئامراز ⟵ دەرنەکەوتووە

ئەوە دەرکەوتووە کە کاری بیرکردنەوە لەیار چووێنراوە بە ئاوریشم. کە وێنەیەکی خەیاڵی هونەر بەرزە.

## ٣-بەگیاندارکردنی ناوی واتایی

ئەوە ئاشکرایە، کە ناوی واتایی ناوێکی ژیرییە و مرۆڤ ناتوانێت لەڕێگەی هەستەکانەوە بەرکەوتنی لە گەڵدا هەبێت، بەڵام شاعیر لەهۆنراوەدا هاوبەشی دەکات لەکار یان سیفەتێکی گیاندارێک و پرۆسەی لێکچواندن دروستدەکەن. وەک لەم هۆنراوەی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

کیسەڵی شەڕ
ئاشتیی،
کیسەڵێکی نەساغە
لەتیشک خێراترە؛
شەڕ (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٣٤٣)

ئاشتی ناوێکی واتاییە کراوە بە لێچوو لایەکەی تری لێکچواندن لەوچوو کیسەڵێکی نەساغە. دەبینین هاوسیفەتی لە ناساغیدا کیسەڵ و ئاشتی یە. لەم لێکچواندنەدا دژیەکیش دەبینرێت لەنێوان هەریەکە لە ( شەڕوو ئاشتی، کیسەڵ و تیشک ) کە ئاماژەی جیاوازی خۆشبەختی و بەدبەختیە کە چۆن جیاوازن لە ژیانی مرۆڤایەتیدا.

٤-بەگیاندارکردنی تەن

مەبەست لەم جۆرە بە ئاژەڵکردنی تەنە بێگیانەکانە . قوباد لەمجۆرە لێکچواندنەی زۆری هەیە، وەکو لەم دوو نمونەیەدا دەیانخەینەڕوو:

ستیانێک بە تەنافەوە؛
کۆترێکی باڵشکاوە
بەلکە درەختی پایزەوە. ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٠٦)

( ستیان) ناوی تەنێکی بێگیانە، شاعیر لەلێکچواندنەکەدا کردوویەتیە لێچوو بۆ کۆترێکی باڵشکاو کە لەوچووە.

لەنمونەیەکی تردا بە گیاندارکردنی تفەنگ ( چەک) دەبینین

تفەنگەکەم وەک گامێشێکی شێت،
پەلکێشی کردم بۆ شەڕ
بەلای چەپ و ڕاستیدا، تەقەم کرد
ئاوم کوشت
هەوام کوشت
ئاگرم کوشت ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٤١٢)

ڕەگەزەکانی لێکچواندن بە مشێوازە دابەشبوون.

تفەنگ ← لەوچوو

وەک ← ئامراز

گامێشی شێت ← لێچوو

پەلکێشکردن بۆ شەڕ ← ڕووی لێکچواندن.

تفەنگ تەنێکی بێگیانە، بەڵام شاعیر پرۆسەی لێکچواندن و هاوبەشی سیفەتی لەگەڵ (گامێش کە گیاندار و ئاژەڵە پێکردووە، ئەمە ئاوێتەکردنی دوو سیفەتی زۆر دوورە لەیەکەوە. ئەمە بۆ خۆی جۆرێک لە نەشازی پێوەدیارە، چونکە ئەوە ڕوونە کە تفەنگ و شەڕ دوانەی لێک نزیکن، بەڵام تفەنگ و گامێش ناجۆرییەکی پێوە دیارەو بووە بە مایەی لاوازی وێنا شیعرییەکە.

**د/ بەڕووەککردن**

بۆ دروستکردنی لێکچواندن لەمجۆرەدا، شاعیر پێویستی بەوە هەیە، لایەکی لێکچواندنەکە (لەوچوو) بەڕووەک بکات، بەمەرجێ لایەکەی تری ڕووەک نەبێت، واتە جگە لەڕووەک هەر شتێکی تر دێت، بەڵام بەهۆی لێکچواندنەوە سیفەت گۆڕینەوەو هاوبەشیان لەسیفەتدا پێدەکرێت.

پێدانی سیفەتی ڕووەک بە ئەو ناوانەی، کە لە بنەڕەتدا خاوەنی ئەم خاسیەتە نین، لەم هێڵکاریەدا دەخەینەڕوو.




هاوبەشی پێکردن و لێکچواندنی ڕووەک لە سیفەتی ناڕووەکیدا ( جوانی ڕووت) بە دەق دەبەخشێت، ڕووەک لە لێکچواندنەکانی قوباد دا بەراورد بەجۆرەکانی تر، کەمتر بەشداریی هونەرەکەی پێکراوە. دیارترینەکان دەخەینەڕوو، کە زۆربەیان ئەندامەکانی مرۆڤن، یان خودی مرۆڤن ( ژن ).

## ١-بەڕووەککردنی تەن

لەم جۆرەدا شاعیر تەنێکی بێگیان دەچوێنێت، بە ڕووەک و بەشداری و هاوبەشیان پێدەکات، لە لێکچواندنێکدا وەکو ئەم نمونە شیعرییە، کە (دیوار) ی چواندووە بە میوە.

دیوار وەک هەنارێکی زێدە گەییو، چۆن
لەسەد جێگەوە درز نابات
کەتۆ لەنێو حەمامەکەدا ڕووت
دەبیتەوە
پێم سەیرە چۆن،
بوومەلەرزەیەک ، بەپلەی ١٢بەپێوانەی
ئیرۆس
دنیا سەرەو بن ناکات، ئەی یار (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٢٥٦)

لێکچواندن لەم شیعرەدا بەهۆی چواندنی دیوار، بە هەنارێکی گەییو دروستبووەو ڕەگەزەکان بەمجۆرە دابەش بوون.

دیوار ———————> لێچوو
وەک ———————> ئامراز
هەنار ———————> لەوچوو
ڕووی لێکچواندن———————> درزبردن

ئەوە ئاشکرایە، کە میوە بەروبوومی درەختییە و ئێمەش، ئەم پارچە بۆ بنەڕەتی خۆی کە ڕووەکە دەگێڕینەوەو، لە لێکچواندنەکەشدا ئەو لایەنەمان دەرخستووە.

## ٢-بەڕووەککردنی ژن ( مرۆڤ)

شاعیر لەم جۆرە لێکچواندنەدا خۆشەویستەکەی بەگوڵ دەچوێنێت، ڕەنگە بارێکی کاتیش هەبێ، کە شاعیر وەسفی ئەو دۆخە بکات، کە یارەکەی لە گوڵ بچێت، وەکو لەم نمونەی خوارەوەدا دەیبینین.

پێدەکەنیت...
لەو خونچە گوڵە دەچیت
کەتازە باخەوان،
فێری
پشکوتنی کردبێت. ( کۆڵانە شینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٥٩٧)

شاعیر ڕەگەزی لێچوو ( تۆ) ی بەجێناوی لکاوی هێناوە و لکاندوویەتیە کردارێکەوە، کە ئەوئەنجامی داوە. ڕەگەزەکانی لێکچواندن بەمجۆرەی خوارەوەیە.

تۆ ⟵ لێچوو.
لێی دەچێت ⟵ ئامراز.
خونچە گوڵ ⟵ لەوچوو.
ڕووی لێکچواندن ⟵ پێکەنین و پشکوتن.

ئەوەی زیاتر جوانی بە شیعرەکە دەدات، گۆڕینی هۆکارێکی سروشتیە بۆ هۆکارێکی مرۆیی، ئەویش پشکوتنی گوڵە. لەگەڵ پێکەنینی یاردا، کە وێنایەکی نایابیان پێکهێناوە.

## ٣-بەڕووەککردنی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ

ئەندامە هەستیارەکانی ئافرەت لای شاعیر لە هونەری لێکچواندندا بەشداری پێدەکرێت، وەکو لەم نمونانەدا دەردەکەوێ.

- ( مەمک)

گۆی مەمکت،
گێلاسی داگیرساون.
حەمام لێوڕێژە لە وروژان.
هەڵم خۆی نوساندووە
بە سمتی پەنجەرەوە (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٩٩)

هەر لەم لێکچواندنەدا تەنگۆڕکێش هەیە، ئەویش خۆی لەناوی ( گێلاس) و کرداری ( داگیرساوە) دا دەخاتەڕوو، چونکە داگیرسان کارێکە لەگەڵ ناوی مەمکدا لە ڕووی سیمای واتاییەوە ناگونجێت، بەڵام شاعیر بۆ بریسکانەوەو ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر بەکاری هێناوە. گۆی مەمک و گێلاس هونەری لێکچواندنیان دروستکردووە.

ڕەگەزەکانی لێکچواندن بەمشێوازە دابەشکراوە.

گۆی مەمک ⟵ لێچوو

گێلاسی داگیرساو ⟵ لەوچوو

- ( سمت)

بەدوو لقی ڕانتەوە،

سمتت،

دوو تۆپەڵە گوڵی پەمەیین(باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٠١)

- ( بنباڵ )

وردە کەف و

موە ڕەشەکانی بن باڵت.

گیای پاراوو

شەونمی بەر بەیانن(باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٠٠)

لێچوو لەوچوو بەمشێوازەی خوارەوە دابەشبوون

لێچوو وردە کەف / موی بن باڵ

لەوچوو گیای پاراو / شەونمی بەری بەیان

بەدوای یەکدا هاتنی ئەم دوو ڕەگەزە بە زنجیرەی نییەو پاش و پێشی تێدا دەبینرێت، هەروەک دەبینین

مووی بن باڵ ⟵ گیای پاراو ⟵ لێکچواندنێکەو

وردەکەف ⟵ شەونمی بەری بەیان ⟵ لێکچواندنێکی ترە.

**هـ/ ئەبستراکتکردن/ داماڵین.**

هەندێکجار شاعیر بۆ هاوبەشی سیفەت یان کردارێک، لەنێوان دوو لایەنەکەدا، دەتوانێت لایەکیان دابماڵێت لە سیفەتی بنەڕەتی خۆی و بە بابەتێکی ژیری بکات و سیفەتی خاوەن بارستای لێوەردەگرێتەوە، ئەوکات بەو پرۆسە دەوترێت داماڵین ( ئەبستراککردن) لەمجۆرەی لێکچواندندا ( شاعیر ) تەنها مرۆڤی بەکارهێناوەو سودی لەتەنەکان و ڕووەک وەرنەگرتووە.
بۆیە ئێمەش بەدوو نمونە بابەتەکە ڕوون دەکەینەوە.

١-ئەبستراکتکردنی ( ئێمە)

( ئێمە) جێناوێکی سەربەخۆی مرۆییە، واتە بۆ خاوەنی ئەم سیفەتانە دەگەڕێتەوە




بەڵام لە داماڵیندا ئەم سیفەتانە لادەبرێن و وەکو ناوێکی واتای ( الاسم المعنوی) لێیدەڕوانرێت.
لەم هۆنراوەدا شاعیر ئەو لێکچواندنەی دروستکردووەو دەڵێت:

که لێرە نیت...
لەجریوەی درۆزن
لەڕووباری دوو ڕوو
لەگوڵی گومان دەچین (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٢٩٠)

( لێرەنیت) کردارێکە بۆ کەسی بەرامبەر ( تۆ) بەکاردێت، واتە ( تۆ) لێچووی لێکچواندنەکەیە و شاعیر چواندوویەتی بە ( جریوەی درۆزن، ڕووباری دوو ڕوو، گوڵی گومان) هەریەکە لەمانە خاوەنی بارستای خۆیان نیین و ناوی ژیریین و بەرهەستی مرۆڤ ناکەوێت، لێرەدا دەردەکەوێت داماڵینی

سیفەتی هەستی لە لەوچووی ( تۆ) وەرگیراوەتەوەو پرۆسەی ئەبستراککردن هونەرەکەی دروستکردووە.

لەهۆنراوەیەکی تردا بەناوی ( ژنە برۆنزییەکانی بەیروت) شاعیر هونەری داماڵین ( ئەبستراککردنی) کردووە و دەڵێت:

لەسەردەم پاڵ دەکەون.
لەشیان بە گۆرانییەکی (( فەهد بەللان))
چەور دەکەن
تیشک لەسەر پشتی بریقەداریان
دەنووسێ؛
ژنە برۆنزییەکانی بەیرووت
لەخەیاڵ لووسترن(ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٦٤٩)

ژن کە بارستاییەکە و بەر هەستەکان دەکەوێت، شاعیر بە خەیاڵی هونەری لێکچواندنی لەگەڵ خەیاڵدا پێکردووەو لایەنداری ژنیشی کردووە، کە جوانتر و لووسترە لە خەیاڵ، کە ناوێکی نا بەرجەستەیە ( ژیرییە).

**چەند جۆرێکی جیاوازی لێکچواندن و تەنگۆڕکێ**

مەبەست لەمجۆرە لێکچواندنانە، چەند جۆرێکی ترە ،کە ناکەوێتە ناو ئەوانەی کە باسکراون ( بەکەس کردن، بەتەن کردن، بەڕووەککردن، ئەبستراککردن، بە ئاژەڵکردن) واتە لێرەدا لێکچواندنەکان وەکو چواندنی دوو ناوی مەعنەوی یان دووکردار، یان دوو دێڕی شیعر...هتد.

لەبەرئەوەی لەو توێژینەوانەی لەبارەی لادانەوە لە ئەدەبی کوردیدا کراوە، ئەوەی ئێمە ئاگادار بین ئەمانە نەخراوەتەڕوو، بۆیە بەپێویستی دەزانم ئاماژەیەکیان بۆ بکەین.

١-لێکچواندنی شوێن گۆڕکێ

لەمجۆرەدا شاعیر لە ناو شوێنێکی دیاریکراودا، یان جەستەی مرۆڤدا ئەندامێک بە یەکێکی تر دەچوێنێت، وەکو لەم هۆنراوەدا دەیبینین

پێیەکانت،
لەدەستی منداڵێکی ساوا دەچن
کە لەوەختی شیر نۆشینا
بەسەر مەمکی دایکێکەوە
کپ کپ
خەویان لێ کەوتبێت. ( ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ١٧٥)

ڕەگەزەکانی لێکچواندن بەمجۆرەی خوارەوەیە

پێ ←——— لێچوو
دەست ←——— لەوچوو
ئەچێ ←——— ئامراز
ڕووی لێکچواندن ←——— خەولێکەوتن و کپی

ئەوەی دیارە، کە لێکچواندنەکە لەنێوان تاکە سەرچاوەییدایە، واتە هەردوولایەکە یەک سەرچاوەیان هەیە، کە جەستەی مرۆڤە.

## ٢-لێکچواندنی نیوە دێڕ

لەمجۆرەدا شاعیر لێکچواندن دروستدەکات، لەنێوان چەند نیوەدێڕێکدا، واتە یەک لێچوو هاتبێت و چەند لەوچوو، وەکو لەم هۆنراوەدا دەردەکەوێت.
شاعیر باسی مەرگی ئالانی(ئایلان) جوانە مەرگ دەکات، کە لە ڕووبارەکانی نێوان تورکیا و یۆنان لاشەی بێگیانی بوو بە مانشێتی زۆر ڕۆژنامە و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی تەنی دەڵێت:

لێ دەریاش، خیانەتی لە ئالان کرد:
وەکو ( ژەهر) کردی لەمنداڵەکانی
هەڵەبجە
وەک( سەگە ڕەشەکە)ی عەرعەر کردی لە

منداڵەکانی ئەنفال

وەک خەلیفە کردی، لە منداڵە بێنازەکانی

شەنگال ( ژنێک لە جنسی باران:٢٠١٩: ٥٠٠)

نیوەدێڕی یەکەم لێچووە، هەرسێ نیوەدێڕەکەی تر، دەبنە لەوچوو.

خیانەتی دەریا لە ئایلان چوێنراوە بە ژەهر کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و خواردنی لاشەی شەهیدانی ئەنفال لەلایەن سەگەکانی بیابانەوەو ستەمکاریەکانی داعش لە شەنگال. لەم وێنانەدا کە هەمووی تراژیدین، شاعیر لێکچواندنی وێنە و ڕووداوی دروستکردووە.

## ٣-لێکچواندنی دوو کردار

شاعیر دوو کردار، یان پرۆسە بەیەکتر دەچوێنێت و وێنایەکی هونەری دێنێتە بەرهەم، هەتا دوو کردارەکەش، سەرچاوەیان دووربێ لەیەک، زیاتر سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت، وەکو لەم هۆنراوەیەدا بەدەردەکەوێت.

گوێم لە پێکەنینی نەرمە..

لەچرپەی

ئەو جۆرە ویسکیە دەچێت.

کەلە دەمی بووتڵێکی ملدرێژەوە

بڕژێتە پەرداخێکی،

سەرخۆش ( کۆلانە شینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٦٠٥)

لەم کۆپلە شیعرەدا شاعیر لەدوو کردار ( پێکەنین، چۆڕەهاتن) لێکچواندنێکی نایابی دروستکردووە. چۆڕەش کە دەنگی ئاوە کراوە بە چرپە.

ڕەگەزەکانی لێکچواندنیش بەمشێوازە دابەشبوون

پێکەنین ————← لێچوو

چۆڕەی ویسکی ————← لەوچوو

دەچێت ————← ئامراز

ڕووی لێکچواندن ————← نەرمی وئاوازی خۆش

ئەوەی لێرەدا دەبینرێت دوو ناوی پرۆسە، واتە کردارن و لە کاتێکدا ڕوودەدەن کە نابەرجەستەن ( ژیرین) و لە زەمەنێکی کورتدا ڕوو دەدەن، بوونە بە سەرچاوەی وێنا و لێکچواندنێکی جوان.

## ٣-١-٢ تەنگۆڕکێ ( دۆخ گۆڕکێ )

مەبەست لە تەنگۆڕکێ گۆڕانکارییە لە بوونە مادییەکان ( مرۆڤ، زیندەوەر، تەن، ڕووەک ). واتە هەریەکە لەمانە، لە دۆخ و باری جیاوازدا لە ناو خۆیاندا ناوێک بەهۆی ناوێکی ترەوە، یان هاوەڵناوێکەوە یان کردارێک دۆخی بوونیان دەگۆڕێت. لەم هونەرەدا هەریەکە لە ( بەکەس کردن، بەتەنکردن، بەڕووەککردن، بە زیندەوەرکردن ) باسی ئێمە نییە، چونکە هەریەکە لەمانەی باسکران گوێزانەوەی یەکێکیانە بۆ یەکێکی تر، بەڵام دۆخ گۆڕکێ گوێزانەوەی ناوە لەناو یەکێک لەم پرۆسانەی سەرەوەدا.

بەم چەند نمونە بابەتەکەمان زیاتر ڕوون دەکەینەوە.

لەهۆنراوەیەکدا شاعیر دەڵێت:

ئەستێرەیەک ڕژا

لەوانەیە دڕکێک

چەقیبێتە پاژنەی منداڵێک (کۆڵانە شینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٥٦٥).

ئەوە ڕوونە کە، ئەستێرە تەنێکە (شتە) دۆخ گۆڕکێیەکە بەهۆی کرداری (ڕژا) وە دروستکراوە، چوونکە کاری * ڕژان * لەگەڵ تەنی شلدا دێت، پرۆسەکەش گوێزانەوەی ناوە لەدۆخی ڕەقی بۆ دۆخی شلی، لە بەکارهێنانی باو و شیعردا جیاوازیەکە بەمشێوازەیە

( بەکارهێنانی زمانی باو ) ( بەکارهێنانی لە شیعردا )




گۆڕینی سیفەتی ئەستێرە لە ڕەقەوەیە بۆ شل لەناو یەک بازنەدا، کە ئەویش ( تەنەکانە).

گۆڕینی ناو بە هۆکارێکی دەرەکی بەڵام لەیەک دۆخی ( بوون ) دا. لێرەدا مەبەستمان گۆڕینی ناوێک یان سیفەتەکەیەتی لەیەک دۆخی ( وجود) بووندا، واتە گۆڕانەکە لە ئەندازەو قەبارەو مەدلولدا ڕوودەدات، بەبێ ئەوەی پرۆسەکانی خواستن و لێکچواندنی بەسەردا جێ بەجێ بکرێت، وەکو لەم هۆنراوەدا دەخەینە بەرباس.

یەکسەر بوو بە پەنجەرە، کە گوێی لە

پێکەنینی تۆ بوو ؛

دیوار. (ژنێک لە جنسی باران:٢٠١٩: ٣٩٢)

لەم کۆپلە شیعرەدا ناوەکان دۆخی خۆیان چەند جارێک دەگۆڕن لە سەرەتادا بە کەسکردن ( خواستن) بەکارهاتووە، چونکە پێکەنین دراوەتە پاڵ دیوار، کە لەڕووی واتای فەرهەنگییەوە پێکنایەتەوە، ئەمە لێرەدا مەبەستە گۆڕینی دیوارە بۆ پەنجەرە، گوێزانەوەی دۆخی گەورەیە بۆ بچوکتر، چونکە هەمیشە پەنجەرە بەشێکە لە دیوار، ئەوە ڕوون بوویەوە، کە لێرەدا گۆڕانەکە لە نێوان یەک کایەدایە ئەویش ( تەن ) ە و لەم بارە دەرنەچووە.

- گوێزانەوە لە دۆخی شلییەوە بۆ ڕەقی لەناو ( تەن )دا.

لەهۆنراوەیەکدا شاعیر دەڵێت:

ئەمەریکییەک،

قاچێکی پەری.

جۆگەڵەیەکم بۆ کرد، بەدارشەق. ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٢٦)

ئەوە ئاشکرایە ( جۆگە) تەنێکی جوگرافییە و بە پێکهاتەی ئاوەوە واتای تەواوی دەدات، چونکە لەگەڵ ناوهێنانی جۆگەدا خوێنەر بیری بۆ لای ئاو دەچێت. کەواتە دەتوانین بەهۆی ئاوەوە، جۆگەلە بە پێکهاتەیەکی شل دابنەین، شاعیر گوێزانەوە لەم تەنەدا دەکات، لە دۆخی شلەوە بۆ ڕەقی، کە دارشەقە.

ئەگەر شاعیر بینوسایە درەختێک، ئەوا گوێزانەوەکە هەردووکی لە دۆخی ڕەقی تەندا بووە، بەڵام لەم نمونە شیعرییەدا گۆڕانکاری گوێزانەوەیە لەناو تەندا لە دۆخی جیادا بەمشێوازە.

جۆگەلە ( شل ) ← دارشەق ( ڕەقی )

## ٣-١-٣باسی دووەم : خواستن ( Metaphora )

خواستن تەکنیکێکی شیعرە، لەو کاتەوەی یەکەم دێڕی شیعر نوسراوە ئەم ڕەگەزەی جوانکاری و هونەریە هەیە، لەزمانی عەرەبیدا ( الاستعارة) و لە یۆنانیدا ( metaphora)ی پێدەوترێت.

( ئەرستۆ ) لەپێناسەی میتافۆردا دەڵێت: (( پیادەکردنی وشەیەکی نامۆیە، یان لەچەشنەوە بۆ پۆل، یان لەپۆلەوە بۆ چەشن، یان لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر ، یان بە لێکچوون)) (عەبدوولڵا:٢٠١٤: ١٢٩) هەر لەبارەی خوازەوە، کە خواستن بەشێکە لێی ( إبن جنی ) دەڵێت: (( خوازە پێکنایەت، مەگەر زیادەڕۆی، یان ڕاستی تیادا نەبێت )) ( إسماعيل:٢٠١٨: ١٣٢)

خواستن لە شیعردا زمان لە بەکارهێنانی ڕۆژانەوە بەرزتر و هونەری تر دەکات و دەیباتە ئاستێک، بەهۆی سیفەتی جوانتر و دەرکەوتووتری بابەتەکان، یان کەرەسە و کەسەکان، جۆرێک لەسەر وەستان و پیشاندانی نامۆی چێژدار دروستدەبێت.

لەبارەی کاریگەری خواستن لە شیعردا ( کۆلدریج) ی شاعیر ڕای وایە (( شیعر بەبێ خوازە بارستاییەکی بێ گیانە)) ( حەسەن:٢٠٠٤: ٣٠) واتە ( خواستن کاردەکات لەسەر زیادکردنی هەستیاری وەرگر و ناجێگری وەرگر بەئاراستەی دەق). ( عارف:٢٠١٢: ١٧١)

بەهۆی خواستنەوە وشەو وێناکان لەشیعردا، کاریگەر و بەهێزتر و گەشاوەتر خۆیان دەنوێنن و دەبنە جێگەی سەرنجی خوێنەر، واتە (( خواستن توانای کاریگەری نزیکتر دەکاتەوە)). (کرتوس:٢٠١١: ٦٧) پرۆسەی دروستکردنی خواستن لەشیعردا لێکدان و بەشداری پێکردنی پەیوەندییە نزیکەکانە، لەبوونە دورەکان.

( لۆرانس پیرین ) ی نوسەر لەبارەی خواستنەوە دەڵێت: (( خواستن ئامرازی چڕکردنەوەی واتایە و ڕێگەیەکە بۆ گوتنی زۆر لەکایەیەکی تەنگدا )) (پیرین:٢٠٠٨: ٤٥) شاعیر بۆ ئەوەی جوانیەک، یان وێنایەک بچنێت پێویستی بە بابەتە ( ڕەگەزە) ڕەوانبێژییەکانە ( جان کۆین) لەبارەی خواستنەوە ڕای وایە (( خواستن شکاندنی یاساکانی زمانە لەئاستی جێگۆڕکێدا )) ( کۆین:١٩٨٦: ١٠٩) هەربۆیە لەم هونەرەدا سیمای واتای وشەکان شوێن گۆڕکێیان پێدەکرێت، بەڵام نیشانەو هزری خوێنەر دەتوانێت سیمای واتای گونجاو بۆ وشەکان بدۆزێتەوە. ئەوەی پەیوەندی بە دوو خەسڵەتی هاوبەشەوە بێت، ڕۆڵ و جوانی خواستن ، کاریگەرترە لەلێکچواندن و دکتۆر سەید ئەحمەدی پارسا لەم بارەوە دەڵێت: (( لەبارەی هونەرییەوە بایەخی خواستن زیاترە لە لێکچواندن)) ( پارسا:١٣٩٧: ٧١)

خواستن لەگفتوگۆی ڕۆژانەی کۆمەڵدا هەیە، بەڵام کاریگەری جوانی وەکو ئەو خواستنە نییە، کە لە ناو شیعردا بەشێوەیەکی هونەری دەچنرێت و پەیوەندی وشەکان و ناو ناولێنراو بەشێوازێکی هونەری دادەڕێژێتەوە.

لەخواستندا هەروەک چۆن پەیوەندییەکان دەگۆڕێن، سیفەتەکانیش دەگۆڕێن و سیفەتی ( پێچوێنراو) جوانتر و بەرزتر دەکرێتەوە بۆ (چوێنراو) ، مەگەر لەو جۆرەی خواستندا، کە شاعیر بەرامبەرەکەی بە دووژمن و ناحەز دەزانێت و بەراوردی بە دڕندەو کەرەسە ناشیرینەکان دەکات.

چەند تەکنیکێک هەن ؛ کە شاعیر بەکاریان دەهێنێت بۆ ئەوەی خواستن دروست ببێت، لەوانە ( بە تەن کردن، بە کەس کردن، بە ڕووەککردن...هتد). زۆربەی جۆرەکانی خواستن لە لێکچواندنیشدا ڕەگەزەکان و ناوەکان ئەرک و وەسفیان وەکو یەکەو هەمەڕەنگن، لەبەر ئەوەی ئەم هونەرەیی ڕەوانبێژی نوێ جیایە لە لێکچواندن بەنمونەی شیعری هەموو جۆرەکانی دەخەینەڕوو.

جۆرەکانی خواستن لای شاعیر لەمانەی خوارەوەدا دەبینرێت.

## ١- بەکەسکردن(بەمرۆڤکردن)

یەکێکە لە هونەرەکانی پرۆسەی خواستن و (( بریتییە لە زیندووکردنی مادە هەستییە بێگیانەکان و زیادکردنی حاڵەتی مرۆڤانە و کردەوەکانی بۆیان)) (حەسەن:٢٠٠٤: ١٤٢)

لە هونەری خواستندا شاعیر شوێنگۆڕکێ بە وەسفکراوەکان دەکات و کار و وەسفێک دەداتە پاڵ وشەیەک (ناوێک) کە لە بنەڕەتدا بۆ ئەو ناگونجێ، بەڵام بۆ مەبەستی هونەری و سەرنج ڕاکێشان شاعیر ئەم کارە دەکات.

پرۆسەی بەکەسکردن بەشێکە لە هونەری ( بەرجەستە کردن) چونکە لەم هونەرەدا بارستایی بەناوی ژیری دەدرێت، لەکاتێکدا لەبنەڕەتدا بوونێکی هەستی نییەو خاوەن بارستایی نییە ((بەرجەستەکردن دەرخستنی شتە ژیرەکانە بەشێوەیەکی هەستی و لەبەرئەوەی پەیوەستە بەجەستەوە باشتر وایە تەنیا بۆ گیانلەبەر بەکار بێت)) ( حەسەن:٢٠٠٤: ١٣٥) بەڵام بۆ زیاتر دابەشکاری گیانلەبەرانیش دابەش دەبنە سەر سێ جۆردا ، ئەوانیش:

١- مرۆڤ ( کەس ).

٢- ئاژەڵ.

٣- ڕووەک

لەبەرئەوەی هەرسێکیان خاوەنی جەستە و گیانن، بەڵام دنیا وگەشەی جیاوازیان هەیە. بەکەس کردن، لەخواستندا بەچەندین شێواز دەگونجێت، کە لەگەڵ خەیاڵی شاعیردا دێتەوە، لەم پرۆسەیەدا دوو جەمسەر هەیە و دەیخەینەڕوو.




واتە سیفەتی مرۆڤ بە شتێک ( بوونێک ) دەدرێت، کە خۆی لە بنەڕەتدا خاوەن سیفەتی مرۆڤانە نییە، بەنمونەی شیعری بە کەسکردن وەک بەشێک لەخواستن دەخەینەڕوو.

بۆ زیاتر دەرخستنی پرۆسەکە، زیاتر ئەو لایەنە ڕوون دەکەینەوە تیایدا ( بەکەس) کراوە، واتە دەکرێت هەریەکە لە ( ڕووەک ، بەرد ، ئاسمان ، بوونی مەعنەوی.... هتد) بەمرۆڤ ( کەسبکرێت).

## أ- بەکەسکردنی(مرۆڤکردن) بەرد

لێرەدا شاعیر سیفەتی مرۆڤ دەداتە بەرد، واتە لەپێش شیعردا و لە زمانی باودا (بەرد – سیفەتی مرۆڤانەیە) بەڵام لەناو دەقی شیعردا بەرد (+ سیفەتی مرۆڤانەیە).

لەشیعرێکدا قوباد دەڵێت:

کە پێم لەبەردێک بنایە،
بۆ خرمە خرمی پەراسوەکانی دڵگران
دەبووم ( ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٢٢٠)

بەرد کە بوونێکی بێگیانە، بەڵام لەناو ئەم دەقە شیغرییەدا بەهۆی نیوەدێڕی دووەم ( خرمە خرمی پەراسووەکان ) کردوویەتییە خاوەن پێکهاتەی مرۆی کە ( پەراسو) ە، شاعیر لەم شیعرەدا دەیەوێت دڵ و دەروونی پاک و چاکەکار بخاتەڕوو کە هر جۆرە ئازاردانێت لە کردەوەی ئەوەوە دوورە، تەنانەت ئاگاداری بە ڕێگەدا ڕۆشنی خۆیەتی بۆ ئەوەی بەردەکانیش ئازار نەخۆن.

## ب-بەکەسکردنی گوڵ و نەمام

شاعیر کارێک یان سیفەتێک یان ئەندامێکی مرۆڤ بەدرەختێک دەبەخشێت و لەشیعرەکەدا وەکو مرۆڤ وەسف دەکرێت. وەک لەم هۆنراوەدا دەردەکەوێت.

دەستی خستۆتە ژێر چەناگە،
سوێی بووەتەوە بۆ باغ
مێخەکی ناو ئینجانەکە ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٦٠)

هەریەکە لە (سوێی بووەتەوە، دەستی ، چەناگە) ئەندامی مرۆڤن وسوێی بوونەوە، تایبەتمەندی مرۆڤە و دراونەتە پاڵ مێخەک ، کە نەمام و گوڵە.
لەنێوان ناوە مادی (هەستی) و ژیریی(مەعنەوی) یەکاندا لەبابەتی خواستندا گۆڕینەوەی سیفەت بە شێوەی بازنەیی دووبارە دەبێتەوەو هونەرەکە بە چەندین شێواز دەردەکەوێت، چونکە دەکرێت لەجێگەیەکی تردا مرۆڤ بە بەرد و گوڵ بکرێت.

## ج-بەکەسکردنی ڕەنگ و مۆسیقاو کتێب

هەریەکە لەم ناوانەی خوارەوە خاوەنی سیفەتی مرۆڤ نین، بەڵام شاعیر بەشێکی لەشی مرۆڤیان بۆ دەخوازێت و دەڵێت:

پێت دەڵیم چۆن .
کتێبیان لەقەنارەدا
پەنجەی مۆسیقایان قرتاند
کفنیان کردە بەری ڕەنگ (کۆڵانە شینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ١٠٩)

لە قەنارەدان، کە بۆ مرۆڤەو پەنجەش ئەندامی مرۆڤە و کفن پۆشاکێکە بۆ مرۆڤ بەکاردێت، دراونەتە پاڵ چەند ناوێک، کە لە واقیعدا ناگونجێن، بەڵام شاعیر ئەم لادانە واتاییەی بۆ مەبەستی خواستن و جوانکاری هێناوە.

ئەوەی ئێمە سەرنجمان داوە لەپرۆسەی خواستندا، شاعیر هەندێکجار سەرەڕای بەکەسکردن، ڕەگەزیش بە کەرەسە بەمرۆڤبووەکان دەبەخشێت. واتە ( نێر ومێ) وەکو ڕەگەزی خواستنەکە دەردەکەوێت. لەبارەی ( مێ یە) وە وەک لەم هۆنراوەدا دەبینین .

تۆ و
ئەوەی لەئاسمان دێتە خوار،
ئاو نییە،
ئەوە نییە،
سکی زەوی پڕدەکات،
لەکۆرپەی گەڵا و گوڵ! ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٤٤)

پرۆسەی (زگ پڕبوون) تایبەتە بەڕەگەزی ( مێ) بەڵام شاعیر بۆ زەوی خواستویەتی. لێرەدا ئەوە دەبینین کە پرۆسەی جوتبوو لەنێوان بارانی نێرو زەوی مێدا دروستبووە، ئەنجامی ئەم کارەش ( ئاوسبوون ) بەرهەمی گەڵا و گوڵە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوژانەوەی زەوی لە ڕێگەی داباریني بارانەوە لەبارەی پێدانی ڕەگەزی نێریشەوە شاعیر دەڵێت:

درەخت
ئەو درەختەی قەدی ڕەپی،
چەقاندۆتە ناوگەڵی زەوی.
لەخۆشییا کوڕ کوڕ بۆتەوە.
لقێکی شۆڕکردۆتەوە بۆ مژینی دەمی.
دوو لقیش
بۆ گوشینی مەمکەکانی!! ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٤٩)

لەم شیعرەدا سەرەڕای پێدانی ڕەگەزی نێر بەدرەخت و مێ بە زەوی ، بەشێوەیەکی گشتی وێناو باسێکی سێکسی خۆی نمایش دەکات، واتە پرۆسەی جوتبوونی نێوان زەوی و درەختی نێر باسکراوە، پرۆسەی خواستنەکە بەمشێوازە درستکراوە، هەریەکە لە ( ناو گەڵ، کوڕ کوڕ، مژینی دەم،

گوشینی مەمک ) جۆرێکە لەناو و کردار کە زیاتر تایبەتمەندی مرۆڤی هەیە کەواتە خواستنەکە ئاشکرایەو درەخت و زەمین بە مرۆڤکراون.

## ٢-بەگیانلەبەر کردن

خواستن لێرەدا بەجۆرێک دروستدەکرێت، شتێک یان کەسێک کە خاوەنی سیفەت و کرداری ئاژەڵانە نین، ئەم سیفەتەیان بۆ دادەنرێت و لەناو شیعردا بە ئاژەڵ ( گیانلەبەر) دەکرێن، وەکو لەم نمونە شیعرەدا دەردەکەوێت.

دەتوانین بەمشێوازە ئەو پرۆسەیە بە وێنا بکەین




واتە لەم پرۆسەیەدا گۆڕینەوەو هاوبەش پێکردنی سیفەتی پەلەوەر و ئاژەڵ بە ئەو ناوە هەستی و ژیریانە دەدرێت، کە لە بنەڕەتدا و لە زمانی باو و زانستی سیمانتیکیدا وەها ناوێک گونجاو نییە، بەڵام لە شیعردا ئەو سنورانە نامێنێت.

لەهەموو شتێک دەترسێت...
تەنانەت لە گمە گمی
کۆترە سپییەکانی سەر سینگت ( ژنێک لە جنسی باران:٢٠١٩: ٤٤٤)

مەمک کە ئەندامێکی مرۆڤە ( لێرەدا مەبەست ڕەگەزی مێ یە) کراوە بە کۆتر واتە بەگیانلەبەرکردن دروستبووە.

(( لەڕێگەی هزرەوە کۆمەڵێک کەرەسە کۆ دەکرێتەوە و لەیەک دەدرێت، کە لەپێش خواستندا بەرچاو ناکەون)) (عبدالله:١٩٩٤: ١٥٥) لەهۆنراویەکی تردا شاعیر مرۆڤی بە باڵندەکردووە لەڕێگەی هونەری خواستنەوەوە دەڵێت:

تۆ هەڵفڕیت و
لەبەر پەنجەرەی ئەستێرە دانیشتی.
شەو، لەناو پێخەفی مانگدا، نوستی.
من، باڵەکانم هەڵوەرین، ( کۆلانە شینەکانی مندالّی:٢٠١٨: ١٩٧)

تۆ جێناوێکە بۆ مرۆڤ (مەعشوق) بەکاردێت، بەڵام شاعیر بەهۆی کرداری هەڵفڕین ئەم جێناوەی لە باڵندەوە گواستوەتەوە بۆ مرۆڤەوە. پرۆسەی بە زیندەوەرکردن و لەناویدا بە باڵندە کردنی دروستکردووە.

## ٣-بەڕووەککردن

لەخواستنی بەڕووەککردندا، شاعیر تەنێک یان ناوێکی ژیری ( مەعنەوی) بەڕووەک دەکات، واتە بەمشێوازەی خوارەوە دەبێت.



واتە لەم پرۆسەدا هەرناوێک، کە لەزمانی باودا خاوەنی سیفەت و تایبەتمەندی ڕووەکی نییە، ئەوا لە شیعردا دەبێتە خاوەن تایبەتمەندی ڕووەکی.

پرۆسەی گۆڕینەوەی بازنەیی هەیە لەنێوان مرۆڤ و درەخت و ئاژەڵاندا لەکاتی دروستکردنی وێنای شیعری بە هونەری خواستن.

ببوورە من درەنگ هاتم.
کە هاتم
تۆ سپێدە بوویت و من خۆرنشین
تۆ تازە گەڵا و گوڵت دەردەکرد
من تازە گەڵا زەردەکانم دەوەرین ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٨١)

دیارە پرۆسەی گەڵا و گوڵ دەرکردن و گەڵا وەرین تایبەتە بەڕووەک و درەختەوە، بەڵام قوباد داویەتییە پاڵ ( تۆ ، من) کە هەردووکیان جێناون و بۆ مرۆڤ بەکاردێن، لەم پرۆسەیەدا دەکرێت شاعیر ناوی دارێکی سەوز، یان گەڵا یان کۆنە دارێک و دارێکی وشکەوە بوو بەکاربهێنێت.

٤-بەتەنکردن

لە بابەتی هونەری بە تەنکردندا شاعیر ناوی مرۆڤ و گیاندار و ڕووەکەکان وەکو تەن لە پرۆسەی خواستندا بەکاردەهێنێت، کە دەڵێین تەن، مەبەستمان هەموو ئەو کەرەسە و شتانەیە کە گەشە و گەورەبوونیان نییە، چونکە هەریەکە لە ( مرۆڤ، گیاندار و ڕووەک) خاوەن سیفەتی زیادبوون و گەشەکردن و لەناوچوونن، بەڵام تەنەکان بێگیانن و ئەو سیفەتانەیان لێوەرگیراوەتەوە ئەمە لەکاتێکدا لە زمانی شیعردا بەپێچەوانەی خاوەن سیفەتی گەشەو زیادبوونی خۆیانن.
( شاعیر) لە هۆنراوەیەکدا دەڵێت:

بە تەمومژی عیشق.
بە ڕێژنە بارانی شیعر.
بە ئەتەکی هەناسە.
بە سترابی ماچ.

به ملپێچی زمان
به سترێژی سۆز، داتدەپۆشم
ئیدی ناو لەپەکانی من،
بکه به کەوش ( ژنێک له جنسی باران: ٢٠١٩: ٣٠)

هەریەکه له وشەکانی ( تەومژ، ڕێژنه باران، ئەتەک، ستراب، ملپێچ، سترێژ، کەوش) ناوی مادین (هەستین)، بەڵام دراونەته پاڵ ناوی ژیریی، واته کرداری لەپاڵدانانی یەکتریان لەزمانی باودا ڕەت دەکرێتەوە، ئەویش بەهۆی نەگونجانی پەیوەندی ناو و هاوەڵناوەوە، واته سیما واتاییەکانی ناو و هاوەڵناوەکەی که تایبەتکراوه بۆی پێکەوه گونجاونین، بەڵام لۆژیکی شیعره ئەم جیاوازیانه له وێنەی هونەریدا کۆدەکاتەوە. بەڵام بەخواستن و لادانی واتای ئەم هونەره دروستبووه.
لەهایکۆی ژماره (٣)ی هۆنراوەی ( چەپکێک پیفۆک ) شاعیر بەتەن کردنی کردووەو دەڵێت:
لەسەر شیشی پەنجەرەکه
چەن دلۆپێک چۆلەکه و
چەند جیکه جیکێک،
باران ( کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٢٦٧)

لەم هونەری خواستنەدا، شاعیر پرۆسەی گۆڕینەوەی سیفەتی لەنێوان چۆلەکه ( باڵندە) و باران، که (تەنه) دروستکردووه، واته سیفەتی بارانی به چۆلەکه داوە، که گیانداره و کراوه به بێگیان.

## ٥-ئەبستراکتکردن

ئەم هونەره واتاییەی شیعر،پێچەوانەی هەریەکه لەچوارجۆرەکەی پێش خۆیەتی ( بەمرۆڤ کردن، بەڕووەک کردن، به تەن کردن، بەگیانلەبەرکردنه).
واته هەریەکه لەناوی ئەو چوار جۆرەی پێشو له شیعردا بەشێوەی خواستن دێت و تایبەتمەندی بارستای و هەست لیَ دادەبڕێت.
واته پرۆسەکه بەمشێوازه دەبێت.




هەر ناوێک کە لەم جۆرەی خواستندا بێت، لە هەستییەوە دەگۆڕێت بۆ ژێری ( گۆڕینی لەناوی مادییەوە بۆ ناوی مەعنەوی ).

لە هۆنراوەیەکدا بەناوی ( دایک) شاعیر ئەبستراککردنی کردووەو دەڵێت:

ئەم چوار خونچەیە
کچی ئەم گوڵە گەشاوەن..
------------------
شەوان بە مەمکی پشکوتن
بەخێویان دەکات ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٥٤)

مەمک ئەندامێکی مرۆڤە ( مێیە) و منداڵی پێ بەخێو دەکات، بەڵام شاعیر بەهۆی دەرخەری پشکوتن لە باری ئاسایی دایبڕیوە، چونکە پشکوتن کاتێکی ژێرییەو بەر هەستەکانی مرۆڤ ناکەوێت.

## ٦-ڕەنگ پێدانی ئەو شتانەی کە خاوەنی ڕەنگ نین یان ڕەنگیان دەگۆڕێت

لەم جۆرەی خواستندا، شاعیر ڕەنگ بە کەرەسەکان دەدات و ڕەچاوی ڕەنگی بنەڕەتی ، یان بێ ڕەنگیان ناکرێت، واتە پرۆسەکە بۆ خواستنێکی هونەری و لادانی واتای ئەنجام دەدرێت.

ڕەنگەکان لەزمانی باو و شیعریشدا ئاماژەی جیاوازیان هەیە، بۆ نمونە ڕەنگی بەنەوشە لای بۆدلێر تایبەتمەندی دلگیرو ژیانێکی خۆشە، بەڵام لای ڕامبۆ هێمای زیندوویەتی و پڕ وزەییە.(کۆین:٢٠٠٠: ٤٠٢)

ئەمە پەیوەندی بەلایەنی دەرونی و ئاماژەی شیعرییەوە هەیە، شاعیر ڕەنگی ( شین و مۆری) وەکو ڕەنگی کتاب و خودا و ناوە مەعنەوییەکان بەکارهێناوە.
أ/ پێدانی ڕەنگ بەشتێک کە بێ ڕەنگە.

لەهۆنراوەی ( ستیانی بەفر پڕە لە ڕیشۆڵە) و لەهایکۆی ژمارە ٤٧ قوباد دەڵێت:-

مۆر
ڕەنگی خودایە ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٣٠)

ئەوە ڕوونە، کە هێشتا ڕەنگی خودا دیاری و دەستنیشان نەکراوە، بەڵام شاعیر ڕەنگی مۆری بەخودا بەخشیوە، بۆ خۆی لادانی واتاییە.
لە هۆنراوەیەکی تردا ناوی ژیریی ( ناوی مەعنەوی) ڕەنگ وەردەگرێت و تیایدا دەردەکەوێت.

لەوێ نەبووی..
تا پەنجەکانی یادەوەری شین هەڵگەڕان،
دام لە دەرگا. ( کۆلانە شینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٢٠٢)

یادەوەری ناوێکی ژیرییەو تایبەتە بەمرۆڤەوە و ڕەنگی نییە، بەڵام شاعیر پەنجەو ڕەنگی شینی پێبەخشیوە، کە ئەمە بۆخۆی لادانی واتاییە.
ب/ پێدانی ڕەنگ بە تەنێک کە ڕەنگیان شین نییە

لەم جۆرەی پێدانی ڕەنگدا، شاعیر ڕەنگ بە تەنێک دەبەخشێت، کە لە بنەڕەتدا ڕەنگ شین نیین، بەڵام بۆ بابەتی هونەری و لادانی واتای شاعیر ئەم جۆرە هونەرە ئەنجام دەدات وەکو لێرەدا دەردەکەوێت.

شەوێک دڵۆپێک باران،
تکایە سەر حەرفێکم.
بەیانی بوو بوو ؛
بە ڕووبارێک شیعری شین (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٦٤٩)

وەکو دیارە شیعر ناوێکی بێڕەنگە، واتە ناتوانرێت کۆمەڵ لەسەر ڕەنگێک کۆکبن بۆ ڕەنگی شیعر، بەڵام شاعیر ڕەنگی بە شیعر بەخشیوە، ئەویش ڕەنگی (شین) ە.

## ٣-٢ تەوەری دووەم: لادانی واتایی لەڕووی (ئەرک)ەوە

### ٣-٢-١ باسی یەکەم دانەپاڵ (الأسناد)

بەکارهێنانی زمان لەڕوی ڕستەسازی وفەرنگیەوە، ئەگەر بۆ زانستی پەتی ویاسای ودەرەوەی دنیای ئەدەبیات پێویست بێت، ئەوا بەپێچەوانەوە، ئەوجۆرە لەبەکارهێنان جۆرێک لەسادەیی وخێرا ئاشکرابوونی مەدلولە شیعرییەکانی دەردەخات. دانەپاڵیش واتە(( هەڵپەساردنی سیفەتێک بۆشتێک، کە ئەم سیفەتە بەتایبەتییەک دابنرێت، کە ئەم شتەجیادەکاتەوە)) (حسين:٢٠٠٨: ٢٦٤)

واتە لەکاتی گفتوگۆو نوسیندا پەیوەندی ڕێزمانی و واتای ئاستی باوی ڕۆژانە تێدەپەڕێنێت وبە پێوەری شیعری وخەیاڵی هونەری نەبێت، ڕێگە بەوجۆرە لەپەیوەندیە واتاییەکان نادرێت، واتە کاتێک ناوێک وەسف دەکرێت بە ئاوەڵناوێک یان ئاوەڵکارێک پەیوەندی لۆژیکی زمانەوانی دەبچڕێت، هەر بۆیە ڕەتکردنەوەو نەگونجان دەبینرێت. هەروەک چۆن وشەکان بە پێی مۆرفۆلۆژی بەشەکانی ئاخاوتنی هەر زمانێک دابەش دەکرێت بۆ چەند پۆلێک، لە زمانی کوردیدا ( ناو ، هاوەڵناو، کردار) بەپێی نزیکیان لە یەکترەوە بەکاردەهێنرێن. بۆ نمونە وەک ( سەعات ) کۆمەڵێک کار و هاوەڵناو لەگەڵیدا دەگونجێن و بەکاردەهێنرێن. بەڵام لە شیعردا ڕەچاوی ئەم گونجاندنە ناکرێت، ئەگەر لەگەڵ ناوەکەدا نەگونجا ئەوا نا لۆژیکی لە واتادا دروستدەبێت وەک دەڵێن.

سەعات فڕی.

بە هەڵپەساردنی کار دروستکراوە واتە ( ناو + کار ) وەکو ئاشکرایە فڕی بەزۆری لەگەڵ باڵندەدا بەکاردێت ( + زیندوو ) بەڵام سەعات شتێکی بێگیانە کە ( - زیندوو ) ە بۆیە لە گەڵیدا لادانێکی نا لۆژیکی بەگوێرەی زمانی باو دروستکراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا مەبەست لە ( فڕینی سەعات ) خێراییە، واتە لەمجۆرە ڕستانەدا ئاستی دەنگی دوو جۆر واتا دەبەخشێت، واتایەکی ئاشکراو واتایەکی شاراوە، کە یەکەمیان نالۆژیکییەو ڕەتدەکرێتەوە دووەمیشیان، مەبەستە شیعرییەکەیە، لێرەدا دەبێتە خوازەو خواستن و لادانی گۆڕینەوەیەو لادان دروست بووە، بەڵام لەسەر ئاستی ڕۆنان ئاساییە، هەروەک (جان کۆین ) ڕای وایە (( ستراتیژی شیعریەت یەک ئامانجی هەیە ئەویش گۆڕینەوەی واتایە )) (کۆين:١٩٨٦: ١١٠)

هەندێک دانەپاڵ لەڕێگەی " خواستن " ەوە دروست دەبێ، بەڵام ( کوهن ) جیاوازی لە نێوان خواستن و دانەپاڵ کردووە، ڕایدەگەیەنێ کە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن، بەڵام لەیەک سیاقی زمانی ڕوونادەن، دوورکەوتنەوە بە لادان لەئاستی ئاخاوتن دادەنرێت، بەڵام خواستن لەئاستی سیاقی جێبەجێ دەبێت. (کۆین:٢٠٠٠: ١٠٩) جۆرێکی تر دانەپاڵی ئاوەڵناوەکانە، واتە هەڵسپاردنی سیفەتێک لەگەڵ ناوەکەدا ئەگەر نەگونجا حاڵەتی نا لۆژیکیەو دوورکەوتنەوەیە، بۆ نمونە گوڵی بێناز ، شەوگاری تاڵ

دەبینین وشەی بێناز هاوەڵناوەو لەگەڵ گوڵدا ناگونجێ و نا لۆژیکییە، چونکە بێناز بۆ گوڵ نابێت لە زمانی سادەدا لەگەڵ گوڵدا هەریەکە لە ( سور، سپی، جوان ) هەیە، بەڵام لێرەدا لادانێکی بەهێز دروستبووە، لەبەرئەوەی هاوەڵناوەکە دروستیکردووە.

بەڵام کاتێک دەڵێین گوڵی سور ، گوڵی پەمەیی

ئەوا هەردووکیان ( سور، پەمەیی ) جەخت لەسەر گوڵ دەکەنەوەو کە دۆخێکی ئاساییە و هاوەڵناو بە تەواوی لەگەڵ ناودا دەگونجێت، بۆیە لێرەدا دەبێتە ( حەشو ) واتە زیادەڕۆیی یەو بەڵام گوڵی بێناز / شەوی تاڵ

واتای دال و مەدلول یەکناگرنەوەو دوورکەوتنەوە دروستدەبێت، واتە دەبێتە ( المنافرة) بەمشێوەی خوارەوە.

دال ⟵ مەدلولی یەکەم ⟵ مەدلولی دووەم

لە مەدلولی یەکەمدا لادان دروستدەبێت و لە مەدلولی دووەمدا ڕەتکردنەوەو گەڕانەوەو ئاشنا بوون بە زمانی شیعری لە ڕێگەی زمانی باوەوە دەردەکەوێت، وەکو بەمشێوازە دەیخەینەڕوو.

دال

↓

مەدلولی یەکەم= ڕەتکردنەوەی لادان

↓

مەدلولی دووەم= گونجاندن

لەم بارەیەوە ڕەخنەگری هاوچەرخ (جان کۆین) ڕای وایە (( شاعیر بەشێوەیەک بنیات دەنێت، کە تەنها بەکەرەسەی زمانی ئاسایی، ناتوانرێت ئەوبوونیادە دروست بکرێت )) (کۆین:٢٠٠٠: ١١٥)

بۆمان ڕوون دەبێتەوە بنیاتی زانیاری ولۆژیکی شیعری وەکو گەیاندنی ئاسایی نییە و دەکرێت لەپرۆسەی لێکچواندن وخواستندا سیفەت و وەسفکراو دۆخی ژیان وبوونی جەستەی وگیانی بگۆڕن، ئەوکات مەرج نییە سیمای واتای پێکهاتە و بنیاتی شیعرتەریب بن لەگەڵ زمانی باو.

هەر بۆیە لە شیعرەکانی شاعیردا لە چوارچێوەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی ولادانی نوێدا دانەپاڵ بەشێکی بەرهەمی قوباد پێکدەهێنێت کە خۆی لە ( بەکەس کردن، بەتەن کردن، بەڕووەککردن، ئەبستراککردن، بەئاژەڵکردن) دەبینێتەوە ، کە بۆ هەریەکەیان چەندین ڕەگەز و جۆری جیاوازی دەرخەر و دەرخراو لەباسەکانی پێشودا خراونەتەبەرباس.

هەوڵ دەدەین چۆنیەتی دانەپاڵەکان وئاوێتەکردنی دەرخەر و دەرخراوی شیعری بخەینەڕوو.

**أ/ دانەپاڵی کردار بەبێگیان**

لەو جۆرەدا شاعیر سیفەتی بوونێکی زیندوو(مرۆڤ) دەخاتەپاڵ بوونێکی بێگیان وپرۆسەکە (هونەرەکە) دروستدەبێت، وەکو لەم کۆپلەیەدا دیارە.

باران بەکانی گوت؛
نەبیت بەبەعسی
دەنا،
ئاوەکەت لیخن دەبێت و
ژنێک بێزی نایەت،
گۆزەیەکت لێ پڕبکات. (کوڵانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٥٤٥)

وەکو دەبینین کردار دراوەتەپاڵ باران و کانی، کە لەڕووی سیمای واتاییەوە گونجاونییە، بەڵام بەلادانی واتایی وخەیاڵی شیعری ئەم گونجان و وێنە بوونیادنراوە.

لەهۆنراوەیەکی تردا، ئەم دانەپاڵە شێوازێکی سەرنج ڕاکێش وەردەگرێت وەکو ئەم نمونە شیعرییە.

پشکۆی ناوئاگردانەکە،
لێفی خۆڵەمێشیان بەخۆیاندا داو
لێی نوستن (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٢٦١)

ئەوە دیاردەیەکی سروشتیە، کە خەڵوزی گڕگرتو (پشکۆ) لەدوای ئەوپەڕی هێزی سوتانی وردەوردە خۆڵەمێشی لێدروستدەبێت، تاکو بەتەواوی شوێناواری ئەوپشکۆیە دەبێتە خۆڵەمێش، بەڵام شاعیر لەڕێگەی دانەپاڵی (بەخۆیاندا داوە، لێی نوستن) شیعرییەتی لادانی واتای دروستکردووە.

**ب/ پێدانی ئەندازەی ماددی(هەستی)بەبوونی مەعنەوی(ژیری)**

لەمجۆرەی دانەپاڵدا، شاعیر پێوانە و پێوەری - هەستی - وەکو( بڕ، مەتر) بەناوی ژیرییەوە دەچەسپێنێ، واتە دەبنە دەرخەر و دەرخراو، کە لەزمانی باودا گونجاونییە، بەڵام بەکارهێنەرانەی شیعری زمان ئەو جۆرە پەیوەندییە نالۆژیکیە بەلۆژیک دەزانێت، وەکو لەم هۆنراوەیەدا شاعیر ئەو هونەرە دەبینین.

چاوەکانم کشان..
بمدەیە
پەرداخێک خەوم بدەیە! (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٢)

ئەوە دیارە خەو، کاتە و کاتیش نابەخشرێت، لەگەڵ ئەوەشدا کە خەو بوونێکی خودی وکەسییەو کەس ناتوانێت گوێزانەوە و خاوەندارێتی بگۆڕێت، لە کاتێکدا ئەندازەی خەو خولەک وکاتژمێرە، بەڵام شاعیر بەپێوەرێکی هەستی (مادی) داوەتەپاڵ ولادانی واتای دروستکردووە.
بەخشین خاوەنی سیڤەتی ( + هەستی )ە، بەڵام خەو ( – هەستی ) لەڕووی توانای بەخشین و خاوەن گۆڕینەوە.

**ج/ دانەپاڵی وەسفیی مرۆڤ بۆ(مانگ)**

مانگ بوونێکی سروشتییەو لەدەقی شیعری کلاسیکدا هێماو هاوەڵناوی جوانییە، بەڵام شاعیر لێرەدا وەکو مرۆڤێکی ئاسایی لەڕێگەی کردار و دواتر وەسفی جەستەیەوە بەمرۆڤی دەدات وەکو ئەم نمونە شیعرییە.

مانگ
چۆتەپشتی گەواڵەهەورێکی نارنجییەوە.
من دەڵێم ڕەنگە؛

بەباران خۆی بشوات.
یا، جل بگۆڕێت.
یاری بەمەمکەکانی بکات
چوبێتەبەر ئاوێناو
یا، بڕووانێتە
سمتەخڕووخۆڵەکانیی (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ١٦٦)

شیعربەگشتی پرۆسەی گوێزانەوەی زمانە لە بەکارهێنانێکی باو، بۆ شێوازێکی هونەری ترو دانانی کاریگەری لەسەرخوێنەر، ئەمە لەڕێگەی گۆڕین وئاڵشتکردنی سیمای واتای ڕستەو دەقی شیعرییەوە دروستدەکرێت، لەم شیعرەدا ( دالی ) مانگ دەکرێت چەند ( مەدلولێکی ) هەبێت بۆیە بە پێویستی نازانین زیاترلەم بارەوەبنوسین.

مانگ ← ئافرەت
مانگ ← خۆشەویستەکەی
مانگ ← یارێکی وەهمی و ئاستی هەورەکان

ئەم زۆر مەدلولییە جوانیەکی زیاتری بە شیعرەکە بەخشیووە.

## ٣-٢-٢ باسی دووەم/ دیاریکردن (التحدید)

لەهونەری لادانی واتایدا بە چەندین شێوازی یاری وشەسازی وگۆڕینی واتای فەرهەنگی دروستدەکرێت، واتە تەکنیکی جۆراوجۆر هەیە، بۆ ئەوەی وێنایەکی هونەری بەرهەمبهێنرێت.

دیاریکردن یەکێکە لەو جۆرە هونەرانە، کە شاعیر لەڕێگەی دەستنیشانکردنی ناوێکەوە بە وشەیەک یان هاوەڵناوێک دروستی دەکات (جان کۆین) لەم بارەیەوە ڕای وایە (( دەستنیشانکردنی شتێک بەڕوونی- کە مەبەستمانە لەنێوکۆمەڵی شتی تردا)) (کۆین:٢٠٠٨: ٩٠)

هەرکات شاعیر ویستی جیاوازی لەنێوان ناوێک وهاوڕەگەزەکانی خۆیدا بکات، بەمەبەستی شیعری ئەوا پەنا بۆ ئەم هونەرە دەبات. (کۆین:٢٠٠٠: ١١٤)

زۆر جار لەکاتی دیاریکردندا، شاعیران پەنا بۆهاوەڵناوێک دەبەن، بۆئەوەی ناوەکە جیا بکەنەوە لەئەوانی تر، ئەویش پێویستی بەوشارەزاییە شیعرییە هەیە، کە ناوە وەسف کراوەکە، ئەگەر زۆر باسکراوو دووبارە بێت، سستی لای وەرگر دروستبکات، واتە شاعیر وەسفی گەڵایەک بکات،

لەدۆخی خەزاندا ڕوونتر پەیامەکەی دەکات، تاکو وەسفی گەڵاوەرینی دارستانێک بکات و هاوەڵناوی دووبارەو سواوبەکاربهێنێت.

هەرکات هاوەڵناوی دیاریکردن بەسەر هەموو ناوی پۆلێکدا چەسپا، ئەوا حەشو دروستدەبێت، ئەویش وەکو بڵێی (بەفری سپی، هاوینی گەرم...) بەڵکو دەبێت جیاوازی دروستبکرێت بۆ ئەوەی ناوە دەستنیشانکراوەکە، جێگەی سەرنجی شاعیر و وەرگربێت. لەکاتی بەکارهێنانی هاوەڵناودا لە دەستنیشانکردندا پێویستە.

١- هاوەڵناوەکە بەسەر بەشێکی ناوەکەدا جێبەجێ ببێت.

٢- هاوەڵناوەکە بەسەر بەشەکانی تری ناوەکەدا جێبەجێ نەبێت.

بۆ نمونە: ( قژی خاو )

( قژ ) وەک ڕەگەزێک چەند جۆرێکی هەیە، هاوەڵناوی ( خاو ) بەسەر هەندێکی جێبەجێ دەبێت، بەڵام هەموو قژێک سیفەتی خاوی نییە، واتە سیفەتەکە ( خاو ) بۆ هەموو جۆرەکانی ڕەگەزەکە ناشێت. چونکە ( قژی ناسک، قژی لول، قژی ئاڵ.....) بەڵام خاو بەسەر بەشێک لەناوەکە جێبەجێ دەبێت.

کەواتە دەکرێت بەلادان دابنرێت، بەڵام لادانێکی بێهێز، چونکە ئەم هاوەڵناوە سیفەتێکی دوور، یان زۆر جیاوازی نێوان دوو دۆخ دەرناخات.

بەڵام کاتێک دەڵێین: ( گوڵی ڕەش ) لادانێکی بەهێزە، چونکە هاوەڵناوی ( ڕەش ) بەسەر ناوەکەدا جێبەجێ نابێت، چونکە کاتێک دەوترێت ( گوڵ ) مانای سور دەگەیەنێت، نەک ڕەش. کاتێک بڵێین ( گوڵی سور یان بەفری سپی ) ئەوا هاوەڵناوەکە بەسەر هەموو بەشەکانی ناوەکەدا جێبەجێ دەبێت و بە ( حەشو ) دادەنرێت و لادانەکە بێهێزە سیاقی شیعریی زیاتر بەهێزی و لاوازی ئەو گرێیانە دەردەخات

لەتەکنیکی دیاریکردندا شاعیر دەتوانێت سۆزو ڕقی خۆی لەسەرناوە وەسفکراوەکە دەرببڕێ ئەمە کاریگەری دەرونی و لەسەر وەستانی دەوێت.

دەکرێت لەهونەری دیاریکردندا ڕاستەوخۆ دەستنیشانکردنەکە لەگەڵ ناوەکەدا نەیەت، بەڵکو لەڕێگەی ئاماژەی بەرزی وجوانی بۆ ناوەکە لەناو کۆمەڵێکدا، پرۆسەکە ئەنجام بدرێت.

ئەوەی ئێمەتێبینیمان کردبێت، لای قوباد لەمجۆرەی دیاریکردنەکە لەگەڵ هاوەڵناودا دێت کەمە، لەکاتێکدا لەشێوازی دووەم، کە دەتوانین بەناڕاستەوخۆ ناوی دیاریکردنی لێبنەین، زۆر دووبارەبووەتەوە. وەکو لەم هۆنراوەدا دیارە.

دەستم بەردە،
خۆم ئەوڕێگایانە دەدۆزمەوە
کە دەگەنە دابڕان (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٣)

پرۆسەی دیاریکردن بەهاوەڵناوی ڕاستەوخۆ دروستنەکراوە، بەڵکو لەڕێگەی ئامرازی لێکدەرەوە هونەرەکە ئەنجام دراوە، واتە دۆزینەوەی ڕێگاکانی دابڕان، بەشێکە لەناوی ڕێگا بەگشتی وەکو لەم هاوکێشەدا ڕوونی دەکەینەوە.

ئەگەر(أ) ڕێگابێت و (ب) دابڕان و (ج) ڕێگای دابڕان، کە دەستنیشان کراوە ئەوا ئەوە ڕوون دەکرێتەوە کە ( أ ) گەورەتر و فراوانترە لە ( ب و ج )          ( ب + ج ⋜ أ )

بۆیە هەمیشە ناوی دیاریکراو لەڕووی ژمارەوبڕەوە، کەمترە لە ڕەگەزە گشتیەکە. دیارە ئەوەش لەئەنجامی ئەو وەسف ودابڕانەیەتی لەکۆی ڕەگەز و پۆلە ئاساییەکەی.

جۆرێکی تری دیاریکردن لەڕێگەی هاوەڵناوی پلەی باڵاوە دروستدەکرێت، واتە پێدانی ئەرک وسیفەتێک بۆبارێکی ژیان، ئەم جۆرە دروستدەکات مەرجیش نییە، ئەمە نەگۆڕبێت، بەڵکو باری ژیان وخەیاڵی شاعیر دەتوانن ببنەسەرچاوەی دەستنیشانکردنەکە، وەکو لەم هۆنراوەیەدا، کە باس لە ستەمکارییەکی چینایەتی دەکات و دەردەکەوێت.

بەردوو دووعا
جوانترین بەرد ئەوگاشە بەردانەن
کەلەفیچقەی خوێنی دووعاکاندا سوردەبن
پیرۆزترین بەرد ئەوبەردە (ڕەشانەن)
کە لەکەللەسەری دووعاکاندا وردووخاش دەبن (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ١٢١)

شێوازی دروستکردنی دیاریکردنەکە، بەهۆی هاوەڵناوی پلەی باڵاوە دیاریکراوە وەکو ( جوانترین بەرد، پیرۆزترین بەرد) دەرکەوتوون، بەمشێوەیە جیاوازی نێوان بەرد لەگەڵ دۆخەکاندا دەکرێت واتە تەنها ئەو کاتە پیرۆزە کە کوشتن ( پاکبونەوە ) مرۆڤێکی بەدوادا دێت بە بیری ئاینزایانە.

لەناو دێڕەشیعرەکاندا وەسفی بەرد بەشێوەیەکی گشتی ناکرێت، بەڵکو ئەو بەردانە گرنگن، کە لەکارەساتێکدا، دەبنە هێمای بیری چینایەتی دواکەوتوو، کە شاعیر پیشانمان دەدات، بەڵام وەک گێڕانەوە، نەک لایەنگری وخۆشەویستی بۆدۆخێکی وەها.

بەرد کاتێک پیرۆزوجوان دەبن، کە ببنە ئامرازی لەناوبردنی جیاوازی بیروڕای تاکێک لەکۆمەڵێک (ئاین، ئاینزا).

جۆرێکی تری دیار لە دیاریکردن ئەوەیە، کە هاوەڵناوێکی سادە لەگەڵ ناوەکەدا دێت، بڕ و تەمەن وئەندازەی ناوەکە، لەهاوپۆل ورەگەزەکانی جیادەکاتەوە، کەواتە ئەم ناوە بەهۆی هاوەڵناوەکە، تایبەت ودیاریکراوە وەکو لەم هۆنراوەیەدا دیارە.

ئاخر دەترسم؛

ماچێکم بەسەرپشتی دەستەوە،

---------------

لیکم لەچاڵی کەمەرت،

چیەم لەناوستیانەکەت،

هەناسەم لەبن باڵت،

دێڕەشیعرێکم بەپوزتەوەو

---------------

تاڵێک قژی سپیم، بەسەرگۆپکی

مەمکتەوە،

جێبهێڵم،

---------------

نا تکایە نا،

ناوێرم...

بەشێوەیەکی گشتی، باسی (قژ) دەکرێت مرۆڤ بیری بۆمەدلولی ڕەنگی ڕەش دەچێت، مەگەر لەپێشتردا یان دواتردا، بە هۆی دیاریکردنی ساڵەکانی تەمەنەوە، کە ئاماژەی پیریبن، مەدلولی سپیەتی ببەخشن، هەرچەندە، ئەمە تاڕادەیەک بابەتێکی ڕێژەییە.

کاتێک شاعیر دەڵێت:

(قژی سپی)

ئەوا ڕەنگی قژ و تەمەن دیاریکردووە، لەناو دەقە شیعرییەکەشدا، باسکردن لەو هەموو ترسە بۆ تەمەنی خۆی دەگەڕێتەوە، کە چەند دەترسێت، ئەگەر کارەکەی (ژوانەکەی ) ئاشکرابێت کەواتە قژی سپی ئاماژەی پیریە، بەڵام دەتوانین بەمجۆرەش ئاماژەی پێبکەین.

ئەگەر قژ (أ) بێت و سپی(ب)بێت و (قژی سپی) دیاریکراوە (ج) بێت، ئەوا ( ب + ج <— أ ) چونکە ناو و بڕی دیاریکراو هەمیشە بەشەو پۆلەکەشی گشتەو گەورەترە.

لەبابەتی دیاریکردن و دەستنیشانکردن، پێویستمان بەخشتەو ئامار هەیە، بۆئەوەی ڕادەی باسەکان بەڕونتر دەربخرێت (( پشت بەستن بەئامار هۆکارێکی سەرەکیە بۆ دیاریکردنی دابەش و بڕ بۆ دیاردەیەک و جیاوازی ئەویش بەجیاوازی شێوەزاری کۆمەڵایەتی و شێوازە دەردەخات)) (مصلوح:١٩٩٢ :٥٦)

ئێمەش هەوڵمانداوەگرنگترین ئەوبابەتانەی پێویستە بخرێتەڕوو، بەنەخشە و ڕێژە لەم باسەدا ڕوونیبکەینەوە، هەر بۆ زیاتر ڕوونکرنەوە چەند خشتەیەکی تایبەت بەم هونەرە (دیاریکردن) دەخەینەڕوو.

یەکەم// دیاریکردنی ڕێژەی لادانی بەهێز وبێ هێز(حەشو)

| جۆری لادان | ژمارەی لەدەقی شیعردا | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەهێز | ٢٧ | %٨٧ |
| بێ هێز(حەشو) | ٤ | %١٣ |

(باخچەکانی مەلەک تاوس: ل٣١-٥٠)

مەبەست لەلادانی بەهێز ئەو لادانانەن کە هونەرین و هاوەڵناو یان ناوە وەسفکراوەکە نەبووە بە حەشو، چونکە هەرکاتێک لادانێک بەکارهات کە سواو بوو (دووبارە بوو) یاخود پێویستی بەمەودای چاوەڕوانی نەبوو، ئەوا بێ هێزەو تەنها مەدلولی ئاشکرای هەیە، بۆ ئەم ڕێژەش سود لە ( باخچەکانی مەلەک تاوس ل٣١ بۆ ٥٠)وەرگیراوە.

دووەم// بەکارهێنانی بەشە سەرەکیەکانی ئاخاوتن لەدەقە شیعریەکانی قوباد دا کە( ناو، ئاوەڵناو، کار)ە، ئەمیش پێویستی بەمیتۆدی ئامار و بەراوردکاری هەیەو بەمشێوازەی خوارەوە بەکارهاتووە.

| ژمارەی بەکاهێنانی ناو | ژمارەی بەکاهێنانی ئاوەڵناو | ژمارەی بەکاهێنانی کار | ڕێژەی ناو | ڕێژەی ئاوەڵناو | ڕێژەی کار |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٣٥ | ٧٧ | ٧٠ | %٤٨ | %٢٧ | %٢٥ |

(باخچەکانی مەلەک تاوس:١٧بۆ٣٠)

پێویستە ئەوە بخەینە بەرباس کەزۆرترینی ئەوناوانەی شاعیر بەکاریان دەهێنێت ناوی هەستیین و لەناویشیاندا ئەو ناوانەن، کە ئاماژەی ( ڕەگەزی مێ)  یان ئەندامی جەستە و پۆشاکی ئافرەتن.

ڕێژەی هاوەڵناویش لای شاعیر زیاتر بەکارهاتووە، زۆر بەکارهێنانی هاوەڵناو ئاماژەیە بۆ هەڵچوونی لەسەرخۆو دەرونی هێمن. (مصلوح:١٩٩٢ :٧٥)

سێیەم// بەکارهێنانی جێناوە کەسیە سەربەخۆ ولکاوەکان، ڕێژەی بەکارهێنانی لای شاعیر پەیوەندی بەبابەتی شیعرییەوە هەیە، بەڵام دەردەکەوێ لای قوباد زیاتر شیعرەکانی (خودی)ن، هەروەک لەم خشتەیەدا دەیخەینەڕوو.

| جێناوەکان | کەسی یەکەمی تاک | کەسی یەکەمی کۆ | کەسی دووەمی تاک | کەسی دووەمی کۆ | کەسی سێیەمی تاک | کەسی سێیەمی کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی جێناو | ١٧ | ٠ | ٢٢ | ٢ | ١٠ | ١ |
| ڕێژەی سەدی جێناو% | %٣٣ | %٠ | %٤٢ | %٤ | %١٩ | %١ |

(کۆڵانە شینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٥٧٠-٦٠٠)

بەکارهێنانی زۆری ئەم جێناوانە پەیوەستی، بەلایەنی هونەری و دەرونیشەوە هەیە، هەر بۆ نمونە (( زۆر بەکارهێنانی جێناوەکانی کەسی دووەم و سێیەمشێوازی ئاراستەکردنی پەیامە)) (حسین:٢٠١٢: ٤٩٦) ئەمە لەڕێگەی وەسفێک یان باشێکەوە لەدۆخێکی تایبەتتدا، لەگەڵ ئەوەشدا جێناوی کەسی یەکەمیش زیاتر ڕەهەندی خودی (الذاتی) هەیە.

چوارەم// کۆدە شیعرییەکان

واتە لەناو فەرهەنگی شیعردا لەڕێگەی ئەو وشانەی، بەزۆرترین ڕێژە دووبارەبوونەوەیان هەیە لەدەقە شیعرییەکاندا، مەبەست لەکۆد ئەوەیە ((ڕادەی دووبارەبووەنەوەی لەکارێکی دیاریکراودا یان لای نوسەرێکی دیاریکراو دەگاتە ڕێژەی بەرزتر لەوەی لەزمانی ئاساییدا هەیە)) (فصل:١٩٩٨: ٢٣٩) بۆ نمونە فێڵدە جیاوازەکانی وشەو فەرهەنگی وەکو (بابەتی دەرونی، ناوی سروشتی، نیشتمان.....هتد) ئێمە لەڕێگەی خشتەیەکەوە چەند جۆرێک لەو وشە دووبارەو کۆدانە دەخەینەڕوو:

| | فێڵدی ژن و جەستەی ژن | فێڵدی نیشتمان | فێڵدی سروشت و ڕەگەزەکانی | ئاماژەی غەم | ئاماژەی شادی و خۆشی | ناوی گشت و بێ لایەن |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | ٤٦ | ٠ | ١٣٥ | ١٤ | ٥ | ١٥ |
| ڕێژەی سەدی | %٢١ | %٠ | %٦٣ | %٧ | %٢ | %٧ |

(باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٠٠-٢٣٠)

پێنجەم// جیاکردنەوەی ناوەکان بەپێی(مەتریاڵی و ئەبستراکت)

مەبەست لەمەتریاڵی(کۆنکریتی) ئەوەیە، کە ئەو شتە بەیەکێک لەپێنج هەستەکەی مرۆڤ بکەوێت، هەروەها ناوی ئەبستراکت، ئەو ناوانەن کە ژیرن (مەعنەوی) بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆرە ناوەش پێویستە ئەوەمان لەیادبێت، کە ئەگەر شیعرەکە لەوچوو، لێچووی تیابوو، ئەوا ناوەکە کۆنکریتیە.

بۆنمونە.

<u>دڵیان</u> وەک <u>پەردە</u>

کەواتە گونجاو نیە هەردوو ناوەکە ئەبستراکبن، بەڵام ئاساییە مەتریاڵ بن، وەکو ئەو دێڕەی سەرەوە. بۆناوی ئەبستراکیش وەک لەم کۆپلەی شاعیر دا دەردەکەوێت، کە شاعیردەڵێ.

کزەبا دوو درەختی
خستە ئامێزی یەکترییەوە
ئەمە دووا ماچی
ماڵئاواییی گەڵاکانە! (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٥٢)
(ماچی ماڵئاوایی گەڵاکان)

وەکو ئاشکرایە (ماچ) پرۆسەیەکی کردارەکی نێوان دوو مرۆڤەو بەرهەستەکان دەکەوێ، بەڵام لێرەدا بەمەعنەوی کراوە، ئەویش بەهۆی (ماڵئاوایی گەڵاکان)ە کە مەبەست لێی گەڵاڕێزانە.

| | ناوی هەستی (مەتریاڵی) | ناوی ئەبستراکت (ژیری) |
|---|---|---|
| ژمارەی هاتن | ١٤٦ | ٥٤ |
| ڕێژەی سەدی | %٧٣ | %٢٧ |

(باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٥١-٨٠)

لای شاعیر زمانی شیعر سادەو بیروجوانی نوێی تیادا دەبینرێت شاعیر خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە سێکوچکەی ژیانی ئەو (شیعرو شەراب وژن) ە ئەمە دنیایەکی خودی (الذاتی) دروستدەکات، لێرەوە ناوی جلوبەرگ و ئەندامەکانی لەشی ئافرەت بەشێکی دیاری دنیای شیعری

( قوباد) ن، لەگەڵ ئەمەدا، شاعیر درێژترین دراما شیعری لەسەر کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە هەیە، و غەمی گەریلاش بەشێکی شیعری ( قوباد ) ن، ئەمانە دەبنە هۆکارێک شاعیر بەرکەوتنی لەگەڵ دنیای هەستیدا هەبێ.

## ٣-٢-٣ باسی سێیەم/ گەیاندن (الوصل)

لەهەر جۆرە نوسینێکدا پەیوەندیەک لەکۆی دەقدا پێویستە، واتە هەربابەتێک هێڵێکی ئاراستەو پێکەوە گونجانی مەبەست دەکاتە بنەڕەتی خۆی، بەڵام لەشیعردا ئازادیەکی زیاتر ڕێگەی پێدراوە و هونەرێکی وەکو (گەیاندن) ئاراستەو پەیوەندی جیاوازیش لەخۆی دەگرێت (( لەزمانی ئاساییدا پێکەوەبەستنەوەی دوو ڕستە دەبێت لەسنوری لۆژیکدابێت، واتە هەردووکیان لەڕووی واتاو ئەرکی زمانیەوە لە یەکەوە نزیکبن، بەڵام لەکاتێکدا چەند بیرێک پێکەوە کۆ بکەینەوە، کە پەیوەندی لۆژیکی ئاشکرایان بەیەکەوە نەبێت، ئەمە بەلادان دادەنرێت لەپێوەری زمانی ئاسایی و(دابڕان) ی پێدەوترێت، کەواتە ئەمشێوە لادانە، واتە پێکەوە لکاندنی چەندبیرێک، کە لەڕووی لۆژیکەوە پێکەوە نابەسترێنەوە)) (حسین:٢٠١٠: ٥٣٠)

لەگفتوگۆی ئاساییدا ڕستە ودەق هاوپەیوەندیەکیان هەیە، بەڵام (گەیاندن واتا گرێدان وکۆکردنەوەی دووڕەگەز یان دووهزرە کە لەڕووی واتاوە لەیەکتری دابڕان ولەوێنایەکی شیعریدا پێکەوەدێن).(قادر:٢٠١٤: ١٤١)

ئاوێتەکردنی واقیع و خەیاڵ لەشیعردا بابەتێکی هونەریەو ئەندێشەی شاعیر بەرهەمهێنەری وێنا شیعرییەکانە، لەکاتێکدا هەندێکجار جۆرێک لەدابڕان لەپەیوەندی نێوان دەقدا دروستدەکرێت، ئەوە بەگەیاندن دادەنرێت، چوونکە ((گەیاندن بەمانا تەواوەتی وگشتیەکەی واتا کۆ یان کۆکردنەوە دەگەیەنێت)) (کۆهین:٢٠٠٨: ١٢٨)

هەر بۆیە بچڕانی پەیوەندی وئاوێتەکردن، ئەگەر نەگەیشتە سنوری ئاڵۆزی، ئەوا بە گەیاندنی دووبیر یان دوو وێناو دوودۆخی جیاواز دادەنرێت وبابەتێکی هونەریە لای شاعیران.

شاعیر لەچەندین جێگەدا ئەم هونەرەی نواندووە و ئاماژە بەچەند دێڕێک دەکەین، لەبابەتی گەیاندندا دەکرێت شاعیر وێناو باسی جیاواز ئاوێتە بکات، بەجۆرێک وەرگر بخاتە دۆخی تێرامانەوە، واتە پەیوەندی وجیاوازی نوێ لەنێوان پێکهاتەکانی شیعردا دروستدەبێت، دیارە ئەمە لەڕێگەی ئامرازەکانی لێکدەر و خاڵبەندییەوە، بەرهەمدەهێنرێت، هەرچەندە ئەگەر ئەو ئامرازانە نەبن

خوێنەرهەست دەکات، جۆرێک لە ناتەبایی لەنێوان دەقەکەدا هەیە، ئەویش ئەنجامی بیری هونەرییە، نەک نەشارەزایی. وەکولەم شیعرەدا دەبینین.

پشیلەیەک بەپانکەی سپلیتەکە،
هەڵدەمیزێ.
هەڵبەزوو دابەز، بەبۆقێکی تۆقیودەکات.

دووربەدوور، گوێم لەشیوەنی((بەهجەت))ە
بەدەستی هەرلکە درەختێکەوە
زرمەی دەفە.

من ونازداری ژنم
لەنێوجۆلانەیەکی ئاورێشمیندا
خۆڕادەژەنین (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٠٦)

وەکو لە پێناسەی گەیاندندا باسکرا، کە کۆکردنەوەی باس وبیری جیایە، دەبینین لەم شیعرەشدا، کە سێ وێنای جیاواز پێکەوە لەناویەک دەقدا کۆکراونەتەوە، ئەوەش چەسپاندنی هونەری گەیاندنە.

یەکێکی تر لەهۆنراوەکان بەناوی (جوانترین ژنی دنیا) یە بۆ وەسفی نازداری خێزانی نوسیویەتی، کۆمەڵێک باس و وێنەی هەریەکە لەنیوەدێڕێکدا داوەتەدەم یەکترەوەو هۆنراوەیەکی لێ بوونیادناوە، کە لەدوای (حەڤدە) نیوەدێڕ بەسێ کردارو لەسێ نیوەدێڕدا واتاگشتیەکە ڕوون دەکاتەوە، ودەڵێت:

کە چەترێکمان ڕەشەبا تێکی دەشکێنێ
کە هاندێکی مۆبایل ون دەکەین
کە لەساتی شیعرنووسینا، کارەبا دەکوژێتەوە
-----------------------------
کە دانەکانمان دەکەون
کە لەناو مەصعەدا گیردەخۆین
کە توشی سک چوون دەبین

که دووای ژوانێکی سەرپێیی ""عادە ""مان دووادەکەوێت.

---------------------------

بێ تاقەت دەبین

جنێو دەدەین

کوفر دەکەین (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٨٨)

لەم هۆنراوەیەدا کۆمەڵێک باسی جیاواز پێکەوە هاتوون، بۆئەوەی هۆنراوەکە تەواوبکرێت، لەکاتێکدا زنجیرەی پەیوەندییان، تەنها بەهۆی سێ نیوەدێڕی کۆتای پێکەوەهاتون.

لەهۆنراوەیەکی تردا بەناوی (خۆکوشتن) هونەری گەیاندن لەلایەن شاعیرەوە ئەنجامدراوەو تیایدا دەردەکەوێت.

چ پەپولەیەکی دڵڕەقیت،

نەتهێشت!

دەنا دەمێک بوو؛

پانکەیەکی سەقفی و

پەتێک و

کورسییەک. ( ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٥٠)

نیوەدێڕی یەکەم وەسفی مەعشوقەکە دەکات، بەڵام دواتر بەهۆی نیشانەکانی خاڵبەندی ( ! ، ؛ ) لەگەڵ وشەی (دەنا) سێ نیوەدێڕی کۆتای پێکەوەبەستراوە، بچڕاندنی پەیوەندیەکە لەوەوە دێت، ئەگەر پەپولە دڵڕەق بێت، چۆن ناهێڵێت پرۆسەیەکی کوشندە ئەنجام بدرێت، کە ئامادەکارییە بۆخۆهەڵواسین.

لەکاتی بوونی وێناو باسی جیا و نەبوونی پەیوەندی هێڵێکی ڕاست، ئەوا هونەری گەیاندن وکۆکردنەوە دروستدەبێت، دەگونجێت بۆچوونەکان یەکتر ڕەتبکەنەوە، یاخود بەهۆی ئامرازی زمانی وهێزی واتای بابەتەکان پێکەوە بلکێنرێن.

## ٣-٣ تەوەری سێیەم/ لادانی واتایی لەڕووی (گونجان)ەوە

### ٣-٣-١ باسی یەکەم/ پارادۆکس (Paradox)

پارادۆکس، یان دژەڕۆیی هونەرێکی لادان و جوانکاری شیعرییە (( ئەم زاراوەیە وەرگێڕانی هەردوو زاراوەی ( Paradox،Irony ) یە و جۆرێکە لەجۆرەکانی ڕەوانبێژی(para) واتای زیادەڕۆی یان دژ و (doxa) واتای بیروبۆچوونە، پێکەوەش واتای پێچەوانەی بیری باو دێت)) (ویس:٢٠٠٥: ٦٦)

هاودژی (المفارقە) تەکنیکێکی گرنگە، بۆ ڕاکێشانی سەرنج و بڕیاردانی خوێنەر لەسەر ئەو هاودژییەو کۆی دەقەکە، چونکە مەرج نییە، بیرو خەیاڵی شاعیر لەگەڵ خوێنەردا وەکو یەکبن، کەواتە پرۆسەی چێژوەرگرتن و ڕەتکردنەوە و کاری جیاکاری لای خوێنەر چالاک دەکات ( لەهاودژیدا بنیاتی پێچەوانەو ناجێگیرە، ئەمە ڕێگە دەدات بەوەرگر بۆ زیاتر لە بۆچوونێک). (حسێن:٢٠١٦: ١١)

لای نوسەران ئەم هونەرە بەوە ناسراوە، کە چێژی خوێیە، وەها دەکات خواردن دڵگیربێت. ( قویدر:٢٠١٠: ٥٠) واتە مەودا بە شاعیر دەدات، کە بەراوردکاری و بەرامبەرکی و لایەنداری وێنایەک، یان کۆپلەیەک بکات. بنەڕەتی پارادۆکس دژیەکە، بوار بە شاعیر، دەدات کە فرەڕەنگی دەربخات و ئاستەکانی واتای و پێکهاتەی وەرگرتووەو هۆکارێکە بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی وێنا و گوێزانەوەی بیرو چێژ.(المقدادی:٢٠١٧: ٢١)

پارادۆکس سنوری بەرامبەرکێی واتایی فەرهەنگی تاکە وشە تێدەپەڕێنێت، د.محمد مەعروف فەتاح لە توێژینەویەکدا ئەم دژەڕۆییە بۆ سێ ئاست دابەش دەکات و ئەوانیش بریتین لە:

أ/ پلەی ناتەبایی. کە پەیوەندی واتای پێکەوە ڕێکناکەون.

ب/ پلەی دژایەتی. لێرەدا واتاکان دژی یەک دەوەستن و وەک ئەوەی یەکێکیان ئەوی تر ڕەتبکاتەوەو لە واتای بخات.

ج/ پلەی نەگونجان. بەرزترین پلەی پێکدادانەو واتاکان زیاتر لەسیمایەکدا لەگەڵ یەکتر ڕێکناکەون. (فتاح:٢٠١٠: ٤٢١ )

نەگونجان و ڕەتکردنەوەی وێناو واتای دەق، دەچێتە ناو پارادۆکسەوە واتە لە شیعرێکدا شاعیر ئاراستەی بیرو جوانی هونەری بەریەکدەکەون و جۆرێک لە هەڵوێستەی خۆێنەری پێویستە.

دژیەک کەرەسەی خاوی پارادۆکسە، لە دژیەکدا تەنیا دوو وشە پێکەوەن، بەڵام لە پارادۆکسدا دژەکان لەسنوری وشە فراوانتر دەبن واتە وێنەیەکە، دوورووی ڕۆنانەکە لەڕووی چەمکەوە یەکتر ڕەتدەکەنەوە (عەبدووڵا:٢٠٠٨: ١٥٤)

شاعیر لەڕێگەی ( المفارقە) هاودژی چەند ئامانجێک بەدەستدەهێنێت، گرنگترینیان بریتیە لە:

١- وا لەخوێنەر دەکات بەر کاریگەری و سەرنجدانی نویَ بکەوێت و تەنها وەرنەگرێت، بەڵکو تەتەڵە بکات و خۆی جوانی بدۆزێتەوە.

٢- گەشەپێدانی هزری ڕەخنەگرانە لای خوێنەر و بەشداری پێکردنی لەپرۆسەی هەڵاوێردکردنی وێناکاندا.

٣- هێنانە ناوەوەی جیهانی دەرەوەو بیرو لایەنداری و ڕەتکردنەوەی لای شاعیر، وەها دەکات جیا لەتێگەیشتنی بابەتی ڕەوانبێژی، هەندێکجار وەرگر بخاتە دۆخێکی دروستکردنی گۆشە نیگای کەسییەوە؛ وەکو ڕەتکردنەوەی بابەتێکی کۆمەڵایەتی ، یان ئاینی، کە شاعیر لەگەڵیدا تەبا نییە. چونکە هاودژی هەندێکجار ڕاستیەکان نابەخشێت، بەڵکو ئەگەرەکان لەبارەیانەوە دەخاتەڕوو، کە وەها دەکات مرۆڤ(وەرگر) بەشێوەیەکی هاوسەنگ بێت، نەک ببێتە بەشێک لەتاکە ڕاستییەک. (قویدر:٢٠١٠: ٥٠)

ئەوەی ئێمە بەئاگا بین لای شاعیر جۆرەکانی هاودژی (paradox) لەمانەی خوارەوەدا دیاریمان کردووە:

١- پارادۆکس لەناو نیوەدێڕدا.

٢- پارادۆکس لەناو دێڕدا.

٣- پارادۆکس لەناو کۆپلەدا.

هەرچەندە لای چەند نوسەر و لێکۆڵەرێک، تەنها ئاماژە بە پارادۆکسی نێوان دەستەواژە و دێڕ و نیوەدێڕ کراوە، واتە ئەم سیَ جۆرەیان بە پارادۆکسی هونەری داناوە. لە کاتێکدا ئێمە جۆری تری بۆ زیاد دەکەین و بەنمونەی دەقی شیعریەوە دەیخەینەڕوو.

گرنگی بنیاتی دژیەک لەشیعردا، دەرخەری گرنگی شێوەی ڕووانینی شاعیرە بۆ ژیان و دنیا، هەموو دژیەکێکیش جیاوازییە، بەڵام هەموو جیاوازییەک دژیەک نییە.(موسی:٢٠٠٩: ٢١)

شاعیر بۆ ئەوەی شیعرێکی هونەری بەچێژ بچنێت، پێویستی، بەچەند میکانیزمێک هەیە، لەبارەی هاودژیەوە، ئێمە پێمان وەهایە، کە ئەم شێوازانەی خوارەوە هەن:

١- بەراوردکاری(بەرامبەرکێ).

٢- دژیەکی نێوخۆی(واتە لەنێو دێڕ و کۆپلەدا) بێ لایەنی.

لەبارەی ڕۆڵ و لایەنگری شاعیریشەوە لەناو دەقی شیعریدا دەتوانین چەند جۆرێک دیاری بکەین.

## جۆرەکانی پارادۆکس بەگوێرەی پێگەی شاعیر لەدەقدا ( ئاڕاستەکان)

لەم جۆرەی دابەشکاری پارادۆکسدا بەهۆی ڕەتکردنەوەو دژیەکی نێو دێڕوو کۆپلەوە هەوڵ دەدەین پۆلێنبەندیەک بۆ جۆری دژیەک و ئاستەکەی بکەین، چونکە ئێمە وای دەبینین، کە دژەڕۆی تەنها بە بەرامبەرکردنی دوو کۆد یان دێڕ دروست نابێت، ئەگەر ئەو ڕادەی نەگونجانە بەڕێکی لەیەک جیا نەکرێتەوە. چونکە جیاوازی نێوان دوو پرس بەجۆرێک پەسەندکردنی هەریەک لەو دوو پرسە ڕەتکردنەوەی ئەوەی تر دەگەیەنێت. (رسول:٢٠١٣: ٢١١)

مەرجیش نییە پارادۆکس تەنها لەدوو وشەدا بێت، چونکە دەکرێت لەناو دەقێکی درێژدا بێت و بیرو وێناکان یەکتر ڕەت بکەنەوە.

١- پارادۆکس (paradox ) ( بەراوردکاری و بەرامبەرکێ)

دروستبوونی دژەڕۆیی لێرەدا دانانی دوو وێنە، یان بیر یاخود ئاوێتەیەکی زیاترە، کە دادەنرێت و خوێنەری شارەزاش، دەتوانێت هەست بەلایەنگری شاعیر بۆ لایەکیان بدۆزێتەوە، واتە لەم جۆرەدا شاعیر دوو ئاراستەی هەیە، لەپێدانی لایەنداری، بەڵام یەکێکیان بەباش دەزانرێت.

هەندێکجار سیاقی دەق و گێڕانەوەی ناوشیعرەکە بۆخۆی، پارادۆکس دروستدەکات، هەروەکو دەبینین هاودژی زمانی و سیاقی لەوەدا جیاوازن، کە لە زمانیدا شاعیر خۆی لایەنگری لایەک ڕادەگەیەنێت، بەڵام لەهاودژی سیاقی وەرگر چاودێرە، یان بەشداریدەکات لەو هاودژیەدا.

ئەم جۆرە هاودژیە، زیاتر کاتێک دەردەکەوێت، کە شاعیر کۆپلەیەک دەنوسێت لە کۆپلەی دواتردا ڕەتکردنەوەو ناکۆکی نێوانیان دەردەکەوێت، وەکو لەم جۆرەدا دەیخەینەڕوو.

شاعیر لە هۆنراوەیەکدا بەناوی ( دابەشکردنی خیانەت) دەڵێت:

حیزبەکان ڕێکدەکەون،

لەسەر ؛

دزینی نان.
دابەشکردنی خیانەت
کوشتنی ڕۆژنامەنوس
من و تۆ پێکدێین،
لەسەر
تۆودانی کێڵگە.
بەشینەوەی سەروەریی.
بەخێوکردنی پەپولە. ( کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٥٦)

لەم دوو کۆپلەیەدا، بەرامبەرکێ و بەراوردکاری نێوان دوو لایەن، یان ئاڕاستەی ژیان دەبینرێت، کە تەواو پێچەوانەی یەکترن و یەک ڕەتدەکەنەوە، واتە سیفەتی مرۆڤی باڵا و پڕ لەژیاندۆستی هزر وکرداری چەتەگەری ڕەتدەکاتەوەو پێکەوە ناگونجێت، هەر یەکە لەنیوەدێڕی کۆپلەیەک دژیەکی تەواوی نیوەدێڕەکەی ترەو لەکۆی واتای کۆپلەکاندا پارادۆکس و ناکۆکی دەبینرێت.

لەهۆنراوەیەکی تردا بەناوی ( کەوشی تۆقین) قوباد دوو ئاراستە لە ژیانکردن نمایش دەکات، بەڵام خوێنەر لەگەڵ یەکەمجاری بینینی شیعرەکەدا دەزانێت، کە ئەم جۆرە لادانە سەرەڕای پارادۆکس، لادانی هزریشی تیادا هەیە. بەمشێوازە شاعیر بەدوو کۆپلە بیری خۆیمان بۆ نمایش دەکات و دەڵێت:

دەچینە باڕەکان، دەخۆینەوە، مەست
دەبین
خۆشەویستی بەسەر مێزەکانەوە هاژە
دەکات
کەدەست بۆ گەردنی شوشە دەبەین،
ناولەپمان پڕ دەبێ لەگوڵ.
کاتێک بەرەو ماڵ دەبینەوە
لەناو هەر پەرداخێکدا گۆرانییەک
جێدەهێڵێن.

شاعیر لەم کۆپلەیەدا، کەباسکردنە لەیەک مەبەست وەسفێکی باشی ( ئەرێنی) مەیخانە و خواردنەوەو باری دەرونی خۆی و گشت (ئەوان) دەکات، بەڵام لەکۆپلەی دواتر وەسفێکی زۆر خراپ (نەرێنی) پەرستگا دەکات و ئەم وێنانە دەخاتەڕوو.

دەچینە پەرستگا، دەستنوێژ هەڵدەگرین،
نوێژدەکەین.
ئەژنۆمان دەکەوێتە لەرزین
ترس دەڕژێتە سەر بەرماڵەکانمان
کەدەست بەرز دەکەینەوە بۆ دووعا،
ناولەپمان پڕدەبێ لەئاگر.
کەوشەکانمان(پێڵاو) دەدزن،
بەپێ خاوسی دەگەڕێینەوە ماڵ. ( ژنێک لە جسنی باران:٢٠١٩: ٥٠٧)

پارادۆکس و ڕەتکردنەوە لەنێوان هەموو دێڕەکانی هەردوو کۆپلەدا دەبینرێت، بۆ نمونە لەچوون بۆ باڕ ( خۆشەویستی بەسەر مێزەکانەوە هاژە دەکات)، بەڵام لەچوون بۆ پەرستگا ( ئەژنۆمان دەکەوێتە لەرزین و ترس دەڕژێتە سەر بەرماڵەکانمان).

ئەم دوو دێڕەی سەرەوە ڕەهەندی دەرونی شاعیر نیشان دەدات، کە دوو دۆخی تەواو پێچەوانەو دژیەکن. لەدێڕەکانی کۆتای هەردوو کۆپلەدا شاعیر دژیەکی و ڕەتکردنەوەی یەکتری باسکردووەو لەکۆپلەی یەکەمدا، کە گەڕانەوەی شاعیرە بۆ ماڵەوە لە باڕدا بەدڵخۆشی بێ کێشە ئەو کرداری گەڕانەوە بۆ ماڵ ئەنجام دەدرێت، ئەمە کەشێکی ئاسایی و مایەی خۆشبەختییە، بەڵام لەکۆپلەی دووەمدا گەڕانەوەیە بۆ ماڵ بە پێ خاوسی، کە بەتەواوی پێچەوانەو ناکۆکە لەگەڵ کۆپلەی پێش خۆیدا.

لەم جۆرە پارادۆکسەدا، پرۆسەکە لەنێوان دوو ئاراستە و لایەنی جیاواز و پێچەوانەدایە، کە ناکۆکن و یەکتر ڕەتدەکەنەوە وەک ئەوە نییە، کە لە دێڕێکی شیعریدا کردارەکە بکرێت.

(( یەکێک لەسەرچاوە سەرەکیەکانی دابڕان(فجوة) مەودای چاوەڕوانی لەزماندا دژیەکە، کە زۆرترینی دژیەکیش مەبەست هەموو وێنا تایبەت و بەرامبەرکێکانە لەنێوان شتەکانی زمان و بوون)) (أبوودیب:١٩٨٧: ٤٥)

ڕەخنەگرتن و ڕەتکردنەوەو بەرامبەرکێ بەجۆرێکە لایەک بۆ لایەکەی تر لاسەنگ بکات، ئەوکات لە پارادۆکس دادەنرێت.

٢- پارادۆکس ( paradox)  ( بێ لایەنی شاعیر)

لەم جۆرەی پارادۆکسدا، شاعیر لەسەریەک ئاراستە دژیەکی وناکۆکی وێناکان دەخاتەڕوو، واتە ڕەتکردنەوەکە ناوخۆییە. وەکو لەهۆنراوەیەکدا شاعیر ئەم وێنە دەخاتە بەرچاو.

خودا بانگم دەکات.
ناوێرم بچم ،
بەرماڵەکەم لە مەیخانە جێ هێشتووە (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٦٥)

لەنیوە دێڕی کۆتایدا ڕەتکردنەوەی ناوخۆی هەیە، بەبێ ئەوەی شاعیر لایەنداری بکات و بنیاتی ناکۆکیەکەش، تاکە ئاراستەیە، چونکە باسکردنی خۆیەتی لەیەک کات و شوێندا، بەڵام دوو دۆخی دژیەکی بۆ دروستبووە، چونکە ( بەرماڵ و مەیخانە) ناکۆکن و پارادۆکسیان دروستکردووە. لەهۆنراوەیەکی تردا شاعیر بەمشێوازە جۆرە ناکۆکیەی خستوەتەڕوو دەڵێت:

تۆ لەباخی گریانەوە هاتوی..
ئەدی چۆن،
لێوە گۆشتنەکانت تژین
لە گوڵی زەردەخەنە ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٨٦)

دیارە شوێنی گوڵ باخە، واتە پەیوەندی بوونی هەردووکیان یەکە، (شوێن)ە چونکە باخ بێ گوڵ نابێت، هەمیشە باخ سەرچاوەیەو گوڵ بەشە، ئەویش بەهۆی ئەوەی دەکرێت، گوڵ و درەخت لەجێگەیەکدا بڕوویت باخ نەبێت، بەڵام هەرگیز باخ بێ گوڵ نابێت ( باخی گریان) سەرچاوەو گشتیە، هەربۆیە ( گوڵی زەردەخەنە) ڕەت دەکاتەوەو پارادۆکس دروستدەکات.

ب-جۆرەکانی پارادۆکس بەگوێرەی پێکهاتە

لەم جۆرەدا ناکۆکی و ڕەتکردنەوەکە دەکرێت چەند جۆرێک بێت، ئەویش خۆی لەمانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە.

١- پارادۆکس paradox لەناو نیوەدێڕدا

لەم جۆرەی دژەڕۆدا لە یەک نیوە دێڕدا و لەناویەک گرێدا پارادۆکسەکە دەبینرێت، وەکو لەم نیوەدێڕەی خوارەوەدا هەیە.

دایکم

یەکە یەکە، کوڕەکانی مردن

زاواکانی، پێکیان پڕکرد لەکوفر

شێرپەنجە

مەمکی بووکەکانی تژی کردن لەکرم

برازاکانی وەجاخ کوێر

خوشکەزاکانی نەزۆک

کچەکانی بەدبەخت

پێغەمبەرەکانی خوێنڕێژ ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٦٨)

کۆتا نیوە دێڕ ( پێغەمبەرکانی خوێنڕێژ) ناکۆکی و پارادۆکسی تیادا دەبینرێت، ئەویش هەر بەهۆی دێڕەکانی پێشوتری شاعیرەوە کە دەڵێت:

گەر بۆی بلوێ

ناوی هەمووی کوڕەکانی دەنێ

موحەمەد ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٦٧)

جگە لەوە، ئەوەی لای خەڵک ڕۆشتووەو جێگیر بووە، پێغەمبەرەکان خاوەن پەیامی چاکەکاری و ژیان دۆستین، نەک کوشتار.

لە هۆنراوەیەکی تردا شاعیر پارادۆکسی لەناو تاکە نیوەدێڕدا کردووەو دەڵێت:

ئەی عاقڵترین شێت.

ئەی شێترین عاقڵ.

ئەی منالّترین گەورە.

ئەی گەورەترین منداڵ

چی بکەم تا

ئەم هەموو منالّیەت، بلاوێنمەوە. (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٧١)

پارادۆکس و ناکۆکی لەنێوان هەریەکە لەنیوەدێڕەکاندا دەرکەوتووەو لەدۆخی ئاسایی لایانداوە. عاقڵی شێتی ڕەت دەکاتەوەو گەورەی منداڵی ڕەتدەکاتەوە. هەریەکە لەم هاوەڵناوانە لەیەک کەسایەتیدا کۆکراونەتەوە، ئەمە بۆ خۆی ناکۆکی و نەگونجانی هزری و پێکەوەی دروستکردووە.

٢- پارادۆکس (paradox ) لەناو دێڕدا

مەبەست لەم جۆرەی پارادۆکس، ئەو ناکۆکی و ڕەتکردنەوەیە، کە لە نێوان چەند نیوەدێڕێک پێچەوانەی نیوەدێڕەکەی ترە لە ئاراستە و جوانی و لایەنداری شاعیر.
لەهۆنراوەیەکدا شاعیر دەڵێت:

ئێمە بەئاشکرا پیاو دەکوژین
بەدزییەوە و، یەکتری ماچ دەکەین

ناکۆکی و ڕەتکردنەوە لەناو کۆی دێڕەکەدایە، بەجۆرێک ( پیاو کوشتن) کارێکی ناشیاوە، بەڵام بەئاشکرا دەکرێت و وەکو ئاسایی لێهاتوە، لەکاتێکدا ( ماچکردن) کارێکی کەسی ( خودییە) شاردنەوەی باوە، چونکە کاتێک ئاشکرا بکرێت کاراکتەری دەکەوێتە ژێر تانەی کۆی خەڵکەوە.
شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا ویستویەتی ئەم دوو باسە بەجۆرێک بخاتەڕوو، کە خوێنەر خۆی بزانێت دژیەکی و ناتەبای هەیە و ڕەتکردنەوەکە چەندە لەناو دەقی شیعردایە، هێندەش لە دنیای دەرەوەی شیعر پێچەوانەکەی دروستترەو دنیا خۆش دەکات. ( لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە ئەم وێنا لە هەموو کۆمەڵگایەکدا هەمان ڕاڤە و دیدگای گشتی بۆی وەکو یەکبن ).

٣- پارادۆکس (paradox ) لەناو کۆپلەیەکی شیعردا

لەم جۆرەدا لەچوارچێوەی کۆپلەیەکی شیعردا ئەم هونەرە دەبینرێت، ئیدی کۆپلەکە درێژ بێت یاخود کورت گرنگ نییە لە هۆنراوەیەکدا بەناوی ( زەمالک ) شاعیر دەڵێت:

زەمالک
حیجاب پۆشێکە،
ڕووت

ڕووت. ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ١٧٦)

ئەوە ڕوون و ئاشکرایە، کە حیجاب واتە پۆشتە و بۆ ژنان بەکاردێت، بەڵام شاعیر لێرەدا بەهۆی پارادۆکسەوە ئەو مەدلولەی گۆڕیوە بۆ وێنایەکی وروژێنەر، وەکو ئەوەی کەسێک پۆشتەیەک بێت، بەڵام جلەکانی دەرخەری جەستە و جوانیەکانیبن.

لەبابەتی دژەڕۆیدا چێژ و جوانی دوو ئاراستەیە، چونکە ڕەتکردنەوەی وێنا و بیرێک لای شاعیر، وەرگر دەخاتە دوو دۆخەوە، وەرگرتن و ڕەتکردنەوە (( مەبەست بیری شیعرە نەک ڕەوانبێژی و لادانەکان) هەربۆیە ( لایەنی دەرونی و کۆمەڵایەتی و بیری و هۆشیاری وەرگری نمونەیی دەتوانێت ڕۆڵی هەبێ لە ناسینی دەقی شیعریدا)) (کریم:٢٠٠٥: ١١٩) دۆزینەوەی پارادۆکس لە دەقی شیعریدا پەیوەندی بە شارەزایی و چێژی وەرگرەوە هەیە، چونکە شاعیران ئازادن چۆن دنیا دادەڕێژنەوەو ڕەنگە ئاستی بینین و ژیانی ساناى خەڵکی تێپەڕاند بێت و بچێتە دنیایەکی فەنتازییەوە. بەمەش ڕادەی جوانی و هونەری زیاتر دەکات، چونکە پارادۆکسە سادەکان هەمووان پەی پێدەبەن و ڕۆژانە بەکاری دەهێنن بەڵام خەیاڵی داهێنەرانە ئەو هونەرە باڵاتر لە ژیانی ڕۆژانە نمایش دەکات و دەبێتە خەسڵەتی زیندووی شیعرەکەش.

قوباد توانیویەتی چەندین جۆری پارادۆکس بەکاربهێنێت و خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەیدا لایەندار و هەندێکجار بێلایەن بێت لە دەرخستن و ڕاڤەی نوێ بۆ بابەتەکانی، واتە خوێنەر ڕۆڵ و ڕەخنەگری دەقی قوبادە لە بابەتی پارادۆکسدا.

## ٣-٣-٢ باسی دووەم/ زیادەگۆی ( حشو)

زیادەگۆیی بریتیە لەو کەرەسە زمانییانەی، کە دووبارە دەبنەوە بەیەک شێوە یان جیاواز و وەکو بارێکی لاسەنگ لە دێڕ و وێنای شیعری دا دەردەکەون.

هەموو دووبارەکردنەوەیەکیش بە(حەشو) دانانرێت، چونکە لەچەندین شوێندا ئەم تەکنیکە خزمەتی مۆسیقای شیعر دەکات، بەڵام زێدەگۆی بە لابردنیان هیچ کەموکورتی واتای دروست نابێت.
(( حەشو زیادەیەکی ئاخاوتنە، کە زۆر پشتی پێنابەسترێت واتە لەکاتی نەبوونیدا کەموکورتی دروست ناکات و ئەو زیادەیە هیچ سودی لەباردا نییە)) ( العروسی:٢٠٢٠: ٥٦)
ئەم جۆرەی دووبارەکردنەوە هەڵئاوسانی واتایشی پێدەوترێت ( قادر:٢٠١٤: ١٢٠) واتە کەرەسەی زمانی بەکارهاتو زیاترە لەواتای بەدەستهاتو. دەتوانین زیادەگۆی بەدژو و پێچەوانەی کورتبڕی دابنەین.

چەند هۆکارێک هەن، کەوا دەکەن نوسینێک یان دەقێکی شیعری زیادەگۆی تیادا دەردەکەوێت، گرنگترینیان ئەمانە:

١- دوو وشە پێکەوە بێت، کە هاو واتا بن لە دوو زمانی جیاوازدا.

٢- بەکارهێنانی سیفەتێک بۆ ناوێک، کە سیفەتی بنەڕەتی و نەگۆڕی خۆیەتی، ئەمە لەشیعردا بارێکی گرانە و جوانکاری لاواز دەکات.

٣- دووبارەکردنەوەی وێنا و دێڕی شیعر، ئەگەر نەبووبێتە بەرهەمهێنەری جوانیەکی زیاتر لەناو دەقدا.

گرنگترین جۆرەکانی زیادەگۆی ( حەشو) لای قوباد ئەم جۆرانەی خوارەوەن:

### ١-زیادە گۆیی پیت:

لەم جۆرەدا شاعیر پیتێکی زیادەی بەکارهێناوەو لابردنی جوانکاری دەقەکە زیاتر دەکات و نەبوونی باشترە لەبوونی، هەندێکجار نزیک دەبێتەوە لە هەڵەی چاپ و ڕێنوس.

لەهۆنراوەی (٢٠٣ بۆڵە ترێ) دا و لە هایکۆی ژمارە ( ١٢٨) دا شاعیر دەلێت.

پەپولەش ژن خوشکیەتی
هەنگ مێردی گوڵە ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٥٧)

وەکو دیارە پیتی( ش) هیچ ئەرکێکی جوانکاری و بگرە ڕێزمانی و پێکهاتەیشی نیە و زیادەیە. پیتی (ش) وەکو ئامرازی لێکدەر، یاخود کاتێک وەسف و کارێک هەیە و نوسەر(شاعیر) کەسێکی تر بەشدار دەکات لەهەمان کار و سیفەتدا پێویستی بە دووبارەکردنەوەی گشتی نییە، بەڵکو ئەم (ش)ە دەلکێنێت بەناوی دووەمەوەو هاوبەشی دەکات، لەگەڵ ناوی یەکەم لەکۆی وەسفەکاندا.

لەهۆنراوەیەکی تردا بەناوی ( گوجیلە سەگ ) زیادەگۆی پیتی تیادا دەبینرێت و شاعیر دەڵێت:

خۆزگە من و تۆ و سەگ دەبووین.
دە وەرە با ببین بە سەگ. ( ژنێک لە جنسی باران:٢٠١٩: ٢١٩)

لێرەشدا دەردەکەوێت کە پیتی ( و ) زیادەیە و دێڕە شیعرەکەی لاسەنگ کردووە و هیچ ئەرکێکی جوانی و شیعری نییە.

## ٢-زیادەگۆیی وشە.

لێرەدا شاعیر بەکارهێنانی وشەی زیاترە، لەواتای بەدەستهاتوو دەتوانرێت چەند وشەیەک، کە زیادەن لاببرێت، بەبێ ئەوەی لاسەنگی و کەموکورتی دروستبکات. لەم هۆنراوەدا ئەو دووبارەکردنەوە بۆ جەختکردنەوە ( تأكيد ) بەکارهاتووە، شاعیر لە هۆنراوەیەکدا بەناوی ( بەکۆمەڵ ) دەڵێت:

پایز لە تاکە یەک شەودا،
لەگەڵ سەدان درەختی ڕووتدا،
دەخەوێ
پایز حەزی لەجوتبوونی،
بەکۆمەڵە ( باخچەکانی مەلەک تاوس: ٢٠١٢: ٦١)

ئەوە ڕوونە، کە هەردوو وشەی ( تاک ، یەک ) واتای یەک و ( مفرد) دەدات واتا هاوواتان و بەکارهێنانی یەکێکیان زیادەو حەشوە. واتە دەبوو شاعیر بەمشێوازە بینووسییایە.

١-پایز لە شەوێکدا.
٢-پایز لەیەک شەودا.

وەکو دەردەکەوێت لەناو دێڕە شیعرەکەدا ئەو دوو وشە هاو واتان و باری شیعرەکەیان قورسکردووە.

لەهۆنراوەیەکی تردا بەناوی (یەڵدا) کەتێهەڵکێشی شیعری شاعیرانی کلاسیکە جارێکی تر زیادەگۆی وشەی هاو واتا و بێسود بەکارهاتوەو شاعیر دەڵێت:

بەسەر چو گشت هەموو عومرم بەتاڵی
بەڕاکردن بەشوێن دوو چاوی کاڵی
لەخوێن سور بوو قوباد وەک لێوی ئاڵی
موسڵمانان دەپرسن حاڵی " نالی " (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٧٢٠)

هەردوو وشەی ( گشت ، هەموو ) لەنیوە دێڕی یەکەمدا هەمان ئەرکیان هەیە و هیچیان ڕۆڵێکی هونەریانەی تری نییە، بۆیە بە زیادەگۆی ( حەشو) دادەنرێت، واتە دەکرێت یەکێکیان لابردێت.

### ٣-زیادەگۆیی گرێ:

لەم جۆرەدا گرێیەک زیادە هاتوە، ئەویش لەبەر ئەو هۆکارەی، کە باسێک، ( باسی گرێیەک) لەنیوە دێڕەکانی دواتریدا ورد کراونەتەوەو گرێکەی سەرەتا هیچ جوانیەکی نامێنێت، چونکە لەخوارەوەی خۆی بەش و ئاراستە و لایەنەکانی باسکراون.
لەهۆنراوەی ( ڤان) و هایکۆی ژمارە ( ٨ ) دا شاعیر خراوەتەڕوو.

کەڕووت دەبیتەوە، هەموو شتێ لینج،
هەوا لینج
ڕووناکی لینج
خەیاڵ لینج ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢٨٧)

لەنیوە دێڕی یەکەمدا ( هەموو شتێ لینج ) بە زیادە و ناپێویست دادەنرێت، چونکە لەخوارەوە ئەو هەموو شتە وردکراوەتەوە، واتە جوانتر بوو ئەگەر بنووسرایە.

کەڕووت دەبیتەوە
هەوا لینجە
ڕووناکی لینجە
خەیاڵ لینجە

چونکە لەسەرەوە شاعیر وشەی ( هەموو)ی بەکارهێناوە، کە گشتە و ئەوانەی نیوە دێڕەکانی تری بەشێکە لەو گشتە و وردکردنەوەیەتی.
لەهۆنراوەیەکی تردا بەناوی ( ئاوات ) زیادەگۆی و حەشوی (گرێ) بەکارهاتوە و شاعیر دەڵێت:

منداڵم کەرەوە وەک خۆت
وەک کەڵە نێرگزی کێوی
باریک باریک
تاڵ تاڵ قژم ڕەش کەرەوە

وەک شەوە زەنگ
تاریک تاریک (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٧٥)

هەندێک حەشو هەیە خزمەتی مۆسیقای شیعر دەکات، ئەگەر لەو ڕووانەگەوە بڕوانین، ئەم هۆنراوە حەشوی تیادا نیە، بەڵام ئەوە ڕوونە کە ( شەوە زەنگ) واتای شەوێکی زۆر تاریک دێت، کە ئاستی بینین کەمە، زیادەگۆییە کە لە دووبارەکردنەوەی ( تاریک تاریک )دا دەرکەوتووە.
هەروەها تەڵە نێرگز سیفەتی نەگۆڕ و هەمیشەی باریکیەکەیەتی، نێرگز لە هەر شوێنێک بێت بارستای و قەبارەیەکی نەگۆڕی هەیە.

## ٤-زیادەگۆیی نیوە دێڕ

لەم جۆرەدا نیوەدێڕێک دووبارەکردنەوەی واتاو وێنەکانی پێش خۆیەتی و گرنگیەکی دروستناکات چونکە لەپێشتردا ئەو واتا دەرخراوەو خوێنەر هەستی پێدەکات.
شاعیر لەهۆنراوەی ( داگیرم کە ) دا دەڵێت:

داگیرم کە..
جوانێک بە ،
دیکتاتۆر
جوانیەکی بێ بەزەیی
دیکتاتۆرێکی شمولی
دیکتاتۆرێکی خوێن ڕێژ ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٦٣)

ئەوە ڕوونە، کە دکتاتۆری شمولی و بێ بەزەی خاوەنی سیفەتی خوێن ڕێژیشە، واتە کۆتا نیوەدێڕ ( دکتاتۆرێکی خوێن ڕێژ) دووبارەکردنەوەی واتای دوو نیوە دێڕەی پێش خۆیەتی و خزمەتی جوانکاری و هونەری ناکات، بەڵکو تەنها دووبارەیەکی لاوازە.

## ٥-زیادەگۆیی دێڕ

لەم جۆرەدا دێڕێکی شیعری بەتەواوی دووبارەی پێش خۆیەتی و هیچ لایەنێکی هونەری پێش ناخات و تەنها کاری وردکردنەوەو دووبارەی پێش خۆیەتی.

لەهۆنراوەی ( گوجیلەی سەگ) دا ئەم هونەرە دەبینین.

کەس پێی نەدەوتین،

بۆ نوێژ ناکەن،

بۆ ناچن بۆ حەج ١

بۆ بەردێک ناگرنە شەیتان و

ڕوومەتی بەردە ڕەش ماچ ناکەن ٢ (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٩: ٢١٩)

پرۆسەی حەجکردن واجبێکی ئاینییە، شاعیر لەنیوەدێڕێکدا دەڵێت ( بۆ ناچنە حەج ) بەڵام دواتر لە دوو نیوەدێڕی کۆتادا، ئەو نیوە دێڕە هیچ خزمەتێکی جوانکاری و هونەری ناکات و بە زیادە گوێ دادەنرێت، چونکە حەجکردن پرۆسەیەکی گەورەترە لە ماچ کردنی بەردە ڕەش و بەردگرتن لەشەیتان، بەشێکە لەپرۆسەکە و دووبارەی لاسەنگی دروستکردووە، بۆیە دەتوانین بڵێین کۆتا نیوە دێڕ حەشوەو زیادە گۆیە.

واتە هەریەکە لە ئەم سێ نیوەدێڕە دووبارەکردنەوەی یەک پرۆسەیە ( کردار) ە

- بۆ ناچن بۆ حەج
- بۆ بەردێک ناگرنە شەیتان
- ڕوومەتی بەردەڕەش ماچ ناکەن

ڕاستە فۆرمی ( ڕووخساری) نیوەدێڕەکان جیاوازن، بەڵام لە ئەنجامدا تەواوکەری یەک مەبەستن و خوێنەر هەست دەکات، کە شاعیر بەزۆر هۆنراوەکەی بارگران کردووە.

## ٣-٣-٣ باسی سێیەم/ ڕەمز

ڕەمز بەشێکە لە لادانی واتایی، لەگەڵ نوسین و دەرکەوتنی شیعردا، ئەویش وەکو تەکنیکی هونەری هەبووە، ئەم زاراوە لە زمانی ئینگلیزیدا (Symbol) و لە فەرەنسیدا (Symbolo) و لە ڕووسیدا (Cumboe) و لە ئیسپانیدا (Simbolo) و لە فارسیدا (سمبل و نماد) و لە عەرەبیدا (الرمز) و لە کوردیدا (جەفەنگ و نیشانە) بەکاردێت. (حەمەد:٢٠١٢: ٧) لەبنەڕەتدا وشەیەکی لێکدراوە لە دوو برگە پێکدێت بەواتای(sam) لەگەڵ و (boleinl) ڕێزلێنان و گرنگی پێدانە. (أحمد:١٩٧٨: ٣٣)

ڕەمز لەناو شیعردا کاریگەری لەسەر بووژاندنەوەو چێژی دەق دەبێت، ئەویش ئەگەر شاعیر بتوانێت وێناو بیرێکی جوان دابڕێژێت و لەڕێگەی ئاواز و مۆسیقاشەوە ڕۆڵی دەرونی و جوانکاری

بخاتەڕوو، مەبەست لە ڕەمز جوانی گەڕانەوەیە بۆ کورتبڕی و (( کەم سەرفکردنی وشەیە)) (رسول:٢٠١٣: ١٣٧) ڕەمز لەگەڵ واتای ڕووکەشدا ئاماژەیەکی دەرەکی هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا خۆی لە دوو توێی وشەیەک یان دەستەواژەیەک یان ڕستەیەک دەنوێنێت. (ئەحمەد:٢٠٠٩: ٢٠٠) ئەوە ڕەمزە وا دەکات ئەزمونی شیعری زیندووبێت و کار لە وەرگر، بکات بەشێوەیەک وای لێبکات لە وردبوونەوەو تێڕامانێکی نوێدا لەگەڵ شاعیردا هەوڵی پێکهێنانەوەی جیهانێکی چاکتر بکات. ( سابیر:٢٠٠٦: ٥٥٨).

شاعیری بەتوانا لەگەڵ ئەوەی سود لە ڕەمزی دەرەکی (مێژوویی ، نەتەوەیی، ئاینی، کەلەپوریی....هتد) وەردەگرێت، دەتوانێت خۆیشی ڕەمزی خودی بەکاربهێنێت. بۆ ئەمە چەند پاڵنەرێک هەن، کە خودی و دەرەکین، خودییەکە ئەوەیە کە شاعیر بۆ سەلماندنی تواناو وێنای زمانی شیعرییەتی پێویستی بە دۆزینەوەو دروستکردنی ڕەمزە، لە ڕێگەی خەیاڵی داهێنەرانەیەوە، هەر بۆیە (( ڕەمز نوێناری هەموو ئەو حەز وبیرانەیە، کە نایەوێ ئاشکرابن )) (ئیبراهیم:٢٠١٢: ١٣٨)

لەم بارەیەوە ئەدۆنیسی نوسەر و شاعیر ڕای وایە (( شاعیر باسی ژیان ناکات، بەڵکو ژیان دروستدەکات)) (بكير:٢٠١٣: ١١٧) گەڕان بۆ جوانی ژیان و شیعر پێویستی بە کۆد و ڕەمزو کرانەوەو داخستنی زمانە، چونکە لە شیعردا زمان بەسەر خەیاڵ و بیرو وێنادا بەتەواوی کراوەتەوەو سنورەکانی کۆمەڵگە نابنە ڕێگری مەدلولی نوێ، لەبارەی داخستنیەوە ڕەمز بۆ خۆی تەسککردن و داخستنی زمانە بەسەر خۆیدا، واتە هەر ڕەمزێک، کە لە شیعردا دەردەکەوێت، پێویستی بە گەڕانەوەی قووڵتر لە فۆرمە باوەکە ناو شیعردا هەیە، واتە ((ڕەمز گوشینی واتایە لە وشەو دێڕدا و تەنها وێنایەکی زمانی نییە، بەڵکو واقیعە، یان ئەزمونێکی زیندووە، کە خاوەن واتای ڕۆحییەو سەرچاوەی ترۆپکی جوانییە)) (أحمد:١٩٧٨: ١٠٠).

بەکارهێنانی ڕەمز لای شاعیران چەندە لایەنی جوانکاری کاریگەرە، هێندە لایەنی کەسیی شاعیر چونکە ((زەمینە بۆ شاعیر خۆش دەکات وەک دەمامک بەکاری بهێنێت، بۆ مەبەست و تێڕوانینە تایبەتەکانی خۆی، لەبەر هەرهۆیەک بێت ناتوانێت بە سەربەستی وئاشکرا دەریان ببڕێت )) (محمود:٢٠٠٨: ١٦٩) هۆکارە دەرەکیەکانی ڕەمز بەگوێرەی کلتور و قۆناغی مێژووی و سیستەمی فەرمانڕەوای دەگۆڕێت، چونکە لە وڵاتێکی نائارام و دابینکەری ژیان و ئازادی، لای شاعیران بەکارهێنان و جۆری ڕەمز جیاوازترە لەو شاعیرانەی، کە لە وڵاتێکی نائارام و ستەمکاریدا دەژین.

د.أحمد پارسا. لەم بارەوە دەڵێت: (( دەبێت ئەوەش بزانین ڕەمزەکان بە پێی کلتورەکان جیاوازن)) (پارسا:١٣٩٧: ٧٦) دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی هۆکارەکانی بەکارهێنانی ڕەمز بەم خاڵانە بخەینەڕوو.

١- هۆکاری (ئامانجیی) ئیستاتیکی خۆشەویستی و جوانکاری، شاعیری بەتوانا سود لە پاڵنەرە دەرەکی و ناوەکییەکان ( کەباسمان کردوون) وەردەگرێت بۆ ئەوەی ڕەمز، وەکو سەرچاوەی جوانی لە دەقەکانیدا بچێنێت .

٢-هۆکاری ترس و شاردنەوە. ئەم هۆکارە لایەنەکانی دەرەکی وەکو کۆمەڵگە، فەرمانڕەواو خێزان ڕۆڵ دەگێڕن لە دروستبوونی ڕەمزدا ئەویش دەبێتە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

أ- هۆکاری سیاسی. شاعیر بەهۆی نەگونجانی بیروبۆچوونی، ناتوانێت بە ئاشکرا ئاماژەو باسەکان دەرببڕێت، بۆیە ناچارە بەشاراوەی، یان ڕەمز و ئاڵۆزی شیعرەکانی دەهۆنێتەوە.

ب-هۆکاری کۆمەڵایەتی. ئەمە چەندین بەشی لێدەبێتەوە لەوانە، ئادابی گشتی، ئاین و کەلەپور دەبنە ڕێگر، بۆیە شاعیر ناچارە ڕەمز لەشیعرەکانیدا بەکار بهێنێت. (( ڕەمز یارمەتی شاعیر دەدات مانای شیعرەکەی بەکراوەیی بەجێ بهێڵێت، جا لەبەر ئەوەی ڕەمز لای وەرگر (خوێنەر) هۆیەکی ئیجابییە، بۆیە ئەویش بەسەربەستی بە پێی تێگەیشتنی تایبەتی خۆیەوە لە ڕوانگەی جیاوازەوە ئەو مانایە وەردەگرێت، کە جۆری پێکهاتەی ڕۆشنبیری دیاری دەکات )) ( سابیر:٢٠٠٨: ٥٥٩)

هەروەک چۆن هونەرەکانی تری لادان و ڕەوانبێژی پێویستی بە شارەزایی و هۆشیاریی شاعیر هەیە، بەکارهێنانی ڕەمزیش بەئاگایی شاعیرانی دەوێت، چونکە بەکارهێنانی ڕەمزی ئامادەو کۆن زۆر خزمەتی بەرازاندنەوەی دەق ناکات، وەک ئەوەی شاعیر بتوانێت خۆی سود لە کەلەپور و مێژووی گشتی وەربگرێت، چونکە ئەوانە بە ڕەمزی گشتی ڕەمزی مردوو ناودەبرێت.(موستەفا:٢٠٠٩: ١٧٦)

ڕەمزی داهێنەرانە ئەوەیە؛ شاعیر لە ڕێگەی خەیاڵی هونەری و زمانی شیعرییەوە چۆن شوێنگۆڕکی بە پێکهاتە زمانیەکان دەکات، هەر بەو شێوازە نوێگەری و دۆزینەوەی تازە بۆ دنیای دەرەوەی شیعر ببنە کەرەسەی کۆدوو ڕەمزی خودی، کە پێش ئەو لەقاڵبی ڕەمزدا نەهاتبێت. هێما بەلای شاعیرەوە، هەوڵە بۆ گۆڕانکاری، بەڵام بەلای خوێنەر(وەرگر) سەرچاوەی ئاماژەو سەرنجدانە، ئەدۆنیس لەم بارەوە دەڵێت: (( هێمای نوێگەری لە هەموو بەرهەمێکی شیعریدا بریتیە لەو داهێنانەی، کە لە بەرهەمەکانی ڕابردووی جیادەکاتەوە، شاعیری ڕاستەقینە ئەوەیە، کە جیهانی تایبەت بۆ خۆیمان پێشکەش دەکات )) (بەرزنجی:٢٠٠٨: ١٣) شاعیران جیا لەو دنیا گشتیەی هەمووان بەرکەوتنمان لەگەڵی هەیە، خاوەن خەیاڵ و سۆزی تایبەتی خۆیانن، هەر لەوێوە ئاشنامان دەکەن بەوێناو زمان و داهێنانی کەسییان و کاریگەریەکانی سەریان لەسەر پەڕەی شیعرەکانیان دەنەخشێنن، قوباد وەکو دانەیەکی جیا لەکۆمەڵ، جیهانی خۆی هەیەو دەڵێت: (( لاپەڕەکانی تایبەتی خۆم لە سێکوچەیەکا ئەبینمەوە، کە بریتیە لە (ژن ، شەراب و شیعر ) جگە لەو سێ مەسەلەیە شتێکی تر نییە، کە بەبایەخێکی زۆرەوە

سەیری بکەم )) (مەولود:٢٠١١: ٧٢) دیارە ئەم دنیا تایبەتەی شاعیر ڕەنگدانەوەی لەوێنای شیعر و داهێنانی شیعریدا ڕەنگی داوەتەوە. مەرج نییە شاعیر هەموو ڕەمزە بابەتییەکانی بەکارهێنابێت، ئێمە ئەوەمان بەدیکردووە، کە زیاتر بەلای ڕەمزی خودیدا چووە. گرنگترین جۆرەکانی ڕەمز لە بەرهەمەکانی شاعیر دا بەمشێوازە دەخەینەڕوو:

## ١-ڕەمزی خودی

سەرەتای بەکارهێنانی ڕەمز، ڕەمزەکان خودی بوون و کاریگەرییان زۆر بوو لەسەرخوێنەر، لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگار و ڕێبازی ئەدەبیدا ڕەمزەکانی دەسوێن و ئەو بەهایەی سەرەتایان لەدەستدەدەن، ئەویش لەبەرئەوەی هێندە بەکارهاتوون، بوون یان بوونەتە مەدلولێکی ئاشکراو پێویستی بەڕامان و خۆ ڕزگارکردنی خوێنەر نییە، لە ئاڵۆزیی و چڕی.

ڕەمزی خودی بەگوێرەی تواناو شارەزایی شاعیر، جوانی و بەرزی دەردەکەوێت، چونکە ئەم جۆرە ڕەمزە کەسی و خودییە، ئەگەر شاعیر ڕەمزێکی باویشی بەکارهێناو مەبەستی مەدلولی شاراوەو پێشین نەبێت، ئەوا گۆڕانی لە سەرنجی خوێنەر و ئاماژە زمانی و دنیای دەرەوەی دەق کردووە. هەربۆیە (( وشە دەربڕاوەکان ڕەمزی باری دەرونیین و وشە نوسراوەکان ڕەمزی وشە دەربڕاوەکانن )) (هیلال:١٩٧١: ٣٨) لەکاتی هاتنی ڕەمزدا بابەتێک بە ناڕاستەخۆی باس دەکرێت، ئەمە دەبێتە سەرچاوەی هاندانی خوێنەران بۆ گەڕان بۆ ئەو کۆدەی، کە بەرچاویان دەکەوێت، لە ڕەمزی خۆیدا نوێگەری بنەمای سەرەکیە، چونکە ڕەمزی خودی تاکە سەرچاوەیە، کە لە خەیاڵدانی شاعیرەو (( گرنگیی ڕەمز لە چڕکردنەوەی ئاماژەدایە لە بەرهەمهێنانی دەلالەتی جۆراو جۆر)) (مزروع:٢٠٢١: ٧٩) چونکە پەیوەندییەکان لەناو وێناکاندا نوێن و لادانی واتای نوێش لەناو ڕەمزدا دروست دەکەن، لەبەر ئەوەی ڕەمز ئاماژەیە بۆ بیرهێنانەوەی نادیارییەک، ڕەنگە خوێنەر پەیوەندیەکانی بەمجۆرە لەنێوان سیما واتاییەکان نەبینێت، چونکە ڕەمز نمونەی وێنا و بیری شاعیرە و هەموو ڕەمزێک وێنایەک نیشان دەدات، بەڵام هەموو وێنایەک پێکهاتەی ڕەمزەکان نییە.(طیبی:٢٠١٣: ١٠) بۆ خوێنەر گرنگە؛ کە شارەزاییەکی هەبێت، لەبارەی ڕەمز و چێژەوە، چونکە ئەگەر وەها نەبوو، لای دەبێتە ئاڵۆزی و نادیاری.

یەکێک لەو هۆنراوانەی، کە قوباد ڕەمزی خودی تیادا بەکارهێناوە (وەک ڕووت بوونەوەی ئاو لە هەموو ڕەنگێک) دایە و دەڵێت:

من بۆنم بە پشت و کەمەری گوڵەکانەوە
دەکرد
لەهەموو درزێکی لەشیدا، شوشە
نەمامێکمان، لە چەمێکی تەڕ و پاراودا،
ناشت. (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٢٢٦)

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕەمز، نادیاری و ئاڵۆزی دەقە، چونکە ئەگەر دەق (شیعر) ڕوون و ئاشکرا بوو، هەموو مەدلولەکانی دیاربوون، ئەوا ئەگەر ڕەمزیشی تیادا بێت سست و لاوازەو زۆر سەرنجی خوێنەر ڕاناکێشێت، واتە شاعیر بە ئاماژەو ڕەمزی نوێ ناو لەپرۆسە و ناوی تر دەنێت ئەویش مەبەستی هونەری لە پشتەوەیە، وەکو لەم هۆنراوە دەبینین.

درزی لەش
شوشەی عەتر
نەمام
چەمی تەڕوو پاراو

ئاماژەو ڕەمزن بۆ ناوێک لەدەرەوەی دەقەکە دەبێتە.
سنگ و ڕەحمی ژن
لێسانەوەو پرۆسەی مژین
نەمام مەبەست پرۆسەی جوتبوونە
ڕەحمی ئافرەت.

کۆی شیعرەکە ڕەمزێکی خودی شاعیرە، بۆ پرۆسەی بەیەکگەیشتنی هەردوو ڕەگەز و پرۆسەی ژوان، تا دەگاتە ڕادەی جوتبوون. کورتەی ڕەمز و مەبەستی شاراوە پرۆسەی جوتبوونی دوو خۆشەویستە.
یەکێکی تر لە ڕەمزە خودیەکانی شاعیر گۆڕینی مەدلولی باوە بۆ ئاماژەیەکی نوێ، کە شیعرەکە دەبێتە سەرچاوەی پێدانی مەدلول و ڕەمزی نوێ، وەکو لە هۆنراوەی (ڕەشپۆش) دا دەبینین، شاعیر دەڵێت:

بێ ئۆقرەم:
که له دارستانەوه ، بووین به بیابان
له دەریاوه، بووین به کانی
له هەڵۆوه، بووین به چۆلەکه
له ڕاوکەرەوه، بووین به نێچیر (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٧٧)

شیعرەکه ڕەمز و هێمایه بۆ لەدەستدان و بچوکبوونەوەی هیواو ئامانجەکانی نەتەوەیەک. شاعیر دوالیزم و پارادۆکسی له نێوان ڕابردووی پڕ سەروەری و ئێستای شکستخواردوو دروستکردووه. نەتەوەی شاعیر (ئێمه) له ڕابردوودا خاوەن داهات و دەسەڵات بووه، بەڵام له ئێستادا هەموو ئەو جوانی و شکۆیانەی لەدەست داوه. لەدوا (کۆتا) کۆپلەی ئەم هۆنراوەدا ڕەمزەکان به ئاشکراتر دەردەکەون کاتێک شاعیر دەڵێت:

ڕەشپۆشم
بۆ ئەوەنا، که بیره نەوتەکان بوون به
بیری گو
بۆ ئەوەنا، ئیبراهیم خەلیل کرا، به
ئیبراهیم جەعفەریی (کۆلانه شینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٧٨)

( بیری گو و ئیبراهیم جەعفەری )

هەردووکیان ڕەمزی خودین لای شاعیر و ئاماژەن بۆ داتەپینی تواناو دەسەڵاتی نەتەوەیەک، که هەرێمی کوردستانه. ئەویش خۆی له لەدەستدانی نەوت و سنوردا، دەبینێتەوه.

## ٢-ڕەمزی بابەتی:

ڕەمزی بابەتی، هەموو ئەو ڕەمزانه دەگرێتەوه، که سەرچاوەکەیان مێژووی کۆمەڵگه و ئەفسانه و ئەدەب و ئاین و کەلەپوری کۆمەڵی شاعرن. ئەم ڕەمزانه به ڕەمزی گشتی ناودەبرێن و لەناو کۆمەڵگەدا زۆر بەکاردێن و ڕێژەی بڵاوییان پەیوەسته بەهۆشیاری خەڵکەوه، هەر ڕەمزێکی زۆر بەکارهات، ئەوا دەسوێت و کاریگەری و جوانی خۆی لەدەست دەدات.

ئەوەی جێگەی سەرنجە، کە قوباد بە کەمی لای لەم جۆرە ڕەمزانە کردووەتەوە ( لەچوارچێوەی مەودای کاری ئێمەدا ) شیعر لای شاعیر زیاتر ئێستاییە تاکو کۆنگەرای، هەرچەندە غەمی نەتەوە هەندێکجار ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام بەراورد بە چێژو وێنای خودی و کەسیەکان، کەمترن.

دیارترین ڕەمزە بابەتییەکان لەم خاڵانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

## أ/ ڕەمزی ئاینی.

ئاین بەشێکە لە هەست و نەستی تاک، جا ئیدی هەر کەسێک بێت و لەناو هەر کۆمەڵگاو ئاین و ئاینزایەکدا بێت. شاعیر کاتێک ڕەمزێکی ئایینی لە شیعرەکانیدا بەکاردەهێنێت، مەرج نییە ئەزمونی ئاینی هەبێت، چونکە ئەو ڕەمزانە بوونە بە بەشێک لە مێژووی کۆمەڵ یان مرۆڤایەتی و شاعیر لەوێوە ئاوێتەی بەرهەمەکانی دەکات، هەر بۆیە (( شاعیری هاوچەرخ لە بەکارهێنانی ڕەمزی ئاینیدا بە عەقڵیەتی ئاین بیرناکاتەوە)) (مستەفا:٢٠٠٩: ١٧٩)

لای شاعیر ڕەمزە ئایینییەکان بەشێکن لە سکاڵاو هاواری خودی و ژانی نەتەوەیی، نەک بەشێکبن لە پرۆسەیەکی کردارەکی، چونکە شاعیر ئاین وەکو هەر ئەزمونێکی کۆمەڵایەتی دەبینێت و ئەمە لەگەڵ تێگەیشتنی وشکە سەلەفی و باوەڕی سادەی ڕۆژانە یەکنین.

یەکێک لەو هۆنراوانە، کە ڕەمزی ئاینیی تیادایە ناوی ( هینگی دوونیا ) تیایدایە و شاعیر بیری خۆی دەخاتەڕوو.

نەمارێک، لەقەدی ئاڵاوە
نەشوی کردووە بە درەختێک
نە من شەوێ لەگەڵیدا نوستوم!
ئەدی کێ، سکی ئەو مریەمەی پڕکردووە
لەهێشو؟! (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٤٠)

هەندێک لە پێغەمبەران موعجیزەیان هەبووە، کە لە قورئاندا باسدەکرێت، (زگ پڕبوونی حەزرەتی مەریەمی عازەب) بە پێغەمبەر عیساوە، یەکێکە لەو گێڕانەوانە. شاعیر ئەم ناوەی (مەریەم) وەکو ڕەمزی پاکی و جوانی بەکارهێناوە، کەواتە ڕەمزی ئاینیی کوڵەکەی وێنای شیعرەکەی پێکهێناوە.

لە هۆنراوەی (دینا) دا شاعیر بە ڕەمز ڕووداوەکانی ڕۆژی دوای (هاتنی قیامەت) باس دەکات و دەڵێت:-

تا هاتنی مەهدی مونتەزەر

تا ساتی خوێن ڕشتن، لە بناری کێوی زەڕ

تا قەڵای گشت پاشایێ دەبێ نەوی،

تا ئاسمان دەتەپێ بەسەر زەوی

- - - - - - - - - - - - -

تا ئەو وەختەی برا دەبێتە دووژمنی برا

تا چرکەساتی خامۆش بوونی دووا چرا

تا جوانی خۆش دەکاتەوە

تا خوا عشق دەباتەوە

خۆشم دەوێی... ( باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣١٢)

هەموو ئەم ڕووداوانەی سەرەوە هێما و ڕەمزن بۆ ڕووداوێکی گەورەتر ، واتە ئەم ڕووداوانە بەشێکن لە هاتنی ڕۆژی دوایی و قیامەت.

## ب-ڕەمزی کەلەپوری.

کەلەپوور سامانێکی دێرینی هەر گەل و نەتەوەیەکە، لایەنەکانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دیدگای ژیان و پەیوەندییەکان بەگشتی، ئەگەر سنوری گوند وخێزانی تێپەڕاندبێت و بووبێتە بەشێک لە ژیانی گشتی، ئەوا بەشێکن لە مێژووی گشتی و بەتایبەتی دەبنە بەشێکی کەلەپورمان.

بەکارهێنانی (( ڕەمزی کەلەپوری پردێکی هەمیشەییە، کە ڕابردوو بەئێستاوە گرێ دەدات)) (حەمەد:٢٠١٢: ٣٤٨) و خوێنەرانیش بەهۆی ئەم ڕەمزەوە لەگەڵ مێژووی ئەدەبی و کەلەپوریان ئاشنا دەبن (( چونکە کەلەپوور هەمیشە ئامادەی بوون و زیندوویێتی تێدایە، ئەم خەسڵەتە وایکردووە بابەتەکانی سنوری زەمەن و شوێن و گشت پێوانەکان ببڕن و بۆ هەموو کات و سەردەمێک بشێن)) (مستەفا:٢٠٠٩: ١٨٢) شاعیر هەرچەند خاوەن دنیابینیەکی تایبەت و خەیاڵێکی هونەری بێت، پێویستی بە گەڕانەوە بۆ ڕەمزی بابەتی هەیە، بۆ ئەوەی وێنای هونەری پێ بچنێت. لەهۆنراوەی (لەناو جانتاکەتدا، کانییەک)دا ئەو وێنە خراوەتەڕوو.

نایەڵم بمریت..
بۆت دەدزم و
دەیخەمە جانتاکەتەوە،
کانییەک لە؛
(( خدری زیندە)) (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٣٧٤)

لەگێڕانەوەو کەلەپوری گەلاندا زۆرن ئەوانەی هێمای نەمرین، وەکو ( عیسا، مەهدی، مونتەزەر، خدری زیندە) هەریەکە لەمانە گێڕانەوەو هۆکارێکی ئاینی ، یان کۆمەڵایەتی لە پشتەوەیە. ( خدری زیندە) لەناو کەلەپورماندا ڕەمزی زیندووی و بەردەوامی و چاکەکاری کەسێکە، شاعیریش سودی لەم ڕەمزە وەرگرتووەو ئاوێتەی خەیاڵی هونەری خۆی کردووە.
لەهۆنراوەیەکی تردا بەناوی (عەتری پێشمەرگە) دەڵێت:-

خوا دەزانێ چەند لێوی گڕ،
چەند دەستی ڕەق، سمبێڵی زوور
ڕژانە سەر سینگی لوس و
قۆڵی نەرم و گەردن بلور
وەک پۆلێک دڵدار و عاشق،
وەک سیامەند و کاکە لاس
چوونەوە ناوکێڵگە و مەزار،
بێڵ و پێمەڕەو خاکەناس (ژنێک لە جنسی باران:٢٠١٩: ٧٠٨)

هەریەکە لە (سیامەند و کاکەلاس) ڕەمزی کەلەپوریمانن و ئاماژەن بۆ داستانی خۆشەویستی و دڵداری. ئەو دوو داستانە بەشێکن لەگێڕانەوەی ئەڤینداری و گیان بەخشین لەپێناوی خۆشەویستیەکی پاک.

### ج-ڕەمزی مێژووی و سیاسی.

ئەمجۆرە ڕەمزە پێکدێت، لەناوی کاراکتەری دیاری نەتەوەیی و جەنگ و کارەساتی نەتەوەیی و شاعیر لەهۆنراوەکانیدا وەک ڕەمزی بەرەنگاری، یاخود ستەمدیدەی ئاماژەیان بۆ دەکات، ئەمە

جیایە لەوەی خوێنەر ڕاستەوخۆ مێژوو بخوێنێتەوە؛ چونکە، لەبواری بەڕەمزکردنی هەندێ لەبابەتەکان، خوێندنەوەیەکی بۆ دەلالەتەکان دەخوڵقێت، کە لەوانەیە وەرگر چێژێکی زیاتریان لێ وەرگرێت بەبەراورد لەگەڵ خوێندنەوەی خودی مێژووەکە. (حەمەد:٢٠١٢: ٣١٦)
لەهۆنراوەی ( لکە زەیتون)دا ئەو هونەرەی نواندووە.

بڵێی جارێکی دی (کایە)
باکور پڕ نەکا لەسازی
گرێی پەتیش نەکرێتەوە،
لەگەردن و ملی قازی
بڵێی شێخی سلێمانی،
نەگەڕێتەوە شارەکەی
برینەکەی سارێژنەکات، (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٧١٤)

هەریەکە لە ( ئەحمەد کایە، قازی و شێخ مەحمود) ئایکۆنی نەتەوەیەکن، شاعیر، کە باس لە ئەوان دەکاتە ڕەمز بۆ ئازادییەک، تا کاتی نوسینی شیعرەکە، خودی شاعیر و نەتەوەیەک ئاواتەخوازین و بەدی نەهاتوە، ئەویش بەمجۆرەیە.
سازی أحمد کایە، ڕەمزی هاوار وناڵەی زمانی دایک و ئازاری نەتەوەیەکی ستەمدیدەیە، پەتی گەردنی قازی هێمای ژێردەستەی و ستەمدیدەی کوردانی ڕۆژهەڵاتە ( کوردستانی ئێران)
سارێژکردنی برینیش ڕەمزی ئەو ئازادییەیە ،کەهێشتا بەدی نەهاتوە( مەبەست گەیشتنە بە دەوڵەتداری). لەکاتی گەیشتن بە ئامانجی نەتەوەیی، برینی سارێژ دەبێت. کارەساتە نەتەوەییەکانیش لای شاعیر بە ڕەمز ئاماژەی بۆ کراوە، وەکو لە هۆنراوەی (مەولەوی شوشە لە پەنجەرەی شیعر دەکرێتەوە!)دا باس لە هەڵەبجە دەکات و دەڵێت:

ئەی لەکوێی کەسەکەم؟
چاویلکە دابەش دەکەی
یا دارشەق؟
یان پێنج هەزار شەتڵی تەنیایی
دەچێنیت؟ (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ١٣٨)

ئەوە ئاشکرایە، کە دووەم کارەساتی قڕکردنی مرۆی لە جەنگی دووەمی جیهانییەوەو لەدووای هیرۆشیما و ناکازاکی (یابان) کە لەلایەن ئەمریکاوە کیمیایی باران کران، هەڵەبجە پلەی دووەمی وەرگرتوەو لەسەر ئاستی دنیا پلەی یەکەمی لەوەدا هەیە کە سوپای هەمان وڵات ( ستەمکارو ستەملێکراو) بن لەو کارەساتەشدا پێنج هەزار مرۆڤ شەهید بوون.

شاعیر دێت بەڕەمزێک ئاماژە بۆ گیانی ئەو قوربانیانە دەکات و بە (شەتڵی تەنیایی) دەچوێنێت، کەواتە ڕەمزی هەڵەبجە بە شەتڵی تەنیای کراوە.

لە تازەترین بابەتی (کارەسات و کەسایەتی) نەتەوەی، کە لە هۆنراوەی (ئاپۆ) دا ئاماژەی بۆ کراوە، ئاپۆو سەلاحەدین دەمیرتاش  ئازادی نەتەوەییەو شاعیر دەڵێت:

لەزیندانام..
بەڵام؛
ئەوانەی دەرگای زیندانەکان
دەشکێنن.
ژمارەیان،
لەژمارەی زیندانەوانەکان
زیاترن
لە ئیمرالی
تەنیا ئۆجەلانێکم.
بەڵام
ئەوانەی لەدەرەوەی ئیمرالین
چل ملیۆن ئاپۆن. (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٤٦٤)

کۆی ئەم دوو کۆپلە هۆنراوەیە ڕەمزی ئازادین، ئەویش دژیەکی ئازادی و زیندان ( دەرەوەو ناوەوەی زیندان) دروستکراوە. لەبابەتی بەکارهێنانی ڕەمزدا شاعیر نەچوە بەلای جۆرەکانی تری ڕەمزدا، ئێمە هەوڵماندا کە بیانخەینەڕوو، بەڵام تەنها ئەمجۆرە ڕەمزانەمان لە شیعری شاعیردا بینی.

## ٣-٤ تەوەری چوارەم: لادان لەبنیاتی دەقی شیعری
### ٣-٤-١ باسی یەکەم : لادان لە شێواز

شاعیر نەوەی سەردەمی خۆیەتی، بەڵام ئەوە ئاساییە، کە هەندێک شاعیر بەهۆی ڕۆشنبیری و خەیاڵی داهێنەرانەیانەوە، دەتوانن تا چەند نەوە دوای خۆیان بەرهەمەکەیان بەشێکی دیار و نەمری نەتەوەو بگرە نیشتمانەکەیان بێت، لای کورد نمونەی زۆرمان هەیە، لەوانە ( نالی و مەحوی لە کلاسیکدا و شێرکۆ لە ئەدەبی هاوچەرخماندا).

دیارە هەریەکە لەوانە خاوەن شێوازی هونەری تایبەتی خۆیان بوونە و قوبادی جەلیزادەش خاوەن شێوازی شیعری خۆیەتی و خوێنەری قووڵ و شارەزای بەرهەمەکانی هەست بەو دنیاو شێوە زمانییە تایبەتە دەکات، کە شاعیر لەنوسینی شیعردا پەیڕەوی دەکات، هەروەک نوسەری ئێرانی ( سەعید دارای) دەڵێت (( قوباد دوورگەی ڕازە)) (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٤٤٤) ئەمە لە ئەنجامی شێوازی تایبەتی شاعیرەوە بەدی دەهێنرێت.

شیواز بۆخۆی فۆرمێکی جێگیری هەر قۆناغ و بەرهەمێکە، بەڵام لادان لەشێواز تێپەڕاندنە، ئیتر تێپەڕاندنی باو و شوێن و مێژوو، تەنانەت قۆناغێکی خودی، ئەمە لە ئەنجامی گۆڕانی خەیاڵ وبیری داهێنەرانە دروستدەبێت، ئیدی ڕەنگە ئەو خەیاڵە گەڕانەوە بێ بۆ ئاستێکی باشتر و هونەری تر، یاخود لاواز و ناهونەریی ، ئەوەش کاریگەری بارودۆخ بەگشتی و دۆخی کەسی کاریگەریان دەبێت و شێوازی بیرو چنین دەگۆڕن، هەروەک لەوبارەوە (شۆپێنهاوەر ١٧٨٨-١٨٦٠) دەڵێت (( شێواز ڕووالەتی دەرەکیە بۆ عەقڵ)) (عصفور:٢٠٠٩: ١٩٧) گۆڕینی شێواز چەندە خودییە، هێندەش بابەتییە، چونکە قۆناغ و باسی دەق ڕۆڵ دەگێڕن لە هۆنینەوەی خەیاڵدا، هەربۆیە (( ئەم جۆرە لادانە شاعیر لەجۆرێکی دیاریکراوی زمان و دەربڕینی شیعرییەوە دەگوازێتەوە بۆ جۆرێکی تر، یان لە شێوازێکی ئەدەبییەوە بۆ شێوازێکی بازاڕی دەڕوات)) (حسین:٢٠١٠: ٥٨٨) دەکرێت شاعیر لەشێوازێکی هونەرییەوە زیاتر گەشە بکات و توانای هونەری بەپێزبێت و لابدات لەشێوازی دەقەکانی پێشوی، بەمە هەر دەوترێت لادان لەشێواز.

دیارترین دەرکەوتەوکاریگەرییەکان لەسەرلادان لەشێواز و تایبەتمەندی لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت.

١- جیاوازی تێم و ناوەڕۆکی شیعری

واتە ناوەڕۆکی باسەکە کاریگەری دەبێت، لەسەر تێپەڕاندنی بەرهەمەکانی پێشو( لادان لەشێوازی باش) یاخود بەهۆی گێڕانەوەی سواو و نەبوونی چێژ ( لادان لەشێوازی لاواز) دروستدەبێت، چونکە

گۆڕینی قۆناغێک و دەقێک بۆ یەکێکی تر جیاوازەو خوێنەر و ڕەخنەگر دەتوانن بڕیاری لەبارەوە بدەن (پێوەری خوێنەری قووڵ و چێژی ئەدەبی ).

## ٢- گۆڕینی مۆسیقای شیعر

نیوەی دێڕی درێژ و ئاوازی ناساز، لادانی خراپ دروستدەکات و هارمۆنی و جوانی وێنا و ئاواز، لادانی شێوازی باش دروستدەکات.

## ٣- بەکارهێنانی شێوازی زۆر ئاڵۆز یان سادە و باو

ئەمجۆرە لادانە لەشێواز و هەمیشە بارێکی گرانە بەسەر دەق و کۆی بەرهەمی شاعیرەوە. ( قوباد ) لەچەندین دەقدا هەروەکو نەخشەی لێدانی دڵ دەقەکانی بەرز ونزمی تیادایە.

هەوڵ دەدەین بۆ هەردوو شێوازی لادان لەشێواز (سلبی و ئیجابی) باش و لاواز، نمونە بخەینە بەردەست.

- لادان لەشێواز بەجۆرێک لاوازتر لەزۆربەی دەقەکانی تری.

ئەویش بەهۆی گێڕانەوەی سست و زمانی سادە و نەبوونی شیعرییەت و هەندێکجار لاوازی مۆسیقای شیعرەوە، وەکو لەم چەند دەقە شیعرییەدا دەیانخەینەڕوو:

لەهۆنراوەی (کارتی سپی)دا شاعیر ئاستی شیعرییەتی بۆ نزمترین ئاستی خۆی دابەزاندووەو خوێنەر هەست بەهیچ جوانییەک ناکات، جگە لەوەی شاعیر ژیانی ڕۆتینی و چەندەها بارەی خۆی و خێزانی دەشیعریێنێت و دەڵێت:

من و هاوسەرەکەم کۆیین
بەیانیان بەئاوی مەعدەنی
بەسابوونی ڕەقی سووری
بەلفکەی شارەزووی
بەشامپۆی فەرەنسایی
خۆمان دەشۆین (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ١٠٨)

لەکۆپلەی دواتردا باس لە نانی بەیانیان دەکات تیایدا گێڕانەوەی تر دەخاتەڕوو.

بەرچاییمان،
کولێرە بەڕۆنی سلێمانی

ماستی هەولێر،
گوێزی هەورامان
هەنگوینی قەندیل
هێلکەی بەرازیلی

ئەوەی لەم هۆنراوەدا دیارە گێڕانەوەیەکی سادەی ڕۆژانەیەو شیعرییەتی لاوازەو ناوەڕۆکی باسەکەش زۆر بۆ خوێنەر گرنگ نییە، مەبەست لە لادان لەمجۆرە دەقانەی شاعیردا، لادانە کۆی شیعرەکانی تری کە زمان و وێناو خەیاڵێکی هونەری داڕشتووە، بەڵام ئەم شێوازانە بەهۆی لاوازی هونەریەوە، بە لادان لە ئاستی بەرهەم دادەنرێت و شیعرییەتی لاوازە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت بەوە دابنرێت، کە بەتەواوی پەیڕەوی زمانی باو یان پەخشانی زانستی کردووە.
لەهۆنراوەیەکی تردا بەناوی (سەتڵێک ماستی چێل) دەڵێت:

نازانم کیلۆیەک گۆشت و دەبەیەک دۆو
دوو دەسکە ڕێواس و نەفەرێک سەروپێ
و لەفەیەک فەلافل و سەتڵێک ماستی چێل
بەچەندە.

ژمارەی تێلی دارتاش و بۆری چی و
سەتاش و کارەباچی و دیکۆرکێش و
وەستای سپیکاری و لەشفرشم لەکن
نییە ( کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ١٩)

ئەم هۆنراوە لەڕووی شیعرییەت و باس و ناوەڕۆکەوە لاوازی پێوە دیارەو جۆرێکە لەلادانی شێوازی شاعیر، چونکە لەوێناو زمانی گشتی دەقەکانی تری شاعیر ناکات. ئەو هۆنراوانەی خرانە بەرباس لادانیان لەشێوازی شاعیر پێوەدیارە، لەهەریەکە لە لایەنەکانی وێناو زمانی شیعری و ڕۆنانەکانی سەرەوە و ژێرەوە، کەهەمان شتن، هەر بۆیە خوێنەر بەرجوانیەکی شیعری وەکو دەقەکانی تر ناکەوێت.

لەم چەند هۆنراوەدا لادان لەشێواز بەئاست و شێوەی جوانتر و بەرزتر دەخەینەڕوو، چونکە ئێمە بڕووامان وایە چۆن لادان لەشێواز بۆ ئاستی لاوازتر باسی لێوە دەکرێت، بەهەمان ئاست، پێویستە ئەو دەقانەش بخەینەڕوو، کە بەهۆی ناوەڕۆک یان وێناو زمانی شیعری باڵا جوانیەکی زیاتریان تیادایەو خوێنەر ڕادەکێشێت بۆ دنیایەک جیاوازتر لەبەرکەوتنی ڕۆژانە، وەکو لەم چەند هۆنراوەدا دەردەکەون. لەهۆنراوەی (خودا)دا لادان لەشێواز دروستکراوە، ئەویش بەکردارێک لەسەروی دۆخی مرۆڤایەتییە بەگشتی و دەڵێت:

جارێک،
لەسەر بەرماڵەکەی دایکم،
چاوم بەچاوی کەوتووە
جارێکیشیان،
لەنێوان دوو دەنکە تەسبیحی دەستیدا،
من گوێم لەخشپەی پێی بووە (ژنێک لەجنسی باران:١٦٣:٢٠١٩)

جوانی و تێپەڕاندنی ئەم هۆنراوە بەراورد بەزۆر لەهۆنراوەکانی تری بۆ چەند لایەنێک دەگەڕێتەوە، لەوانە وشەکان کورتن، دیارە ئەمە ئاوازی ناوەوە جوانتر دەکات و ئاوازی دەرەوەش بەهۆی هەردوو وشەی(کەوتووە، پێی بووە) مۆسیقایەکی جوان و سفتی بەدەقەکە بەخشیوە یەکێکی تر لەجیاوازییەکانی وێناو خەیاڵی شاعیر لەم هۆنراوەدا (بچوککردنەوەی زۆر گەورەیەکە) نێوان دەنکی تەسبیح و گوڵێبوونی شاعیرە لە خشپەی پێی (خوا) ئەمە لەڕووی وێنەی شعری جوانیەکی باڵا لەم دێڕەدا دەبینرێت.

لەنێوان دوو دەنکە تەسبیحی دەستیدا
من گوێم لە خشپەی پیی بووە.

پێکەوە بەستنی ئەو وشانە بە خەیاڵێکی سادە دروستناکرێت، چونکە جێگەی خوداو خۆشەویستی دایک هێزێکی باڵای خۆشەویستی و زمانێکی نا ئاسایی پێویستیە.

لەهۆنراوەیەکی تردا خۆشەویستی شاعیر بۆ خوا تا ئاستی عاشق بوون و توانەوە لە خودادا دەچێت و دەڵێت:-

بۆ
بوون بە قوربانی تۆ

قوبادێک کەمە
خودایە
ئەو قوبادەم لێ مەسێنەوەو
قوبادێکی دیکەشم
بدەیە! (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٣١)

ناوەڕۆک و خەیاڵی هونەری، ئاستی ئاسایی تێپەڕاندووە، ئەویش بەهۆی بەمرۆڤکردنی خواوە. بەرامبەر ئەم خۆشەویستیانە بۆ خوا، شاعیر هەندێکجار تا ئاستی کفرکردن و ناسزای لەخوا، بێ ئاگا دەبێت و دەڵێت:

لەئاسمانێکی زۆۆۆر دووریت..
هاوارمان ناگاتە تۆ،
کەمێک نزیک بەرەوە؛ ئەی خودا (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٦٠٤)

لەهۆنراوەیەکی تردا ئاستی لادانی دەگاتە داوایەکی مەحاڵ ئەو شێوازە دەخاتەڕوو.

بۆ دەبێ بمرین.
چ زووڵمێکە خودا،
لەبەندەکانی خۆی دەیکات
(van) (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٢١٤)

بەبەراوردکردنی پەیوەندی شاعیرو خوا لەدەقە شیعرییەکانیدا، خوێنەر هەست دەکات شاعیر لادانی لەشێوازی باو و دیدگای ڕۆژانە بۆ خودا کردووە. لادان لەشێواز جیاوازییە لەدەقی شاعیردا ئەویش بەهۆکارەکانی خودیی و بابەتی، هەرکات شاعیر وەسف و وێناکانی دەقئاوێزان و گوێزانەوەی بیری پێش خۆی بوو، ئەوا لادانی لەشێواز نەکردووە، کاتێک دەتوانین لەقۆناغێک یان دەقێکدا شاعیر بەلادان لەشێواز دابنەین، کە لەلایەنەکانی وێناو زمان و خەیاڵەوە جیاواز بێت لەدەقەکانی تری، چونکە شیعر بۆ خۆی لادانە لەزمانی باو کۆمەڵێک پێوەر هەیە ( وەکو لەسەرەتای نامەکەدا باسکراوە) بەڵام لادان لەشێواز، جارێکی تر لادانە لە لادانەکانی پێشوتری دەق و خوێنەری شارەزا خێرا هەست بە

گۆڕانی زمان و خەیاڵ دەکات ، کە ئایە نوێ و داهێنەرانەیە، یاخود گێڕانەوەیەکی بێ پێزە، وەک لەپێشدا خرانەڕوو.

## ٣-٤-٢ باسی دووەم: لادان لەناونیشان

ناونیشان ناسنامەی دەقە، یەکەم ئاماژەی ڕەمزییە، کە دەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەر، ئەمە دەبێتە بەستنی دەق و ناونیشان و لەوێوە(دەروازە) خوێنەر ئاوێتەی وێناو خەیاڵی خاوەن دەق (شاعیر) دەبێت. (الجزار:١٩٩٨: ١٠٧) ناونیشان پێدراوێکی زارەکییە و نمونەی باسی دەقەکەیەو کرانەوەی ناسنامەی دەقە بەڕووی خوێنەردا و خوێنەر بەهۆی ناونیشانەوە سەرنجی ڕادەکێشرێت بۆ ناوەڕۆکو باسی بنەڕەتی دەقەکە.

هەربۆیە دەبێت (( ناونیشان کۆکەرەوەی گوتارو بابەتی هاوبەش بێت )) (إسماعیل:٢٠١٨: ١٥٨)
مەرج نییە ناونیشان هەمیشە بەشێکبێت لەبنیاتی دەق، چونکە ڕەمز و پەیوەندی یەکێکن لەهۆکارەکانی یەکبوونی هەردوو ڕەگەزەکە. هەندێکجار ناونیشان لەناو دەقدا بە دەربڕین خۆی دەنوێنێت و جاری وا هەیە بەئاماژە ناونیشان دەدۆزێتەوە، ناونیشان ئەرکی ڕاکێشانی خوێنەر و سۆزداری هەیە، وەک چۆن هەڵگری دنیا بینی داهێنەرەکەیەتی.

شیعری کۆن (کلاسیک) ناونیشانی نەبوو، بەڵکو دواتر ڕەخنەگران و نوسەرانی شارەزا بەهۆی ئەزمون و شارەزاییانەوە وشەیەک، یان نیوە دێڕێکییان دەکرد بەناونیشانی قەسیدەکان، بەڵام لەسەدەی بیستدا بەهۆی کاریگەرییەکانی ئەدەبی بێگانە و کرانەوەی کوردیش بەڕووی ڕۆژنامە و گۆڤارە بیانیەکانداو زمانزانی شاعیران، ئیدی ناونیشان بۆ دەقی شیعری دادەنراو عبدالرحیمی هەکاری یەکەم کەسە، کە ئەم تەکنیکەی هێناوە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە.

لەبارەی گرنگی ناونیشانەوە، ئەوە ئاساییەو زانراوەکە، ناونیشان وەکو سەری مرۆڤە بۆ لەشی و دەبێتە ڕۆشنکەرەوەی ناوەڕۆک چونکە (( ناونیشان تەنیا دەستەواژەیەکی زمانی دابڕاو نییە، بەڵکو کلیلێکی ڕاڤەکاریی بنچینەییە بۆ کردنەوەی لایەنە داخراوەکانی دەق)) (ڕەشید:٢٠٠٧: ٥٣)
چۆن پەیوەندی شیعر بە شاعیرەوە بەکارهێنانی تایبەتی زمان و وێنای هونەرییە، لەڕێگەی خەیاڵ و ئەندێشەکانی داهێنەرانەوە، هەربەو ئەندازەش پەیوەندی ناونیشانیش بەدەقەوە ئەنجامی ئەزمون و دنیابینی و فەلسەفەی ژیانی تایبەتی شاعیرەوە بەرهەمهاتووە. (ئەسوەد:٢٠٠٦: ١٤٤)

پەیوەندی وەرگر بەناونیشانەوە لەو مەدلولە هونەریانەوە دەردەکەوێت، کە چۆن شاعیر دەتوانێت ناونیشانێکی سەرنجڕاکێش و ئاوازدارو بەسۆز بۆ دەقەکەی دادەنێت، چونکە شاعیر ئازاد

نییە لەوەی هەموو دەستەواژەو وشەیەک بکات بەناونیشان و پێویستی بە توانا و شارەزایی هەیە بۆ ئەوەی دەقەکە سازگار بێت و ببێتە بەشێک لە چێژی وەرگر.

شاعیر لادانی لەناونیشاندا کردووە، لەڕووی گونجانی ناو وهاوەڵناو (وەسفکراو و وەسف ) یاخود هێماگەری لادان و ئاماژەی سەروو سیمانتیکی باو و ڕۆژانە. هەوڵ دەدەین گرنگترینەکانی بخەینەڕوو. دیارترین جۆرەکانی لادانی ناونیشان بەم شێوازە دەخەینەڕوو.

## ١-ئاوێتە کردنی ناو:

واتە شاعیر دوو ناو، کە ناونیشانی شیعرەکەیەتی گۆڕانی مۆرفۆلۆژی تیادا دەکات و فۆرمێکی نا باو ( لادان) دروستدەکات. وەکو ( با . . ران).

ئاماژەی سەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەردوو ناوی ( باران و با ) بەڵام شاعیر لادانی پێکهاتەی کردووە، چونکە لەناو دەقەکەدا ئەوتێکدانە مۆرفۆلۆژییە ئاشکرا دەبێت کاتێک دەنوسێت

**"با .. ران "**
باران و — با - ،
شێتی ژنن !
باران لەقژەوە دادەچۆڕیت،
با-ش لەپوزەوە هەڵدەکشێت.
کاتێ لەنێوقەدی ژندا
بەیەک دەگەن
دەبن بە زریان (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٦٠)

ئاوێتەبوونی پیتی هەردوو ناوەکان دەبێتە سەرچاوەی ئاوێتەبوونی فیزیکی دوو(بوون) کە باران وبایە و پێکهاتەیەکی نوێی لێ دروستدەبێت، ئەویش زریانە. زریانیش دۆخی ڕژان وجوڵەی خێراتری کەش وهەوایە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆباری(ڕەحەتبوونی) مرۆڤ لەپرۆسەی جوتبوونی نێرومێ(واتە باران وبا) هەر بۆیە، دەکرێت باوباران نێرومێ بن و زریانیش باری ڕەحەتبوون بێت.

## ٢-لادانی سیمانتیکی ناونیشان

لەمجۆرە لادانەدا، پەیوەندی واتایی وسیمانتیکی ناونیشان یەکترتەواو ناکەن، بەڵکو جۆرێک لەپەیوەندی دژیەک دروستدەبێت، لێرەدا پێویستە ناونیشانەکە، زیاتر لەوشەیەک بێت. وەکو لەم شیعرەدا دەردەکەوێت.

(بەفری ڕەش وڕیشۆڵەی سپی) (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ١٥١)

ئەوەی دەزانرێت و ڕاستیەکی یەکلاکراوەیە، کە (بەفر) سپییە و (ڕیشۆڵە) ڕەشە، بەڵام شاعیر گۆڕینی لەشوێنی هاوەڵناوەکاندا کردووەو، ئەمە جوانیەکی زیاتری بەناونیشان بەخشیوەو سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت.
ئەگەر شاعیر ناونیشانی(بەفری سپی وڕیشۆڵەی ڕەشی) بنووسیایە، ئەوا سادەی وحەشویەکی دروستدەکردو، دەبووە بارێکی گران وخوێنەری توشی وەڕسی دەکرد.
هەرلەمجۆرە لادانەدا ناونیشانێکی تری نوسیووە بەناوی (بەیعەتم کرد بەڕووتی) (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣١٦)
ئەوە ڕوونە کە بەیعەتدان چەمکێکی ئاینی(ئیسلامییە) بەڵام شاعیر بۆ فلاشاکی منداڵی وجەستەی ژنان خواستویەتی، لەگەڵ ئەوەشدا ( بەیعەت ) دەدرێت نەک بکرێت.

## ٣-ناونیشانی تەواونەکراو

ناونیشان وەکوسەری مرۆڤ وەهایە بۆدەقی شیعری، هەرکات ئەم سەرەجوان بوو، ئەوا کاریگەری لەسەر دیدگا هەیە بۆ سەرجەمی جەستە. ((ڕەنگدانەوەی ناونیشان دەبێتە ناسنامەیەک بۆدەق)) (دەشتی:٢٠١٠: ١٤٦) ناونیشانی جوانی زیاتر سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێت و چانسی خوێندنەوەیان زیاترە تا ناونیشانی ئاسایی، بەڵام لای شاعیر ئەوە دەبینین، کە ناونیشانی تەواونەکراو هەیە واتە، ناونیشانەکە نە تاکە وشەیەکە، نەگرێیەک نەئیدیۆمێک، یان نیوەدێڕێک، بەڵکو چەند وشەیەکە و لەڕووی ڕێزمانی و تێگەیشتنەوە پێویستی بە تەواوکاری هەیە، وەکو (کچێک لەوبەری دەریاکە..) ئەم ناونیشانە، هیچکام لەوانەی سەرەوە نییە، کەباسمان کرد بۆ ئەوەی واتایەکی تەواو ببەخشێ پێویستی بە وشەیەکی ترە، بەڵام کە دەچینە ناو دەقی شیعرییەکەوە ناونیشانەکە ڕونتر دەبێتەوە کاتێک شاعیر دەڵێت:

**کچێک لەوبەری دەریاکە..**

زۆر دووریت..

لەوبەری دەریاکە بەئاستەم دیاری.

ئەم عیشقە کام ماسی بۆی هێنام

لەچاوی کام شەپۆل داباری؟(باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٤٢٩)

وەکو دیارە نیوەدێڕی یەکەم، کە دەرخەرو ڕوونکەرەوەی ناونیشانە، گۆڕان لەپێکهاتەو ڕستەسازیەکەیدا ڕوویداوە

## ٤-نەبوونی ناونیشان لەناودەقدا

لێرەدا ناونیشان بەشێک نییە لە دەقە شیعرییەکە، بەڵکو شاعیر لەڕێگەی خەیاڵی هونەری و نزیک لە وێناو پرۆسەوە، کە لەناو شیعرەکەدا هەیە ناونیشانێک بۆ شیعرەکەی دادەنێت، لەکاتێکدا (( ناونیشان بنیاتی ئاماژەی بچوکەو نمونەی قووڵی دەقەو ئاماژەیە لەسەردەق)) (حمادي:٢٠١٧: ٦٠) بەڵام شاعیر ئەم تێڕووانینە پشتگوێ دەخات وناونیشانێکی بۆدەقەکەی دادەنێت. هەریەکە لە (ڕووبارێک ژن) (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٢٥٧) و (پەرداخێک مشک) (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٨٩) هیچ ئاماژەو ناوهێنانێکی ڕاستەوخۆ لەناودەقە شیعرییەکەدا نییە، کە بۆیان بگەڕێتەوە.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە هۆنراوەی ( ڕووبارێک ژن ) دەخەینە بەردەست، کە هیچ پەیوەندیەک لە نێوان ناونیشان و ناوەڕۆکی شیعرەکەدا نییە.

**( ڕووبارێک ژن )**

١- مانگ –

نەوەک ڕەشەبای سلێمانی بیڕفێنێت

لاقیم لە شیشی پەنجەرەکە بەستەوە،

٢- کەلە کافێ هاتینەدەر،

دوو فنجانەکە، بوو بوون بە دوو چۆلەکە

و

بەسەر سەرمانەوە هەڵدەفڕین.

٣- کە دۆڵابی جلەکانت دەکەیتەوە

کۆڵان دەبێ بە؛
ڕووبارێک عەتر.
٤- جیاوازی نێوانمان تەنیا ئەوەندە یە؛
کەمن تۆم خۆش دەوێ و
تۆش کەسێکی تر،
کە منم. (کۆڵانە شینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٢٦٠)

ئەوە ڕوونە کە ناونیشانی شیعرەکە نەبووە بە دێڕێک یان دەستەواژەیەکی دیاری دەقەکە. دەکرێت ئەم جۆرە ناونیشانە بەو جۆرانە دابنرێت کە دەق و ناونیشان یەکتر تەواو ناکەن.

## ٥-هێنانی ناونیشانی ئیرۆتیکی:

لێرەدا شاعیر وەسفێکی ڕەگەزی مێ، کە وروژێنەربێت بە کەرەستە، یاخود ناوێک دەدات، لەکاتێکدا لەڕۆنانی باوی سیمانتیکی لەگەڵدا ناگونجێت، بەڵام ئەو وەکو خەیاڵێکی هونەری ئەو داهێنانە دەکات وەک (توکەبەری شەقامەکان) (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٥٠٥) دیارە مەبەست لەناونیشانەکە، ئەنجامی لێکچواندنێکی بەرزی هونەری جوانە، کە گەڵاو شتی شەقامەکانە وەک لێرەدا دەردەکەوێت
بەیانیت باش، کە وردە وردەو هێمن
هێمن
بن باڵ وناوگەڵی شەقامەکان پاک
دەکەیتەوە
بەیانیت باش؛
بەنگلادشییە ڕەشتاڵەکە. (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٥٠٦)

## ٦-دژیەکی مەدلول لەناونیشاندا

لەم جۆرەدا ناونیشان وەکو هێمایەکی هونەری خوێنەر پەلکێش دەکات، بۆ ئەوەی بچێتە ناوتەواوی دەقەکەوەو لەوێوە ئاماژەکانی ناونیشانە دژەکە بدۆزێتەوە. وەکو ( سادە سادە وەک کەری زێبرا) (کۆڵانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٢٧) کە ناونیشانی شیعرێکی شاعیرە، خوێنەر هەست بەدژیەک و نەگونجان دەکات، لەنێوان سادەیی وکەری زێبرا، چونکە سادە پێچەوانەی ڕەنگاوڕەنگی و ئاوێتەبوونی ڕەنگە.

شاعیر (کەری زێبرای ) کردووەتە نمونەی ئەو سادەییە، کە کەری زێبرا ڕەش وسپییە(بازگە) ئەمە بۆ خۆی خوێنەر توشی شۆک دەکات و وەها دەکات، بگەڕێت ئەو نهێنییە لە دەقەکەدا بدۆزێتەوە. هەرکات ناونیشان لادانێکی سیمانتیکی یان هونەری تیادابوو زیاتر خوێنەر بۆ خۆی ڕادەکێشێت، بە پێچەوانەوە نیشانەی سستی ولاوازی خەیاڵی شاعیردەردەخات.

## ٣-٤-٣ باسی سێیەم: لادان لەتۆبۆگرافی شیعری

شیعر هەروەک چۆن خاوەنی شێوازی تایبەتی بەکارهێنانی زمانە، هەر بەو جۆرە ڕستەو وشەو دەقیش لەبارێکی تایبەتدا لەسەر وەرەقە (کاغەز) دابەشدەبن. لە تۆبۆگرافیای نوێدا ( لادانی تۆبۆگرافی ) شاعیران خۆیان لە قاڵبە کۆنەکانی دەقی شیعری ڕزگار دەکەن و ئەندازەی نوێ و هەمە جۆر بە دەقەکانیان دەبەخشن فۆرمی شیعریش بە شێوەیەکی ئاسایی گۆڕانی بابەتی و خودیدایە لایەنی بابەتی، وەکو ڕێبازی ئەدەبی قاڵبەندی گشتی، وەکو قاڵبە کلاسیکیەکان یاخود شێوازی ڕێبازی دادای و سوریالی، کە وێنا و ئەندازەیان بەراورد بە پێش خۆیان نامۆیەو تازەگەری پێوە دەبینرێت.

بۆ ئاواز و وێنای شیعری و شارەزای شاعیر دەگەڕێتەوە لە چنینی ئەندێشەی لەسەر ڕووپەڕی لاپەڕە (کاغەز) و پێدانی ئەندازەی جۆراوجۆر بۆ شیعر. بۆچوونی وەهایە، کە ئەم جۆرە لادانە بریتییە لە پرژاندنی پیت و وشەو گرێ و ڕستەکان بەسەر ڕووخساری سپێتیدا بەشێوەیەکی ئازادانە، لە هەندێ باردا ڕەشاییەکان و لە هەندێ باری تردا سپێتی بەسەر یەکتردا زاڵ دەبن. ( بەرزنجی:١٩٩٤: ٣٥)

شیعری کلاسیک وکۆنمان دێڕەشیعرییەکانیان لەڕووی ئەندازەوە، بەشێوەی نیوەدێڕی یەکسان بەسەرکاغەزدا دابەش دەبوون و بەڵام بەگۆڕانی قۆناغ وڕێبازی ئەدەبی نوێ، شیعریش گۆڕانکاری تۆبۆغرافی بەسەرردادێت( د.محمد معروف فتاح) لەبارەی شێوازی دێڕو دابەشبوونی بەسەرلاپەڕەدا دەڵێت: (( جوگرافیای دەقی شیعری نوێی لەسەرەوە دەستپێدەکات بەرەوخوارو لەسەر شێوەی شاقووڵی، مەرج نییە بەیەک شێوەو وێنا بەرەوخواربکشێت، یان بەیەک ئاست وجۆر ڕێبکات، ئەشێت لەشوێنێکا چاڵبێت و لەشوێنێکی تر قۆقز بێت، لە شوێنێک دەشت بێت ولەشوێنێکی تر دۆڵێک یان گردێکی تیادابێت)) (فتاح:٢٠١٠: ٤١٦)

دۆڵ وبەرزی ونزمی مەبەستە لە جۆری دێڕی شیعرە، کە درێژو کورتەو زیاتر باسکردنە لە پێکهاتەی دێڕی شیعری نوێ. شیعری نوێ هەروەک چۆن جیاواز لە شیعری کلاسیک کار لەگەڵ کێش و سەروا دەکات، هەر بەو شێوازەش پەیوەست نییە بە جوگرافیای چەقبەستوی کۆنەوە،

لەوبارەوە ( د.فرهاد پیربالٚ ) ڕای وایە ((تازەگەریتی وجوانکاری شیعری وێنای لەگەلێک ئاستی جۆراوجۆردا خۆی دەنوێنێت: لەوانە دەرخستنی توانای پلاستیکی خەت وشەکان لەکاتی نوسینەوەیاندا، یان لەکاتی دابەشبوونیان بەسەر ڕووپەڕی لاپەڕەدا، دروستکردنی کونتراست و هاو ئاهەنگی جۆراوجۆر لەنێوان خەتەکان- ڕەشاییەکان وسپیایی فراوانی ڕووبەری تێکستەکە. لێکهەڵوەشاندنەوەی تێکستەکە و گۆڕینی بۆبەش وکۆپلەو برگەی جۆراوجۆر، کە شەقڵێکی شێوەکاریانەی جوان دەبەخشێت )) (پیربالٚ:٢٠٠٥: ١٠٥) نوێگەری وجوانکاری چەندە بابەتێکی ناوەکی دەقی شیعرییە، هێندە تێپەڕاندنی شێوازی کۆن وکلاسیکە، چونکە هەمان فۆرم وکلێشەی هونەری سوان وبێزاری دروستدەکات، ئەویش بەهۆی گۆڕانی ڕۆشنبیریی وپێداویستی گیانی نەوەکانی هەرگەلێکەوەیە.

((گۆڕانی تۆبۆگرافیای شیعر سودی هەیە بۆ زمانی شیعر، لەئاستی دەنگسازیدا ئەوەیە گۆڕانکاری تۆبۆگرافیای شیعرگۆڕانی مۆسیقای بەدوادا دێت)) (ئیبراهیم:٢٠١٢: ١٢٥) مۆسیقا بنەمایەکی جوانی و چێژە لای وەرگر و شاعیر پێویستە بەگرنگ لەگەڵیدا کاربکات، بۆئەوەی دەقەکەی هونەری وکاریگەرتربێت، لەگەڵ ئەوانەدا تۆبۆگرافیای نوێ بۆخۆی جیاوازییەکە، لەناوجوڵەی گۆڕینەوەی شوێن ولەلایەکی ترەوە کاریگەری دەرونی لەسەر هزری وەرگر دەبێت، لەبەرئەوەی (( وتاری شیعری وتارێکی ڕستەسازی نییە)) (الرواشدة:٢٠٠٤: ٧٦) بۆیە دەکرێت مۆسیقاوپێکهاتەی نوسینەکی (تۆبۆگرافیا) جیاوازبن.  شاعیر لە شیعرەکانیدا گۆڕین ولادانی لەتۆبۆگرافی شیعرەکانیدا بەچەند جۆرێک کردووەو دەیانخەینە بەردەست.

## ١- نوسین بەشێوەی هێما(تۆبۆگرافی ڕەمز)

دێڕی شیعر لەم شێوازەدا بەشێوەی کۆن وکلاسیک بەسەر لاپەڕەکاندا دابەش نەبوون، لەڕێگەی دابەشبوونی دێڕەکان وجۆراوجۆری کورت ودرێژیانەوە، شاعیر وێنایەک دەنەخشێنێت، ئەویش وەکو وێنای بابەتی باسکراو، یان هێمایەکی ئاینی یان ڕووداوێکی مێژووی.
شاعیرلەهۆنراوەیەکی بێناونیشاندا بەوشە وێنای خاچی کێشاوە، کە ئاماژەیە بۆ کارەساتێکی گەورەی نەتەوەیی ودەڵێت:

هه له ب جه

هه له ب جه

هه له ب جه

هه له هه له ب جه هه له ب جه هه له

هه له ه ه ل ه به ج ه هه له ب جه هه

هه له ب جه

هه له ب جه

هه له ب جه

هه له ب جه

هه له ب جه (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ١٢٩)

ئەو هونەرانەی لەم هۆنراوەدا دەبینرێت بریتین، لە دابڕانی پیتە پێکهێنەرەکانی وشە لەیەکتر، کە ئەمە دەبێتە جێگەی ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر، لەکاتێکدا، لە هەندێک شوێندا تێکەڵکردنی پیتەکان دەبینرێت، کە ئەمە ئاماژەیەکی دەرونی و ترس وشڵەژان دەخاتەڕوو.

وێنەی دێڕەشیعرەکان ئاماژەیە بۆخاچ، کە ڕەمزی ستەمدیدەیی وتوانەوەی نەتەوەیەکە. کە ئەویش بۆ گێڕانەوەیەکی ئایینی دەگەڕێتەوە کە دوو ( بوو ) باسکراون ئەوانیش کەسانی بکوژی عیسی کە بوونە ستەمکارەکەو عیسا کوژراو کە بوونە ستەمدیدە، ئەمە دیارە لەبارەی کوشتن و بەرزکردنەوەو پلەی ئاینی و خۆشەویستی ( عیسا ) وە دیدگای جیاواز هەیە. کاری ئێمە دەرخستنی ئەو وردەکاریە ئاینییە نییە.



## ٢-نوسینی شێوەی ناونیشان

شێوەی دابەشبوونی وشەو پیتەکان ئاماژەن بۆمەدلولی ئەوناونیشانە، کە چۆن لەهزری ئێمەدا هەن، هەندێکجار ئاوێتەکردن لەنیوەدێڕو وشەکاندا دەکرێت، بەجۆرێک هەندێک وشە بەشێوەی ئاسایی دەردەکەون و وشەکانی تر پیتەکانی لەیەک دابڕاون، کە ئاماژەی ناونیشان دەگەیەنێت، وەکو

لەهۆنراوەی (وەک پاکیزەیی ژن، ببارە ئەی بەفر.) تیایدا چەندین وێنای تۆبۆگرافی جیاواز پیشان دەدرێت و سەرەتا بەمشێوەیە دەست پێدەکات.

| | |
|---|---|
| ڕووت | بەف ر. |
| ڕووت | بەفر |
| سادە | بەفر |
| سادە | |
| بە ف ر | |
| Spi | ب ە ف ر |
| Spi | |
| دەبارێت | بە ە ە ە ە فر |

(باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ٣٩)

ئەوە دەبینرێت، کە دابەشبوونی وشەو پیتەکان، وەکو داباریینی بەفرەو پرژاندنی وشە و پیتەکانە لەسەر لاپەڕە شیعرییەکە. لەجێگە یەکی تردا ئەم دابەشکاریە، دەچێتە ستونێکی لاپەڕەکەو ستونی لای ڕاست نیوەدێڕی ئاسایین، بەڵام تەواوکەری ستونی لای چەپ بن وشاعیر بەفری وەکو ڕەگەزێکی پاک وبێلایەن وئاین پیشانداوە، کە جیاوازی ناکات لەشوێنی داباریین ودەڵێت:

| | |
|---|---|
| بەسەر ئاتەشگەکاندا. | ف ر ە |
| بەسەر سەلیبی، کلێسەکاندا. | ف ە ە |
| بەسەر منارەی مزگەوتەکاندا | ر ب ە |
| ببارە | بە ف ر |
| ڕووت تر لەئاوی زەمزەم | ک ول و |
| سپی تر لەمێزەری مەلاکان | کو ب ە |
| لو ب ف ر | |
| کو لو | |
| ل و | |

ئەم شێوازە جوانییەکی زیاتر بەدەق دەبەخشێت، لەم بارەیەوە جاکوب دەڵێت: (( شێوەی وشەو پیتەکان، قەسیدە لەسەرلاپەڕەو دەرکەوتنی شوێنی چۆڵ، ڕەگەزێکی گرنگی ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەرەو جۆرێکە لەهێماگەری)) (کرک:١٩٨٩: ٢٥٩) لەم جۆرەدا بەشکاریەدا مۆسیقاو کێشی شیعری دەخرێتە لاوەو گرنگی بەجوانکاری دابەشبوونی ڕەشایی ( وشەوپیت) سەرە لاپەڕە دەدرێت لەکاتێکدا (( شیعر خستنەڕووی لایەنی مۆسیقای زمانە)) (چالی:٢٠٠٨: ٩٠) ئەمە خوێنەر زیاتر بەشدارو سۆزداردەکات بۆگەیشتن بەواتای ئەو وێنای، کە چنینی وشە بەری دەکەوێت.

## ٣-دابەشکاری ستونی پیتەکان

لەمجۆرەدا شاعیر دەنگەکانی وشە بۆ بچوکترین بەش( پیت ) وردوو لەیەکتر جیادەکاتەوەو هەرپیتێک لەجێگەی نیوەدێڕێک دادەنرێت ولادانی نوسینەکی دروستدەکات. وەکو ئەم هۆنراوەیە، دەرکەوێت:-

-ماکەروێشکەکانی
ه
ە
ل
ە
ب
ج
ە
نەچوونەتە سەر بەرماڵ
لەڕۆژی ژەهرەوە نەزیف (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ١٣٧)

وشەی(هەڵەبجە) وردکراوەتەوە بۆ پیتی دابڕاو لەیەکتر، ئەمە بۆخۆی جێگەی تێڕامانی خوێنەرەو (( هەڵوەشاندنەوەی کەرەسەکانی ڕستە هونەرێکی زمانی شیعرنیشان دەدات، سەرەڕای جەوهەریەتی ئیستێتکیان، بۆهۆشیارکردنەوەی خوێنەر لەناخی هەڵچوون ئاستێکی شیعری

دەگرێتەبەرو هۆکاری ئەم جۆرە بۆ بەشداری پێکردنی خوێنەرە لەپرۆسەی گەیاندن)) (ئەحمەد:٢٠١٣: ٢١٥) وئاماژەیەکی کارەساتی جینۆسایدی کیمیای بارانکردنی هەڵەبجەی چڕترکردووەتەوە. (( لادانی کرتاندنی وشە و پیت تەنها بە بینین و خوێندنەوە گونجاوە چونکە بە گوێگرتن لە خوێندنەوەی جوانی لەدەست دەدات، چونکە کەسێک تەنها شیعرەکە ببیستێ ناتوانێت کۆدی جوانیەکان بدۆزێتەوی )) (سروری:١٣٩٣: ٦٥).

## ٤-شێوەی ستونی تاکەوشە

شیعر لەم شێوازەدا نیوەدێڕەکانی بەتاکە وشە دەنەخشێنرێت، تا کۆتای، لادانی تۆبۆگرافی بەشێوەیەکی گشتی لەئەدەبی کوردیدا تەمەنی زۆرنییەو بەرهەمی دەقەکانی سەدەی ڕابردووبووە، بەڵام ئەوە هەربووە بەناوی قاڵبی شیعریی جیاواز وەکو( موستەزاد، تەرجیح بەند، تەرکیب بەند...هتد) ئەمانەش قاڵبی کۆنکرێتین وشاعیر ڕێسایەکی هەبووە، بەڵام ئەمشێوازە تۆبۆگرافیەی ئێمە باسی دەکەین، بێ قاڵبە و خەیاڵدانی شاعیر دروستی دەکات، وەکو لەهۆنراوەی (جانتایەکی مۆر)دا دەبینین قوباد دەڵێت:

ناحەزەکانمان
خانو
سەیارە
عەرد
باخچە
دووکان
ناوماڵ و
خەتی تەلەفۆن،
دەفرۆشن (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ١٠٥)

هەرلەوهۆنراوەیەدا دەچێتە سەرباسی خۆیان ودەنووسێت.

من
و
تۆ،

قاپوت

قات

قۆنەرە

گۆرەوی

ملپێچ

بۆینباخ

شۆرت

دەرپێ

فانیلە

ستیان و

سانتی، فڕێ دەدەین

وەکو دەبینین پێکهاتەی نیوەدێڕەکان تاکە وشەن، ئەمە وەها دەکات، خوێنەر بە ئارەزووەوە لەگەڵ یەکەم وشەدا بچێتەخوارەوە، بۆئەوەی گرێ وئەنجامی دەقەکەی بۆدەربکەوێت. واتە ئاسۆی چاوەڕووانی لای خوێنەر دروستدەکرێت بۆ زانین و خوێندنەوەی کۆی دەقەکە، بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆک و نهێنی ئەم جۆرە لە شیعرییەت بگات.

## ٥-تۆبۆگرافیای شێوە کلیلی

مەبەست لە شێوەی نوسینی کلیلی، بریتیە لەو شێوە دابەشبوونەی ڕەشایی (پیت وشەو نیوەدێڕ) لە سەر لاپەڕەکە شێوەی کلیلی ئاسایی دەدات، واتە دێڕێک یان زیاتر بەئاسۆیی دێت، دواتر چەندین نیوە دێڕ کورتن و تاکە وشەن، لە کۆتایدا چەندین نیوەدێڕێک بەشێوەی ئاسۆیی دێت، واتەبەمشێوازەی خوارەوەیە

یان دەکرێت نیوەدێڕێکی کەمتربێت، بەڵام نیوەدێڕەکانی ناوەڕاست هەمیشە کورتن وەکو لەم هۆنراوەیەدا دەیخەینەڕوو.

ڕۆژو
ئەوئێوارەیەی میرێکی سعودی
فتاری بە؛
برنج و
قەل و
نانی تیری و
خورماو
پاقلاوەو
سەلەت و
ماستاو
محەلەبی و
گوێزوو
فستق و
هەنگوین و
گێلاس و
سێو و
لوقمەقازی کردەوە
منداڵە موسڵمانەکانی سۆماڵ،
لەبن دارەمۆزە وشکەکاندا
لەبرساندا دەمرن (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٣١٩)

ئەمجۆرەشیعرە بەئینگلیزی( picture poetry) پێدەوترێت، واتە شیعری وێنایی و نەخشاندنی وێنا بەدەقی شیعری. ئەمە لای هەر شاعیرەو ئازادیەکی بەکارهێنانی بەدی دەکرێت.

## ٣-٤-٤ باسی چوارەم: هاوتەریبی پێکهاتەی شیعری

هاوتەریبی (الموازنة) یەکێکە لە میکانیزمەکانی ئاوازی شیعری، شاعیر پارچەکانی دێڕ و کۆپلەی شیعر هاوئاواز دەکات (( هاوتەریبی و دووبارەکردنەوە یەکسانی ئاواز دەپارێزن)) (الحمداني:٢٠١٣: ٧٢) واتە دووبارەکردنەوەی هاوتەریبی وەکو دووبارەکردنەوەی وشە نییە (( لەیەکچوونی (هاوشێوە)ی بنیات و جیاوازی واتایە)) (فتاح:١٩٨٨: ٢٥٩) چونکە لێرەدا پارچەی جیاواز و واتای جیاواز لەگەڵ پێش یان پاش خۆیاندا ئاوازێکی هاوشێوە دروست دەکەن، کە لە دووبارەکردنەوەدا ئەو ئاوازە هەیە.

لەبارەی ڕۆڵی هاوتەریبی و ئاوازەوە یاکبسۆن ڕای وایە (( هاوتەریبی لەشیعردا هاوتەریبی مۆسیقا دروستدەکات )) (یاکبسن:١٩٨٨: ١٠٨) و دەکرێت پارچەکانی ناو دێڕە شیعر هاوبڕگەبن، یاخود لەڕووی مۆرفۆلۆجیەوە وەکویەکبن، واتە دانە فەرهەنگیەکان بەهاوشێوەی لەڕووی مۆرفۆلۆژی خۆیان دووبارە دەکەنەوەو ئەمە لە دووبارەکردنەوەی ئاسایی جیای دەکاتەوە. (الحسین و عطياالله:٢٠١٩: ٣٤) ئەم کاریگەرییەی هاوتەریبی لەسەر ئاوازی ناوەوە دەردەکەوێت و چێژ و ئاواز ڕێکتر دەخات و توندووتۆڵی زیاد دەکات و کاریگەری لەسەر خوێنەر زۆرتر دەبێت. (العراسیس:٢٠١٦: ١٢٤) کاتێک پارچە پێکهێنەرەکانی دێڕی شیعر لەڕووی پارچە و ئەرکی ڕێزمانییەوە هاوشێوەبن، شیعرەکە سفت ساف دەبێت و وەرگریش هەست بەجوانیەکی هونەری دەکات.

هەندێکجار شاعیر لە هاوتەریبی دێڕدا بە ئەنقەست بێت، یان بەبێئاگا بێت، دووبارەکردنەوەی وشەو گرێ لەناو نیوەدێڕ و دێڕەکاندا دروستدەکات، کە دەکرێت هاوشوێن بن یاخود جێگەیان جیاوازبێت، بەهەرجۆرێک بێت، دەبنە بەشێک لە وێنایەکی گەورەتر کە دێڕی شیعر و وێناو کۆپلەیە.

دووجۆری سەرەکی لە هاوتەریبی هەیە، کە ( ستونی و ئاسۆیین) واتە هاونشینی و تەکنشینی. هاوتەریبی ستونیی ( بەهێڵێکی شاقووڵی، واتە ستونی لە ژێریەکدا ڕیزدەبن و جێنیشییان لێدەکەوێتەوە). (کاکی:٢٠٠٩: ١٣٠) هاوتەریبی ئاسۆیی (( مەبەست لێی وەکیەکی تەواوی نێوان هەموو ئەو یەکانەیە، لە چنینی ڕستە هاوتەریبییەکان لەسەر ئاستی ئاسۆیی و لەسنوری بەیتێکدا دێن)) (میرزا:٢٠٠٨: ١٥٢) ئەوەی ئێمە بەرچاومان کەوتبێت، لەهەندێک هۆنراوەی شاعیردا هەردوو جۆرەکە لە چەندین هۆنراوە پێکەوە دەرکەوتوون.

دیارترین جۆرەکانی هاوتەریبی پێکهاتەی لەشیعرەکانی شاعیر دا، لەم جۆرانەی خوارەوەدا خۆیان دەبیننەوە.

١- دەستەواژەو گرێ.

٢- نیوه دێڕ.

٣- وێنا.

٤- دێڕ.

٥- کۆپله.

### ١/ هاوتەریبی گرێ و دەستەواژە

لەمجۆرەی هاوتەریبیدا دەکرێ گرێ و دەستەواژەکە خۆیان ببنە نیوەدێڕ، بەڵام ئەوەی لەنیوەدێڕ جیایان دەکاتەوە تەنها هاتنی گرێیەکانەو هیچ وشەو بەشێکی تر لەناو نیوەدێڕەکەدا نییەو گرێ بنیاتی هاوتەریبیان هەیە. وەکو لەم هۆنراوەدا دەبینین.

قەناسێک و

فیشەکێک

نازانم سەری کێی پێ هەڵگرم؛

تورکێکی کەمالیست

عەرەبێکی فاشی

فارسێکی شۆفێنی.! ( کۆڵانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٥٠٩)

هەر یەکە لە گرێیەکانی (تورکی کەمالیست و عەرەبی فاشی و فارسی شۆفێنی) هاوتەریبی پێکهاتەی و ئاوازی دەرەوەو ناوەوەیان وەکو یەکە.

### ٢/ هاوتەریبی نیوەدێڕ

(( مەبەست لەدووبارەکردنەوەی ڕۆنانی سینتاکسی، ئەوەیە تایبەتمەندی سینتاکسی یاخود ڕۆنانی سینتاکسی نیوەدێڕی یەکەم، لە نیوەدێڕی دووەم دووبارە دەبێتەوە )) (عەبدوڵلا:٢٠٠٨: ١٣٧)

نیوەدێڕەکان لە پێکهاتەی وشەسازی وئاوازدا بەتەواوی هاوئاواز و پێکهاتەن، وەکو لەم دوو نیوەدێڕەدا دەبینین

دەزانم لانکێکت دۆزیوەتەوە، کۆرپەکەیت لێ ونە.

دەزانم گۆچانێکت دۆزیوەتەوە دەستەکەیت لێ وونە. (باخچەکانی مەلەک تاوس:٢٠١٢: ١٤٧)

لەم دوو نیوەدێڕەدا هەردوو شێوازی هاوتەریبی ئاسۆی و ستونی بەتەواوی پەیڕەو کراوە.

دەزانم لانکێکت دۆزیوەتەوە، کۆرپەکەیت لێ وونە.

↕ ↕ ↕ ↕ ↕

دەزانم گۆچانێکت دۆزیوەتەوە دەستەکەیت لێ وونە.

وەکو دیارە نیوەدێڕەکان لەڕووی ئەرکی ڕێزمانی و مۆرفۆلۆژییەوە بەتەواوی هاوشێوەن (( هاوشێوەی ڕێزمانی کاریگەری گرنگی دەبێت لە ڕێکخستنی ئاوازی شیعردا)) ( بدیده:٢٠١١: ٦٨) لەگەڵ ئەوەشدا ، لەکۆی پێنج وشە سیانیان دووبارەن، بەڵام دەبنە بەشێک لە هاوتەریبی پێکهاتەی و شیعرەکەیان ئاوازدارتر کردووە.

## ٣/ هاوتەریبی وێنایی

لەمجۆرەدا شاعیر لەپێکهێنانی دوو وێنەی سادەدا هاوتەریبی دروستدەکات، ئەوەی ئەمجۆرە لەوانی تر جیادەکاتەوە، بەتەواوی هاوشێوەی و وەسفی وەسفکراوە، کە شاعیر بەراوردێکی لۆژیکی نێوان دوو وەسف نیشان دەدات؛ ئەویش بەهۆی گرێی هاوەڵناوی و هاوەڵکاری هاوشێوەیە، وەکو لەم هۆنراوەدا دەردەکەوێت.

شین شینە
دەریا نا ،
چاوی تۆ.

زەرد زەردە
زەردەپەڕ نا،
پرچی تۆ.

ئاڵ ئاڵە
دەنکە هەنار نا،
لێوی تۆ.

لوس لوسە

شوشە نا،

پوزی تۆ. (کۆڵانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٩٩)

هەر وێنایەک پێکدێت لە سێ نیوەدێڕی کورت، لەگەڵ وێناکەی سەروی خۆی هاوتەریبی ئاسۆی و ستونیان دروستکردووە واتە قاڵبێکی جێگیر لە هاوتەریبی وێنادا دەبینرێت.

### ٤/ هاوتەریبی دێڕی شیعری

کاتێک هەردوو نیوەدێڕێک، لەگەڵ دوو نیوەدێڕی تردا لەڕووی ڕێزمانی و بڕی پارچەکانەوە هاوشێوە بوون، ئەوا هاوتەریبی دێڕی شیعری دروستدەبێت. ئەمە لای شاعیران جۆری زۆرە، وەکو هاوتەریبی دوو دێڕ و سێ دێڕ و بنیاتی تەواوی هۆنراوەیەک.

لەهۆنراوەیەکدا شاعیر دەڵێت:

قەدی زەیتونێکی دیکە ببڕنەوە،

تەور لەسەر من

باڵی پەپولەیەکی دیکە بووەرێنن

ڕەشەبا لەسەر من

شیرەخۆرەیەکی دیکە سەربڕین

شمشێر لەسەر من (ژنێک لەجنسی باران:٢٠١٩: ٢٩٢)

هەر یەکە لەم دێڕانە، لەسەر شێوازی ئاسۆی هاوتەریبی تەواویان پێکهێناوە، لەسەر ئاستی ستونی نیوەدێڕی هەردێڕێک لەگەڵ نیوەدێڕەکەی تری شیعرەکە هاوتەریبی ستونیان دروستکردووە، وەکو بەمشێوە دەیخەینەڕوو.

قەدی زەیتونێکی دیکە ببڕنەوە،

↕ ↕ ↕

باڵی پەپولەیەکی دیکە بووەرێنن

↕ ↕ ↕

شیرەخۆرەیەکی دیکە ببڕن

وەکو دەردەکەوێت نیوەدێڕی یەکەم، هەموویان هاوتەریبی پێکهاتەی لەهەردوو شێوازی ستونی و ئاسۆییان دروستکردووە، نیوەدێڕی دووەمیان بەهەمان جۆرە.

تەور لەسەر من
ڕەشەبا لەسەر من
شمشێر لەسەر من

لێرەدا سەرەڕای هاوتەریبی دووبارەکردنە وشەو دەستەواژە دەبینرێت، لە کۆتای نیوەدێڕەکەدا، ئەمە توندوتۆڵی و ئاوازێکی سفتی بە شیعرەکە بەخشیوە.

### ٥/ هاوتەریبی کۆپلە

کاتێک بنیاتی ڕێزمانی و پارچەکانی نیوەدێڕ و دێڕی شیعری کۆی کۆپلەیەک لەگەڵ ئەوەی کۆپلەی خۆیدا هاوشێوەبن، ئەوا هاوتەریبیەکە لەجۆری کۆپلەییە، وەکو لەم هۆنراوەیەدا دەیخەینە بەردەست.

خۆزگە
چاوی هەموو ژنەکانی دنیا ڕەش
دەبوون،
ئەوسا نە پێویستمان بەشەو دەبوو
نە ئەستێرە

خۆزگە
چاوی هەموو ژنەکانی دنیا سەوز
دەبوون
ئەوسا نە پێویستمان ،
بەباخ دەبوو
نەدارستان

خۆزگە
چاوی هەموو ژنەکانی دنیا، زەرد
دەبوون،
ئەوسا نە پێویستمان،
بە زەردەپەڕ دەبوو
نە بە پایز (کۆلانەشینەکانی منداڵی:٢٠١٨: ٧٤)

بنیاتی هەرکۆپلەیەک بەتەواوی لەگەڵ کۆپلەکەی تردا هاوشێوەن، چی لەڕووی ڕێزمانی بێت، یاخود مۆرفۆلۆژی. ئەمە هاوئاوازی لەنێوان کۆپلەکاندا دروستکردووەو بووە بە جوانیەکی پێکهاتەی مۆسیقای شیعری. بنیاتی هەر کۆپلەیەک بەراوردکاری نێوان چاوی خۆشەویست جیهانی سروشتە، وەکو ( شەو ، ئەستێرە، باخ ، دارستان ، زەردەپەڕ ، پایز).

# ئەنجام

ئەگەرچی لادانی شیعریی چەمک زاراوەیەکی نوێی ڕەخنەی ئەدەبییە، بەڵام لەگەڵ بوونی شیعردا ئەم چەمکە لەناودەقی کۆنترین شیعر تاکو شیعریی نوێدا وەکو ڕەگەزێکی شیعری هەیە.

- زارراوەی لادان لەم سەردەمەدا لە بەکارهێنانی باو دەرچووەو بووە بە کەرەسەی بنەڕەتی دەرخستنی جوانیەکانی دەقی شیعری و چەندین زاراوەو چەمکی جیاوازی بۆ بەکارهێنراوە، لە هەموو ئەمانەی سەرەوەدا کە باسکران مەبەست تێپەڕاندنی بەکارهێنانی زمانی باوە، دەرخستنی دەقی شیعری مەیدانی ئەو کارەیە.
- پێوەرەکانی لادان وەکو هەر بابەتێکی زانستی مرۆیی لەگۆڕان وگەشەی بەردەوامدایەو مەرج نییە، لەتەنها دەقێکدا هەموو پێوەرەکانی لادان هەبێت، واتە ئەوە زمان وخەیاڵدانی شاعیرە بەرهەمی هونەری دەچنێت، کە تێپەڕاندنی زمانی باوەو دواتر پێوەرەکانی تر چۆن وەردەگرن.
- ( قوباد ) هێندەی یاری زمانەوانی بۆ بەرهەمهێنانی وێنایەکی هونەری بەرهەست بەکاردەهێنێت هێندەئاڵۆزی ولێڵی ناکاتە بنەڕەتی دەقەکانی، هەربۆیە بە ڕوخسارسادەو بەتێڕامان دەقی شاعیر نوێ ورازاوەن.
- سەرەڕای کێش و سەروای ئازاد، شاعیر گرنگی بە هاوتەریبی داوە بۆ ئەوەی ببێتە ڕەگەزێکی مۆسیقی شیعرەکانی.
- شاعیر سەرکەوتوانە توانیویەتی لەڕێگەی لادانی هزری و کۆمەڵایەتییەوە پەی بە زۆر جوانی شاراوە و تابۆ ببات و لە شیعرەکانیدا بە زمانێکی هونەری بیچنێت.
- زۆرینەی لادانە دەلالی و پێکهاتەییەکان، خوێنەر دەخاتە بەردەم حاڵەتێکی چاوەڕووانەنەکراو ئەویش بەهۆی نەبوونی پێوەرێکی جێگیر لەبەردەم دەقەکانداو بەدەرن لەچوارچێوەی زمانێکی ئاسایی و بنیاتی دیاریکراو.
- لادانە واتاییەکان لەڕووی دەلالەتەوە لە لادانی پێکهاتەیی فراوانترەو کردەیەکەو دەلالەتی هونەری دەخاتەڕوو و پشت بەست بە پەیوەندیەکانەوەو لەشێوازێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ شێوازێکی تر و خاوەن گوتاری جۆربەجۆرە، چونکە بەئاراستەی ستوونی و هەڵوەشاندنەوەی کەرەسەکانی ڕستەن.
- لێکچواندن و خواستن دوو میکانیزمی لادانە واتاییەکانن، کە دەقە شیعریەکانیان بەرهەمهێناون و زیاتر لێڵی و نامۆی بوونە تەواوکاری دەقەکان.

- لەسەر ئاستی بەکارهێنانی وشە شاعیر سەرکەوتوانە ئاوڕی لە شێوەزارەکانی تری زمانی کوردی داوەتەوە، هەندێکجار زیادەگۆیی کردووەو لە چەندین شوێندا هەڵەی ڕێنووس هەیە، کە ئەمە ئەرکی لێکۆڵەر قورس دەکات. تاڕادەیەک سەرکەوتوو بووە لە بەکارهێنانی وشەی ( کەم بەکارهێنراو) و مردوو.
- دووبارەکردنەوەو جۆرەکانی هەرچەند بابەتێکی هونەرییە، بەڵام بە تەواوی ڕەها نییە و هەندێکجار دەبێتە کەموکورتی و بەکاربردنی زیادەی جۆرەکان و دەقەکە لاسەنگ دەکات.
- لادان لە شێواز لە شیعری قوباد دا دەرکەوتووە، ئەویش بۆ هەردوو جۆری بەهێز و لاواز ( بێهێز ) دابەشبوون شێوازی لاواز، ئەو جۆرانەن، کە گێڕانەوەی ئاسایی تیادایەو مۆسیقای شعری لاواز وێنەی هونەری بەرزی تیادا نییە.
- شاعیر لە بەکارهێنانی هونەری ( پارادۆکس ) دژەڕۆ سەرکەوتوو بووە، جۆرەکانی لەبەرامبەر یەکدانانی بیرو وێنەی جیاواز و دەرخستنی بابەتی ڕەخنە لێگیراو هونەری نواندووە لەسەر بنەمای جۆری پێکهاتەیش هەر چوار جۆری ڕستە، نیوەدێڕ، دێڕی شعری و کۆپلەی داهێناوە.

# لیستی سەرچاوەکان

## کوردی / کتێب


- إبراهیم، محمدعبدالکریم(٢٠١٢) پێکهاتەی زمانی شیعری لەڕووانگەی ڕەخنەی نوێوە، هەولێر، چاپخانەی موکریان.
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(٢٠٠٦)ئەزمونی خوێندنەوە، سلێمانی، دەزگای سەردەم.
- ئەحمەد، د.سافیە محەمەد(٢٠١٣) لادان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا. هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- ئەمین، د.وریا عمر(٢٠٠٩)چەندئاسۆیەکی تری زمانەوانی، هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس.
- ئەحمەد، عەبدوولمەناف ڕەمەزان(٢٠١١)ئەتڵەسی زمانی، دهۆک، چاپخانەی خانی.
- ئەرستۆ(٢٠٠٤)هونەری شیعر، وەرگێڕانی، د.عەزیز گەردی، سلێمانی، چاپخانەی گەنج.
- ئەحمەد، پەخشان عەلی(٢٠٠٩)شێوازی شیعری گۆران، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج.
- بوودووخە، د.مسعود(٢٠١٢)شێوازناسی و تایبەتمەندیەکانی زمانی شعیریەت وەرگێڕانی، د.سافیە محەمەد ئەحمەد، -- --
- بەکر، محمد(٢٠٠٤)پەخشانە شیعری کوردی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- بەرزنجی، د.عەلی تاهیر(٢٠٠٨)کاریگەری ڕووانگە لەنوێگەری شیعری کوردیدا، هەولێر، چاپخانەی چوارچرا.
- بەرزنجی، د.عەلی تاهیر(٢٠٢٠)ئاسۆی دەق،سلێمانی، چاپخانەی ئیڤا.
- بەرزنجی، د.عەلی تاهیر(٢٠٠٨)کاریگەری ڕووانگە لەنوێگەری شیعری کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.
- پیربال، د.فەرهاد(٢٠٠٥)ڕەگ وڕیشەکانی شیعری نوێی کوردی، هەولێر، چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردستان.
- پارسا، د.سەیدئەحمەد(١٣٩٧)جوانکاری لەئەدەبی کوردیدا، سنە، چاپخانەی نالی.
- پیرین، لۆرانس(٢٠٠٨)شیعر چییە؟ وەرگێڕانی ئەبووبەکر خۆشناو، سلێمانی،----
- دیوانی گۆران، عەبدووڵڵا گۆرانە، بڵاوکراوەی پانیز، چاپی دووەم ١٣٨٥ سنە.
- جان کۆهین(٢٠٠٨)بنیاتی زمانی شیعری، وەرگێڕانی ئازادعەبدوول واحدوو علی بەرزنجی، چایخانەی ئاراپخا، کەرکوک.

- چالی، شەعبان(٢٠٠٨)شێوازی شیعری جەزیری، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- حسین، د.همداد(٢٠١٠)دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، هەولێر، چاپی دووەم، دەزگای چاپی موکریان.
- حسین، جەبار ئەحمەد(٢٠٠٨)ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق(١٩٥٠-١٩٧٠) سلێمانی، دەزگای سەردەم.
- حەمەد، عەبدوولڵا خزر(٢٠١٨)دیوانی مەحوی لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری، چاپی چوارەم، هەولێر، چاپی تەفسیر.
- حەسەن، سەردارئەحمەد(٢٠١٣)بەهاری ڕەوانبێژی، هەولێر، چاپخانەی نارین.
- حەمەد، د.پەخشان سابیر(٢٠١٢)ڕەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خواروی کوردستان(١٩٧٠-١٩٩١) هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- خاڵ، شێخ محمد(٢٠٠٥)فەرهەنگی خاڵ، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- خۆشناو، هێمن عومەر(٢٠٠٩)شیعریەتی دەقی چیرۆکی کوردی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- سابیر، د.پەرێز(٢٠٠٦)ڕەخنەی ئەدەبی ومەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، هەولێر، بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- سارتەر، ژان پۆڵ(٢٠٠٩)ئەدەب چییە؟ ، وەرگێرانی ئازادمستەفا غەفور، دهۆک، چاپخانەی نالی.
- عەبدوولڵا، عەبدوولسەلام نەجمەدین(٢٠٠٨)شیکردنەوەی دەقی شیعری لەڕووی زمانەوانییەوە، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- عەبدوولڵا، د.ئیدریس(٢٠١٣)شێوازگەری لادان، سلێمانی، چاپخانەی لەریا.
- عیسا، هاوژین سلێوە(٢٠٠٩)بنیاتی وێنای هونەری لەشیعری شێرکۆ بێکەسدا، سلێمانی، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.
- عەبووزەید، ساثیاجەبار(٢٠١٩)جهگۆڕینا کەرستان درستێد((گۆڤەرابەهدینی))زاخۆ، سەنتەری زاخۆ بۆڤەکۆڵین.

- عەبدوولڵا، د.أدریس(٢٠١٠شێوازووشێوازگەری، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- عارف، حەمەکەریم(٢٠٠٩) ڕاوە مەحاڵ، سلێمانی، چاپخانەی سارا.
- عەبدوولڵا، ئەحمەدمەحمود(٢٠١٣)سوریالیزم لەشیعری کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی بینایی.

- فەتاح، د.محمدمعروف(٢٠١٠) لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکانم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- قادر، عەباس محەمەد(٢٠١٠)ڕیالیزم لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، سلێمانی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.
- کاکی، د.حمەنوری عمر(٢٠١٢)شێوازی شیعری نوێی کوردی، سلێمانی، چاپخانەی ڕوون.
- کالە، جوناسان(٢٠٢٠) تیۆری ئەدەبی، وەرگێڕانی سەنگەر نازم و هیمداد حسین، هەولێر چاپی فێربوون، چاپی یەکەم.
- گەردی، عەزیز(١٩٧٩)ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا، بەرگی سێیەم،
- محمد، د.عبدالقادرحمەأمین(٢٠٠٨)بنیاتی کارنامەیی لەدەقی شیعری نوێی کوردیدا، سلێمانی، چاپخانەی تیشک.
- مەحمود، ئازادئەحمەد(٢٠٠٩)بنیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، هەولێر، چاپخانەی حاجی هاشم.
- مستەفا، ئاسۆعومەر(٢٠٠٩)بەهائیستاتیکیەکانی شیعرلای پیرەمێردووشێخ نوری وگۆران، دهۆک، چاپخانەی خانی.
- مەلازادە، د.ڕێبوارمحەمەد(٢٠١٩)شێوازناسی لەئەدەبدا، هەولێر، دەزگای ئاودێر.
- محمد، د.عبدالقادرحمەأمین(٢٠٢١)هەڵوەشاندنەوە، سلێمانی، چاپخانەی یادگار.
- مصطفی، موحسین ئەحمەد(٢٠١٣)بەهاری ڕەوانبێژی، هەولێر، چاپخانەی نارین.
- محمود، فاضل مجید(٢٠٠٨)سروشت لەشیعری گۆراندا، سلێمانی، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.
- هۆراس،(١٩٧٩)هونەری شیعر، وەرگێڕانی حمید عزیز، بەغداد، مطبعە الزمان.
- هەژار(١٣٨٥)فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، دەزگای چاپی سروش، چاپی پێنجەم، تەهران.
- هەژار بۆ کوردستان، هەژار مەکریانی ، پەخشانگای پانیز، سنە چاپی نۆهەم ١٣٩٣.
- یەعقوبی، عەبدوولخالق(٢٠٠٥)دەنگی بلورینی دەق، سلێمانی چاپخانەی ڕاز.
- یەعقوبی، عەبدوولخالق(٢٠٠٨)کاریگەری ڕووانگە لەنوێگەری شیعری کوردیدا، هەولێر، خانەی چاپی چوارچرا.

## دیوانەکان


- باخچەکانی مەلەک تاوس، شاعیری جەلیزادە، دەزگای چاپ وپەخشی حەمدی، سلێمانی٢٠١٢.
- کۆلانەشینەکانی مندالّی، شاعیری جەلیزادە، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی٢٠١٨ .
- ژنێک لەجنسی باران، شاعیری جەلیزادە، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی .


## نامەی زانکۆیی


- أحمد، کەژاڵ حمەأمین(٢٠١٠)بنیاتی هونەری لەشیعرەکانی(فەرەیدوون عەبدوول بەرزنجی)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- ئەحمەد، سیروان سمین(٢٠١٥)دروستەی سینتاکسی لەشێوەئاخاوتنی ناوچەی کەرکوکدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- حەمەصالح، دلاوەرئیبراهیم(٢٠١٥)شیعرییەت لەدەقەکانی(ئەنوەرقادرمحەمەد)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- ڕەسوڵ، خەسرۆئەحمەد(٢٠٠٧)بەرکار لەزمانی کوردیدا، بەپێی ڕێبازی فۆرمی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.
- ڕەسوڵ، بابارسول نوری(٢٠١٣)شیکردنەوەی دەق، نوکتە بەنمونە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە.
- صالح، دەرون عبدالرحمن(٢٠١٠)ئیکۆنۆمی لەئاستەکانی زماندا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- سعید، نازأحمد(٢٠١٢)لادان لەشیعری لەتیف هەڵمەتدا، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی.
- سەعید، تابان محەمەد(٢٠٠٨)گەشەسەندن وپوکانەوەی گەنجینەی وشە لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- شعیا، ڕۆکان گوریل(٢٠١٤)هونەرەکانی ڕەوانبێژی لەشیعری فۆلکلۆری کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلیمانی.

* عەزیز، ژوان عەبدوولسەلام(٢٠١٤)شێواز لەشیعرەکانی کامەران موکری دا، نامەی ماستەر، زانکۆی صەلاحەدین.
* عەزیز، سامان جەلال (٢٠١٠) شیعری گۆران و چەمکی ئیمەیجیزم، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
* عەلی، بەکرعومەر(١٩٩٢)بەستن وکرتاندن لەکوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.
* عەبدوولڕەحمان، عەبدوولسەلام سالار(٢٠٠٦)وێنای هونەری لەشیعری(شێخ نوری شێخ صالح)دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
* عثمان، نوزت أحمد(١٩٩١)ڕوونبێژی لەشیعری کلاسیکی کوردیدا"بەنمونە مەلای جەزیری و نالی" ، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.
* عەبدووڵڵا، ڕۆژان نوری(٢٠١٤)ڕۆڵی میتافۆر لەدەوڵەمەندکردنی زماندا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە.
* قادر، شێرزاد عەبدووڵڵا(٢٠١٤)لادان لە شیعری(ڕفیق سابیر)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
* قادر، کاروان عمر(٢٠٠٦)ڕستەی باسمەندلەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
* میرزا، د.ئاڤان عەلی(٢٠٠٨)چنینی دەق لەشیعرەکانی نالی دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
* محەمەد، یوسف ئەحمەد(٢٠١٤)شیعری کوردی لەژێرچەمکی ڕیالیزمدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
* مەولود، ڕێزان صالح(٢٠١١)پێگەی ژن لەدیدی شاعیری جەلیزادەو نەزارقەبانیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی صەلاحەدین.

## گۆڤار

* ئەعزەمی، مراد(١٣٨٠)شیعرو لادان لەنۆرمی زمانی، گۆڤاری سروە، ژمارە١٨١.
* ئەسپێندارەی، نەجات(٢٠٠٩)لادان وجۆرەکانی لەشیعری نوێی کوردیدا، ئیدریس عەبدووڵڵا بەنمونە، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە٢.
* بەرزنجی، عەبدووڵڵا تاهیر(١٩٩٤) جوگرافیای دەق، گۆڤاری کاروان، ژمارە١٢٠
* خۆشناو، هێمن عومەر(٢٠٠٨)لادانی نائاسایی واتای، گۆڤاری واتە، ژمارە١.

- رشید، أحمدمحمد(٢٠٢٠)پێوەرەکانی لادان لەشیعری کەژاڵ أحمددا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی ٧ ، ژمارە ٣.
- دەشتی، د.عوسمان(٢٠٢٠)بنەمای شیعرییەت لەتێکستی(یادگاروهیوا)ی ئیبراهیم ئەحمەد دا، گۆڤاری ئەکادیمی، ژمارە١٦.
- صدیق، ئارام(٢٠١٠)ڕەگەزی ناونیشان لەدەقی کوردیدا، گۆڤاری ڕامان، ژمارە١٥٦.
- صالح، ئەژین ئیبراهیم(٢٠٢١)پەیوەندی واتایی ئاسۆی و ستونی لەشیعرەکانی (لەتیف هەڵمەت)دا، گۆڤاری ئەکادیما، ژمارە٤٧.
- فەرهادی، ساجدە عەبدوولڵا(٢٠١٥)شیکردنەوەیەکی سینتاکسی پەندی پێشینان، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ٥.
- کامل، مهاباد وسالار، تەلار(٢٠١٩)کردەی کرتاندن لەسینتاکسی زمانی کوردی وعەرەبیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی٦، ژمارە١.
- محمد، د.عبدالقادر حمەأمین و علی، د.بکرعمر(٢٠١٤)لادانی شیعری، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە١.
- میسری، د.محمد دلێرأمین(٢٠٠٩)زمانی شیعروزمانی ڕۆژنامەنوسی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،B ، ژمارە٢٦.
- مەجید، د.فاضل وحسین، شیروان(٢٠١٧)دووبارەبوونەوەی واتایی لەمەموزینی خانیدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە١٣.


## سەرچاوە عەرەبییەکان.


- قرآن الكريم.
- أبوديب، كمال(١٩٨٧)في الشعرية، بيروت، مؤسسة الابحاث العربية.
- أبوديب، كمال(٢٠٠٤)التكرار في شعرمحمود درويش، بيروت المؤسسة العربية للدراسات والنشر.
- أرسطو(١٩٦٧)الفن الشعر، نرجمه،شكرى محمد عياد قاهرة، دارالكتاب العربى.
- أرسطو(٢٠٢٠)فن الشعر، ترجمة د.إبراهيم حماده، القاهره، مكتبة الانصلوالمصرية.
- أدونيس(١٩٩٢)الثابت والمتصول، بيروت، دارالعودة.
- إسماعيل، د.سعدوون محسن(٢٠١٨)الانزياح فى شعرالسياب، عمان، الاردن دارغيداء للنشروتوزيع.

- بوودووخه، مسعود(٢٠١٠)الاسلوبية وخصائص اللغه الشعرية، (---)عالم الكتب الحديث للنشروتوزيع.
- بارت، رۆلان(٢٠٠٢)الكتابة في درجه سفر، ترجمه،د.محمد نديم خشفة، حلب، سوريا، مركز الانماء الحضارى.
- بليث، هندى(١٩٨٩) البلاغة و الاسلوبية ، ترجمة د.محمد العمرى١٠هاهرة، منشورات دراسات.
- الددة، عباس رشيد(٢٠٠٩)الانزياح فى الخطاب النقدى والبلاغى عندالعرب، بغداد، دارالشؤون الثقافية العامة.
- العوادى، د.عدنان حسين(١٩٨٥)لغة الشعر الحديث، بغداد، دارالعرية للطباعة.
- الجزار، محمدفكرى(١٩٩٨)العنوان وسيموطيقا الاتصال أدبى، القاهرة، هيئة المصرية للكتاب.
- المسدى، د.عبدالسلام(١٩٨٢)الاسلوب والاسلوبية، طرابلس، طبعة الثالثه، دارالعربية الكتاب.
- تودوورف، تزفيتان(١٩٨٧)الشعرية، ترجمه شكرالمغبووت ورجاء بن سلامة، المغرب، دارتيفال.
- جون كوين(٢٠٠٠)الظرية الشعرية، ترجمه.د.أحمد درويش، القاهرة دارغريب للطباعهولنشروتوزيع.
- جون كوين(٢٠٠٠)اللغه العليا، ترجمه. أحمد درويش، طبعه الثانى القاهرة، مجلس الاعاى للثقافة.
- جان كوهن(١٩٨٦)بنية اللغة الشعرية، ترجمة محمدالوالى ومحمدالعمرى بلقدير، مغرب، دارتوبقال للنشر.
- جون كوين(٢٠٠٠)النظرية الشعرية، الجزء الثانى، اللغه العليا، ترجمه د.أدريس، القاهرة، دارغريب للطباعه والنشروتوزيع.
- حاتم، د.مولاى على(٢٠٠٥)مصطلحات النقد العربى السيميائى ديمشق، منشورات اتصاد الكتاب العرب.
- سعيد، على أحمد(أدونيس)(١٩٩٦)سياسه الشعر، بيروت، دارالادب، طبعة الثانى.
- سيبووية(١٩٩٦)الكتاب، ترجمة،عبدالسلام هارون، القاهرة، دار القلم.
- صابر، د.نجدى محمود(٢٠٠٨)دارسات أسلوبية و بلاغية،---- دارالوفاء للنشر.
- عياد، شكرى(٢٠١٣)علم الاسلوب مدخل ومبادئ، بيروت، لبنان، مؤسسة التنوير للطباعة والنشروتوزيع.
- عياشي، منذر(٢٠١٥)الاسلوبيةوتحليل الخطاب، ديمشق، دارنينوى للدراسات والنشروتوزيع.
- عياد، شكرى(١٩٨٨)اللغهوالأبداع مبادى علم الاسلوب العربى، القاهرة، انترناشيونال بريسن.
- عصفور، صابر(١٩٩٥)مفهوم الشعر، القاهرة، طبعة الخامسه، هيئة المصرية العامه للكتاب.

- عياد، شكرى(١٩٨٥)أتجاهات البحث الاسلوبى، الرياض، سعوديه دارالعلوم للطباعهوالنشر.
- عصفور، صابر(٢٠٠٩)الخيال، الاسلوب، الحداثه القاهرة، طبعة الثانية، مطابع مصر للطيران.
- علوش، د.سعيد(١٩٨٥)معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة بيروت، دارالكتاب البنانى.
- عبدالمطلب، محمد(١٩٩٤)البلاغه والاسلوبية، القاهرة، دارنوبار للطباعة.
- فتحى، إبراهيم(١٩٨٦) معجم المصطلحات الأدبية، صفاقى، تونس المؤسسة العربيه للناشرين والمتحدين.
- فضل، د.صلاح(١٩٩٥)أساليب الشعرية المعاصرة، بيروت لبنان، دارالأدب.
- فصل،د.صلاح(١٩٩٨) علم الاسلوب مبادئه وإجراءاته، القاهره الطبعة الاولى، دارالشرق.
- كرك، جاكوب(١٩٨٩)اللغة الادب الحديث، ترجمة،ليون يوسف وأخرون، دارالمعارف.
- مجذوب، عبدالله طيب(٢٠٠٥)المرشد الى فهم أشعارالعرب وصناعتها، كويت، جلد الثانى، دارالاثار الاسلامية.
- مولينية، جورج(١٩٩٩)الاسلوبية، بيروت، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشروتوزيع.
- مبارك، محمد رضا(١٩٩٣)اللغة الشعرية فى الخطاب النقدي العربى، بغداد، دار الشؤون الثقافية العامه.
- مرتاض، عبدالملك(٢٠٠٩)فضايا الشعريات، بلقدير، جزائير، منشورات دارالقدس العربى.
- محمد، إسراء سلامه(٢٠١٧)المفارقه في شعرإبراهيم نصرالله، رساله دكترا جامعة اليرموك.
- ناظم، حسن(-----)البني الاسلوبية، بيروت، المركزالثقافى العربى.
- ناضم، حسن(٢٠٠٢)البني الاسلوبية/دراسة في انشودة المطر للساب دارالبيضاء، المغرب.
- ناصف، د.مصطفى(١٩٦٥)نظرية فى النقدالعربى، القاهرة دارالقلم.
- وغليسى، د.يوسف(٢٠٠٧)مناهج النقد الادبى، المحمدية، الجزائير، جسور للنشروتوزيع.
- ويس، د.أحمدمحمد(٢٠٠٥)الانزياح فى منظورالدراسات الاسلوبية، بيروت، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشروتوزيع.
- ويلك، رنية وارن أوستن(١٩٩١)نظرية الادب، ترجمه.د.عادل سلامه الرياض، سعوديه، دارالمريغ للنشر.
- هشام، توتاى سيف الله(٢٠١٦)شعرية الانزياح في بنية القصيدة العربية، عمان، دارغيداء.
- هيلال، محمدغتيصى(١٩٨٢)النقدالأدبى الحديث، بيروت، لبنان دارالعودة.
- ياكسبوون، رومان(١٩٨٨)قضايا الشعرية، بلقدير، مغرب دارتوبقال للنشر وتوزيع.

- يحى، د.محمد(٢٠١٠) السمات الاسلوبية فى الخطاب الشعرى أربد، الاردن، عالم الكتب الحديث للنشر والتوزيع.

## الرسائل الجامعية

- أحمد، د.محمدفتوح(١٩٧٨)الرمز والرمزية في الشعرالمعاصر القاهرة، دارالمعارف، طبعة الثانية.
- الرواشدة، أمية عبدلسلام(٢٠٠٤)شعرية الانزياح دراسة في الأعمال الكاملةللشاعر محمدشمس الدين، رسالة ماجستير جامعة مؤته.
- الرواشدة، أميعة(٢٠٠٥) شعرية الانزياح، منشورات أمانه عمان الكبرى، عمان.
- البدانية، خالدفرحان(٢٠٠٦)التكرار في شعرالعصرالعباسى الأول، رسالة دكترا، جامعة مؤته.
- النورى، أحمدغالب(٢٠٠٨). أسلوبية الانزياح فى النص القرأئى، رسالة دكتر، جامعةمؤته، الاردن.
- الدليمى، أسيل محمد(٢٠١٦)الانزياح الاسلوبى، دراسة في نثر نزارقبانب رسالة ماجستير، جامعة الشرق الاوسط.
- العولى، فيصل حسان(٢٠١١)التكرارفي الدراسات النقدية بين الاصالهوالمعاصرة رسالة ماجستير، جامعه مؤته.
- العراسيس، أمال عبدالمنعم(٢٠١٦)ظاهرة الاغتراب في شعرمخضرمى في الجاهليه والاسلام، رسالة دكترا، جامعة مؤته.
- بديدة، رشيد(٢٠١١)البنيات الاسلوبية في مرثية بلقيس لنزارقبانى، رساله ماجستير، جامعةالحاج لحضر-باتنة.
- بووالحواش، سعاد(٢٠١٢)شعرية الانزياح بين عبدالقاهر الجرجانى وكوهن، رسالة ماجستير، جامعة الحاج لخضر باتنة، جزائير.
- بكير، سعيد(٢٠١٣)الشعرية عند أدونيس بيت مفهوم والتجريب رساله دكترا. جامعة السانيا، مهران، جزائير.
- بدرة، بن صغير(٢٠١٧)ظاهرة الانزياح في قصيدة أحاديث الأبوواب للشاعر أحمد مطر، رسالة ماجستير، جامعة عبدالحميد بن باديس.
- بابكر، الاء حسين(٢٠١٩)الانزياح في القصه القصيرة عند إبراهيم إسحق ((مجموعة حكايات من الصلالات نموذجا)) رسالة ماجستير، جامعة سودان للعلوم وتكنولوجيا.

- درويش، حامدسالم(٢٠٠٦)شعرية فى النقدالادبى الحديث، رساله دكترا، جامعه مؤته. الاردن.
- رزيق، بووعلام(٢٠١٧)الخصائص الاسلوبية فى الشعرالرومنسي عند الاندلسيين، عصرالطوائق نموذجا، رسالة دكترا، جامعة محمدبووصياف/جزائير.
- زيان، عبدالقادر(٢٠١٢)جمالية الانزياح في القران الكريم رسالة ماجستير، جامعة ابى بكر بلقايد-تلماس، جزائير.
- سعدانى، سليم(٢٠١٠)الانزياح في الشعرالصوفى، رسالة ماجستير جامعة قاصدى مرباح ورقله.
- سليم، مروةمحمد(٢٠١٠)الانزياحات التركيبية في شعر(محمودحسن إسماعيل) رسالة ماجستير، جامعة اليرموک.
- سليمان، مازن أكثم(٢٠٠٩)الانزياح فى الشعرالجاهلى، رساله ماجستير، جامعه البحث.سوريا.
- سلمان، فاديامحمد(٢٠١٢)الانزياح في ديوان"اشد على أياديكم" للشاعرتوفيق زياد، رسالة ماجستير، جامعة تشرين، سوريا.
- سعيدانى، النعاس(٢٠١٨)الانزياح فى الشعرالعربى الحديث أمل دنقل ومحمود درويش نموذجا، رساله دكترا، جامعة، جيلالى ليابس، جزائير.
- سليم، مروه محمد(٢٠٢٠)الانزياحات التركيبية في شعر محمود حسن إسماعيل رسالة ماجستيره جامعه اليرموک.
- صالح، أسيل محمد(٢٠١٦)الانزياح الاسلوبى، دراسة في نثر نزارقبانى رسالة ماجستير، جامعة الشرق الاوسط.
- طيبى، هاجر(٢٠١٣)الرمز التاريخى في شعر أمل دنقل رساله ماجستير، جامعة المسيلة، جزائير.
- عبدالله، زينب يوسف(١٩٩٤)الاستعاره عند عبدالقهار الجرجانى رساله ماجستير، جامعة أم القرى، سعودية.
- عمر، محمودعبدالمجيد(٢٠١٢)الانزياح في شعرنزارقبانى، رسالةماجستير جامعة صلاحدين.
- عارف، مريم طه(٢٠١٢)الانزياحات الاسلوبية في شعرمحمدبنيس، رسالة دكتر، جامعة اليرموک.
- عبدالطيف، دانا(٢٠١٢)شعرية النثرطوق العمامةنموذجا، رسالة ماجستير، جامعة شرق الاوسط.
- عبدالعزيز، ريم عزت(٢٠١٨)الانزياح الاسلوبى فى شعرالمثقب العبدي رسالةماجستير، جامعة ال البيت. العراق.

- عيساوى،أحمدووعطياالله،الحسين(٢٠١٩) جماليات التوازى في ديوان "كزهراللوز أوبعد"للمحمود درويش، رسالةماجستير جامعة الشهيدحمه لخضير-الوادى.
- قويدر، حسن عيسى(٢٠١٠)التضاد عندالشعراء العذريين فى العصر الأموي رساله ماجستير، جامعه اليرموك.
- موسى، وصفى عبدالله(٢٠٠٩)بنية اللغةالشعرية في شعر أبى فراس الحمدانى رسالة ماجستير، جامعه ال البيت.
- موسى، صفاء عبدالله(٢٠٠٩)ظاهرةالتكرار في شعرالشاب الظريف، رسالةماجستير، جامعه ال البيت.
- محمد، سناءعبدالرحيم(٢٠١٣)الحذف في النصف الثانى من القران الكريم رسالة دكترا، جامعة أم درمان الاسلامية.
- مزروع نزيهه(٢٠٢١)الرمز في روايات إبراهيم درغوثى رسالة دكترا، جامعة خضير-بسكرة.
- فوغالى، وهيبة(٢٠١٣)الانزياح في شعرسميع القاسم، رسالة ماجستير جامعة أكلى مغد أولحاج-البوويره.
- كلثوم، بركانى(٢٠١٧)شعريةالانزياح في قصيدةالجزاثرية المعاصرة(١٩٨٠-٢٠١٠)رسالة دكترا. جامعة العربى بن مهدى- أم البوواقي.
- لوصيف، صونيا(٢٠١١)الانزياح الدلالي في الالفاظ العربى(معجم العين نموذجا)رسالة ماجستير، جامعه فنتورى-قسنطينه، جزائير.
- نادية، حفيذ(٢٠٠٨)الانزياح في الشعر العربى المعاصر، رسالة دكترا، جامعه وهران-جزائير.
- يوسف، محمدعلى(٢٠١١)الانزياحات الاسلوبية فى سورالحواميم رسالة دكترا، جامعة اليرموك.العراق.
- يسرى، سكراف(٢٠٢٠)شعرية الانزياح في ديوان "صمت السنين" لبشرى زروال، رسالة ماجستير، جامعة خضيربسكرة.


## المجلات


- الحمدانى، د.إبراهيم(٢٠١٣)بنيةالتوازى في قصيدة فتح عمورية مجلةكلية التربية الاساسية، جامعة الموصل، العدد١٣.

- السبت، د.عبدالرحمن بن أحمد(٢٠١٨)ظاهرةالانزياح في شعرالبارودي مجلة الأدب والعلوم الانسانية، عدد٨٦.
- العروسى، د.أحمدحسن(٢٠٢٠)الحشو في النحوالعربى مفهومة وأثارة، مجلة الاداب، عدد،٣.
- ربابعه، موسى(١٩٩٥)ظاهرةالتوازي في قصيدةالغنساء مجلة الدراسات للعلوم الانسانية، المجلد٢٢ عدد٥.
- صمادى، د.وناسه(٢٠١٧)انزياح العنونة، في الرواية المغاربية مجلةالادب والعلوم الانسانية،عدد١٨.
- فتاح، محمد(١٩٨٨)مدخل الى قراءة النص الشعري، مجلة فصول المجلد١٦، عدد١.
- كريم، د.ظاهرلطيف(٢٠٠٥)الانزياح في شعرحاجى قادركويى مجلة سردم، رقم٩.
- نوال، قطي(٢٠١٣)الانزياح وأزمه التثظى بين المركزووالهامش في شعرمحمدالعبد ال خليفه، مجلةقرأت، عدد،٥.
- ويس، د.أحمدمحمد(١٩٩٦)وظيفه الانزياح في منظورالدراسات الاسلوبية مجلة علامات ج٢١ عدد٦.


## سەرچاوە فارسییەکان.


- أحمدى، بابک(١٣٨٤)ساختاروتاويل متن، تهران،---- چاپ هفتم.
- كدكنى، د.محمدرضا شفيع(١٣٩٢)موسيقى شيعر، تهران نشر ئاگاة، چاپ چهاردەهم.


## گۆڤار


- بهمنى، يدالله وسيوندى، مريم(١٣٩٦)نگاهى بەهنجارگريزى مطلق درشيعرنيما، فصلنامه علوم الادبى، سال٦، شماره٧.
- روحانى، مسعود وقاديلانى، محمدعنياتى(١٣٨٨)بررسى هنجارگريزى درشيعرشفيعى كدكنى، پژوهشنامه زبان وادب فارسى(گوهرگويا)شماره٣.
- رجائى، مهدى واصفهانى، محمدخاقانى(١٣٩٣)نقش هنجارگريزى واژگانى دركشف لايەهاى معناى قرأن كريم، فصلنامه علمى پژوهشى سال سوم، شماره دوو.
- سرورى، نجمه حسينى(١٣٩٣) هنجارگريزى نوشتارى در أشعار نصرت رحمانى، أدبيات پارسى معاصر، پژوهشگا علوم أنسانى و مطلعات فرهنگى، سال چهارم، شماره أول بهار ١٣٩٣.

- صمصام، حمید(١٣٩٥) برجسته‌سازی درشیعرأخوان ثالث، فصلنامه تخصصی زبان وادبیات فارسی دانشگا أزاد اسلامی/مشهد شماره٤.
- صفوی، کوش(١٣٧٢)از زبان شناسی به أدبیات، جلد أول.
- عباسی، رضاوئه‌وانی تر(١٣٩٦)بررسی شگردهای برجسته‌سازی زبانی درقصاید خاقانی، فصلنامه‌علمی پژوهشی کاوش نامه شماره٣١.
- نژاد، د.محمدرضا پهلوان وبیرکانی، نسرین طاهری(١٣٨٨)بررسی هنجارگریزی دردیوان شیعرشفیعی کدکنی برمبنای الگوی لیچ مجله پژوهش علوم أنسانی، سال دهم، شماره٢٥.
- ویسی، د.الخاص وعباس زاده، فریگس(١٣٩٤)ببرسی گونه‌های هنجارگریزی زبانی وبسامد وقوع أن ها درشیعر سمین بهبهانی فصلنامه، زیباشناسی أدبی، شماره ٢٩.


## English Source


- Leech،- Geoffrey. Language in Literature: Style and fore graounding.uk. pearson٢٠٠٨.
- Oxford Advanced LEARNERS Dictionary A.S. Horby ،٢٠٠٤

# الخلاصة...

## إن هذه الأطروحة الموسومة بـ( الإنزياح في شعر قوباد جليزاد ) دراسه أسلوبية

الهدف من البحث هو، توضيح اسلوب الانزياح في النصوص الشيعرية للشاعر شاعير جليل زادة، بغرض إيجاد مكانة الشاعر وتحديد اسلوب التعبير وطريقة استخدام الاسس والقواعد اللغوية والفنية. فالآراء وجهات النظر المختلفة ، متفقة على تعريف مفهوم الانزياح، على انه أي(الانزياح) في الشيعر، هو تكسير القوانين والقواعد اللغوية وبنائها من جديد باسلوب ونظام معاصرين. كما ويهدف البحث الى دراسة انواع الانزياح ومقاييسها وظائفها، ويهتم بالاخص بنوع الانزياح التبادلي القائم على مستوى المعاني(المعنى) والذي يظهر في الاعارة والاستعارة والتشبيه، كما وتم عرضهم من الناحية الوظيفية وخاصة في ( الالصاق والتحديد والتوصيل) وينظر اليه كسمة شعرية بارزة للشعراء المعاصرين.

اما من الناحية المنطقية وترتيب الكلمات في النصوص الشعرية، فهو ترتيب ليس منطقي ومعبر عن فكرة من الافكار التي يقصد ايصالها ويحاول ان يبلغ اهدافها، ويكون الفهم بحسب موقع الكلمة في الجملة، والذي يكون عبارة عن تغير المعنى مع ذاته، وذلک في ضوء التغيير البنائي للكلمات، ومن هنا يظهر التقديم والتاخير والحذف والتكرار، والذي يسمى بالمستوى التركيبي، ان تنوع هذا التغيير في الاطار والمحتوى، هو مؤشر ودلالة غير نهائية وليس تراكمية( حشو) في النص بدوون دلالة.

الرمز،.يتم التعامل معه كميزة من مميزات الانزياح المعنوي، ومن اهم انواعه.. الرموز (الدينية، التراثية، الاسطورية او الخيالية، التاريخية، الطبيعية والادبية)،، والتي تصل او تدخل المستوى الاستدلالي كما وتعبر كل منها عن رواية ورسالة انسانية عامة. ويتكون البحث من مقدمه وثلاث فصول وخاتمة

الفصل الاول.. وهو فصل نظري وقد تم التطرق فيه الى ذكر وتوضيح مفهوم ومصطلحات وانواع الانزياح، وبعد ذلک تم عرض وشرح المقاييس الحديثة للتحول الى الشعر والانزياح. اما الفصل الثاني، والذي يضم في ثناياه محورين، المحور الاول عبارة عن ذكر الانزياح التركيبي، وهو انزياح قائم على اساس( الكلمة) والصرف، والذي يتمثل بالحذف والتاخير والتقديم وهدم(إلغاء، نسف) البناء المألوف او السائد وابتكار الكلمات الشخصية للشعراء، وقد تم عرض التفاصيل بامثلة من اشعار شاعير جليل زادة..

وفي المحور الثاني، تم ذكر الانزياح النحوي والذي تم فيه عرض اهم انواع الانزياح التركيبي، مثل تاخير وتقديم الادووات اللغوية وهدم البناء السائد والمألوف وحذف الادووات اللغوية ومفرداتها، وبعد ذلك، تم عرض التكرار وانواعه..

وفي الفصل الثالث والاخير، والذي يتحدث عن الانزياح المعنوي، فقد تم الحديث عن آراء كبار الكتاب وجهات نظرهم عن ماهية الانزياح المعنوي، وبعد ذلك تم التطرق الى اختلاف جنس ( عنصر) الانزياح المعنوي والبلاغة القديمة، وقد تم توزيع الفصل على اربعة محاور وهي: المحور الاول وهو الانزياح من الناحية الكيفية، والمحور الثاني، الانزياح من الناحية الوظيفية، المحور الثالث يعرض الانزياح من ناحية التنسيق، اما المحور الرابع والاخير، فهو الانزياح من حيث الاسلوب والانزياح في العنوان والانزياح الطوبووغرافي( المتموج) للشعر، وآخر حديث لهذا المحور هو ذكر الانزياح التركيبي، وفي النهاية فقد تم ختم بحثنا بالنتيجة..

# Abstarct

## Deviation in Qubadi Jalizaddas Poetry

The aim of this dissertation is to identify and analyze the instances of deviation in Qubadi Jalizada's poetry, in order to shed light on his unique style, approach, and artistic merit as a poet.

It is widely accepted among critics that "deviation" refers to the intentional breaking or ignoring of established rules or norms, regardless of the field of study. In poetry, deviation is a technique that poets use to purposefully depart from traditional norms and conventions, allowing them to create their own unique style and approach to their craft.

This dissertation aims to highlight the various types of deviations, including their parameters and functions, with a particular focus on structural deviations on the semantic level. This type of deviation includes the use of metaphor and simile. From a functional perspective, the dissertation examines the ways in which miscollocation, categorization, and paradox are utilized as key characteristics of contemporary poetry.

From a logical perspective, Qubadi Jalizada manipulates the structure of words in his poetry to effectively convey his intended concepts. This manipulation is carefully used to fulfill his aims based on the placement of words within his poetry. Techniques such as fronting, delaying, clipping, and repetition are used on the structural level to create a variety of forms and content, which are tautologies. These techniques are used in an infinite number of ways, allowing for a wide range of unique expressions in his poetry.

Symbols are another important feature of deviation in poetry. Qubadi Jalizada uses various types of symbols in his poetry, including religious, cultural, mythological, historical, natural, and literal symbols. These symbols serve an aesthetic purpose and provide a deeper, special meaning to the poem. They also convey a general humanistic message that can be universally understood.

The dissertation consists of three chapters as follows:

Chapter one is a theoretical section that explains the terminologies of deviation and its various types. It also presents new parameters and types of deviation.

Chapter two: In this chapter, the focus is on the use of structural deviations in Qubadi Jalizada's poetry. The first section discusses the manipulation of word structures and formations, including clipping, fronting, delaying, and neologism. The researcher provides examples from Qubadi Jalizada's poems to illustrate how these techniques are used to convey specific meanings and messages.

In the second section depicts grammatical deviation and it explains the most prominent types of structural deviations such as cataphoric, anaphoric , antecedent, neologism, clipping and their details. And also, repetition and it types are clarified .

Chapter three discusses semantic deviations and begins by introducing the perspectives of important writers on this topic and its relation to old rhetoric. The chapter is divided into four sections: the first section examines the nature of deviation, the second section explores the function of deviation, the third section focuses on appropriateness, and the fourth section

discusses deviation in terms of form, address, and topography. Finally, there is the conclusion of the dissertation.